هەرێمی کوردستان / عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەشی مێژوو

# کەرکوك ( ١٩٢١ ــ ١٩٥٨ )

(( لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ــ ئابوورییە ))

نامەیەکە خوێندکار :

دلێر عزیز محمود شێخ بزێنی

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانــی کردووە

وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنـانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی مێژووی نوێ و هاوچەرخدا

بەسەرپەرشتی

پ . ی . د . کەمال علی محمد

٢٧١٧ کوردی ١٤٣٨ هیجری ٢٠١٧ زایینی

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

**ئەم نامەیەی خوێندکار ( دلێر عزیز محمود شێخ بزێنی ) بەناونیشانی ( کەرکوك ١٩٢١ ـ ١٩٥٨ ) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئابورییە ، بەچاودێری ئێمە لەکۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە بەشێکە لەبەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی ( مێژووی نوێ و هاوچەرخ ) ، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت .**

**واژۆ**

**سەرپەرشتیار: د. کەمال علی محمد**

**پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**بەروار :**

**بە پیێ ی ئەم پێشنیارە ، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .**

**واژۆ**

**ناو : پ.ی.د. ئاکۆ عبدالکریم محمود شوانی**

**سەرۆکی بەشی ( مێژوو )**

**بەروار :**

# بڕیاری شارەزای زمانەوانی

نامەی ماجستێری خوێندکار ( دلێر عزیز محمود شێخ بزێنی ) کەناونیشانی بریتیە لە ( کەرکوك ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئابورییە ، پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە ، ئەو هەڵانەشی کە تێیدابوو ڕاست کراونەتەوە بەوەش نامەی ماجستێرەکەی لەڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتو گۆکردن .

واژۆ

ناو :پ.ی.د. عادل رشید قادر

بەروار :

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ ، ئەم نامەیەی خوێندکار ( دلێر عزیز محمود شێخ بزێنی ) بەناونیشانی ( کەرکوك ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئابوورییە ، خوێندنەوە وگفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك ولایەنەکانی تری کردووە ، بڕیارمان دا بەپلەی (            ) بڕوانامەی ماجستێری لە زانستی ( مێژووی نوێ و هاوچەرخ ) پێبدرێت .

واژۆ

ناو : د. یاسین خالد حسن

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

سەرۆکی لیژنە

بەروار

واژۆ

ناو : د. خالد حیدر عبد علی

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

بەروار

واژۆ

ناو : د. دڵشاد محمود عبدالرحمن

پلەی زانستی : مامۆستا

ئەندام

بەروار

واژۆ

ناو : د. کەمال علی محمد

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام وسەرپەرشتیار

بەروار

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان / زانکۆی سلێمانی _ پەسەند کرا .

واژۆ

ناو : پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان

بەوەکالەت

منداڵەکان -- منداڵەکان

ئەی برسیە ژین تاڵەکان --

لەسەر سینگە نەوتاویەکەی بابە گوڕگوڕ

نێزیک تاڤگەی سەرەو ژوری زێڕینی گر

گڵکۆیەکی بچکۆڵەم دی --

لێی نوسرابوو --

ئالێرەدا --! منداڵێکی چاوگەشی کورد لە برسان مرد --!

"عەبدوڵلا پەشێو "

دیوانی دوانزە وانە بۆ منالآن و چەند شیعرێکی

قەدەغە ، چاپی یەکەم ، بەرلین ، ١٩٧٩

## پێشکەشە بە :

- بەروحی پاکی برای کۆچکردووم.
- بە باوك و دایکی خۆشە ویستم ، کە بە هەوڵ و ماندو بوونی ئەوان قۆناغەکانی خوێندنم تەواو کرد ، خوای گەورە تەمەنیان درێژ کات و لەش ساغ بن.
- بە خوشك و براکانم .
- بە هاوسەرەکەم ، کە بە درێژایی خوێندنی ماستەر قورساییەکی زۆری لەسەر بووە وهاوکارم بوو .
- بە هەرسێ جگەر گۆشەکەم.
- هەموو ئەو کەسانەی گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناو ئازادی کەرکوك و کوردستان ، بەتایبەت شەهیدانی سەرکردە : ( شێرکۆ فاتیح ، حوسێن مەنسور و صلاح دیلمانی ) ، کە لەپێناو ئازادی خەڵکی کەرکوك خۆیان کرد بە قەڵغان بۆ پاراستنی ئەم شارە.

# سوپاس و پێزانین

- سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستای بەڕێز و خۆشەویستم ( پ.ی.د.کەمال عەلی محەمەد ) ، کە بە درێژایی کۆرسی ماستەر وانەی پێ وتم وئەرکی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ ، و بە سەرنج وتێبینییەکانی توانی ڕێنمایی زانستی پێویست بۆ توێژینەوەکە پێشکەش بکات و پشتیوانی سەرەکی تەواو کردنی ئەم نامەیە بووە ، لەپێدانی سەرچاوەش درێغی نەکردووە .
- سوپاسی زۆر بەڕیز ( پ.ی.د.ئاکۆ عبدالکریم محمود شوانی ) سەرۆکی بەشی مێژووی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەکەم ، کە بۆهەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ڕێ نیشاندەرم بووە وڕێنومایی و پاڵپشتی بەڕێزیان بەرز دەنرخێنم.
- پێزانینی زۆرم بۆ بەڕێزان ( پ.ی.د.ئاکۆعبدالکریم محمود ، پ.ی.د.یاسین سەردەشتی ، د.دلێر شاوەیس و د.احسان عبدالهادی ) کە بەدرێژایی قۆناغی ماستەر وانەیان پێ وتوم .
- سوپاسی بەڕیوەبەر وکارمەندانی ( کتێبخانەی گشتیی شاری کەرکوك، کتێبخانەی زانکۆی کەرکوك و کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی ) ، کە هاوکارم بوون لەپێدانی سەرچاوەکان.
- سوپاسی فەرمانگە حکومیەکانی شاری کەرکوك دەکەم ، کە پێشوازیان لێ کردم .
- سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم ، کە ئامادەبوون چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام بدەم بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە.
- سوپاسی هەموو ئەندامانی خێزانەکەم ، کە لەماوەی خوێندنی ماستەردا هاوکارم بوون .
- سوپاسی بەڕێزان ( د.دڵشاد عمر عبدالعزیز ، د.دڵشاد محمود عبدالرحمن ، مامۆستا سمکۆ بەهرۆز ، مامۆستا ئازاد صابر و مامۆستا ئازاد مجید ) دەکەم ، کە کتێبخانەکانی خۆیان خستە بەردەستم.

## لیستی کورتکراوە بەکارهێنراوەکان

**یەکەم : بۆ سەرچاوە کوردییەکان :**

**چ = چاپ**

**ب = بەش**

**ب.س = بێ ساڵی چاپ**

**ب.ش = بێ شوێنی چاپ**

**س.پ = سەرچاوەی پێشوو**

**ه.س = هەمان سەرچاوە**

**ل = لاپەڕە**

**ل ل = لاپەڕەکانی**

**و = وەرگێڕان**

**دووەم : بۆ سەرچاوە عەرەبییەکان :**

**ط = الطبعة**

**ج = الجزء**

**ب.س = بدون سنة الطبع**

**ب.م = بدون مكان الطبع**

**م.س = المصدر السابق**

**م.ن = المصدر نفسه**

**ص = الصفحة**

**ص ص = الصفحات**

**ت = الترجمة**

## سێیەم : بۆ سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

**Op.Cit = Opere citato =  سەرچاوەی پێشوو**

**P = Page =  لاپەڕە**

**Vol = Volume =  بەش**

**T. P. C =Turkish Petroleum Company = کۆمپانیای نەوتی تورکی**

**I . P . C = Iraq Petroleum Co. Ltd = کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار**

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ – ٦ | پێشەکی |
| ٧ – ٦١ | بەشی یەکەم/ بارودۆخی کشتوکاڵی کەرکوك لەنێوان ساڵانی ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) |
| ٩ – ٣٤ | تەوەری یەکەم : چالاکی یەکشتوکاڵییەکانی کەرکوك |
| ٩ – ١٣ | باسی یەکەم : پۆلێنکردنی زەویە کشتوکاڵییەکانی کەرکوك |
| ١٤ – ٢٠ | باسی دووەم : گرنگترین بەرهەمی کشتوکاڵی کەرکوك وئاماری بەرهەمهێنان |
| ١٤ – ١٦ | یەکەم : گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کەرکوك |
| ١٧ – ٢٠ | دووەم : ئاماری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کەرکوك |
| ٢١ – ٣٤ | باسی سێیەم : گیروگرفتەکانی کشتوکاڵی کەرکوك وشێوازی چارەسەرکردنیان |
| ٢١ – ٢٤ | یەکەم : گیروگرفتی سروشتی |
| ٢١ – ٢٢ | أ– کێشەی باران بارین |
| ٢٢ – ٢٤ | ب– ورووژمی کولله ومێشومەگەزی زیانبەخش |
| ٢٤ – ٣٤ | دووەم : گیروگرفتی مرۆیی |
| ٢٤ – ٣١ | أ– کێشەی دەرەبەگ و جوتیاری بێ زەوی |
| ٣٢ – ٣٤ | ب– بەکارهێنانی کەرەستەی کۆنی کشتوکاڵی و کەمی کەرەستەی نوێ |
| ٣٥ – ٤٨ | تەوەری دووەم : سامانی ئاژەڵ وکاریگەری لەسەر ئابوری کەرکوك |
| ٣٥ – ٣٨ | باسی یەکەم : پۆلێنکردنی سامانی ئاژەڵ لە کەرکوك |
| ٣٩ – ٤٣ | باسی دووەم : ئامارەکانی سامانی ئاژەڵ لە کەرکوك |
| ٤٤ – ٤٨ | باسی سێیەم : گیروگرفتەکانی بەردەم سامانی ئاژەڵ |
| ٤٩ – ٦١ | تەوەری سێیەم : ئاودێری لە کەرکوك |
| ٤٩ – ٥٣ | باسی یەکەم : پۆلێنکردنی ئاودێری کەرکوك |
| ٥٤ – ٥٧ | باسی دووەم : بایەخدانی حکومەتی عێراق بە پرۆژەکانی ئاودێری |
| ٥٨ – ٦١ | باسی سێیەم : پرۆژەی ئاودێری حەویجە وکاریگەریە ئابوری و سیاسیەکانی |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٦٢ – ١٠٤ | بەشی دووەم : چالاكییە بازرگانی و داراییەكانی كەركوك ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) |
| ٦٢ – ٨٦ | تەوەری یەكەم : هۆكارەكانی پەرەسەندنی بازرگانی لە كەركوكدا |
| ٦٢ – ٦٩ | باسی یەكەم : هۆكارە سروشتییەكان |
| ٧٠ – ٨٦ | باسی دووەم : هۆكارە مرۆییەكان |
| ٨٧ – ١٠٤ | تەوەری دووەم : چالاكییە داراییەكانی كەركوك ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) |
| ٨٧ – ٩٣ | باسی یەكەم : دراوە بەكارهێنراوەكان لەكەركوكدا |
| ٩٤ – ١٠٤ | باسی دووەم : چالاكی بانكی لەكەركوك |
| ١٠٥ – ١٥١ | بەشی سێیەم : چالاكییە پیشەسازییەكان وسامانە سروشتیەكانی كەركوك (١٩٢١– ١٩٥٨ ) |
| ١٠٥ – ١٢٨ | تەوەری یەكەم : چالاكییە پیشەگەری و پیشەسازییەكانی كەركوك |
| ١٠٥ – ١١١ | باسی یەكەم : دابەشبوونی پیشەگەری لە كەركوك |
| ١١٢ – ١١٨ | باسی دووەم : دابەش بوونی سەرچاوە كانزاییەكان و پەرەسەندنی كارگە پیشەسازییەكانی كەركوك |
| ١١٩ – ١٢٢ | باسی سێیەم :گرفت وئەستەنگەكانی بەردەم پیشەسازی وپیشەگەرانی كەركوك |
| ١٢٣ – ١٢٨ | باسی چوارەم : ئاماری بەرهەمە پیشەسازی وپیشەییەكانی كەركوك |
| ١٢٩ – ١٥١ | تەوەری دووەم : پیشەسازی دەرهێنانی نەوت لە كەركوك |
| ١٢٩ – ١٣٧ | باسی یەكەم : مێژووی نەوت و ململانێی زلهێزەكان لەسەر نەوتی كەركوك |
| ١٣٨ – ١٤٦ | باسی دووەم : ئامارەكانی بەرهەمهێنان و هەناردەكردنی نەوتی كەركوك |
| ١٤٧ – ١٥١ | باسی سێیەم : ڕۆڵی كۆمپانیای نەوتی عێراق لە گەشەسەندنی ئابووری و خزمەتگوزاری كەركوك |
| ١٥٢ – ١٥٤ | دەرئەنجام |
| ١٥٥ – ١٧٦ | لیستی سەرچاوەكان |
| أ – ب | كورتەی لێكۆڵینەوەكە بەزمانی عەرەبی |
| A-B-C | كورتەی لێكۆڵینەوەكە بەزمانی ئینگلیزی |

## پێرستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بەرهەمی گەنم وجۆی لیوای کەرکوك بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٨ – ١٩٥٨ ) | ١٨ |
| ٢ | بەرهەمی برنجی لیوای کەرکوك بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٩ – ١٩٥٨ ) | ١٩ |
| ٣ | ڕووبەری چێندراوی بەرووبومی کشتوکاڵی لەلیوای کەرکوك بۆ ساڵی ( ١٩٥٧ – ١٩٥٨ ) | ٢٠ |
| ٤ | ڕێژەی سەدی زەوی تەسویە کراو تا ساڵی ١٩٣٦ لە لیوای کەرکوك | ٣٠ |
| ٥ | ژمارەی ئامێری کشتوکاڵی دابەشکراو لە لیوای کەرکوك و بە بەراورد لە گەڵ هەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٦ – ١٩٥٨) | ٣٤ |
| ٦ | ژمارەی ئاژەڵ لەلیوای کەرکوك وهەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٥٨ ) | ٤٠ |
| ٧ | ژمارەی ئاژەڵ کە باجی بەکارهێنانی لێ وەرگیراوە لەلیوای کەرکوك و هەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٥٣ ) | ٤١ |
| ٨ | ژمارەی ئاژەڵی سەربڕاو لە کەرکوك و هەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٥٨ ) | ٤٢ – ٤٣ |
| ٩ | ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی کە پشکنینی تەندروستیان بۆ کراوە بۆ هەناردەکردنیان بۆ دەرەوەی عێراق نێوان ساڵانی ( ١٩٤٦ – ١٩٥٨ ) | ٤٥ |
| ١٠ | ژمارەی کارمەندی نەخۆشخانە فێتیرنەریەکانی کەرکوك و هەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٤٩ ) | ٤٦ |
| ١١ | ژمارەی ئاژەڵی چارەسەر کراو لە نەخۆشیەکان لە لیوای کەرکوك وهەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٥٨ ) | ٤٧ – ٤٨ |
| ١٢ | ژمارەی ترۆمپای ئاوی دابەشکراوو لە لیوای کەرکوك وهەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٨ – ١٩٥٨ ) | ٥٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٣ | ژمارەی ئۆتۆمبێلی تایبەت و کرێ لەلیوای کەرکوک و هەموو عێراق لە نێوان سالآنی ( ١٩٥٠ – ١٩٥٨ ) | ٧٤ |
| ١٤ | ژمارەی گالیسکە و ماتۆڕسکیل و پایسکیل لە کەرکوک وعێراق لە نێوان سالآنی ( ١٩٥٠ – ١٩٥٨ ) | ٧٦ |
| ١٥ | جۆر و بڕی شت و مەکی گواستراو بە هێڵی شەمەندەفەر لە نێوان سالآنی ( ١٩٤٤ – ١٩٥٨ ) | ٧٨ –٧٩ |
| ١٦ | نرخی دراوی عێراقی بەرامبەر بە پاوەنی ئیستەرلینی | ٩٢ |
| ١٧ | ژمارەی ئەو جوتیارانەی قەرزی کشتوکاڵیان وەرگرتووە لە کەرکوک وعێراق لە نێوان سالآنی ( ١٩٥٢ – ١٩٥٧ ) | ٩٧ |
| ١٨ | ناوی ئەو کۆمپانیانەی کە بانقی پیشەسازی عێراق پشکی تێدا هەبووە لە سەر ئاستی عێراق لەنێوان سالآنی ( ١٩٤٩ – ١٩٥٥ ) | ٩٨ |
| ١٩ | ژمارەی ئەو کەسانەی مۆڵەتی دروستکردنی خانوویان پێدراوە لە کەرکوک وعێراق لە نێوان سالآنی ( ١٩٤٩ – ١٩٥٧ ) | ١٠١ |
| ٢٠ | ژمارەی خوێندکاری خوێندنگە پیشەسازییەکانی لیوای کەرکوک وهەموو عێراق لە نێوان سالآنی ( ١٩٤٥ – ١٩٥٧ ) | ١٢٤ |
| ٢١ | بەرهەمی نەوتی کێڵگەکانی کەرکوک بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق لە نێوان سالآنی ( ١٩٣٤ – ١٩٥٨ ) | ١٤٠–١٤١ |
| ٢٢ | بەرهەمی کۆمپانیای نەوتی ( خانەقین وموسڵ و بەسرە ) لەنێوان سالآنی ( ١٩٢٧ – ١٩٥٨ ) | ١٤١–١٤٢ |
| ٢٣ | هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک بەبەراورد بە هەموو عێراق لە نێوان سالآنی ( ١٩٤٩ – ١٩٥٧ ) | ١٤٥ |

# پێشەکی

کەرکوك بەهۆی پێگەی ئابوریی یە بەهێزەکەیەوە لەسەدەی نۆزدەیەمەوە ، کەوتبووە بەر چاوتێبڕینی وڵاتانی زلهێز ، بەتایبەتی ململانێ یەکانیان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا باشتر و ڕوون تر دەردەکەوێ کاتێك نەوت جێی خەڵوزی بەردین دەگرێتەوە و دەردەکەوێ کە کەرکوك ڕێژەیەکی بەرچاو لەسامانی نەوتی تێدایە٠

لە ڕاستیدا بایەخدانی زلهێزەکان بەنەوت تاکە هۆکار نەبووە بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەم ناوچەیەدا بگرن ، بەڵکو وڵاتە ئەوروپییەکان زۆر لەوە پێشتر لە ڕێگەی گەڕیدەو بازرگان و ڕۆژهەڵاتناسانەوە گرنگی شوێنی جوگرافی و بازرگانی و سەروەت وسامانی ئەم خاکەیان گەیاندۆتە فەرمانڕەواکانی خۆیان ، لەبەر ئەوە پلانی دەست بەسەرداگرتنی ئەم خاکەش داڕێژاوە و لەئەنجامدا بە پێی ڕێککەوتنامەی ( سایکس – پیکۆ) لە ساڵی ١٩١٦ دا کەرکوکیش کەوتبووە ناو ناوچە دابەشکراوەکانی نێوانیان٠

شاری کەرکوك ، کە بەشێك بوو لەویلایەتی موسڵی ئەو دەمە ، بەشێك نەبوو لە عێراقی ساڵی ( ١٩٢١ ) ەوە نەبوو ، کە ئینگلیزەکان وەك دەوڵەت دروستیان کرد ، بەڵکو کەرکوك وەك بەشێکی گرنگی ویلایەتی موسڵ دوای کێشەیەکی چەند ساڵەی نێوان بەریتانیا و تورکیا و نێوەندگیری کۆمەڵەی گەلان و تێپەڕبوونی ( ٥ ) ساڵ بەسەر دامەزراندنی عێراقدا لە ٦ / حوزەیرانی / ١٩٢١ دا لکێندرا بەو دەوڵەتەوە.

گرنگی ئەم بابەتە لەوە دایە ، کە تەرخان کراوە بۆ توێژینەوە دەربارەی (ئابوری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) ، لەگەڵ باسکردنی مێژووی پەرەسەندنی ئەو ئابورییە ، کە هەوڵدراوە پشت بە داتای وردی حکومەتی عێراق ببەستین و توێژینەوەکە تایبەت بێت بە ئابوری و دوور بێت لە سیاسەت و کاریگەرییەکانی ، لەبەر ئەوە چەندین خشتەمان بەکارهێناوە بۆ دیاریکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵ و پیشەگەری و پیشەسازی و بەرهەمی نەوت و چالاکی بانکی لە کەرکوك لەڕووی پێدانی قەرز ، لەگەڵ بەراورد کردنی ئەو ئامارانە لە گەڵ هەموو عێراقدا بەمەبەستی خستنە ڕووی پێگەی ئابوری کەرکوك لە سەر ئاستی هەموو عێراق ، بۆ ئەم کارەش پشتمان بە ئامارەفەرمییەکانی حکومەتی عێراق بەستووە٠

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەیەکی زانستی بەم ناونیشانە ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئابوری کەرکوك بۆ ئەم ماوەیە ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) ئەنجام نەدراوە ، ئەگەر کرابێتیش ئەوە لەچوار چێوەی توێژینەوەی بابەتە جیاوازەکاندا زۆر بەکەمی بووە ، سەرەڕای ئەوەی توێژینەوەی زانستی لەسەر نەوتی کەرکوك کراوە ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك باسی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بازرگانی وپیشەگەری وپیشەسازی کەرکوك نەکراوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە ، کە چەند لایەنێکی ئابوری کەرکوك دەخاتە ڕوو پێش سەرهەڵدانی پیشەسازی دەرهێنانی نەوت ، کە کەکەرکوك لەسەر ئاستی جیهاندا بەدەوڵەمەندی بەسامانی نەوت ناسراوە ، ئەمەش کێشەیەکە لەم توێژینەوەیە بەپێویستمان زانی ئەو لایەنانەی تری ئابوری کەرکوك بخەینەڕوو لەڕێگەی ئامار وداتاکانی حکومەتی عێراقەوە ، گریمان کەرکوك بەسامانی نەوت بەناوبانگە ، ئەی کەرتەکانی تری ئابوری ڕێژەیان چەندە ، چی کەرتێکی بەهێزە و کامیان لاوازە ، لە کاتی جێبەجێکردنی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی پەیڕەو کراوە ولەسەر بنەمای میتۆدی ( مێژوویی ــ شیکاری ) راڤەی هۆکار ودەرئەنجامی ڕووداوەکان کراوە ، بە پشت بەستن بە چەندین سەرچاوەی مێژوویی وئابوری ، کە هاوسەردەمی ئەو ماوەیە بوون لەمێژووی کەرکوکدا ، بەتایبەتی ئامارە ئابورییەکانی حکومەتی عێراق ، کە وەزارەتەکانی ( ئابوری ، کشتوکاڵ ، کۆمپانیای نەوتی عێراقی ، بانکە حکومی و بیانییەکان ) لەو سەردەمە دەریانکردووە٠

وەك پێشنیارێك بۆ بەرەو پێشبردنی ئابوری کەرکوك پێویستە گرنگترین لایەنی ئابوری ، کە کشتوکاڵە پشت گوێ نەخرێت ، هەروەها کێشە وگرفتی سەرەکی کشتوکاڵی کەرکوك ئەوەیە کەپشت بەئاوی باران دەبەستێت ، بۆیە چاکسازی پێویست لە ئاودێری ئەنجامی باشی دەبێت لەبەرەو پێش چوونی کشتوکاڵ و دواتریش کەرتەکانی تری بازرگانی و پیشەگەری و پیشەسازیش زۆربەیان پشت بە بەرهەمەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەبەستن.

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووەلە : پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی و ئەنجام ، وەك لەخوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەین :

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخان کراوە بۆچالاکییە کشتوکاڵییەکانی کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٢١ ــ ١٩٥٨ دا ، ئەم بەشەش دابەشکراوە بۆسێ باسی سەرەکی ، باسی یەکەم تایبەتە بەپۆلێنکردنی زەوی وزاری کشتوکاڵی و گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و بەراوردکردنیان لەگەڵ بەرهەمی عێراقدا و لێکۆڵینەوە لە گیرو گرفتەکانی کشتوکاڵ و شێوازی چارەکردنیان ، لە باسی دووەمدا باس لەسامانی ئاژەڵ وپۆلێنکردنی ئەو سامانە وئامار وسەرژمێری ئاژەڵ لەکەرکوك بەبەراورد لەگەڵ عێراق وگیرو گرفتەکانی بەردەمیان وشێوازی چارەسەرکردنیان کراوە ، لەباسی سێیەمی ئەم بەشەدا باس لەئاودێری و پۆلێنکردنی ئاودێری لەکەرکوك و گرنگیدانی حکومەتی عێراقی بە پرۆژەکانی ئاودێری و لەم باسەدا پرۆژەی ئاودێری حەویجە وەك نموونەیەك باسکراوە لەگەڵ دیاریکردنی کاریگەرییە ئابوری وسیاسییەکانی ئەم پرۆژەیە لەسەر کەرکوك٠

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە چالاکییە بازرگانی وداراییەکانی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ ــ ١٩٥٨ دا ، کە ئەم بەشە لەدوو باسی سەرەکی پێکهاتووە ، باسی یەکەم تایبەتە بە هۆکارەکانی پەرەسەندنی بازرگانی لە کەرکوك ، کە باسی هۆکارە سروشتی وهۆکارە مرۆییەکان کراوە وکاریگەی هەردووکیان لەسەر بازرگانی شارەکەدا ، هەروەها بازاڕە سەرەکییەکانی کەرکوك خراوەتە ڕوو ، لە باسی دووەمدا باسی چالاکییە داراییەکان و دراوە بەکارهێنراوەکان لە کەرکوك و باسی چالاکی بانکی ( بیانی و عێراقی و تایبەت ) کراوە لەگەڵ دیاریکردنی گرنگترین خزمەتگوزاریە داراییەکانیان وکاریگەری لەسەر پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەپشت بەستن بەئامار وداتاکانی حکومەتی عێراق٠

بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە چالاکییە پیشەسازییەکان وسامانە سروشتیەکانی کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ ــ ١٩٥٨ دا ، ئەم بەشە دوو باسی سەرەکی لەخۆ دەگرێت ، باسی یەکەم تایبەتە بە چالاکییە پیشەگەری وپیشەسازییەکانی کەرکوك لەڕووی دابەشبوونی ئەو پیشەگەریانە و دابەشبوونی سەرچاوە کانزاییەکان و دواتریش پەرەسەندنی کارگە پیشەسازییەکان و لێکۆڵینەوە لەگرفت وئەستەنگەکانی بەردەم پیشەسازی و پیشەگەران و لەکۆتایی ئەم باسەدا ئاماری بەرهەمە پیشەگەری و پیشەسازییەکانی کەرکوك خستۆتە ڕوو ، لەباسی دووەمدا باس لە پیشەسازی دەرهێنانی نەوت و مێژووی دەرکەوتنی ئەم پیشەسازییە لە کەرکوك و ململانێی زلهێزەکان لەسەر ئەم سەرچاوەیە لەگەڵ ئامادەکردنی خشتەی تایبەت بە ئاماری بەرهەم و هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق و لەکۆتایی ئەم باسە ئاماژە بەڕۆڵی کۆمپانیای نەوتی عێراقی کراوە لەگەشەسەندنی ئابوری وخزمەتگوزاری لەکەرکوکدا٠

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەندین سەرچاوەی ڕەسەن و سەرەکی بەستراوە ، کە دەتوانرێت تیشکیان بخرێتە سەر :

١– بڵاوکراوە حکومییەکان :

بڵاوکراوەکانی حکومەتی عێراق ، کە بە زمانی عەرەبی لەلایەن وەزارەتە جیاوازەکانەوە بڵاو دەکرایەوە ، گرنگی هەبووە ودەکرێت وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی دابنرێت ، کە ئاماری ڕاستەقینەی تێدایە لەلایەن حکومەتەوە بڵاوکراونەتەوە وزۆربەی توێژینەوەکان پشت دەبەستن بەو ئامارانە ، وەك : ( الحكومة العراقية ، وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة العامة ، التقارير السنوية للسنوات ١٩٤٥ – ١٩٥٨ ) هەروەها ( الحكومة

العراقية ، وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعات الاحصائية السنوية العامة للسنوات ١٩٤٩ – ١٩٥٨ ) هەروەها ئامارەكانى ئەنجومەنى ئاوەدانكردنەوەى عێراقى ( مجلس الاعمار ، التقارير السنوية عن اعمال مجلس الاعمار للسنوات ( ١٩٥١ – ١٩٥٧ ) لەگەڵ ( دليل العراق الرسمي ١٩٣٥ – ١٩٣٦ ) وبلاوكراوەكانى ( وزارة الاقتصاد ، مديرية الصناعة العامة ، ودليل العراق الصناعي ) هەروەها ( شركة نفط العراق ) وئامارەكانى ( وزارة الزراعة ، المصرف الوطني العراقي ، المصرف العقاري ، وزارة التجارة ) ، كە ئەم ئامارانە سەرچاوەى سەرەكى بوون بۆ ( ٢٣ ) خشتەى جۆراوجۆر ، كە لەماستەر نامەكەدا هەيە.

٢– كتێب بە زمانى كوردى

سەرچاوە كوردييەكان بۆ بەجێ گەياندنى ئەم توێژينەوەيە زانيارى مێژوويى وئابورى وردن و سودى زۆريان لێ وەرگيراوە ، كە دەكرێت ئاماژەيان بۆ بكەين ، وەك ( أ. م . مينتيشاشڤيلى ، كورد كورتە پێوەندى كۆمەلأيەتى – ئابورى ) و ( پشكۆ حمە تاهير ئاغجەلەرى ، شارى كەركوك لە نێوان ١٩١٧ – ١٩٢٦ ) و ( سمكۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژى ) ، كتێبەكانى گۆڕانە ئابوورييەكانى كەركوك لە ڕوانگەى سەردەمە مێژووييەكانەوە و مێژووى سەردەمە كارگێرى و بەڕێوەبەرييەكانى پارێزگاى كەركوك ) و ( شاكر خەسباك ، كورد ومەسەلەى كورد ) و ( عەبدولأ عەبدول كەريم مارف بەرزنجى ، كاركۆك لە مێژوودا ) و ( عەبدوللأ غەفور ، جوگرافياى كوردستان ) و ( عەلى مەحمود محەمەد ، كەركوك شارى قەلأ و ئاگر و خوێن ) و ( فەرهاد هەمزە محەمەد ، مێژووى نەوتى كەركوك ) و ( محەمەد هادى دەفتەر و عەبدولأ حەسەن ، عيراقى باكور ) ، جگە لەمانە چەندين كتێبى تر ، كە سوديان لێ وەرگيراوە بۆ دەوڵەمەندكردنى توێژينەوەكە ، و لەليستى سەرچاوەكاندا ئاماژەيان بۆ كراوە.

٣– كتێب بەزمانى عەرەبى :

لەچوارچێوەى بەجێگەياندنى ئەم توێژينەوەيەدا سود لەچەند سەرچاوەى زمانى عەرەبيش وەرگيراوە ، وەك : ( ابراهيم خليل سعيد ، كركوك بانوراما التاريخ والانسان ) و ( برهان محمد قادر البرزنجي ، كركوك الارض والتاريخ ) و ( جاسم محمد الخلف ، محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والبشرية ) و ( جبار قادر ، قضايا كردية معاصرة ) و ( حسن محمد ربيع ، المصارف ) و ( حكمت سامي سليمان ، نفط العراق دراسة سياسية اقتصادية ) و ( سعيد حماده ، النظام الاقتصادي في العراق ) و ( سعيد عبود سامرائي كتێبەكانى:النظام النقدي والمصرفي في العراق وسياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق و مقدمة في التاريخ الاقتصادي العراقي ) و ( سميرة كاظم الشماع ، مناطق الصناعة في العراق ) و ( شاكر

خصباك ، العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية ) و ( صباح عبدالرحمن ، النشاط الاقتصادي ليهود العراق ١٩١٧ – ١٩٥٢ ) و ( طارق شكر محمود ، اقتصاد النفط العراقي ) و ( طلعت الشيباني ، واقع الملكية الزراعية في العراق ) و ( عبدالحميد بلال ، الجغرافية الاقتصادية ) و ( عبدالمجيد فهمي حسن ، دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ج٢ الخاص بلواء كركوك ) و ( عماد عبداللطيف سالم ، الدولة والقطاع الخاص في العراق ) و ( فهمي عرب اغا وفاضل محمد ملا مصطفى ، ماذا في كركوك ) و ( كاثلين ام . لانكلي ، تصنيع العراق ) و ( كمال مظهر احمد ، صفحات من تاريخ العراق المعاصر و كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير ) و ( متي عقراوي ، لعراق الحديث تحليل لأحواله السياسية والاقتصادية والصحية والاجتماعية و التربوية ) و ( هشام متولي ، اقتصاديات القطر العراقي ) و ( وريا الجاف ، كركوك دراسة سياسية واجتماعية ) ، لەگەڵ چەندین سەرچاوەی دیکە ، کە سودیان بەخشیوە بە توێژینەوەکە.

٤– کتێب بە زمانی ئینگلیزی :

هەر لەم توێژینەوەیەدا چەند سەرچاوەیەك بەزمانی ئینگلیزی بەکارهێنراوە ، بەڵام لە چوارچێوەیەکی سنورداردا ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بابەتی تایبەت بە توێژینەوەکە پەیوەندی بە ئاماری ئابوری هەیە و ئەو ئامارانە بەزمانی عەرەبی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بڵاوکراونەتەوە ونوسەرانی بیانیش هەمان ئەو زانیاریانەیان لەسەرچاوە عێراقیەکانەوە وەرگرتووە٠

٥– لێکۆڵینەوەی زانستی ( ماستەر و دکتۆرا ) :

چەند تێزێکی دکتۆرا و ماستەرنامە لەسەر مێژووی کەرکوك وعێراق نوسراوە ، کە سودیان لێ وەرگیراوە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە لەوانە بەزمانی کوردی ( دلشاد محمود عبدالرحمن ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك ١٩٢١ – ١٩٥٨ ، تێزی دکتۆرا ) و ( بەختیار سەعید مەحمود شوانی ، کەرکوك لەسەدەی نۆزدەدا ، ماستەر نامە ) ، لەگەڵ چەند لێکۆڵینەوەیەك بەزمانی عەرەبی وەك : ( دلشاد عمر عبدالعزيز ، شركة نفط العراق ١٩٢٧ – ١٩٧٢ ، اطروحة دكتوراه) و ( صبحي احمد مخلف حمد الدليمي ، الصناعات التحويلية الكبيرة وتوطنها في محافظة كركوك ، اطروحة دكتوراه ) و ( علي خليل احمد البياتي ، الاوضاع الاقتصادية في العراق ١٩٣٢ – ١٩٣٩ ، رسالة ماجستير ) و ( مهدي صالح سعيد العباسي ، كركوك في العهد العثماني ١٨٧٦ – ١٩١٤ ، رسالة ماجستير ).. هتد.

٦– یادەوەری ویاداشت :

سود لە چەند یادەوەری و یاداشتێك وەرگیراوە لەم توێژینەوەیەدا ، لەوانە ( عبدالستار تاهر شریف ، ململانێ لەگەڵ ژیاندا ) و ( جەلیل محەمەد شەریف ، شارەکەم لە پەنجەرەی یادگارییەکانمەوە )٠

٧- چاوپێکەوتن و گفتوگۆ :

بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن یان پشتراستکردنەوەی زانیارییە وەرگیراوەکانی ناو سەرچاوە بەکارهاتووەکان ، چەند چاوپێکەوتنێکی راستەوخۆ یان بەشێوەی گفتوگۆ زانیاری و بۆچوونی چەند کەسایەتییەك وەرگیراوە ، کە زۆربەیان ڕاستەوخۆ بەشدار ونزیکی بازاڕ وکاسبکار و پیشەوەرانی شاری کەرکوك بوون ، کە سەرجەم ئەو چاوپێکەوتنانە لای توێژەر پارێزراون.

٨- ڕۆژنامە و گۆڤار :

جۆرێکی تری ئەو سەرچاوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون بریتیە لە رۆژنامە و گۆڤار ، بە هەردوو زمانی ( کوردی وعەرەبی ). بەتایبەتی ئەو ڕۆژنامە وگۆڤارانەی لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستدا دەرچوون لەوانە : ( جريدة الوقائع العراقية و مجلة الزراعة العراقية و مجلة صوت العراق ) هەروەها ( گۆڤاری کەرکوك ) ، کە زانیاری بەسودیان بەخشیوە بە توێژینەکە٠

وەك هەموو کارێکی تری زانستی بێگومان لە ماوەی نوسینی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی چەندین ڕێگری و ئاستەنگ بوینەتەوە ، کە گرنگترینیان بارودۆخی سیاسی و ئابوری هەرێم وایکردووە پرۆسەی خوێندن وزانست لە بەردەم مەترسی وهەڕەشەی گەورە بێت ، چونکە پشت گوێ خستنی مامۆستایان و فەرمانبەران و گوێ نەدان بە مافەکانیان هۆکارێك بوو بۆ بایکۆتکردن و تێکدانی بژێوی ژیانی فەرمانبەر ، منیش وەك مامۆستایەك لە لایەك و وەك خوێندکارێکی ماستەر کارێگەری زۆر خراپی هەبووە لە سەر بەرەو پێشچوونی توێژینەوەکە ، کە هەردوو بواری ئابوری وبایکۆتی دەوام ڕێگریان دروستکردووە لە بەردەم ماستەر نامەکە ، تێکچوونی بارودۆخی بەغدای پایتەخت بە هاتنی داعش و نەمانی ئەمن وبێ مووچەیی دیسانەوە ڕێگربووە لەچوونم بۆ بەغدا ، چونکە لەو شارە بەهۆی کورد بوون تەنانەت پاسەوانی سەرۆك کۆمار بێ سەر وشوێن کرابوون ئەمەش مەترسی لەسەر سەفەرکردنم دروستکرد بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی زیاتر ، سەرەڕای ئەوەی کە شاری کەرکوك لەگەڵ دەرکەوتنی داعش چەندین هێرشی کراوەتە سەر ومەترسی ڕاستەقینەی لەسەر بووە ، ئەمەش کاریگەری لەسەر دەروون و کارەکەم کردووە ، هەروەها یەکێکی تر لە ئاستەنگەکان نەبوونی پاشخانی مەعریفی توێژەرەکان و کەمی و پەرش و بڵاوی زانیاری و داتاکان و سەرچاوە مێژووییە پێویستەکان وای کردووە توێژەران دوودڵییەکی زۆریان بەرانبەر بە لێکۆڵینەوە ئابورییەکان هەبێت ، هەروەها شاری کەرکوك بۆ دوو جار لە ساڵانی ( ١٩٩١ ) و ( ٢٠٠٣ ) دا دووچاری سووتان وتاڵانیی دامەزراوە حکومییەکان هات ، ئەم مێژووانە هەرچەندە بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی شاری کەرکوك دەدرێنە قەڵەم ، بەڵام لە ڕاستیشدا دوو کارەساتی کاریگەر بوون سەبارەت بە مێژووی نوێ و هاوچەرخی شارەکە ، چونکە هۆکارێك بووە بۆ سووتانی چەندین دۆسیەی ، کە لەناویاندا دۆسیەی مێژووی وردی پێکهاتە ئابووریەکانی کەرکوکیان لەخۆگرتبوو.

## بەشی یەکەم // بارودۆخی کشتوکاڵی کەرکوك لەنێوان ساڵانی ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) دا

سەرەتاکانی هەنگاوەکانی شارستانیەت و بەستنەوەی مرۆڤ بەزەوی وگواستنەوەی لەقۆناغی ڕاوکردن بۆ قۆناغی کشتوکاڵ لە کەرکوك سەری هەڵداوە [١] ، شوێنەواری گوندی چەرمو[٢] لەنێوان هەزارەی دەیەم وپێنجەمی پێش زایین نیشانەی سەقامگیری وکشتوکاڵیە لەکەرکوك ، کە لەچاخی بەردینی نوێدا پەیدا بووە [٣] ، لەڕاستیدا ئاو و هەوا و بەپیتی خاکی کەرکوك هۆکارێکی یارمەتیدەر بووە بۆئەو چالاکی یە کشتوکاڵیە[٤].

لەبەر ئەوەی شوێنی جوگرافیای کەرکوك دەکەوێتە سەر هێڵی پانی باکوری ٣٥ پلە و ٢٨ دەقیقە و هێڵی درێژی ڕۆژهەڵات ٤١ پلە و٤٥ دەقیقە [٥] ، بۆیە ئاو وهەوای ناوچەی زورگی هەیە کە لەنێوان دەریای ناوەڕاست و بیاباندایە وهەرێمێکی نیمچە وشکە ، بەرزی پلەی گەرمی لە هاویندا ( ٤٢,٨ ) پلەیە و مام ناوەندی پلەی گەرمی لەوەرزی زستاندا ( ٤,٥ ) پلەیە ، زستانی تەڕ وهاوینی گەرم و بێ بارانە [٦].

ژمارەی پێوانەیی بەرزترین ساڵ بۆ باران بارین ساڵی ( ١٩٥٣ ) بووە کە لەمانگی ئاداری ئەو ساڵەدا بریتی بووە لە ( ٩٧,٦ ) ملیمەتر ، ژمارەی پێوانەی نزمترین باران بارینیش بریتیی بووە لە ( ٤٢,٩ ) ملیمەتر لەمانگی کانونی دووەمی ( ١٩٤٠ ) [٧].

---

[١] – ایدن اقصو : کرکوك صراع النفط ورحلة البقاء ، ط١ ، بغداد ، ٢٠٠٧ ، ص ١٢.

[٢] – گوندی چەرمو دەکەوێتە ڕژهەڵاتی شاری کەرکوك بە دووری ( ٣٥ ) سی وپێنج کیلۆ مەتر بروانە: ( ناهیدە جەمال تاڵەبانی: زیندوکردنەوەی کەلتوری ئاو لەکوردستان بەگشتی و ناوچەی کەرکوك بەتایبەتی ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە ( ٢– ٣ ) پایزی ١٩٩٩ ، ل ١٥٠ ).

[٣] – جمال رشيد احمد : كركوك في العصور القديمة ، ط١، منشورات دار ئاراس للطباعة ، اربيل ، ٢٠٠٢ ، ص ٥.

[٤] – طه باقر : عصور ماقبل التاريخ في وادي الرافدين على ضوء التنقيبات الاثرية في كردستان العراق ، مجلة المجمع العلمي ، العدد ( ١ ) ، ١٩٧٣ ، ص ٦٠٥ – ٦٠٦.

وەرگیراوە لە : ( پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری : شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ – ١٩٢٦ توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە ، چ ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٩٠ ).

[٥] – واتا باکووری هێڵی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینج ، بڕوانە : فوئاد حەمە خورشید : کەرکوك لە بەڵگەنامەکاندا ، و: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ، چ ١ ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل ٥٧ ؛ محەمەد هادی دەفتەر و عەبدولا حەسەن : عیراقی باکور ، و: موعتەسەم محەمەد ، چاپخانەی ژیار ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، ل ٩٠.

[٦] – ئازاد محمد امین نەقشبەندی : کەش وهەوای هەرێمی کوردستانی عێراق ، هەولێر ، ١٩٩٨ ، ل ل ٢٠ ، ٧٢ ، ٧٨ .

[٧] – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٤ ، مطبعة الزهراء، بغداد ، ١٩٥٥، الجدول رقم ٦٣ ، ص ٥١ .

کەرکوك دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێر زەوی و سەر زەوی و بەئاسانی بیر دەگاتە ئاو و ڕێژەیەکی زۆر بیر و کارێز و کانی ئاوی تێدایە [1] ، هەروەها جۆری خاك وگڵی کەرکوك و مادده ئۆرگانیەکەی سوود بەخشە بۆ چالاکی کشتوکاڵی[2] ، وێڕای ئەوەی خاکی کەرکوك لێژە ونابێتە هۆی کۆبونەوەی خوێ ئەویش یارمەتیدەرە بۆکشتوکاڵ [3] .

جگە لەهۆکارە مرۆییەکان ، کەخۆی لەدەستی کاردەبینێتەوە ئەمەشیان دیسانەوە لەقازانجی چالاکی کشتوکاڵیدایە لەکەرکوك ، بەگوێرەی سەرژمێری دانیشتوان و ڕووبەری کەرکوك دەبینین لەساڵی ١٩٣٥ دا ڕووبەری لیوای کەرکوك بریتی بووە لە ( ٢٠,٨٠٠ ) کم٢ وڕووبەری قەزای ناوەندی کەرکوك بریتی بووە لە ( ٥,٧٣٨ ) کم٢ وژمارەی دانیشتوانی بریتی بووە لە ( ١٨٠,٠٠٠ ) کەس ، و چڕی دانیشتوانی بریتی بووە لە ( ٨,٧ ) کەس بۆ هەریەك کم ٢ لەگەڵ ڕەچاو کردنی ڕووبەری گونجاو بۆ کشتوکاڵ لەکەرکوك دەگاتە(١٥,٢٦٠ ) کم ٢ ، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین کەرکوك لەڕووی توانا مرۆییەکانیەوە زۆر لەبارە بۆچالاکی کشتوکاڵی [4] .

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هۆکارە سروشتی و مرۆییەکان هەموو لەناوچەی کەرکوك کۆبۆتەوە و بۆتە هۆکارێکی بەهێز بۆ بووژاندنەوەی ئابوری کەرکوك ئەمەش وایکردووە بەدرێژایی مێژوو هێزەکانی ناوچەکە وجیهان بەردەوام بەدوای هەلێك بگەڕێن بۆ دەست بەسەراگرتنی سەرچاوەکانی ئابوری کەرکوك لەپێناو دابینکردنی سەرچاوەی خواردن وکەرەستەی خاوی پیشەسازی ، هەروەها کەرکوك ببێتە بازارێك بۆ ساغکردنەوەی بەرووبوومی ئەو وڵاتانە.

---

[1] – ناهیدە جەمال تاڵەبانی: زیندوکردنەوەی کەلتوری ئاو لە ٠٠٠ ، س . پ ، ل ١٥٨ – ١٥٩ ؛ عەلی مەحمود محەمەد : کەرکوك شاری قەڵا و ئاگر وخوێن ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوك ، ٢٠٠٦ ، ل ٨٥ – ٨٧.

[2] – سمکۆ بەهرۆز محمد ( ئەژی ) : ئەراپخای وڵاتی کوردەواری لە مێژوودا ، چاپەمەنی ئەزمر ، چ ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٤ ، ل ٥٦ – ٥٧.

[3] – ایدن اقصو : م ٠ س ، ص ١٦٧.

[4] – سعید حمادە : النظام الاقتصادي في العراق ، المطبعة الامریکانیة في بیروت ، ١٩٣٨، ص ١٥.

## تەوەری یەکەم : چالاکیە کشتوکاڵیەکانی کەرکوك

### باسی یەکەم : پۆلێنکردنی زەوی و زارە کشتوکاڵیەکانی کەرکوك

زەویداری لەکەرکوك بە پێی یاسای زەوی عوسمانی ویاسای تۆمارکردنی زەوی تاپۆی ساڵی (١٨٥٨ ) رێکخرابوو [١] ، بەپێی ئەو یاسایە عوسمانیەکان توانیان هەموو ئەو زەویانە بگەرێننەوە بۆژێر دەسەلاتی خۆیان کە پێشتر لەساڵی( ١٨٣٩ ) دا بە پێی یاسایەك بەخشرابووە سەرکردە سەربازیەکان [٢] ، ئەم یاسایە لەلایەن سوڵتان عەبدولمەجیدەوە ( ١٨٣٩ – ١٨٦١ )[٣] دەرکرا وناوی فەرمانی شەریف گوڵخانەی لێنرا کە لەساڵی ( ١٨٣٩ ) [٤] دەرکرا وزەویەکی زۆر لەو سەرکردە سەربازیانە سەندرایەوە ولەبەرامبەردا مووچەیان بۆ بڕایەوە[٥].

لەسەردەمی مەدحەت پاشا ( ١٨٢٢ – ١٨٨٣ ) [٦] ، کە لە ( ١٨٦٩ ـ ١٨٧٢ ) دا والی بەغدا بوو هەنگاوەکانی تاپۆ کردن زیاتر بوون کە شاری کەرکوکشی گرتەوە ، زۆرێك لە دەرەبەگ وچینێکی دیاری شارەکان لەبازرگان و کاربەدەست توانیان رووبەرێکی فراوانی زەوی لەسەر خۆیاندا تاپۆ بکەن [٧] ، بەهۆی

---

١– ا ٠ م ٠ مینتیشاشڤیلی : کورد کورتەی پێوەندی کۆمەلایەتی – ئابوری ، رۆشنبیری و گوزەران ، و: عیزەدین مستەفا رەسووڵ ، چ ٢ ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٨ ، ل ١٨٥.

٢ – ناهض حسن جابر الراوي : مفهوم السلطة في فكر الاحزاب السياسية الكردية المعاصرة ، مطبعة الشهيد ئازاد هەورامي ، كركوك ، ٢٠٠٦ ، ص ٦٨.

٣ – سی و چوارەمین سوڵتانی عوسمانیە ، لە سەردەمی حوکمڕانی ئەودا کۆمەڵێك چاکسازی ئەنجامدرا بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیاننامەی بڕوانە : يوسف بك اصاف ، تاريخ سلاطين بني عثمان ، مكتبة مدبولي ، ط ١ ، القاهرة ، ١٩٩٥ ، ص ١٢٠ – ١٢١ ؛ نوران برهان علي : العلاقات العثمانية الفارسية في عهد القاجاريين ١٧٩٥ – ١٨٩٦ ، رسالة ماجستير غير منشورة ، جامعة المستنصرية ، كلية التربية ، قسم التاريخ ، ٢٠١٤ ، ص ١٩١.

٤ – زانیاری زیاتر بڕوانە: قدري قلعجي : مدحت باشا ابوالدستور العثماني وخالع السلاطين ، د.ظ ، د.م ، دار العلم ، ١٩٤٧ ؛ احمد عبدالرحيم مصطفى : في اصول التاريخ العثماني، ط ١، دار الشروق ، القاهرة ،١٩٨٢ ص ١٩٨ ؛ يوسف كمال بك حتاتة و صديق الدملوجي : مدحت باشا ( حياته ، مذكراته ، محاكمته ) ، ط١ ، بيروت ، دارالعربية للموسوعات ، ٢٠٠٥ .

٥ – عماد احمد الجواهري : تاريخ مشكلة الاراضي في العراق ودراسة في التطورات العامة ١٩١٤ – ١٩٣٢ ، منشورات وزارة الثقافة والفنون ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٧٨ ، ص ٢٧.

٦ – لە شاری ئەستانبول لەدایك بووە و نازناوی ( حافیز ) یان لێناوە ، چونکە قورئانی لە بەرکردووە بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیاننامە وکارەکانی بڕوانە : نوران برهان علي : م . ن ، ص ١٩٨ ؛ جميل موسى النجار : الادارة العثمانية في ولاية بغداد من عهدالوالي مدحت باشا الى نهاية الحكم العثماني ١٨٦٩ – ١٩١٧ ، مكتبة مدبولي ، ط ١ ، القاهرة ، ١٩٩١ ، ص ١٤٥.

٧ – مارتین ڤان برونەسن : ئاغا وشێخ و دەوڵەت ، و: کوردۆ عەلی ، ب ٢، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ل ٧٦.

شکستی یاساکانی پێشوتر ئەم هەنگاوانە نراوە بەمەبەستی نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەریەکان وچەسپاندنی دەسەڵاتی عوسمانی بەسەریاندا [1].

بەپێی یاسای موڵکایەتی زەوی عوسمانی ساڵی ( ١٨٥٨ ) دا زەوی وزار بەسەر پێنج جۆردا دابەشکرابوون کە بریتین لە :

١- زەوی مولك ( الاراضي المملوكة ): ئەم جۆرە زەویە خاوەنی هەیە و لەباو وباپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە وتاپۆی هەیە.

٢- زەوی میری ( الاراضي الاميرية ): خاوەنداریتی ئەم جۆرە زەویانە دەگەڕێتەوە بۆحکومەت وتەنها حکومەت مافی بەکارهێنانی هەیە.

٣- زەوی وەقف ( الاراضي الموقوفة ): ئەو زەویانە دەگرێتەوە ، کە بەمەبەستی کاری خێرخوازی وئەوقاف تەرخان دەکرێت.

٤- زەوی مەتروك ( الاراضي المتروكة ): زەوی حکومەتە ، بەلاّم بۆ کاری گشتی تەرخان کراوە وەك باخچەی گشتی وڕێگەوبان.

٥- زەویە مردووەکان ( الاراضي الموات): ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە سودی لیّ وەرناگیرێت لەچالاکی کشتوکاڵیدا[2].

دواتر لە ( ١٣/ کانوونی دووەمی / ١٨٥٩ ) دا بۆ پاڵپشتی کردن لەیاسای زەوی وزار یاسای تاپۆ دەرچوو[3]، لەساڵی ( ١٨٧٠ ) دا لەشاری کەرکوك فەرمانگەی تاپۆ دامەزرا وبەرپرسی ئەوفەرمانگەیە ( مستەفا ئەفەندی )بوو[4]، راستیەکەی دەرکردنی ئەم یاسایە لەلایەن عوسمانیەکانەوەدوو مەبەستی هەبوو ، یەکەمیان: لێدانی دەسەڵاتی سەرۆك هۆزەکان وگەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عوسمانی بوو بەسەریاندا ، دووەمیان: سەپاندنی باج بوو بەسەر خێڵەکان[5] ، بەلاّم ئەو یاسایە ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبوو ، بووە هۆی

---

[1] - سعيد عبود السامرائي : مقدمة في التاريخ الاقتصادي العراقي ، ط ١، مطبعة القضاء ، النجف الاشرف ، ١٩٧٣ ، ص ٣٨.

[2] - رشيد شلبي واخرون : احوال العراق الاجتماعية والاقتصادية ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٣ ، ص ٣٧ – ٣٨.

[3] - سعيد حماده : م . س ، ص ١١٧.

[4] - برهان محمد قادر البرزنجي : كركوك الارض والتاريخ ، ط١، مطبعة كارو ، كركوك ، ٢٠١٤ ، ص ١٨٢.

[5] - محمد جواد العبوسي : محاضرات في مشكلات لتقدم الاقتصادي في العراق ، ج ١ : القطاع الزراعي ، جامعة الدول العربية ، معهد الداسات العربية العالية ، القاهرة ، ١٩٥٨ ، ص ١٧٢.

ئەوەی زەوی کشتوکاڵی دابەشکرایە سەر چینێکی کەم لەبنەماڵەو دەرەبەگ و سەرۆك هۆز و سەیدەکانی کەرکوك وەك : ( بنەماڵەی نەوتچی ، ئاوچی ، یاقووبی ، سەید ئەحمەدی خانەقا ، تاڵەبانییەکان ) [1]، هەروەها یەکێکی تر لە ڕەنگدانەوە خراپەکانی ئەم یاسایە بریتی بوو لە گەورەبوونەوەی بۆشایی ( دەللاقەکانی ) نێوان چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگە [2] ، وێرای ئەوەی کەم وکورتیەکی زۆر لە فەرمانگەی تاپۆ هەبووە ، کە نەخشەی زەوی وزاری راستەقینە نەبووە وفەرمانبەری شارەزای نەبووە و تۆمارگەکانی فەرمانگەکە پربوون لەهەڵە و زەوی کەسانێك بەناوی کەسانی تر تۆمار کرابوون [3]، بۆیە ئەم یاسایە توشی شکست هات ، ئەم شکستەش پەیوەندی بە دوو هۆکار بووە: یەکەمیان دەسەڵاتدارانی دوای مەدحەت پاشا نەیانتوانی وەك پێویست بڕیارەکانی یاساکە جێ بەجێبکەن ودوومیش جوتیاران لەترسی سەربازی زۆربەیان ئامادەنەبوون بۆ تۆمارکردنی زەویە کشتوکاڵیەکان بەناوی خۆیانەوە ، ئەمەجگە لەترسی باجی زەوی ، بۆیە زۆربەی زەویەکان بەناوی سەرۆك هۆز ودەرەبەگەکان تۆمارکراون[4].

یاسای زەوی وەك خۆی مایەوە تاهاتنی هێزەکانی ئینگلیز ، کە لە ( ٢٥/ تشرینی یەکەمی /١٩١٨ ) دا کەرکوك بەیەکجاری کەوتە دەست ئینگلیز و لە ( ٢٦ / تشرینی یەکەمی / ١٩١٨ ) دا بروسکەی ڕاسپاردنی مێجەر نوئێل بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوچەکە دەرچوو[5]، ئینگلیز سیاسەتی خۆ نزیك کردنەوە و بەکارهێنانی سەرۆك هۆزەکانی پەیرەو کردووە بەتایبەتی ئەوانەی خاوەنی زەوی وزار بوون ، لەوانە : شێخ قادر تاڵەبانی وشێخ محەمەدحەبیب تاڵەبانی و شێخ حەمید تاڵەبانی و شێخ عیزەدین تاڵەبانی وتەوفیق بەگ ودارا بەگی داودە( ١٨٩١ – ١٩٥٦ ) [6] و سەید خەلیل کاکەیی ، ئینگلیزەکان لە ڕێگەی سیستەم ویاساوە دەسەڵاتی ڕەهایان بەوانە بەخشی بوو کە لە سیستەمی دەعاوی عەشائیری مەدەنی وسزاییەکانی ساڵی (١٩١٨ )

---

[1] – گۆران ئیبراهیم ساڵەح : کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦– ١٩٠٩ ز ، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ١٦٧ –١٦٨.

[2] - مجموعة من الباحثين : التاريخ الاقتصادي والاجتماعي للدولة العثمانية ، المجلد الثاني ، ( ١٦٠٠ ـ ١٩١٤ ) ، ترجمة : قاسم عبدة قاسم ، دار المدار الاسلامي ، بيروت ، ٢٠٠٧ ، ص ص ٦٢٥ ـ ٦٢٧ .

[3] – ستيفن هيمسلي لونكريك : اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث ، نقله الى العربية : جعفر الخياط ، ط ٣ ، مطبعة البرهان ، بغداد ، ١٩٦٢ ، ص ٣٢٣.

[4] – محمد جواد العبوسي : محاضرات في مشكلات لتقدم الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، ص١٧٣.

[5] – المس بيل : فصول من تاريخ العراق القريب ( ١٩١٤ ـ ١٩٢٠ ) ، ترجمة : جعفر الخياط ، ط٢ ، بيروت ، ١٩٧١، ص ١٥٣ ؛ شكري محمود نديم : حرب العراق ( ١٩١٤ ـ ١٩١٨ ) ، ط٨ ، بغداد ، ١٩٧٤ ، ص ٢٠١ ؛ كمال مظهر احمد : كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير ، مطبعة رينوين ، السليمانية ،ب س ، ص١٠٢ – ١٠٣.

[6] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیاننامەیان بڕوانە: جمال بابان : اعلام كرد العراق ، مطبعة شفان ،السليمانية ، ٢٠٠٦ ، ص ٢٩٠.

کەناسراوە بە ( نظام دعاوي العشائر المدنية والجزائية )[1]، لەهەمان کاتدا ئینگلیزەکان بۆ پێداویستیە داراییەکانیان دەستیان کرد بەبوژاندنەوەی دام ودەزگاکانی تاپۆ وئاماری زەویان کردە بنەمایەك بۆکۆکردنەوە ودانانی باج [2].

دواتر لەساڵی ( ١٩٢١ ) دا کە دەوڵەتی عێراقی نوێ دادەمەزرێت و روبەرووی چەندین گرفت دەبێتەوە لەوانە لەناوچوونی تۆمارەکانی زەوی وزار ، بۆیە ناچار بوو لەسەر یاسای عوسمانی بەردەوام بێت[3].

بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە حکومەتی عێراق بانگێشتی شارەزای بەریتانی ( ئارنست داوسن ) ی کرد لەساڵی ( ١٩٢٩ ) دا ، کە راپۆرتێکی پێشکەش بەحکومەتی عێراق کرد وجەختی کردووە لەسەر مافی خێڵەکان کردووە بەسەر ئەو زەویانەی دەستیان بەسەردا گرتووە [4] ، لەئەنجامدا یاسای ژمارە (٥٠ ) ی ساڵی (١٩٣٢ ) دەرچوو ، کە بەیاسای ( تسوية حقوق الاراضي ) بەلاداخستنی مافەکانی زەوییەکان وجۆرەکانی زەوی وزاری بەم شێوەیە دابەشکرد:-

١- زەویە مولکەکان: ئەمەش مافی بەکارهێنانی بۆخاوەنەکەی دەگەڕێتەوە٠

٢- زەویە مەتروك : ئەو زەویانە دەگرێتە کە بۆ کاروخزمەتگوزاری گشتی تەرخان کراون وەك بازار و یاریگە وباخچە گشتییەکان و شەقام وگۆڕەپانە گشتییەکان٠

٣- زەوی وەقف: ئەو زەویانە دەگرێتەوە کەبۆکاری ئایینی وخێرخوازی تەرخان کراون٠

٤- زەوی میری: ئەم جۆرە زەویانە خاوەندارێتی بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە وحکومەت سەرپشکە بە چۆنێتی بەکارهێنانی ، وئەم جۆرە دابەش دەکرێت بۆ سێ جۆر ئەوانەش بریتین لە:-

أ- زەوی ڕێپێدراو بە تاپۆ ( الاراضي المفوضة بالطابو ): ئەم زەویانە لەلایەن کەسانێکە بەکاردەهێنرێن و مافی بەکرێدان وفرۆشتنیان هەیەو لەلایەن حکومەتەوە ئەو مافەی پێ بەخشراوە، بەلاَم خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم زەویانەحکومەتە٠

---

[1] - حسن بارام : ابعاد کوردستانیة قضاء خورماتوو التاريخ والجغرافية والسكان ، ت: کامران عبدالرحمن ، مطبعة رۆز ، كركوك ، ٢٠١٠ ، ص٨٧.

[2] - مارتین ڤان برونەسن : ئاغا وشێخ و دەوڵەت،ب ٢ ، س ٠ پ ، ل٧٧.

[3] - محمد جواد العبوسي : م ٠ س ، ص ١٧٦.

[4] - نصير سعيد الكاظمي : مساهمة في كتابة تاريخ الحركة العمالية في العراق حتى عام ١٩٥٨ ، ط ١، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي ، دمشق ، ١٩٩١ ، ص٤٨.

ب- زەویە پێدراوەکان ( الاراضي الممنوحة باللزمة ): ئەم زەویانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کەسانێکەوە زیاتر لە ١٥ ساڵ بە کارهێنراون بەمەبەستی کشتوکاڵ ونیشتەجێ بوون بۆیە یاساکە مافی ئەوەیان دەداتی ئەو زەیانە بەکاربهێنن و سوودی لێ وەرگرن.

ج- موڵکی میری ( الاراضي الاميرية الصرفة ): ئەو زەویانە دەگرێتەوە کە لە خاڵەکانی ( أ ، ب ) نەهاتوون و حکومەت خۆی خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم جۆرەیە ومافی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆحکومەت [1].

لەڕاستیدا لەدوای یاسای ژمارە ( ٥٠ ) یاسایەکی دیکەبەناوی ( حقوق وواجبات الزراع ) ماف و ئەرکەکانی جوتیار ، کە بەیاسای ژمارە ( ٢٨ ) ی ساڵی ( ١٩٣٣ ) ناسرا ، ئەم یاسانە ڕێگە خۆشکەر بوون بۆسەرۆك هۆز ودەرەبەگەکان تا دەسەڵاتی خۆیان بەکاربێنن و بەشێکی زۆر لەو زەویانە بەناوی خۆیانەوە تۆمارکرد و جیاکاری چینایەتی لەنێوان موڵکدارەکانی زەوی و جوتیاران زیاتر کرد تائاستێك جوتیار بووە کۆیلەی زەوی [2] ، شایەنی باسە ڕووبەری کەرکوك بریتیە لە ( ٢٠,٣٥٥,٠٠٠ ) کم٢ و لەو ڕووبەری ( ٨,٥٦٢,٠٠٠ ) کم٢ موڵکی تایبەت بووە ، بۆیە نەتوانرا چارەسەری کێشەی زەوی وزار بکرێت و ئەم بارودۆخە وەك خۆی مایەوە تاهەڵگیرسانی شۆڕشی (١٤ ی تەموزی ١٩٥٨ ) [3].

[1] - محمد توفيق حسين : نهاية الاقطاع في العراق ، دار العلم للملايين ، ط ١ ، بيروت ، ١٩٥٨ ، ص ٨٩ - ٩١.

[2] - هشام متولي : اقتصاديات القطر العراقي ، مركز الدراسات الاقتصادية ، دمشق ، ١٩٦٤، ص ٣٦.

[3] - سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : گۆڕانە ئابوورییەکانی کەرکوك لە ڕوانگەی سەردەمە مێژووییەکانەوە ، چ ١، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠٠٩ ، ل ١٠٤- ١٠٥.

## باسی دووەم: گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی کەرکوك وئامارەکانی بەرهەمهێنان

### یەکەم : گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی کەرکوك

بەروبومە کشتوکاڵیەکانی کەرکوك دوو جۆرن ، یەکەمیان: بەروبوومی زستانی یە ، وپشت بەئاوی باران دەبەستن وەك گەنم وجۆ ونیسك وکونجی وجۆرەکانی تری دانەوێڵە ، بەلأم گەنم وجۆ بەرهەمی سەرەکین ، دووەمیان: بەروبوومی هاوینی یە کە برنج ونیسك وتوتن دەگرێتەوە، بەلأم بەرهەمی برنج سەرەکیە لەشاری کەرکوك [١] ، گەنم وجۆ بەرهەمیان زۆرە و هەنارده دەکرێن و( ٩٦٪) ی زەوی چێندارو لەعێراق تەنهابە( گەنم وجۆ ) دەچێندرێت وئەم رێژەیە زیادی کردووە لەگەڵ هاتنی ئینگلیز ودەست پێکردنی هەناردەکردنی گەنم وجۆ بۆ ئەوروپا [٢] ، کەرکوك بەروبوومی تری هەیە وەك زەیتون ومزرەمەنییەکان وترێ ، کە ترێ ی کەرکوك بەناوبانگە بۆدروست کردنی شەراب[٣].

ئینگلیزەکان لەرێگەی باج وەرگرتنەوە داهاتی باشیان لەسنووری کەرکوك هەبووە وتابەرواری (٣١/ کانوونی یەکەمی / ١٩١٩ ) بە بڕی ( ٢,٠٧٢,٥٣١١٢ ) ڕووپێ باجی گەنم وجۆ وەرگیراوە ، و ( ٣٨,١٠١٠٦ ) ڕووپێ باجی برنج ، و (٢٥٠,٣٠٠٠٠ ) ڕووپێ باجی توتن و ( ٣٨٢,١٢٠٠٠ ) ڕووپێ [٤] باجی مەشروب وەرگیراوە[٥] ، ئەو داتایانە گرنگی کشتوکاڵی کەرکوکمان بۆدەردەخات ، بۆیە بەکورتی ئاماژە بەزانیاریەکانی چەند بەروبوومێك دەدەین:

١- گەنم : بەروبومێکی زستانەیە وپشت بەئاوی باران دەبەستێت و زیاتر لەمانگی تشرینی دووەم زەوی تۆو دەکرێت بەلأم هەندێك جار باران دوا دەکەوێت و تۆوکردن دوادەخرێت بۆمانگی کانوونی دووەم ،

---

١ - متي عقراوي : العراق الحديث تحليل لاحوال العراق ومشاكله السياسية والاقتصادية والصحية والاجتماعية والتربوية ، ت: مجيد خدوري ، ج ١، مطبعة العهد ، بغداد ، ١٩٣٦ ، ص٩٨.

٢ - هوشيار معروف : الاقتصاد العراقي بين التبعية والاستقلال ، منشورات وزارة الاعلام ، الجمهورية العراقية، ١٩٧٧ ، ص٢١٦.

٣ - ڕۆژهەلأتناسی ئەمریکی هنری فێلد سەردانی شاری کەرکوکی کردووە لەگەڵ تیمێکی زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی وئاماژەی بە ترێ ی کەرکوك کردووە کە لە جۆرە هەرە باشەکانە ، بڕوانە : اکو برهان محمد : كركوك في القرنين ١٨ - ١٩ كما وصفها الرحالة المستشرقون ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی چوارەم ، بەهاری ٢٠٠٣ ، ل ٢٣٠.

٤ - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو دراوانەی لە عێراق بەکارهاتوون و شێوازی گۆرانکاری لە دراوی عێراقی بڕوانە : ناهض عبدالرزاق القيسي : النقود في العراق ، ط ١، بيت الحكمة للطباعة والنشر ، بغداد ، ٢٠٠٢ ، ص ص ٤٧٧ ـ ٤٨٠.

٥ - سەربەست کەرکووکی : ڕاپۆرتی کارگێری دەڤەری کەرکوك لەماوەی ( ١/١/تا ١٩١٩/١٢/٣١ ) ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، ل ٧٢-٧٨.

گەر تۆوکردن پێش بارانی پەڵە بکرێت ( وشکە وەرد ) ی پێ دەڵێن ، گەر پاش بارانی پەڵە تۆوبکرێت ( تەڕە کاڵ ) ی پێ دەڵێن [1] ، لەشاری کەرکوک گەنمی کوردی کوردی تۆو دەکرێت و هۆکاری ئەوەی بەئاوی باران گەشە دەکات ، بە چاکترین جۆر دادەنرێت جگە لەوەی جۆری خاکی کەرکوک کەلێژە وڕێژەی خوێ تێدا کەمە[2] ، بۆیە کاریگەری لەسەر جۆری گەنمی بەرهەمهێنراو دەبێت ، وەرزی دروێنەی گەنم لەناوەڕاستی بەهاردەست پێدەکات و لەسەرەتای هاوین کۆتایی دێت [3] ، گەنم بەرووبومێکی سەرەکیە و پەیوەندی بەخواردەمەنی مرۆڤەوە هەیە وکەرکوک بەڕێژەی بەرچاو بەشداری لەبەرهەمی گەنمی عێراق کردووە[4].

٢- جۆ: بەرووبومێکی زستانەیە وپشت بەئاوی باران دەبەستێت و وەرزی تۆوکردن ودروێنەی بەهەمان شێوەی گەنمە ، بەڵام ڕێژەی هەناردەکردنی جۆ بۆدەرەوەی وڵات زیاترە لەگەنم [5] و ئینگلیزەکان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لەبازرگانی جۆ ، بۆیە خاوەن زەویە کشتوکاڵیەکانیان هاندەدا بۆزیادکردنی بەرهەمەکانیان [6] ، بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کشتوکاڵی عێراقی لەساڵی ( ١٩٣٤- ١٩٣٥ ) هەناردەکردنی جۆ بەپلەی یەکەم دێت لەبەرهەمە کشتوکاڵیەکان کە نزیکەی ( ٨٣,٠٠٠ ) تۆن دەبێت بەرامبەربە ( ١٦,٠٠٠ ) تۆن گەنم کە هەناردەی دەرەوە کراوە لەسەر ئاستی عێراقدا [7] ، زۆرترین بەرهەمی جۆ هەناردەی ئەڵمانیا وبەریتانیا کراوە بۆدروستکردنی بیرە [8] ، وێڕای ئەوەی عێراق بەپلەی سێیەم دێت لە هەناردەکردنی جۆ لەسەر ئاستی جیهان ، بەڵام خراپی و پیسی جۆرەکەی وایکردووە نەتوانێت پێشبرکێی جۆری کەنەدی بکات [9] ، هەروەها جۆ تایبەتمەندی خۆی هەیە وپێش گەنم پێ دەگات و پێویستی کەمترە بەئاو وزیاتر بەرگەی شوێری زەوی دەگرێت [10].

---

[1] - عەبدوڵا عەبدول کەریم مارف بەرزنجی : کارکۆك لە مێژوودا ،چ ١، چاپخانەی خۆیبوون ، دانیمارك ، ٢٠٠١ ، ل ٧٨.

[2] - بەرزایی شاری کەرکوك لە نێوان ( ٣٠٠ - ٤٠٠ ) مەترە لەسەر ئاستی دەریا و لێژایی زیاد دەکات هەرچەندە بەرەو ڕۆژهەلاتی لیواکە برۆی ، بڕوانە: ناهیدە جەمال تاڵەبانی: زیندوکردنەوەی کەلتوری ئاو لە کوردستان ... ، س . پ ، ل ١٥٦.

[3] - عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ٢ ، مطبعة دجلة ، بغداد ، ١٩٤٧ ، ص ١٢.

[4] - سناء عبدالله العمري : انتاج واستهلاك الحنطة في العراق ١٩٥٠ - ١٩٨٠ ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٠ ، ص ٣٢.

[5] - محمد جواد العبوسي : محاضرات في مشكلات لتقدم الاقتصادي في العراق ، م . س ، ص ٨٤.

[6] - هوشيار معروف : الاقتصاد العراقي بين التبعية والاستقلال ، م . س ، ص ٢١١.

[7] - ابراهيم شوكة : الجغرافية الاقتصادية ، مطبعة الجزيرة ، بغداد ، ١٩٣٧ ، ص ٤٩.

[8] - عبد الحميد بلال : الجغرافية الاقتصادية ، ط ٦، مطبعة النجاح ، ١٩٥٦، ص ٥٤.

[9] - مجلة الزراعة العراقية : المجلد الحادي عشر ، ج ٢ + ٣ ، ١٩٥٦، ص ٣٢٩.

[10] - عبدالمجيد فهمي حسن : ج ٢، م . ن ، ص ١٣.

٣- برنج:  بەروبوومێکی هاوینەیە وپێویستی بەئاوێکی زۆرە، وەرزی تۆوکردنی لەکۆتایی بەهار وسەرەتایی  هاوین دەبێت و لەوەرزی هاوینی گەرم گەشە دەکات ولەوەرزی پاییز پێ دەگات وبەرهەمەکەی دەردەکەوێت [١] ، تۆو کردنی برنج لەشاری کەرکوك بە (مەرەزە) ناسراوە وپێویستی بەئاوی زۆرە وزەویەکە بەشێوەی قەتار قەتار ئاو دەخرێتە سەری تا تۆوەکە ژێر ئاو کەوێت وساڵی دوو جار لەسنوری کەرکوك مەرەزە دەکرا و ئەوسەردەمە برنجی بیانی نەبوو هەموی خۆماڵی بوو وبازارێکی باشی هەبوو جگە لەبازارەکانی کەرکوك بۆ شارەکانی تریش بازرگانەکان دەبرا[٢]٠

شایەنی باسە حکومەتی عێراق بەمەبەستی باشترکردنی بەرهەمی برنج پشتی بەشارەزایەکی چینی بەست بەناوی ( سی. بان ) کە لەرۆژانی ( ٢٨ – ٣٠ / ئەیلولی/١٩٥٤ ) دا سەردانی هەردوو لیوای کەرکوك وسلێمانی کرد[٣] ، لەئەنجامدا رێژەی بەرهەمهێنانی برنجی کەرکوك زیاد دەکات وەك لە خشتەی ژمارە ( ٢ ) دا ئاماژەی بۆ دەکەین.

---

١ – عبد الحمید بلال : الجغرافية الاقتصادية ، م ٠ س ، ص ٦٩.

٢ – عەبدولا عەبدول کەریم مارف بەرزنجی : کارکۆك لە مێژوودا ، س ٠ پ ، ل ٨٠.

٣ – مجلة الزراعة العراقية : المجلد العاشر ، ج١ ، ١٩٥٥ ، ص ٢٧.

## دووەم : ئاماری بەرهەمەکشتوکاڵیەکانی کەرکوك

بەرهەمی گەنم وجۆ بەشداری بەرچاوی هەبووە لەهەناردەکانی عێراق ولەنێوان ساڵانی (١٩٢١ – ١٩٢٥ ) بەبڕی ( ٢٧٣,٠٠٠ ) دینار گەنم هەناردەی دەرەوەی عێراق کراوە[١] وئەو ڕێژەیە لەنێوان ساڵانی ( ١٩٢٦ – ١٩٣٢) دا بەرز بۆتەوە بۆ ( ٦٨٠,٠٠٠٠٠ ) ڕووپیێ [٢] هەناردەکردنی گەنم بەرووپێی هندی ودواتر پاوەنی ئیستەرلینی کراوە[٣].

هەناردەکردنی جۆ لەگەنم زیاترە ولەسەر ئاستی عێراق لەساڵی (١٩٣٤ ) دا بریتی بووە لە( ٦٩٣,٦٨٥) دینار [٤] وئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە لەساڵی ( ١٩٤٣ ) دەگاتە ( ٥,١٠٥,٢٢٤) دینار [٥] ولەساڵی ( ١٩٤٩ ) دەگاتە ( ٥,٢٩٠,٥٠٤ ) دینار [٦].

بەرهەمی برنج لەعێراق ساڵی ( ١٩٣٥ ) بریتی بووە لە ( ٢٦٥ ) تۆن [٧] ولەساڵی ( ١٩٤٥ ) دا ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە ودەگاتە ( ٣,٣٦٣) تۆن [٨] ، ئامارەکانی نێوان ساڵانی ( ١٩٢١ – ١٩٤٧ ) لەسەر ئاستی عێراق بەرهەمی گەنم وجۆ و برنج وهەناردەکردنی وەرگیراون ، وهیچ نیشانەیەك نادرێت بەلیواکانی عێراق [٩].

بۆ ئەوەی زیاتر بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کەرکوك دیاری بکەین ، پشت بەچەند خشتەیەك دەبەستین

---

١ – محمد سلمان حسن : التطور الاقتصادي في العراق ، التجارة الخارجية والتطور الاقتصادي ١٨٦٤ – ١٩٥٨ ، ج ١ ، المكتبة العصرية ، بيروت ، ١٩٦٥ ، ص ١٨١ ، وەرکیراوە لە: عماد عبد اللطيف سالم : الدولة والقطاع الخاص في العراق الادوار والوظائف السياسات ، ط ١ ، بيت الحكمة ، بغداد ، ٢٠٠١ ، ص ٨٨.

٢ – متي عقراوي : العراق الحديث تحليل لاحوال العراق ومشاكله السياسية والاقتصادية ٠٠٠٠٠٠٠ ، م ٠ س ، ص ٩٤.

٣ – عماد عبداللطيف سالم : م ٠ ن ، ص ٨٨.

٤ – متي عقراوي : م ٠ ن ، ص ٩٤.

٥ – عبدالحميد بلال : الجغرافية الاقتصادية ، م ٠ س ، ص ٥٥.

٦ – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٤٩ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٥٠، جدول رقم ١٨١ ، ص ٢١٠.

٧ – ابراهيم شوكة : الجغرافية الاقتصادية ، م ٠ س ، ص ٤٩.

٨ – عبدالحميد بلال : م ٠ ن ، ص ٦٩

٩ – ليواكانی عێراق لەوسەردەمەدا ( ١٤ ) ليوا بوون ( بەغدا، بەسرە، موسڵ ، کەرکوك، ديوانيە، عمارە ،حلە ،مونتەفك، کوت، دلێم ،هەولێر،سلێمانی، دیالە، کەربەلا) بڕوانە : الحكومة العراقية:المجموعة الاحصائية ١٩٤٩،م ٠ن، جدول رقم ١ ، ص ١.

**خشتەی ژمارە(١ ) [١] بەرهەمی گەنم و جۆی لیوای کەرکوك و عێراق لەنێوان سالآنی ( ١٩٤٨ – ١٩٥٨ ):**

| ساڵ | بەرهەمی گەنم لەلیوای کەرکوك | | بەرهەمی گەنم لە هەموو عێراق | | بەرهەمی جۆ لەلیوای کەرکوك | | بەرهەمی جۆ لە هەموو عێراق | | ڕێژەی سەدی بەرهەمی کەرکوك بەرامبەر بەعێراق | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەرهەم بە ١٠٠٠ تۆن | ڕووبەری چێندراو ١٠٠٠ دۆنم | بەرهەم بە ١٠٠٠ تۆن | ڕووبەری چێندراو ١٠٠٠ دۆنم | بەرهەم بە ١٠٠٠ تۆن | ڕووبەری چێندراو ١٠٠٠ دۆنم | بەرهەم بە ١٠٠٠ تۆن | ڕووبەری چێندراو ١٠٠٠ دۆنم | گەنم | جۆ |
| ١٩٤٨ | ١٣ | ٣٤٠ | ٣٠٢ | ٣,٨٣٩ | ١٥ | ٢٨٨ | ٥,٧٠٥ | ٣,٨٤٩ | ٪٤,٣٠ | ٪٢,٦٢ |
| ١٩٤٩ | ١٠ | ٣٨٧ | ٤٥٠ | ٣,٤٩٣ | ٢٩ | ٢٦٦ | ٧,٥٠٥ | ٣,٨١٤ | ٪٢,٢٢ | ٪٣,٨٦ |
| ١٩٥٠ | ٥٠ | ٤٢٨ | ٥٢٠ | ٣,٨٠٠ | ٤٩ | ٣٣٠ | ٨,٠٠٥ | ٤,٠٠٠ | ٪٩,٦١ | ٪٦,١٢ |
| ١٩٥١ | ٩٠ | ٩٤٨ | ٤,٨٧٥ | ٣,٧١٠ | ٥٨ | ٥٣٢ | ٨,٣٩١ | ٣٦,٦٩٥ | ٪١٨,٤٨ | ٪٦,٩٣ |
| ١٩٥٢ | ٥٤ | ٧٢٢ | ٤٨٠ | ٣,٨٧٤ | ٤٠ | ٤٢٧ | ٦٥٢ | ٣,٥٢٨ | ٪١١,٢٥ | ٪٦,١٠ |
| ١٩٥٣ | ١٠٩ | ٨١٢ | ٧٦٢ | ٤,٧٩٠ | ١٥٦ | ٤٥٨ | ١,١١١ | ٤,٣٨٥ | ٪١٤,٣٠ | ٪١٤,٠٤ |
| ١٩٥٤ | ٢١٥ | ٩٣٤ | ١١٦٠ | ٥,٥٥٩ | ٢٥٠ | ٥١٦ | ١,٢٣٩ | ٤,٤٨٩ | ٪١٨,٥٣ | ٪١٩,٣٩ |
| ١٩٥٥ | ٦٧ | ٨٣٩ | ٤٥٣ | ٥,٧٠٠ | ٨١ | ٥٣٧ | ٧٥٧ | ٤,٨١٩ | ٪١٤,٦٢ | ٪١٠,٧٠ |
| ١٩٥٦ | ٩٣ | ٨٢٨ | ٧٧٦ | ٥,٢٥٦ | ١١٣ | ٥٢٢ | ١,٠١٦ | ٤,٦٨٢ | ٪١١,٩٨ | ٪١١,١٢ |
| ١٩٥٧ | ١٨٥ | ٧٨٤ | ١,١١٨ | ٥,٨٢٥ | ١٤٥ | ٤٩١ | ١,٨٠٥ | ٤,٩٥٩ | ٪١٦,٥٤ | ٪٨,٠٣ |
| ١٩٥٨ | ٦٧ | ٨٢١ | ٧٥٧ | ٦,١٣٣ | ٦٢ | ٤٩٧ | ٩٥٤ | ٤,٦٢٦ | ٪٨,٨٥ | ٪٦,٤٩ |

[١] – ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٠ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٥٢ ، الجداول رقم ١٣٣ ب ، ١٣٣ جـ ، ص ١٢٢ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥١ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٥٤ ، الجداول رقم ١٤٢ ب ، ١٤٢ جـ ، ص ١٤٣ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٤ ، الجداول رقم ١٦٩ ب ، ١٦٩ جـ ، ص ٢٠٧ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣ ، مطبعة الزهراء، بغداد ، ١٩٥٤ ، الجداول رقم ١٤٩ ، ١٥٠ ، ص ١١٠ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٤ ، مطبعة الزهراء، بغداد ، ١٩٥٥ ، الجداول رقم ، ٩٨ ، ٩٩ ، ص ٧٢ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٦ ، الجداول رقم ٨٠ ، ٨١ ، ص ٧٧ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٦ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٧ ، الجداول ١٠٣ ، ١٠٤ ، ص ٨٨ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٧ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٨ ، الجداول رقم ، ١٦٤ ، ١٦٥ ، ص ١٢٦ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٨، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٩ ، الجداول رقم ، ١٢٧ ، ١٢٨ ، ص ١١٣.

له خشتەی ژمارە ( ١ ) دا بۆمان دەردەکەوێت لەنێوان ساڵانی ( ١٩٥٣ ـ ١٩٥٤ ) دا بەرهەمی ( گەنم وجۆ ) ی کەرکوک دەگات لوتکە ، هەروەها ڕووبەری زەوی چێندراو بەو بەرهەمانە بەهەمان شێوە زیاد دەکات تائەو ئاستەی ڕێژەی سەدی بەرهەمی کەرکوک لە گەنم دەگاتە ( ١٨,٥٣٪ ) و ڕێژەی بەرهەمی جۆ دەگاتە ( ١٩,٣٩٪ ) ی بەرهەمی هەموو عێراق ، هۆکاری ئەم گەشەسەندنە دەگەڕێتەوە بۆ بایەخدانی حکومەتی عێراق بە پرۆژەی ئاودێری وبەکۆی کەرتی کشتوکاڵی ، کە لە ئەنجامی زیادبوونی داهاتی نەوت بووە بەپێی ڕێککەوتنی هاوبەشی قازانج و دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق.

**خشتەی ژمارە( ٢) [١] بەرهەمی برنج لەلیوای کەرکوک وهەموو عێراق لە( ١٩٤٩ – ١٩٥٨ ) :**

| ساڵ | بەرهەمی برنج لەلیوای کەرکوک | | بەرهەمی برنج لەهەموو عێراق | | ڕێژەی سەدی برنجی کەرکوک بەرامبەر بەعێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەرهەم بە تۆن | ڕووبەری چێندراو بە دۆنم [٢] | بەرهەم بە تۆن | ڕووبەری چێندراو بە دۆنم | ٪ |
| ١٩٤٩ | ١,٨١٥ | ١,٨٧٥ | ٢١٢,٢٤٢ | ٦١٧,٢٦٣ | ٪٠,٨٥ |
| ١٩٥٠ | ٢,١٩٤ | ٤,٥٠٠ | ٢٤١,٣٠٩ | ٨٧٠,٨١٠ | ٪٠,٩٠ |
| ١٩٥١ | ١,٥٨٩ | ٢,٤٧١ | ٨٣,٩٥٠ | ٢٤٤,٠٥٥ | ٪١,٨٩ |
| ١٩٥٢ | ٣,٠٠٨ | ٤,٥٢٨ | ١٢٦,٥٣٢ | ٣٠١,٠١٤ | ٪٢,٣٧ |
| ١٩٥٣ | ٣,٨٦١ | ٥,٣٧٠ | ١٦٣,٣٩٧ | ٣٧٨,١٣٠ | ٪٢,٢٩ |
| ١٩٥٤ | ٤,٥٥١ | ٦,٠٢٥ | ١٨٠,١٥٢ | ٤٧٩,١٣١ | ٪٣,٠٣ |
| ١٩٥٥ | ٤,٢٨٠ | ٥,٧٥٠ | ٨٣,٢٢٩ | ٢١٥,٧٦٢ | ٪٥,١٤ |
| ١٩٥٦ | ٢,٩٤٤ | ٦,١٨٥ | ١١٠,٨٢٢ | ٢٨٠,٣٩٥ | ٪٢,٦٥ |
| ١٩٥٧ | ٢,٤٠٨ | ٨,١٣٢ | ١٤٧,٢١٢ | ٣٦٤,٤٥٤ | ٪١,٦٣ |
| ١٩٥٨ | ٤,٥٧٣ | ٨,٨٢٠ | ١٣٦,٩٧٣ | ٣٥٥,٢٤٢ | ٪٣,٣٣ |

[١] – ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە: الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٠ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٣٥ ، ص ١٢٤ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥١ ،م ٠ س ، جدول رقم ١٤٤ ، ص ١٤٥١ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٢، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٠ ب ، ص ٢٠٩ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٥٢ ، ص ١١٢ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ٧٤ ، ص ١٠١ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٥ ، م ٠ س ، جدول رقم ٨٣ ، ص ٧٩ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٦٧ ، ص ١٢٨ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٣٠ ، ص ١١٥

[٢] – دۆنم ( مشارە ) دەکاتە ( ٢٥٠٠ مەتر دوجا ) بڕوانە : هشام متولي : اقتصاديات القطر العراقي، م ٠ س ، ص ٣١.

له خشتەی ژمارە ( ٢ ) دا بۆمان دەردەكەوێت ، بەهەمان شێوەی بەرهەمی گەنم وجۆ ، بەرهەمی برنج و ڕووبەری چێندراوی زیادی كردووه لەنێوان ساڵانی ( ١٩٥٢ ـ ١٩٥٨ ) دا ، بەشێوەیەك ڕێژەی بەرهەمی برنجی كەركوك له ( ٠,٩٠٪ ) لەساڵی ( ١٩٥٠ ) بەرز دەبێتەوه بۆ ( ٥,١٤٪ ) لەساڵی ( ١٩٥٥ ) بەبەراورد لەگەڵ بەرهەمی هەموو عێراق ، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەوەی بۆئەو سەردەمه برنج كاڵایەكی بەنرخ بووە و لەڕووی داراییەوه هەموو كەسێك توانای بەدەست هێنانی نەبووه.

**خشتەی ژمارە ( ٣ )[١] ڕووبەری چێندراوی بەروبوومی كشتوكاڵی كەركوك لەساڵی (١٩٥٧ – ١٩٥٨ ):**

| بەرووبوومی جۆراو جۆر | | بەروبوومی هاوینەی | | | ژمارەی داری بەردار | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بابەت | ڕووبەری چێندراو به مشاره | بابەت | ڕووبەری چێندراو به مشاره | بەرهەم به تۆن | جۆری دار | ژمارەی دار | بەرهەم به كیلۆ گرام |
| شووتی | ٣٥٤ | گەنمه شامی زەرد | ١٢٦ | ٢٠ | پرتەقاڵ | ١,٠٦٦ | ٧,٤٦٠ |
| كاڵەگ | ٢٢٥ | لۆكه | ٢,٤٥٥ | ٢٨٢,٧ | لیمۆی شیرین | ١,٧٤٠ | ١٣,٤٣٠ |
| تەماته | ١,٠٣٦ | كونجی | ٣,٩٥٦ | ٣٩٦,٦ | لیمۆی ترش | ٥٤٩ | ٢,٨٤٠ |
| ئاروو (خەیار) | ١٤٤ | هەرزن ( دخن ) | ١٤٤ | ١٨,٧ | هەنار | ١٢,٢٤٨ | ١١٧,١١٠ |
| پاقله | ٢٦٩ | گەنمه شامی سپی | ١٨ | ٣,٤ | سێو | ٦,٠١٤ | ٦٣,٨٥٦ |
| باینجان | ٨٠ | لۆبیا | ١٩ | ٤ | هەرمێ | ١,٥٠٨ | ٢٨,١٠٧ |
| شێلم | ٧٢ | ماش | ٩ | ١,٥ | قۆخ | ٥,٤٣٠ | ٢٠,٥٨٣ |
| سپێناغ | ١١ | توتن | ٣١٤ | ٥٤ | هەڵوژه | ٤,٨٦٧ | ١٩,٥٥٨ |
| كاهوو (خاس) | ٢ | بامیا | ٤٤١ | / | قەیسی | ١١,٨٣٦ | ١٦٩,٥٨٤ |
| گێزەر | ٩ | فاسولیای سەوز | ٩٧ | / | ترێ | ٧١,٠٧٦ | ٢٩٩,٧٤٢ |
| لەهانه | ٤ | كولەگه | ٥٣ | / | هەنجیر | ٣١,٧٩٠ | ١٧٢,١٦٥ |
| قەرنابیت | ١٠ | پیاز | ٤٨٢ | / | گوێز | ٥٠ | ٢٥,٠٠٠ دانه |
| بیبەری سەوز | ٣٩ | / | / | / | زەیتون | ١٠٣ | ٤١٠ |

١ – الجمهورية العراقية : وزارة التخطيط ، دائرة الاحصاء المركزية ، نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة ١٩٥٨– ١٩٥٩ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٦١ ، جدول رقم ٩ ، ص ١٢٧ ، جدول رقم ١٠ ص١٢٧ ، جدول رقم ٢٥ ص ١٤٣ ، جدول رقم ٢٦ ص ١٤٤ ، جدول رقم ٢٧ ، ص ١٤٥ – ١٤٧.

لەخشتەی ژمارە ( ٣ ) دا ئاماژە بەژمارەیەکی بەرچاو لەداری بەردار لە کەرکوك دەدات وەك : ترێ کە لە پلەی یەکەم دێت و هەمیشە ناوبانگی باشی هەبووە لەسەر ئاستی عێراق بۆیە جوتیاری کەرکوك بایەخیان بەم جۆرە بەرهەمە داوە ، لەدوای ترێ ژمارەی داری هەنجیر لەپلەی دووەم دێت کە ئەمەشیان بەرهەمێکی باشی هەبووە و لە پێداویستی دانیشتوانی کەرکوکیش زیاد بووە ، هەورەها داری هەنار و قەیسی لە پلەکانی سێیەم وچوارەم دێن کە کۆی ئەو بەرهەمانە بۆتە هۆی گەشەپسەندنی لایەنی ئابوری و بازرگانی کەرکوك لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان وعێراق.

## باسی سێیەم : گیروگرفتەکانی کشتوکاڵ لەکەرکوك وشێوازی چارەسەرکردنی:

### یەکەم : گیروگرفتی سروشتی:

#### أ- کێشەی باران بارین :

کشتوکاڵی کەرکوك پشت بەئاوی باران دەبەستێت بەتایبەتی گەنم وجۆ، بۆیە کاتی بارانبارین وڕێژەی ئەوبارانە کاریگەری تەواوی لەسەر دەغڵ ودان دەبێت بەشێوەیەك جاری وا هەیە باران دوادەکەوێت و کاتی گەشەکردنی ڕووەك بەسەر دەچێت یاخود جاری واهەیە بارانێکی زۆردەبارێت ودەغڵ ودان توشی نەخۆشی ژەنگ دەکات وەك : ( ژەنگی دەریایی ، مەراکشی ، مامەلی ) ، کە ترسناکترین نەخۆشی دەغڵ ودانە ، بارانبارینی ناوەخت هۆکاری پەیدابونی ئەم نەخۆشیەیە ، ژەنگ دار وگەڵای دەغڵەکە دەگرێتەوە و ڕەنگی دارەکان ڕەش دەبێت و خاڵی پرتەقاڵی مەیلەو سوری تێ دەردەکەوێت وژەنگەکە دەگوازرێتەوە بۆ ڕوەکە ساغەکانیش [1] ، هەروەها دیاردەی شەستە باران وتەرزەی بەتاو دەبێتە هۆی لەناوچوونی بەرهەمی کشتوکاڵی [2] ، لەقۆناغی کۆتایی گەشەکردنی( گەنم وجۆ)  شەستە بارانی مانگەکانی ئازار ونیسان وتەرزەدەبێتە هۆی شکانی دار و فەوتانی تۆوەکەی ، هەرچەندە شەستە باران بەکەمی ڕوودەدات لەکەرکوك و

---

[1] – فاضل حسين : الامراض النباتية المهمة في العراق ، بغداد ، ١٩٦٤ ، ص ٨.

[2] – عەبدوڵلا غەفور : جوگرافیای کوردستان ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل٣٣٧ – ٢٣٨.

زیاتربارانی نمەبارانە ئەویش بەهۆی نزیك بوونەوە لە پێ دەشتەكان [1]، بەلاَم دواكەوتنی باران وەك لەساڵی (١٩٤٦ – ١٩٤٧ ) دا بۆتە هۆی وشكە ساڵی ودروست بوونی قەیرانی نان لەشارەكەدا [2]٠

بەهۆی ئەوەی (٨٥٪) ی زەوی كشتوكاڵی كەركوك پشت بەئاوی باران دەبەستێت ئەوا گرفت بۆ كشتوكاڵ دروست دەبێت لەوەرزی هاویندا خۆ ئەگەر لەوەرزی زستاندا باران كەم بێت وبۆچەند ساڵێك لەسەر یەك دواكەوێت ئەوا وشكە ساڵی ڕودەدات وزیانی گەورە بەكشتوكاڵ دەگات [3] ، بێگومان كەمی باران هۆكارێكی ڕاستەوخۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی و وشك بونەوەی كانی یە بچوكەكانە٠

## بۆچارەسەری ئەم كێشەیە چەند پێشنیارێك دەخەینە ڕوو وەك :

١– بایەخدان بەكارێز وكانی ئاوەكان وپاككردنەوەیان٠

٢– سوود وەرگرتن لەهەردوو سەرچاوەی ئاوی ( زێی گەورە وزێی بچوك ) كە هەردووكیان ڕێژەی (٤٨٪) ی روباری دیجلە پێكدەهێنن٠

٣– دروستكردنی بەنداو بۆسوود وەرگرتن لەبارانی زستان٠

٤– سوود وەرگرتن لەئاوی ژێر زەوی ، چونكە بیر لەكەركوك بە ( ٧ – ٣٥ ) مەتر دەگاتە ئاو[4]٠

## ب– درووژمی كوللە ومێشومەگەزی زیانبەخش بۆسەر بەروبوومی كشتوكاڵی :

دوژمنی بەرهەمە كشتوكاڵیەكان كوللە وسن وكرمی پەموو بووە ، كەسالاَنە زیان بەبەرهەمی كشتوكاڵی دەگەیەنێت [5] ، هەر لەساڵی ( ١٩٢٦ ) وە دووجۆر كوللەی ( نەجدی ومەراكشی ) درووژمی كردۆتە

---

1- Harza Engineering Co., Hydrological survey of Iraq , Baghdad 1963, Appenidx A., vol . 11, P. 61.

وەرگیراوە لە : شاكر خصباك : العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية ، مطبعة شفيق ، ١٩٧٣ ، ص ٦٢.

2 – نجات كوثر اوغلو : من حوادث كركوك ١٧٠٠ – ١٩٥٨ م ، كركوك ، ٢٠١٠ ، ص ١٨٥.

3 – علي خليل احمد البياتي : الاوضاع الاقتصادية في العراق ١٩٣٢ – ١٩٣٩ ، رسالة ماجستيرفي التاريخ الحديث غير منشورة ، كلية الاداب ، جامعة بغداد ، ١٩٩٠ ، ص ٢٨.

4– شاكر خصباك : العراق الشمالي، م ٠ س ، ص ص ٩٤ ، ٩٧ ، ٣٢٥.

5 – شاكر خەسباك : كورد و مەسەلەی كورد ، و: ئەمجەد شاكەلی ، دەزگای چاپ و بلاَوكردنەوەی ئاراس ، چ ٢ ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل ٥٣.

سەرخاکی عێراق بۆیە حکومەت فەرمانگەی تایبەتی دامەزراندوە بۆقەلاَچۆکردنی[1] وگەورەترین هێرش بۆسەرلیوای کەرکوک سالَی ( ١٩٤٦- ١٩٤٧ ) بووە ، کە لەگەلَ وروژمی کوللە باران کەم بووە وقەیرانی نان لەکەرکوک دروست بووە[2]، وروژمی کوللە بۆسالَی (١٩٥٠- ١٩٥١ ) لە هەردوو لیوای کەرکوک ودیالە روویداوە وزیاتر کوللەی مەراکشی وروژمیان بۆسەر کەرکوک هێناوە[3].

وێرای کوللە بێگومان مێش و مەگەزی دیکەی زیانبەخش کاریگەریان بۆسەر بەروبوومی کشتوکالَی دەبێت وەك ( ئەسپێی سێو ، ئەسپێی هەلَوژە ، کرمی سێو ، مێشولەی گێلاس ، مێشی بادەم خۆر، سونەی گەنم [4] ، سیسکە ، مێشە پیاز ، ئەسپێی چەوەندەر ، ... هتد ) ، تاکە چارەسەر بۆئەم مێشومەگەزە زیانبەخشانە دەرمانی کیمیاویە کەحکومەت سالآنە بەسەر جوتیارانی دابەش دەکرد [5] ، هەر بۆ نموونە کرمی گەنم لەگەلآی دەدات و دەبێتەهۆی تێکچونی قەدی دارەکە وکورت بوون ورەنگی تاریك دەبێت ودواتردەبێتە هۆی مردنی ئەو رووەکە ، هەروەها کرمی لۆکە ( ئەرسین ئەنسلانا) کە لەلۆکەی ئەمریکی دەدات لەجۆری (کوکرولید) وبەماددەی ئەندرین و کاربۆناتی مس قەلآچۆدەکرێت [6].

## شێوازی قەلآچۆکردنی وروژمی کوللەی مەراکشی:

١- لەسەرەتای وروژمی کوللەدا لەرێگەی ماتۆری دەستی یەوە ئەو زەویانە بەنەوتی رەش ئەپرژێندرێت.

٢- لەقۆناغە سەرەتایی وناوەندی وروژمی کوللەدا تێکەلَەی ژەهر بەکاردەهێنرێت ئەویش هەر لەرێگەی ماتۆری دەستی وئۆتۆمبێلی تایبەتەوە زەوی پێ ژەهراوی دەکرێت.

---

[1] - الحكومة العراقية : دليل المملكة العراقية لسنة ١٩٣٥ - ١٩٣٦ ، طبع على نفقة ، مهدي حسين الامين ، بأجازة من وزارة الداخلية برقم ٣٤٢ في ١٩٣٤/١٠/١٣ ، بغداد ، ١٩٣٧ ، ص ٣٧٤.

[2] - سمكۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : گۆرانە ئابوورییەکانی کەرکوك ، س . پ ،ل ٨٦.

[3] - محمد جواد العبوسي : محاضرات في مشكلات لتقدم الاقتصادي في العراق ، م .س ، ص ٧٠.

[4] - ئەم مێشولەیە تایبەتە بە کوردستان ولە باشووری عێراق زیان بەخش نیە چونکە بەرهەمی گەنم لە باشووری عێراق زووتر پێ دەگات پێش پێگەیشتنی ئەم مێشولەیە :

Webster, J.F., & Dutt, A:, Sunn pest ( Irjia ) on cereals in Iraq, Department of Agriculture, Leaflet No. 3 1926, P.2.

وەرگیراوە لە : شاكر خصباك : العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية ، م . س ، ص ٣٣١.

[5] - عەبدوڵلا غەفور : جوگرافیای کوردستان ، س . پ ، ل ٣٣٨.

[6] - محەمەد هادی دەفتەر و عەبدولآ حەسەن : عیراقی باکور ، س . پ ، ل ٩٢.

٣–لەقۆناغە کۆتایی یەکانی ورووژمی کوللەدا تێکەڵەی کەپەك ودۆشاوی خورما وژەهری تێکەڵ بەئاوکراو دەکرێتە ئەو شوێنانەی کەکوللە ورووژمی کردۆنەتەسەر[١].

زۆرجار هەنگاوەکانی قەلاَچۆکردنی کوللە توشی گرفتی نەشارەزایی جوتیار دەبێتەوە ومەڕومالاَتیان ژەهراوی دەبن لەو لەوەرگەیانەی کەژەهراوی کراون [٢]، هەروەها هێرش و ورووژمی کوللە بۆسەردەغڵ ودان گەیشتۆتە ئاستێك کەجوتیار تووشی مایەپووچی بکات ، چونکە ئەوبرە پارەیەش کەلەبەرهەمی کشتوکاڵی دەستی دەکەوت ناچاربوو بیگەڕێننەوە بۆحکومەت کە پێشتر وەك قەرز وەریگرتبوو ، تەنانەت لە ساڵی (١٩٥٣ ) دا بەهۆی ورووژمی کوللە وکەمی باران نوێنەری شاری کفری لە پەرلەمانی عێراق ( داود جاف ) ( ١٨٩٤ – ١٩٦٦)[٣] داوای لەحکومەتی عێراق کرد کەلەوقەرزانە خۆش بێت [٤].

## دووەم : گیروگرفتی مرۆیی :

### أ– کێشەی دەرەبەگ وجوتیاری بیّ زەوی ونایەکسانی لەدابەشکردنی زەویدا :

باکگراوندی ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی عوسمانیەکان کەبەشێکی زۆر لەزەوی وزاری کشتوکاڵی لەژێر دەسەلاَتی ئاغاودەرەبەگدا بوو ، بەپەیدابوونی یاسای تاپۆش ئەوسەرۆك هۆز وئاغا ودەرەبەگانە دەستیان کرد بەتۆمارکردنی ئەوزەویانەی کە لە ژێردەستیان بوو ، بۆیە بەشێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی کەوتە دەستی کەمینەیەکی سەرۆك هۆز ودەرەبەگ و ئاغا [٥]، لەبەرئەوە هیچ جۆرە یەکسانیەك لە دابەش کردنی زەوی وزار بەدی ناکرێت ، لەهەمان کاتدا بەشداری نەکردنی خاوەن زەویەکان ( دەرەبەگ ) لە کاری بەرهەمی کشتوکاڵی و سەرمایەی پێویست ، وایکردووە کاری جوتیار قورستر بێت لەتەنیشت کارەساتە سروشتیەکان وەك ووشکەساڵی وبلاَوبوونەوەی نەخۆشیەکان[٦].

---

[١] – الحکومة العراقیة : دلیل المملکة العراقیة لسنة ١٩٣٥ – ١٩٣٦ ، م . س ، ص ٣٧٥ ؛ عبدالرحیم رؤوف : اخر تطورات مکافحة الجراد ، مجلة الزراعة العراقیة ، المجلد التاسع ، ج ١ + ٢ ، ١٩٥٤ ، ص ١٦٤– ١٦٦.

[٢] – علي خلیل احمد البیاتي : الاوضاع الاقتصادیة في العراق ١٩٣٢ – ١٩٣٩ ، رسالة ماجستیر غیر منشورة ،کلیة الاداب ، جامعة بغداد ، ١٩٩٠ ، ص ٢٩.

[٣] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژیاننامەی بروانە : جمال بابان : اعلام کرد العراق ، م . س ، ص ٢٩٤ .

[٤] – نبیل عکید محمود المظفري : دور نواب کرکوك مجلس النواب العراقي خلال العهد الملکي ١٩٢٥ – ١٩٥٨ دراسة تاریخیة لدورهم الوطني ، رسالة ماجستیر غیر منشورة في التاریخ الحدیث ، کلیة الاداب ، جامعة الموصل ، ٢٠٠٠ ، ص٧٨.

[٥] – غصون مزهر حسین المحمداوي : التطورات الاقتصادیة والاجتماعیة في العراق للفترة ١٩٥٨ – ١٩٦٨ ، اطروحة دکتوراه غیر منشورة ، کلیة التربیة للبنات ، قسم التاریخ ، جامعة بغداد ، ٢٠٠٥ ، ص ٥٢.

[٦] – شاکر خەسباك : کورد و مەسەلەی کورد ، س . پ ، ل ٥٢.

لەسەردەمی دەسەلآتی ئینگلیزەکاندا لەعێراق دەسەلآتی سەرۆك هۆزەکان جێگیرکراوە ولەلایان ئەفسەرە سیاسیەکانی ئینگلیزەوە بایەخێکی زۆر بەخێڵ دراوە ، وبناغەی پەیوەندیەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش سەرچاوەی گرتووە کەخۆی لەسەپاندنی باج ودەسەلآتی کارگێری ئینگلیز لەڕێگەی سەرۆك هۆزەکانەوە دەبینیەوە[١].

بەرامبەر بەجێبەجێکردنی سیاسەتی ئینگلیز ئەوانیش پاڵپشتی سەرۆك هۆزەکانیان کردووە بەتایبەتی لە کاروباری زەوی وباجەکاندا ، بۆیە دەسەلآتدارانی ئینگلیز لە ( ٢٧/ تەمووزی / ١٩١٨ ) دا چەندیاسایەکی تایبەتیان دەرکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خێڵەکان ودواتریش ئەو یاسایانە لەدەستوری ساڵی ( ١٩٢٥ ) ی عێراقدا چەسپێنرا و بەپێی ماددەکانی ( ١١٣ و ١١٤ ) ناوچەی خێڵ وگوند نشینان یاسای تایبەت بەخۆیان هەبێت بۆیە دوویاسا هەبو یەکێکیان تایبەت بەشار وئەوەی تر تایبەت بەگوندنشین.

دواتریش لەسەردەمی پاشایەتی دەسەلآتی سەرۆك هۆزەکان بەهێزتر بوو و زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکانی عێراق لەسەرۆك هۆز وئاغا ودەرەبەگەکان بوون [٢].

یاسای ژمارە (٥٠ ) ی ساڵی ( ١٩٣٢ ) تایبەت بوو بە ڕێکخستنەوەی زەوی وزار ، کەئەم یاسایە باشترین پاڵ پشت بوو بۆزیاد بوونی دەسەلآتی دەرەبەگ و بەپێی بەندەکانی یاساکە رووبەری زەویەکانی ژێردەسەلآتیان زیادی کرد[٣] ، هەروەها یاسای ژمارە( ٢٨ ) ی ساڵی ( ١٩٣٣ ) ، کە بەیاسای ماف وئەرکەکانی جوتیار ناسراوە (حقوق وواجبات الزراع ) ڕێگربوو لەکۆچکردنی جوتیار لەزەوی کشتوکاڵی تا ئەو قەرزانەی لەسەریەتی نەیگەڕێنێتەوە بۆ خاوەن زەویەکە [٤] لەئەنجامدا لە ساڵی ( ١٩٥٣ ) تەنها (٢٧٢) کەس دەستیان بەسەر ( ٦) ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی گرتبوو ، لەوانە بنەماڵەی پاشایەتی عێراق کەخاوەنی (١٧٧,٥٩٦ ) هەزار دۆنم بوون لەباشترین زەویە کشتوکاڵیەکانی عێراق ، بەلأم نزیکەی ( ٣ ) ملیۆن جوتیار تەنها خاوەن ( ١٢٥ ) هەزار هکتار زەوی بوون واتا (٣٪ ) ی زەوی کشتوکاڵی عێراق[٥].

---

[١] – مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨ ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل ٢٥ – ٢٦.

[٢] – ا ٠ م ٠ مینتیشاشڤیلی : کورد کورتەی پێوەندی کۆمەلآیەتی – ئابوری ، رۆشنبیری و گوزەران ، س پ ، ل ٢٤٨.

[٣] – عماد عبد اللطیف سالم : الدولة والقطاع الخاص في العراق الادوار والوظائف السیاسات ، م ٠ س ، ص ص ١٠٥ ، ١٠٦ ، ١١١.

[٤] – غصون مزهر حسین المحمداوي : التطورات الاقتصادیة والاجتماعیة في العراق للفترة ١٩٥٨ – ١٩٦٨ ، م ٠ س ، ص ٥٦.

[٥] – كاوس قفطان : الحركة القومیة التحرریة الكردیة في كردستان العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٤ ، ط ١ ، سلیمانیة ، ٢٠٠٤ ، ص ٣٠.

شایەنی باسە لەناو ئەو موڵکدارانە بەگەکانی جاف خاوەنی زیاتر لەنیو ملیۆن دۆنم زەوی بوون ، هەروەها سەرۆکی کاکەیی یەکان لەپلەی هەشتەم وتاڵەبانیەکان لەپلەی دەیەم وسەیدئەحمەدی خانەقا ( ١٨٦٨ – ١٩٥٢ ) [١] بەپلەی سی و حەوتە هەمین خاوەن زەوی وزار دەهاتن [٢] .

بۆیە دەتوانین ڕووبەری ئەو زەویانە بکەینە( ٤ ) جۆر کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

١– ڕووبەری زەوی لە ( ١ – ١٠٠ ) مشارە        ژمارەی خاوەن زەوی   ٩٢,٠٢٤

٢– ڕووبەری زەوی لە ( ١٠٠ – ١٠٠٠ ) مشارە        ژمارەی خاوەن زەوی   ٢٩,٤٠٢

٣– ڕووبەری زەوی لە ( ١٠٠٠ – ١٠٠٠٠ ) مشارە        ژمارەی خاوەن زەوی   ٣,٣٤٧

٤– ڕووبەری زەوی لە ( ١٠٠٠٠ ) مشارە زیاتر        ژمارەی خاوەن زەوی   ٢٧٢

واتە لێرەدا ئەو ڕاستی یەی سەرەوەمان بۆ دیاری دەکات کە تەنها ( ٢٧٢ ) کەس دەستیان بەسەر ( ٦) ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵیدا گرتبوو[٣].

زۆربەی دەرەبەگەکان گوندەکانیان بەجێ هێشت وڕوویان کردە شارەکان بۆژیان بەسەربردن ، کە لەبنەڕەتدا هەندێك لە خاوەن موڵکەکانی کەرکوك هەر لەشار نیشتەجێ بوون ، بۆیە پێویستیان بەکەسانێك بوو کاروباری زەویە کشتوکاڵیەکانیان بەڕێوەببات لێرەوە ( سەرکار ) دەرکەوت [٤] ئەوان زەویەکانیان بەکرێ دەدا و چاودێری جوتیاریان دەکرد و بەرامبەر بەکارەکانی بەروبوومی کشتوکاڵی لەجوتیار وخاوەن زەوی وەردەگرت ، بەڵام لەجوتیاری زیاتروەردەگرت و هەندێك جار ڕووبەرێك زەوی پێ دەدرا وئەرکی کشتوکاڵی ئەو زەویەش ئەکەوتە سەرجوتیار کەدەبو بەبێ بەرامبەر ئەوکارەبکات [٥] کۆمەڵێك ئەرکی خێڵەکی بەسەر جوتیارەوە بوو ، لەوانە دەبوا جەژنانە وخەلاّت لەبۆنەکاندا پێشکەش بەئاغا بکات وەك : ( لەدایك بوونی منداڵی ئاغا و ژن هێنان بۆ کوڕ وبرای ئاغا ) ، هەروەها لەکاتی ناخۆشی و مردنی کەسوکاری ئاغا سەرەخۆشی و هاوکاری بدات[٦].

---

[١]– بنەماڵەی خانەقا یەکێکە لە بنەماڵە ناودارەکانی شاری کەرکوك بۆ زنیاری زیاتر بڕوانە : میر بەسری : ناودارانی کورد ، و: عەبدوالخالق عەلائەدین ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، ل ١٢٥ ؛ برهان عبدالرحمن الجاف : اسرة الخانقاه في التاريخ ، گۆڤاری کەرکوك ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی حەوتەم ، بەهاری ٢٠٠٦ ، ل ل ٢٥٥ – ٢٦٠.

[٢] – عەلی مەحمود محەمەد : کەرکوك شاری قەلاّ و ئاگر وخوێن ، س ٠ پ ، ل ٥٩.

[٣] – طلعت الشيباني : واقع الملكية الزراعية في العراق ، من منشورات دار الاهالي ، بغداد ، ١٩٥٨ ، ص ١٢.

[٤] – رشيد شلبي واخرون : احوال العراق الاجتماعية والاقتصادية ، م ٠ س ، ص ٤٢.

[٥] – محمد توفيق حسين : نهاية الاقطاع في العراق ، م ٠ س ، ص ٢٦– ٢٧.

[٦] – أ٠ شاميلوف: حول مسالة الاقطاع بين الكرد ، ت: كمال مظهر احمد، ط ٢، مطبعة الحوادث، بغداد ، ١٩٨٤ ، ص ٩٨ – ٩٩.

پەیوەندیەکانی نێوان دەرەبەگ وجوتیار لەسەر بنەما وکۆمەلێك نەریتی خێڵەکی دامەزرابوو ، کە دەرباز بوون لەو نەریتە خێڵەکی یە کۆمەلأیەتیانە کارێکی ئەستەم بووە ، چونکە بەتەواوی یاساکانی سەردەمی عوسمانی و ئینگلیز ودواتریش پاشایەتی نەتوانرا چاکسازی لەیاسای زەویدا بکرێت [١].

سەبارەت بەم بابەتە (سیسیل جۆ،ئیدمۆندز ) دەڵێت: لەناوهەموو هۆزێکدا لەکوردستان خێزانێك هەیەحوکمڕانی ئەوهۆزەدەکات وهەموو ئەندامەکانی ئەو خێزاتە بە ( ئاغا ) ناسراون کەلەسەر ماندوبوونی جوتیار دەژێن [٢]، هەروەها بەروبوومی کشتوکاڵی نیوەی بەرجوتیار دەکەوت بەلأم ئەگەر باج وسوخرەکێشی هەژمار بکەیت ئەوا ( ٤/١ ) ی چارەگێ بەرهەمی بۆنامایەوە [٣].

ئینگلیزەکان لەسەردەمی دەسەلأتیاندا لەعێراق سیاسەتی خەملاندنی بەروبومیان بەکاردەهێنا بۆ وەرگرتنی باجی کشتوکاڵی بۆنموونە لە کەرکوك ( ٣٦،٢٠٪ ) ی خەملاندبوو وەك باج لەسەر بەرهەمی کشتوکاڵی [٤] ، بێگومان ئەمەش زیانی بەجوتیار دەگەیاند ئەگەربەرهەمەکەی کەم بوایە ، کە جوتیاران (٨٠٪ ) ی دانیشتوانی عێراقیان پێك دەهێنا ولەلایەن ئینگلیزو فەرمانڕەواکانی عێراق و دەرەبەگەکانەوە دەچەوسێنرانەوە[٥].

بەپێی خەملأندنی ساڵی ( ١٩٣٠ ) ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك ( ١٦٠،٠٠٠ ) هەزار کەس بووە ، لەوانە ( ١٤١،٠٠٠ ) هەزار کەسیان دانیشتوی لادێ بوون واتا (٨٧٪ ) ی دانیشتوانی کەرکوك گوندنشین بوون[٦]، هەروەها نزیکەی ( ٢) ملیۆن کەس لەهەموو عێراق ئەو کاتە پشتیان بەچالاکی کشتوکاڵ دەبەست وداهاتی ساڵأنەیان زۆر نزم بوو و لەڕوی خواردن و جل وبەرگ و خوێندن و نەخۆشخانەوە زۆر دواکەوتوبوون [٧] ، بۆیە کۆچکردنی دانیشتوانی لادێی عێراق بەرەو شار لەساڵأنی (١٩٣٠ ) وە دەبێتە دیاردەیەك و لەنێوان ساڵأنی

---

١- W . R. Hay, Tow year In Kurdistan Sidgwick and Jackson LTD, ( London 1921 ) , P.65. وەرگیراوە لە : عماد احمد الجواهري : تاريخ مشكلة الاراضي في العراق ، م ٠ س ، ص ١١٥.

٢– أدمونز ، سي ، جي : كرد وترك وعرب سياسة ورحلات وبحوث عن شمال الشرقي من العراق ١٩١٩ م – ١٩٢٥م ، ت : جرجيس فتح الله ، بغداد ، ١٩٧١ ، ص ١٦ – ١٧.

٣ – محمود الجندي : المشكلة الزراعية في العراق ، منشورات دار البصري ، بغداد ، ١٩٥٠ ، ص ١٠.

٤ – عماد الجواهري : الاوضاع الاقتصادية في العراق في عهد الاحتلال البريطاني ، في كتاب مجموعة باحثين : المفصل في تاريخ العراق المعاصر ، ط١ ، بيت الحكمة للنشر ، بغداد ، ٢٠٠٢ ، ص ٥٨٨.

٥ – عبدالرحمن قاسملو: کوردستان وکورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابوری ، و: عبدالله حسن زاده ، چ ١، لندن ، ١٩٧٠، ل ١٠٥.

٦– سعيد حماده : النظام الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، ص ٢.

٧ – محمود الجندي : م ٠ ن ، ص ٩.

( ١٩٤٧ ـ ١٩٥٧ ) نزیکەی ( ٣٥,٠٠٠ ) هەزار کەس لە کەرکوك لەلادێیوە هاتنە شار[1] ، ئەمە جگە لەوەی لەهەمان ماوەدا نزیکە (٣٩,٠٠٠ ) هەزار کەس لەشارەکانی ترەوە کۆچان کردووە بۆ کەرکوك بەمەبەستی کارکردن[٢] .

سەرەرای بەردەوامی کۆچکردن هێشتا ژمارەی کرێکاری کشتوکاڵی بەپلەی یەکەم دەهات لەعێراق ، ساڵی (١٩٥٦ ) ژمارەی کرێکار نزیکەی ( ٢ ) ملیۆن بو لەوژمارەیە ( ١,٦١٠,٠٠٠ ) کرێکاری کشتوکاڵی بوون و ( ١٣٩,٠٠٠ ) کرێکاری پیشەسازی بوون و ( ٩٨,٠٠٠ ) لەکەرتی بازرگانی کاریان کردوە و ( ٥٦,٠٠٠ ) لە کەرتی گواستنەوە و ( ٤٢,٠٠٠ ) لەکەرتی خزمەتگوزاری بوون ، بۆیە رێژەی جوتیار دەکاتە (٨٠٪ ) ی کۆی دەستی هێزی کار لەعێراق [٣] .

**سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەی زەوی وزار حکومەتی عێراق چەندین یاسای دەرکرد، لەوانە:**

١- یاسای ساڵی ( ١٩٢٦ ) کە بەناوی هاندانی جوتیار بۆ بەکارهێنانی ترۆمپای ئاو ( قانون تشويق الزراع لاستعمال المضخات ) ئەم یاسایە جوتیاری دەبەخشی لەباج بۆ ماوەی (٤ ) چوار وەرزی کشتوکاڵی ئەگەر ترۆمپای ئاو ( ماتۆر ) بەکاربهێنێت بۆکشتوکاڵ [٤] .
٢- یاسای ژمارە (٥٠) ی ( ١٩٣٢ ) ناسراو بەیاسای بەلاداخستنی مافەکانی زەوییەکان ( تسوية حقوق الاراضي )[٥] .
٣- یاسای ژمارە ( ٥١ ) ی ( ١٩٣٢ ) بەیاسای دەست بەسەراگرتن (اللزمة ) ناسراوە و هەر کەسێك بۆ ( ١٥ ) ساڵ سوودی وەرگرتبێت لەزەویەکی حکومی مافی خاوەندارێتی پێ دەدرێت [٦] .
٤- یاسای ژمارە (٢٨) ی ( ١٩٣٣ ) کەناسراوە بەیاسای ماف وئەرکەکانی جوتیار (حقوق وواجبات الزراع ) ئەم یاسایە جوتیاری ناچارکرد زەویە کشتوکاڵیەکە بەجێ نەهێڵێت تاقەرزی خاوەن زەوی دەداتەوە[٧] .

---

[١] – ا ٠ م ٠ مینتیشاشڤیلی : کورد کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی – ئابوری ، رۆشنبیری و گوزەران ، س ٠ پ ، ل ٢٤٨.
[٢] – جبار قادر: السياسات الحكومية بحق الكرد في كركوك خلال العهد الملكي ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) ، گۆڤاری کەرکوك ژمارە ( ٢ ) ساڵی چوارەم ، پایزی ٢٠٠٢ ، ل ٢١٢.
[٣] – صادق مهدي السعيد : اقتصاد وتشريع العمل ، ط ٢ ، مطبعة المعارف ، بغداد ، ١٩٦٩ ، ص ١٣٢.
[٤] – سعيد حماده : النظام الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، ص ١١٩.
[٥] – فرمان عبد الرحمن : پاکتاوکردنی رەگەزی کورد لە کوردستانی عێراقدا ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠٠٦،ل ٦٠.
[٦] – الحكومة العراقية : دليل المملكة العراقية لسنة ١٩٣٥ – ١٩٣٦، م ٠ س ، ص ٢٠٧.
[٧] – صادق مهدي السعيد : م ٠ ن ، ص ٥٢.

٥- یاسای ( ٢٩ ) ی ( ١٩٣٨ ) یاسای ڕێکخستنەوەی زەوی ( قانون تسوية حقوق الاراضي) [١]٠

٦- له ( ١٩٤٩ ) دا لیژنەیەك بەناوی لیژنەی ڕاوێژکاری کشتوکاڵ ( المجلس الاستشاري الزراعي ) پێکهێنرا لەناوچەی خێڵە کۆچەریەکان [٢]٠

٧- هەردوو یاسای ( ٤٣ ) و ( ٤٤ ) ی ( ١٩٥٠ ) کە دەستکاری یاسای دەست بەسەراگرتن (اللزمة ) کراوە[٣]٠

٨- له (١٩٥١ ) دا لیژنەیەك بەناوی نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەریەکان پێکهێنرا [٤]٠

٩- یاسای ( ٤٣ ) ی ( ١٩٥١ ) وەبەرهێنانی زەوی میری (اعمار واستثمار الاراضي الاميرية) بۆ دابەش کردنی زەوی بەسەر جوتیاران کە پرۆژەی حەویجە نمونەی ئەم یاسایەیە [٥]٠

١٠- یاسای ژمارە ( ٥٢ ) ی ( ١٩٥٢ ) کەناسراوە بە وەبەرهێنانی زەوی وزاری میری تەواو ( اعمار واستثمار الاراضي الاميرية الصرفة )٠

١١-یاسای ژمارە ( ٣٠ ) ی ( ١٩٥٨ ) کە بەیاسای چاکسازی کشتوکاڵ ( قانون الاصلاح الزراعي ) ناسراوە لە ( ٣٠ / ئەیلولی / ١٩٥٨ ڕاگەیەندرا [٦] ومافی خاوەندارێتی زەوی دیاری کرد لەعێراقدا بە ( ١,٠٠٠ ) دۆنم لەزەوی بەراو و (٢,٠٠٠ ) دۆنم لەزەوی دێمی[٧]٠

---

١- طلعت الشيباني : واقع الملكية الزراعية في العراق ، م ٠ س ، ص ٤٤.

٢- خالد سلێمان : کۆلۆنالیزمی ئاو – ڕۆڵی ئاو لە گۆڕانکاری دیموغرافی و تەعریب کردنی کەرکوکدا ، چ ١ ، چاپخانەی پیرەمێرد ، سلێمانی ، ٢٠١٤ ، ل ٦٣.

٣ – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٢٨٨٥ ، الثلاثاء ١٩٥٠/٩/١٩ ، السنة الثامنة والعشرون ، ص ٧.

٤- غفور مخموري : تعريب كوردستان ، ت : عبدالله قركة يى ، ط ١ ، دار ئاراس للطباعة ، اربيل ، ٢٠٠٦ ، ص ٢٦.

٥- الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، الملكية الصغيرة في العراق ، ١٩٥٣ ، ص ص ٣ ، ٩.

٦- طلعت الشيباني : واقع الملكية الزراعية في العراق ، م ٠ ن ، ص ١١٦.

٧- الجمهورية العراقية : وزارة الداخلية ، مديرية الداخلية العامة، الموسوعة الاحصائية عن التقسيمات الادارية والمشاريع المنجزة خلال ٣ سنوات من عمر الثورة ، مطبعة الادارة المحلية ، بغداد ، ١٩٦٢ ، ص ٢٤٥.

## ئەنجامی چەند یاسایەك لەسەر زەوی وزاری كەركوك :

لیژنەی ڕێكخستنەوەی زەوی وزاری كەركوك بەلیژنەی ژمارە( ١ ) دانرا لەسەرئاستی عێراق [١]، سەرەتا سەرۆكی ئەم لیژنەیە ( كاپتن دەبلیو ئی لاین ) ویاریدەدەرانی ( ئەحمەد فایەق ) و ( سامی ئەلدەبونی ) بوون [٢] دواتر لەساڵی ( ١٩٤٢ ) دا ( مەجدی ئەلنائیب ) بوو بەسەرۆكی لیژنەكە و ( عەبدولرەحمان رەشید سامەرائی و محەمەد صدیق ئەلنەقاش ) بوون بەیاریدەدەری سەرۆكی لیژنە[٣].

### كارەكانی ئەم لیژنەیە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- تابەرواری ( ٢٩/ ئازاری/ ١٩٣٦ ) ئەو زەویانەی لەلیوای كەركوك تەسویە كران بەپێی یاسای (٥٠ ) ی (١٩٣٢ ) ( ٨٨٢,٥٨١) هەزار كم٢ بوو.

خشتەی ژمارە (٤ ) [٤] تایبەت بەڕێكخستنەوەی زەوی كەركوك:

| كۆی ڕووبەری زەوی تەسویە كراو بە كم ٢ | ڕێژەی سەدی زەوی موڵك | ڕێژەی سەدی زەوی میری ڕێگەپێدراو بەتاپۆ | ڕێژەی سەدی میری بەخشراو بەلەزمە | ڕێژەی سەدی میری تەواو | ڕێژەی سەدی زەوی بەجێهێلراو (مەتروك) | ڕێژەی سەدی زەوی وەقفكراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨٨٢,٥٨١ | / | ٧٨,١٣٪ | ٥,٦٢٪ | ٩,٣١٪ | ١,٧٧٪ | ٥,١٦٪ |

٢- ئەو زەویە كشتوكاڵیانەی كەركوك كە كاری ڕێكخستنەوەی زەوی وزاریان تەواو كراوە بەم شێوەیە :

- لە (٢٤/ تشرینی دووەمی/١٩٥٥ ) دا كەرتی ژمارە ( ٤٣ ) لەناحیەی قادر كەرەم تەواو كراوە[٥] ، لە ( ٢٨/ تشرینی دووەمی/١٩٥٥ ) دا زەوییەكانی زەنقڕ ودلس وكەمالیە لەناحیەی داقوق تەواو بووە[٦] ،

---

١- الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، ص ٦١.

٢- الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ : موسوعة ادارية اجتماعية اقتصادية تجارية زراعية مصورة مصرح به من وزارة الداخلية بكتابها المرقم ٢٤٩ في ٢٩ نيسان ١٩٣٥ ، محل دنكور للطبع والنشر ، بغداد ، ١٩٣٦ ، ص ٢٩٠.

٣- عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ٢ م ٠ س ، ص ١٨٤ – ١٨٧.

٤- سعيد حماده : النظام الاقتصادي في العراق المصدر السابق ، جداول رقم (٢ – ٣ – ٤ – ٥ – ٦ ) ، ص ص ١٢٤ – ١٤٤.

٥ – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٣٧٣١ ، الخميس ١٩٥٥/١١/٢٤ ، السنة الثالثة والثلاثون ، ص ١.

٦ – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٣٧٣٤ ، الاثنين ١٩٥٥/١١/٢٨ ، السنة الثالثة والثلاثون ، ص ١.

**له ( ١٩/ ئازاری/١٩٥٦ ) دا كەرتی ژمارە ( ٤٧ ) بەناوی عەزیز بەگ لەناحیەی قادر كەرەم تەواو بووە [١]، لە ( ٩/ نیسانی / ١٩٥٦ ) دا كەرتی ژمارە ( ١٣ ) بەناوی عەلی مستەفا لەناحیەی قادر كەرەم و كەرتی ژمارە ( ٣٩ ) بەناوی حاجی بێخانی سەروو لەناحیەی شوان تەواو بووە [٢]، لە( ٦/ حوزەیرانی/١٩٥٧ ) دا كەرتی ژمارە ( ٥٠ ) بەناوی تازە شار لەناحیەی قادر كەرەم تەواو بووە [٣]، لە ١٣/ حوزەیرانی/١٩٥٧ ) دا كەرتی ژمارە ( ٢١ ) بەناوی دلكە لەناحیەی سەنگاو سەر بەقەزای چەمچەماڵ و كەرتی ژمارە ( ٨٦ ) بەناوی شۆڕاو لەناحیەی شێروانەی قەزای كفری تەواو بووە [٤] ، لە ( ٣٠/ ئەیلولی/١٩٥٧ ) دا كەرتی ( ٢٤ ) بەناوی قەلآی میكائیل و كەرتی ( ٢٥ ) بەناوی باخە گردە لەناحیەی قادر كەرەم تەواو بووە [٥]، لە ( ٨/ ئایاری/١٩٥٨ ) دا كەرتی ژمارە ( ١٢١ ) كە بەناوی ( تازەدێ ) لەناحیەی شێروانە سەر بەقەزای كفری تەواو بووە [٦] ، بەپێی یاسای ژمارە ( ٥٢ ) ی ( ١٩٥٢ ) ناسراو بە وەبەرهێنانی زەوی میری ( اعمار واستثمار الاراضي الاميرية الصرفة ) لە زەویەكانی حەویجە ( ١,٠٤٥ ) داواكاری بەرزكراوەتەوە بۆسوود وەرگرتن لەپرۆژەكە لەلایان هۆزەكانی ( ئەلبو شاهر ،ئەلبوهەزاع ،ئەلبوبەتوش ، ئەلبورەیاش ، سادەی نعێم ، ئەلبو مەفرەج ، ئەلبو عەساف ، ئەلبو عەلی ئەلبو حەمزە ، ئەلجەواله ، ئەلتەكارتە )[٧]، حكومەتی عێراق ( ٣٠٠ ) داواكاری قبول كرد وبۆهەر یەكێكیان ( ٧٠) دۆنم زەوی كشتوكاڵی تەرخان كرا [٨].**

**٣- بەپێی یاسای ژمارە ( ٣٠ ) ی ( ١٩٥٨ )كەیاسای چاكسازی كشتوكاڵ ( الاصلاح الزراعی ) یە دەست بەسەر ڕوبەری ( ٣٩٠,٠٠٠) دۆنم گیرا ودابەش كرایەسەر ( ١٧,٠٨٣ ) جوتیاری بێ زەوی[٩].**

---

[١] – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٣٧٨٢ ، الخميس ١٩٥٦/٣/١٩ ، السنة الرابعة والثلاثون ، ص ١- ١٠.

[٢] – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٣٧٨٤ ، الاثنين ١٩٥٦/٤/٩ ، السنة الرابعة والثلاثون ، ص ١.

[٣] – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٣٩٩٨ ، الخميس ١٩٥٧/٦/٦ ، السنة الخامسة والثلاثون ، ص ١.

[٤] – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٤٠٠١ ، الخميس ١٩٥٧/٦/١٣ ، السنة الخامسة والثلاثون ، ص ١.

[٥] – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٤٠٤٦، الاثنين ١٩٥٧/٩/٣٠ ، السنة الخامسة والثلاثون ، ص ١.

[٦] – جريدة الوقائع العراقية : العدد ٤١٣٨ ، الخميس ١٩٥٨/٥/٨ ، السنة السادسة والثلاثون ، ص ١.

[٧] – الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، الملكية الصغيرة في العراق ،م ٠ س ، ص ٤١.

[٨] – الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٧، م ٠ س ، جدول رقم ٢٩٧ ، ص ٣٤٢.

[٩] – الجمهورية العراقية : منجزات لواء كركوك لسنة ١٩٦٣ – ١٩٦٤ – ١٩٦٥، بغداد ، ١٩٦٥ ، ص ١٤٨.

## ب– بەکارهێنانی کەرەستەی کۆنی کشتوکاڵی وکەمی کەرەستەی نوێ:

کەرەستەی کۆن ( گاسن ، داس ، جەنجەر) لەکشتوکاڵ کردندا هۆکارێکە بۆفیڕۆدانی کات وتواناکانی جوتیار ، هەروەها کەمی ئاژەڵی جوتکردن ، لەهەمان کاتدا نەبوونی شارەزایی پێویست لەکشتواڵی بەشێوەیەکی زانستی و بەفیڕۆدانی ئاو دیسانەوە کەمی بەرهەمی لێ دەکەوێتەوە[1].

ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان بەرهەمی جوتیارێك کەرەستەی کۆن بەکاربهێنێت لەگەڵ کەرەستەی نوێ ئەوا بەرهەمەکەی دەگاتە تەنها( ٥٪ بۆ ١٠٪ ) ی کەرەستەی نوێ [٢] ، بەرهەمی ڕۆژانەی داس لەدروێنەی جۆ تەنها( ٤/٣ ) ی دۆنمێکە وبەرهەمی گەنمیش بۆ ڕۆژێك تەنها (١) یەك دۆنمە ، بەڵام ئامێری ( کۆمباین Combin ) بەرهەمی ڕۆژێکی لەنێوان ( ١٦ – ٢٠ ) دۆنمە [٣] ، هۆکاری بەکارنەهێنانی ئامێری نوێ کشتوکاڵی زیاتردەگەڕێتەوە بۆخاوەن زەویەکان ، چونکە تێچووی کرێ ی کار بۆئەوان هەرزانتر بوو[٤].

بەکارهێنانی ئامێری نوێ وکێشەی چاککردنەوە ونەبوونی پارچەی یەدەگ و گرانی نرخیان هۆکارێك بوو بۆئەوەی جوتیار خۆی لێ بەدور بگرێت بۆیەحکومەتی عێراق فەرمانگەیەکی دامەزراند بۆڕێکخستنی هاوردەکردنی ئەوئامێرانە ودابەشکردنی بەسەرجوتیاراندا[٥].

لەڕاستیدا سیاسەتی دابەشکردنی ئامێرەکان دادپەروەری تێدا نەبوو ، هەر بۆنموونە: لەساڵی ( ١٩٤٧ ) دا لە کەرکوك تەنها ( ١ ) یەك ساحبە و ( ١ ) یەك کۆمباین هەبووە بەرامبەر بە (٣١٠ ) ئامێری کشتوکاڵی لەهەموو عێراق [٦] ، لەساڵی ( ١٩٥٠ ) دا تەنها ( ١٢ ) ساحبە و (١٠ ) کۆمباین تەرخان کرابوو بۆ کەرکوك [٧] و لەساڵی ( ١٩٥٤ ) دا لەکۆی ( ٤٠٥ ) ساحبە و ( ٢٢٣ ) کۆمباین بەشی کەرکوك تەنها ( ٣١ ) ساحبە و (٧٨ ) کۆمباین بووە ، لە ساڵی ( ١٩٥٥ ) دا لەکۆی (١٨٦ ) ساحبەو (١٤٥ ) کۆمباین بەشی کەرکوك تەنها ( ٧ )

---

[١] – شاکر خەسباك : کورد و مەسەلەی کورد ، س. پ ، ل ٥١.

[٢] – شاكر خصباك : العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية ، م . س ، ص ٣٤٤.

[٣] – محمد جواد العبوسي : محاضرات في مشكلات لتقدم الاقتصادي في العراق ، م . س ، ص ٤٦.

[٤] – نصير سعيد الكاظمي : مساهمة في كتابة تاريخ الحركة العمالية في العراق حتى عام ١٩٥٨، م . س ، ص ٥٠.

[٥] – مذكرات احمد مختار بابان ، ط ٢ ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، ٢٠١٣ ، ص ١٨.

[٦] – دلشاد محمود عبدالرحمن : کەرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی وڕۆشنبیری ( ١٩٣٢ ـ ١٩٥٨ ) ، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە ، زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی ئەدەبیات ، ٢٠٠٦ ، ل ٤٩.

[٧] – نجات كوثر اوغلو : من حوادث كركوك ١٧٠٠ – ١٩٥٨ م ، م . س ، ص ١٩١.

ساحبه و (٥ ) كۆمباین بووه [١] ، هەروەها لە ساڵی ( ١٩٥٨ ) دا لە کەرکوك ( ١٧,٣٣٠ ) کێڵگەی کشتوکاڵی هەبووە ، بەڵام تەنها لە (٤٦٤ ) کێڵگەدا ئامێری کشتوکاڵی بەکارهێنراوە[٢]٠

لەلایەکی دیکەوە ، لەسیستەمی بەیاردا سەر لەنوێ کێشە و گرفت هەبوو ، لێرەداجوتیارەکان زەویەکانیان دەکرد بەدوو بەشەوە: بەشی هەرەزۆری بەبەرهەمی کشتوکاڵی دەچێنرێ وبەشەکەی دیکەشی بە چۆڵی بەجێ دەهێڵن بۆئەوەی بەپیت تر بێتەوە بۆساڵی داهاتوو[٣] ، بەڵام بەجێ هێشتنی زەوی زۆرجار وادەکات توشی کێشەی زۆربوونی ڕێژەی سوێری ( خوێ ) ببێتەوە [٤]٠

هەروەها کێشە لەبە کارهێنانی پەینی کیمیاویدا هەبووە ، چونکە بەکارهێنانی پەین زۆر کەم بووە و زۆربەی جوتیاران نەخوێندەوار بوون وبەکارهێنانی پەینیان بەشتێکی لاوەکی وخەرجیەکی زیاد دادەنا [٥] ، ئەمە جگە لەوەی کەزۆربەیان توانای ئەوەیان نەبووە خەرجی ئەو پەینانە دابین بکەن ، وێرای ئەوەی ژمارەی ئاژەڵەکانیان زۆرکەم بووە ونەیانتوانیوە سوود لەپاشەڕۆکانیان وەربگرن وبەکاری بهێنن وەك پەین [٦]٠

ئەو نایەکسانیە لە خشتەی ژمارە ( ٥ ) دا بەڕوونی دەردەکەوێت ، بۆنمونە: لەساڵی ( ١٩٥٠ ) دا ڕێژەی ئامێری کشتوکاڵی دابەشکراو لە کەرکوك بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق دەگەیشتە ( ٦,٩٤٪ ) ، ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە لە ساڵی ( ١٩٥٣ ) دا بۆ ( ٩,٦٥٪ ) ، دواتر لەساڵەکانی ( ١٩٥٤ ـ ١٩٥٥ ـ ١٩٥٦ ـ ١٩٥٧ ) ئەو ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ ( ٤,٩٤٪ ـ ٨,٨٠٪ ـ ٤,١١٪ ـ ٥,٩٠٪ ) بەمەش ئەو نایەکسانیە بەڕوونی دەردەکەوێت.

---

١ – کاوس قفطان : الحرکة القومیة التحرریة الکردیة في کردستان العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٤ ، م ٠ س ، ص ٣٦.

٢ – الجمهوریة العراقیة : وزارة التخطیط ، دائرة الاحصاء المرکزیة ، نتائج الاحصاء الزراعي والحیواني في العراق لسنة ١٩٥٨– ١٩٥٩ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٩ ، ص ١٥٠.

٣ – دەربارەی سیستەمی بەیار بڕوانە : خلیل ابراهیم قدو : الدورة الزراعیة ، مجلة الزراعة العرقیة ، المجلد الاول ، ج ٢ ، ١٩٤٦ ، ص ١٤ ، ص ١٤.

٤ – سعید عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، ط ١ ، مطبعة دار البصري ، بغداد ، ١٩٦٩ ، ص ٩.

٥ – عەبدوڵلا غەفور : جوگرافیای کوردستان ، س ٠ پ ، ل ٣٤٢.

٦ – شاکر خصباك : العراق الشمالي دراسة لنواحیه الطبیعیة والبشریة ، م ٠ س ، ص ٣٥٠.

**خشتەی ژمارە ( ٥) [1] بەراورد کردنی ئامێری کشتوکاڵی دابەشکراو لەکەرکوك و هەموو عێراق لەنێوان ساڵانی ( ١٩٤٦ – ١٩٥٨ ):**

| ساڵ | ژمارەی ئامێری کشتوکاڵی دابەشکراو لە کەرکوك | ژمارەی ئامێری کشتوکاڵی دابەشکراو لەهەموو عێراق | ڕێژەی سەدی کەرکوك بەراورد بەعێراق |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٦ | ٣٢ | ٢٤٧ | ٪١٢,٩٥ |
| ١٩٤٧ | ٢ | ٢٣١ | ٪٠,٨٦ |
| ١٩٤٨ | ٤ | ٣٢٢ | ٪١,٢٤ |
| ١٩٤٩ | ٣ | ٣٧٠ | ٪٠,٨١ |
| ١٩٥٠ | ٣٥ | ٥٠٤ | ٪٦,٩٤ |
| ١٩٥١ | ٢٣ | ٣٧٦ | ٪٦,١١ |
| ١٩٥٢ | ٢٤ | ٤٦٢ | ٪٥,١٩ |
| ١٩٥٣ | ١١٩ | ١,٢٣٣ | ٪٩,٦٥ |
| ١٩٥٤ | ٣٧ | ٧٤٨ | ٪٤,٩٤ |
| ١٩٥٥ | ٦١ | ٦٩٣ | ٪٨,٨٠ |
| ١٩٥٦ | ٤٨ | ١,١٦٦ | ٪٤,١١ |
| ١٩٥٧ | ٦٤ | ١,٠٨٤ | ٪٥,٩٠ |
| ١٩٥٨ | ٣٢٤ | ٢,٤٠٤ | ٪١٣,٤٧ |

---

[1] – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٤٩ ، م ٠ س ، الجداول رقم ١٤٩ أ ، ١٤٩ ب ، ١٤٩ جـ ، ص ١٤١ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٠ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٥٦ جـ ، ص ١٥٢ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٦٦ ب ، صـ ١٧٤ ، جدول رقم ١٦٦جـ ، ص ١٧٥ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٢، م ٠ س ، جدول رقم ١٨٤ ، ص ١٠٩ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٣٩ ،ص ١٠٢ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٤ ،م ٠ س ، جدول رقم ١١٩ ، ص٩٠ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٥ ، م ٠ س ، جدول رقم ٩٥ ، ص ٨٩ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٦ ،م ٠ س ، جدول رقم ١٢١ ، ص ١٠٦ ؛ الجمهوریة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ٩٢ ، ص ٧٤ ؛ سناء عبدالله العمري:انتاج واستهلاك الحنطةفي العراق ١٩٥٠ – ١٩٨٠ ، م ٠ س ، ص ٣١٤.

## تەوەری دووەم : سامانی ئاژەڵ وکاریگەری لەسەر ئابوری کەرکوك

### باسی یەکەم : پۆلێنکردنی سامانی ئاژەڵ لەکەرکوك:

لەباسی یەکەمدا ئاماژەی پێدرا ، کە کەرکوك یەکێکە لەناوچە کشتوکاڵییە گرنگەکانی عێراق ، ئەویش بەهۆی کەش و هەوا و بەپیتی خاکەکەی و لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری دانیشتوانی سەرقاڵی چالاکی کشتوکاڵین ، لەهەمان کاتدا ئاژەڵداریش وەك بەشێك لەچالاکیە کشتوکاڵیەکان ، دانیشتوانی کەرکوك بایەخیان بەم بەشەی ئاژەڵداریش داوە[1].

لەرووی بایەخی ئابووریەوە سامانی ئاژەڵ بەپلەی سێیەم دێت لەدوای نەوت وبەرووبومی کشتوکاڵی ، بەرهەمەکانی ئاژەڵداریش لەبوارەکانی پیشەسازی وبازرگانی ودابینکردنی پێداویستی بازاری ناوخۆی کەرکوك گرنگی خۆی هەیە و لەگەڵ کشتوکاڵ پێش دۆزینەوە و وەبەرهێنانی نەوت سەرچاوەی ئابوری کەرکوکیان پێك هێناوە ، لێرەدا ئاماژە بەبەشەکانی ئاژەڵداری دەکەین :

١- مەڕ : یەکێکە لەئاژەڵە شیردەرەکان وسوود لەشیرەکەی وەردەگیرێت بۆکەرە وپەنیر وماست دروست کردن ، هەروەها لەخوریەکەی جلوبەرگ و فەرش و جاجم ودووگرد دروست دەکرێت و پێستەکەی لەبواری پیشەسازی بەکاردێت وساڵی جارێك خوریەکەی دەبردرێتەوە وخوریەکەی دەفرۆشترا بەبازاری ناوخۆی کەرکوك وزیادەکەی دەنێردرا بۆ دەرەوەی کەرکوك ودواتریش بۆ دەرەوەی عێراق ، لەساڵی (١٩٣٠ ) دا خوری گرنگترین هەناردەکانی عێراق بووە بەتایبەتی ئینگلیزەکان ڕاستەوخۆ بازرگانی خوری عێراق وکوردستانیان بەڕێوەدەبرد وسوودیان لێ وەردەگرد لەپیشەسازی جل وبەرگدا [2] ، هەروەها بۆ سوود وەرگرتن لەگۆشتەکەی زیاتر بەرخی نێر سەردەبڕا و بەرخی مێ دەمایەوە بۆ زۆربوون [3].

سێ جۆر مەڕ هەیە لەعێراق و کوردستان کەبریتین لە :

أ- مەڕی کوردستان : لەناوچە شاخاوی ونیمچە شاخاویەکان دەژێن وڕەنگی بەزۆری سپی یە و خوریەکەی درێژە و بەرهەمی ساڵانەی خوریەکە لەنێوان ( ٢ - ٣ ) کیلۆ گرامە بۆ هەر مەڕێك ،

---

[1] - عبدالمجید فهمي حسن : دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة ، ج٢ ، م٠ س ، ص ١٨.

[2] - متي عقراوي : العراق الحدیث تحلیل لاحوال العراق ومشاکله السیاسیة ... ،م ٠ س ، ص ١٠٠.

[3] - عەبدولاّ عەبدول کەریم مارف بەرزنجی : کارکۆك لە مێژوودا ، س ٠ پ ، ل ٨٣.

ونرخی خوریەکەی بەرزتر وباشترە وەك لەجۆرەکانی تر ، کێشی لەنێوان ( ٣٥ – ٤٥ ) کیلۆ گرامە[١].

ب– **مەڕی عەواسی** : ئەم جۆرەیان لەباکور ( موسڵ ) و ناوەڕاست و ڕۆژئاوای عێراق دەژێن و زیاتر بەرگەی کەمی لەوەرگە وبڕینی ڕێگەدوور ودرێژەکان دەگرێت وخوریەکەی کورتە وکێشی خوریەکەی لەنێوان ( ١,٥ – ٢,٥ ) کیلۆ گرامە ، وکێشی ئەم جۆرە مەڕانە لەنێوان (٣٠ – ٤٠ ) کیلۆ گرامە[٢].

ج– **مەڕی عەرەبستان** : لەباشووری عێراق دەژێن وخوریەکەی زۆرنەرم ورەنگاورەنگە وکێشی خوریەکەی نزیکەی ( ١,٥ ) کیلۆگرامە و زیاتر بەرگەی کەمی لەوەرگە وپلەکانی گەرما دەگرێت وکێشی لەدوو جۆرەکەی دیکەکەمترە[٣].

لە کەرکوك جۆری مەڕی کوردستانی زۆرە وبەباشترین جۆردادەنرێت لەڕووی هێز و بەرهەمی خوری وگۆشتەوە [٤] ، بۆیە لەبازارەکانی کەرکوك زیاتر کڕین وفرۆشتن بەو جۆرە دەکرێت ، بەهۆی باشی خوریەکەیەوە بۆبازاڕەکانی ئەمریکا هەناردەدەکرێت[٥].

٢– **بزن** : ئاژەڵێکی شیردەرە و لەسەرانسەری عێراق دەژێن ، بەڵام زیاتر لەناوچەی شاخاوی ونیمچە شاخاوییەکاندا ، دەتوانێ بچێتەسەر چیا وتاشەبەردەکان و هەروەها لەسەر گژوگیای کورت بلەوەڕێ [٦]، بزنی کوردستان وعێراق پۆلێن دەکرێن بۆچەند جۆرێك کەبریتیە لە:

أ– **بزنی مەرغەزی** : ئەم جۆرە لەناوچەی شاخاوی ونیمچە شاخاویەکان دەژێن ورەنگی سپی مەیلە و خەنەیی تێکەڵاوە و مووەکەی نەرمە وساڵانە ( ١,٥ ) کیلۆگرام موو دەدات[٧] و مووەکەی لەگەڵ مەڕ دەبڕدرێتەوە و دەکرێت بە رایەخ و تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ خوری و سوودی لێ وەردەگیرێت بۆدروست کردنی بەڕە وجاجم وبەڕماڵ [٨].

---

١ – جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، جامعة الدول العربية ، معهد الدراسات العربية العالية ، ط ٢،مطبعة لجنة البيان العربي ، مصر ، ١٩٦١ ، ص ٢٠٣.

٢ – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥١ ، م ٠ س ، ص ١٧٧.

٣ – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٥ ، م٠ س ، ص ٩٨.

٤ – ناظم سرسم : الاغنام العراقية ، مجلة الزراعة العراقية ، ج ١ ، المجلد الاول ، ١٩٤٦ ، مجلة زراعية ارشادية ، الحكومة العراقية ، وزارة لاقتصاد، مديرية الزراعة العامة ، ص٤٤ – ٤٦ ؛ عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ ... ، ج٢ ، م٠ س ، ص ١٨.

٥ – وديع جبرائيل : الصوف العراقي ، مجلة الزراعة العراقية ، المجلد العاشر ، ج ٤ ، ١٩٥٥ ، ص ٥٢٥.

٦ – جاسم محمد الخلف : م ٠ ن ، ص٢٧٤.

٧ – عەبدوڵلا غەفور : جوگرافیای کوردستان ، س ٠ پ ، ل ٣٥٠.

٨ – عەبدولاَ عەبدول کەریم مارف بەرزنجی: کارکۆك لە مێژوودا ، س ٠ پ ، ل ٨٥.

ب- **بزنی ئاسایی** : ئەم جۆرەیان لەناوچە دەشتاییەکان دەژێن ورەنگی سوور وسپی یە سالآنە نزیکەی (١ ) کیلۆگرام موو دەدات وگۆشتی ئەم جۆرە زۆرچەورە٠

ج- **بزنی مەرەز** : ئەم جۆرەیان جوانترین جۆری بزنە وموەکەی زۆرنەرم ودرێژە کە دەگاتە نزیکەی (٢٠ ) سانتیمەتر٠

د- **بزنی دوورە** : ئەم جۆرە بزنە لەبەرهەمی زاووزێی بزنی جۆرەکانی ئاسایی و مەرەز پەیدابووە ولەشی گەورەیە وشیری زۆرە٠

شایەنی باسە بەزۆری جۆری بزنی ( مەرغەزی وئاسایی ) لە کەرکوك هەن وجۆری مەرەز کەمترە بەهۆی گرانی نرخیەوە[1]٠

٣- **مانگا** : سەرچاوەیەکی ئابوری گرنگە و رێژەیەکی باشی شیر و گۆشت هەیە وسوود لەپێستەکەی وەردەگیرێت بۆ دروست کردنی پێلاو و مەشکە [2] ، لەزۆربەی ناوچەکانی کەرکوك بەخێودەکرێت و شیرەکەی جگە لەماست دەکرێت بەدۆ و رۆن٠

**چەندجۆرێك مانگا هەن لەکوردستان وعێراق دەژین کەبریتین لە :**

أ- **مانگای کوردستان** : ئەم جۆرەیان بلاو ترین جۆرە لەکەرکوك و کوردستان دەژێن ورەنگی هەمە چەشنە ، بەلآم رەنگی رەشیان لەهەموو رەنگەکانی ترزیاترە و کێشیان لەنێوان ( ٣٥٠ - ٤٠٠ ) کلیۆگرام دەبێت ورۆژانە نزیکەی ( ٤ ) کیلۆگرام بەرهەمی شیریان هەیە٠

ب- **جۆری ئاسیەوی** : ئەم جۆرە لەباشووری عێراق دەژێن وکێشی لەنێوان (٤٥٠ - ٥٠٠ ) کیلۆگرامە وبەرهەمی شیری لەمانگای کوردی زیاترە [3] و زیاتر جۆری مانگای کوردستان لەکەرکوك بەخێودەکرێت و جگە لەسوودەکانی کەپێشتر باسمانکرد سوود لە پاشەرۆی مانگا وەردەگیرێت بۆ سووتەمەنی ، هەروەها پاشەرۆی وەك پەین بەکاردەهێنرێت لەلایەن جوتیارانەوە٠

٤- **گا** : ئاژەڵێکە زیاتر بۆجووتکردن لەکێڵگە کشتوکاڵیەکان بەکاردەهێنرێت و بەهۆی بەرزی نرخەکەی ژمارەی کەمە لەکەرکوك [4] ، گۆشتێکی زۆری هەیە جگەلەکاری جووتکردن سوود لەگۆشتەکەی وپێستەکەی وەردەگیرێت٠

---

[1] - عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج٢ ، م ٠ س ، ص ١٨.

[2] - سمكۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : گۆڕانە ئابوورییەکانی کەرکوك لە ٠٠٠ ، س ٠ پ ، ل ٢٥٤.

[3] - جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، م ٠ س ، ص ٢٧٤.

[4] - عەبدوڵلا غەفور : جوگرافیای کوردستان ، س ٠ پ ، ل ٣٥٠ - ٣٥٢.

٥- گامێش : ئاژەڵێکی شیردەرە و زیاتر لەو ناوچانە دەژێن کەئاوی زۆرە بەتایبەتی لەباشووری عێراق ، بەلأم لەشاری کەرکوک گامێش زۆر کەمە و زیاتر لەلایەن هۆزی ( حەدیدیەکان )ەوە بەخێودەکرێت ، شیری زۆرچەورە وگۆشتی زۆرە وسوود لەپێستەکەی وەردەگیرێت [١]٠

٦- گویً درێژ ( کەر ) : بۆباربردن و جووت وگواستنەوە بەکاردێت٠

٧- ئەسپ : بۆسواری وزۆر بوون بەکاردەهێنرێت وبازاری ئەسپ وماین لەکەرکوک زۆرگەرمە [٢]٠

٨- ماین : بۆسواری وزۆربوون وبارهەڵگرتن وجووت کردن بەکاردێت [٣]٠

٩- هێستر: هەر لە ( ١٨ ) مانگیەوە فێری سواری و جووت وبارهەڵگرتن دەکرێت ولەهەموو ئەوانەی سەرەوە بەتواناترە وبەوە ناسراوە کەئاژەڵێکی زۆرتوڕەیە٠

١٠- پەلەوەر : بەخێوکردنی ( مریشك ، کەڵەشێر ، مراوی ، قاز ، قەل ، کۆتر ٠٠٠ هتد ) کارێکی ئاسایی بوو لەزۆربەی لادێکانی کەرکوك وتەنانەت لەناو شاریشدا زۆربەی ماڵەکان پەلەوەریان بەخێو دەکرد بۆ سوود وەرگرتن لەگۆشت وهێلکەی ئەو پەلەوەرانە [٤] و مریشك وکەڵەشێر بەپلەی یەکەم دێت بەرێژەی ٩٥٪ ی پەلەوەر ، جۆری مریشك و کەڵەشێری کەرکوك لەجۆری کوردی یاخود خۆماڵی یە وڕەنگەکانیان زیاتر زەرد وسوورن [٥]٠

ئاژەڵداری و بەرهەمەکانیان سوودێکی یەکجار زۆریان بۆجوتیاران وحکومەتیش هەیە وسالأنە دەتوانێت سەرمایەیەکی باش دەستکەوتی هەبێت و ڕێژەی بودجەی حکومەت بەرز بکاتەوە ، تەنانەت خێزانێك گەر جوتێك ئاژەڵی هەبێت دەتوانێت پیً ی بژێت ، چونکە لەئاژەڵداریدا سوود لەهەموو شتەکانیان وەردەگیریً ، تەنانەت لەپاشەڕۆکانیشیان٠

---

[١] – عەبدولا عەبدول کەریم مارف بەرزنجی : کارکۆك لە مێژوودا ، س ٠ پ ، ل ٨٨.

[٢] – حسێن عوسمان نێرگسەجاڕی و حسێن ئەحمەد جاف : کورد وکوردستان ، چ ١ ، هەولێر ، ٢٠٠٢ ، ل ٢٤.

[٣] – عەبدوڵلا غەفور : هـ . س ، ل ٣٤٥.

[٤] – عەبدولا عەبدول کەریم مارف بەرزنجی : هـ . س ، ل ل ٨٧ ، ٨٩.

[٥] – عەبدوڵلا غەفور : هـ . س ، ل ٣٥٣.

## باسی دووەم : ئامارەکانی سامانی ئاژەڵ لە کەرکوك

سامانی ئاژەڵ وبەروبوومەکانی گرنکی ئابوری خۆی هەبووە لەکەرکوك وچۆن بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی کەرکوك بەشداریان لەئاڵوگۆری بازرگانی هەبووە ، بەهەمان شێوە بەروبوومی ئاژەڵداری ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەبووە ، بۆیە ئەم گرنگیە هەر لەسەردەمی دەسەلاّتی ئینگلیزەکانەوە بەدی دەکرێت کەئەو دەمە باجیان لەسامانی ئاژەڵ وبەروبوومی وەرگرتووە ، بۆیە لەگەڵ دەست پێکردنی دەسەلاّتیان لەکەرکوك وتا بەرواری ( ٣١/ کانوونی یەکەمی/ ١٩١٩ ) بڕی باجی مەڕومالاّتی وەرگیراو بریتی بووە لە ( ١,٠٢٩,٠٧١١٣ ) ڕووپیێ و بڕی ئەو باجەی وەرگیراو لەسەر ڕاوەماسی بۆهەمان ماوە بریتی بووە لە ( ٤٧٤,٤٠٠٠٠ ) ڕووپیێ وبڕی باجی وەرگیراو لەپێست بۆهەمان ماوە بریتی بووە لە (٦,٤٠٠٠٠) ڕووپیێ [١] ، بێگومان ئەم ژمارانە هەمووی لەلایەن خودی حکومەتی بەریتانیەوە ئامادەکراون٠

بەروبوومەکانی ئاژەڵ بەشداری بەرچاویان هەبووە لەهەناردەکانی عێراق ، لەبەرئەوە لێرەدا چەند ئامارێك دەخەینە ڕوو لەوانە : هەناردەکردنی خوری لەنێوان سالاّنی ( ١٩١٩ – ١٩٢٥ ) لەسەر ئاستی عێراق بریتی بووە لە ( ٢١٦,٠٠٠ ) دینار و هەناردەکردنی پێست بریتی بووە لە ( ١٣٦,٠٠٠ ) دیناربۆهەمان ماوە[٢]٠

هەروەها لەساڵی ١٩٢٦ دا بەبڕی ( ٢٥,٠٠٠ ) ڕووپیێ پێستە وبەبڕی ( ١٠,٠٠٠ ) ڕووپیێ ڕیخۆڵە هەناردەی دەرەوەی عێراق کراون وئەو ڕێژەیە لەساڵی ( ١٩٢٩ ) دا بەرزدەبێتەوە بۆ ( ٤٣,٠٠٠ ) هەزار ڕووپیێ پێستە وبڕی (١٨,٠٠٠ ) ڕووپیێ ڕیخۆڵە[٣]٠

لەنێوان سالاّنی ( ١٩٣٤ – ١٩٣٥ ) دا ژمارەی ئەو ئاژەلاّنەی باجی مەڕو مالاّتیان لەسەر وەرگیراوە لە کەرکوك بریتی بووە لە ( ٣٨٨,٧٧٩ ) مەڕ و (٢٢١,٣٣٣ ) بزن و ( ٣٢٩ ) گامێش ، هەروەها ڕیژەی مەڕ لە کەرکوك بریتی بووە لە ( ٩,٦٠٪ ) ی مەڕی هەموو عێراق و ڕێژەی بزن بریتی بووە لە ( ١٣,٨٠٪ ) ی بزنی هەموو عێراق [٤] ، شایەنی باسە ژمارەی ئاژەڵە جۆراو جۆرەکان بەردەوام لەزیادبووندان ولەساڵی ( ١٩٤٨ – ١٩٤٩ ) دا سەرژمێری ئاژەڵ لەعێراق بریتی بووە لە ( ٧,٠٥٥,٠٠٠ ) سەر مەڕ و ( ١,٨٤٩,٠٠٠ ) سەر مانگا و ( ١٨٨,٠٠٠ ) سەر ئەسپ و (٥١٣,٠٠٠ ) سەر گوێدرێژ [٥]٠

---

[١] – سەربەست کەرکووکی : ڕاپۆرتی کارگێری دەفەری کەرکوك لە ( ١/١/تا ١٩١٩/١٢/٣١ ) ، س ٠ پ ، ل ٧٤ – ٧٩.

[٢] – عماد عبد اللطيف سالم : الدولة والقطاع الخاص في العراق الادوار والوظائف السياسات ، م ٠ س ، جدول رقم ٣ ، ص ٨٨.

[٣] – متي عقراوي : العراق الحديث تحليل لاحوال العراق ومشاكله السياسية والاقتصادية و٠٠٠ ، م ٠ س ، ص ٩٤.

[٤] – سعيد حماده : النظام الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، جدول رقم ٣ ، ص ١١١.

[٥] – عبد الحميد بلال : الجغرافية الاقتصادية ، م ٠ س ، ص ١٩٧.

بۆیە لە کەرکوک گرنگی بەئاژەڵداری دراوە ولە ( ٢/ نیسانی/١٩٥٦ ) دا [1] پێشەنگایەکی تایبەت بۆ جۆرەکانی ئاژەڵ وبەرووبوومەکانی کراوەتەوە بە ئامادەبوونی وەزیری ئابوری عێراق ( نەدیم پاچەچی ) و وەزیری ناوخۆی عێراق ( سەعید قەزاز ١٩٠٤ – ١٩٥٩ ) [2] وموتەسەریفی کەرکوک ( یوسف ضیاء) [3] .

**خشتەی ژمارە (٦ ) [4] ژمارەی ئاژەڵی لیوای کەرکوک و هەموو عێراق لە (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨) :**

| ساڵ | لیوا | مەڕ | بزن | مانگا | ئەسپ | گامێش | گوێدرێژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٦/١٩٤٥ | کەرکوك | ٤٨٨,٢٠٠ | ١٦١,٧٥٠ | ٤٠,٢٥٤ | ٦,٣٧٥ | ٧٥٠ | ٣٢,٤٤٥ |
| | هەموو عێراق | ٧,٤٢٦,٩٣٥ | ١,٩٤٦,٩٤٩ | ٨٦٥,٨٤٣ | ١٩٧,٨١٢ | ١٣٦,٨٤٢ | ٤٣٥,٢٤٣ |
| ١٩٥١/١٩٥٠ | کەرکوك | ٤٢,٨٧٢ | ٣٨,٨٦٥ | ٢,٣١٥ | / | / | / |
| | عێراق | ٧٨٥,٦٥٠ | ٢٢٠,٥٢٥ | ١٠٨,٢٠٨ | / | / | / |
| ١٩٥٢/١٩٥١ | کەرکوك | ٤٥,٤٥٣ | ٢٨,٨١١ | ٢,٧٦٠ | / | / | / |
| | عێراق | ٨٣٥,٢٩١ | ٢١٢,٤٩٦ | ٩٨,٧٣٩ | / | / | / |
| ١٩٥٣/١٩٥٢ | کەرکوك | ٥٢٢,١٦٤ | ٢٨٣,٠٣٢ | ٤٥,٠٠٥ | ٣,٨٨٣ | ٩٣٤ | ٣٢,٤٩٥ |
| | عێراق | ٤,٤٨٤,١٥٦ | ١,٦١٨,١٤٥ | ٧١١,٩١٨ | ١٣٧,٤٤٦ | ٤٧,٣٩٥ | ٣٩٨,٧٩٨ |
| ١٩٥٤/١٩٥٣ | کەرکوك | ٧٠٠,٠٠٠ | ١٠٠,٠٠٠ | ١١٠,٠٠٠ | ١٥,٠٠٠ | ١٥,٠٠٠ | ٨٥,٠٠٠ |
| | عێراق | ١٠,٠٠٠,٠٠٠ | ٢,٩٠٠,٠٠٠ | ١,٥١٠,٠٠٠ | ٣٠٠,٠٠٠ | ٧١٨,٠٠٠ | ١,٠٠٠,٠٠٠ |
| ١٩٥٨/١٩٥٧ | کەرکوك | ٤٧٣,٠١٢ | ١٨٧,٤١٨ | ٤٨,٢٧٣ | ٥,٨٤٠ | ١,٤٣٢ | ٥١,٦٢٨ |
| | / | / | / | / | / | / | / |

لەخشتەی ژمارە ( ٦ ) دا لەساڵی ( ١٩٥٤/١٩٥٣ ) ژمارەی ئاژەڵ زۆرزیادی کردووە و سەرچاوەکەی حکومەتی عێراق ئامارەکانی بەشێوەی خەملاندن داناوە و نزیکی کردۆتەوە بۆ هەزار.

---

[1] – فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى : ماذا في كركوك ، مطبعة التتويج ، كركوك ، ١٩٥٧ ، ص ١٤٢.

[2] – لەسەر ژیاننامەی بڕوانە ، میر بەسری : ناودارانی کورد ، س ٠ پ ، ل ٢١٨ – ٢١٩.

[3] – لە ساڵی ( ١٩٥٥ – ١٩٥٦ ) موتەسەریفی لیوای کەرکوک بووە ، بڕوانە : ( سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) مێژووی سەردەمە کارگێری و بەڕێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکوک ، چ ١ ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوک ، ٢٠٠٥ ، ل ٣٩ ).

[4] – ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە: الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٥ – ١٩٤٦ المالية ، المطبعة الملوكية ، بغداد ، ١٩٤٨ ، ص ٣٠ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد ، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٨ – ١٩٤٩ المالية ، مطبعة بغداد ، بغداد ، ١٩٥٠ ، ص ١٠٥ ؛ عەلی مەحمود محەمەد : کەرکوک شاری قەڵا و٠٠٠ ، س ٠ پ ، ل ١٦٣ ؛ شاكر خصباك : الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية ، م ٠ س ، جدول رقم ٥٠ ، ص ٢٢٢ – ٢٢٣ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ١١١ ، ص ٨٦ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة التخطيط ، نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني ١٩٥٨–١٩٥٩ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٨ ص ١٤٨ –١٤٩.

لەساڵی ١٩٥٧ دا ( ١,٣٠١ ) سەر مەڕ و ( ٨٣٦ ) سەر بزن و ( ١٤١ ) سەر مانگا هەناردەکراوە بۆ دەرەوەی لیوای کەرکوک [١].

**خشتەی ژمارە ( ٧ ) [٢] ژمارەی ئاژەڵی بە کارهاتوو ، کە باجی بەکارهێنان ( رسوم الاستهلاك ) یان لێ وەرگیراوە لە کەرکوک لەنێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٥٣ ) :**

| ساڵ | ژمارەی مەڕ | ژمارەی بزن | ژمارەی مانگا | ژمارەی گامێش | ماسی بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٦/١٩٤٥ | ٣٢,٦٧١ | ٢٠,٨٣٠ | ١,٢٠١ | ٢٠ | / |
| ١٩٤٧/١٩٤٦ | ٤٦,٣٧٠ | ٤٥,٨٤٢ | ٢,٢٢١ | ٢٠ | / |
| ١٩٤٨/١٩٤٧ | ٤٦,٠٤٩ | ٣٢,٠٢٨ | ٣,٠٠٠ | ٢١ | / |
| ١٩٤٩/١٩٤٨ | ٤٣,٠١٨ | ٣٩,٣٧٧ | ٢,٨٣٨ | ٣٥ | ٢٠٦ |
| ١٩٥٠/١٩٤٩ | ٤٦,٧٢١ | ٣٢,٦٠٠ | ٢,٩٦٦ | ١٩ | ٢٠٦ |
| ١٩٥١/١٩٥٠ | ٤٥,٤٥٣ | ٣٨,٨٦٥ | ٢,٧٦٠ | ٢٠ | ٢٠٢ |
| ١٩٥٢/١٩٥١ | ٤٢,٨٧٢ | ٢٨,٨٣١ | ٢,٣١٥ | ٤٦ | ١٦٥ |
| ١٩٥٣/١٩٥٢ | ٤٣,٥٢٦ | ٢٥,٥٩٦ | ١,٨٤٨ | ٢١ | / |

لەخشتەی ژمارە ( ٧ ) دا باجی بەکارهێنانی ( رسوم الاستهلاك ) ی لەسەر ماسی بەدیناری عێراقی دیاری کردووە ٠

لەئاماری ساڵی ١٩٥٧ /١٩٥٨ دا ژمارەی پەلەوەری خۆماڵی ( کەڵەشێر ومریشك ) لە کەرکوک ( ٢٢١,٩٤٤ ) پەلەوەرە و ( ١٠,٨٣٨ ) مریشکی تورکی و ( ٩٦٩ ) شانەی مێشهەنگ لەکەرکوک هەبووە [٣].

ئامارەکانی ئاژەڵ بەبەردەوامی لەگۆڕانکاریدایە وساڵانە بڕێکی زۆری بۆ بەکارهێنانی ناوخۆی کەرکوک وعێراق بەکاردەهێنرێت ، کە دەگاتە ڕێژەی (١٠٪) مەڕ و (٧٪ ) بزن و ( ١٢٪ ) مانگا و ( ٢٪ ) گامێش [١] ،

---

[١] – فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى: ماذا في كركوك ، م ٠ س ، ص ٩٧.

[٢] – ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية ١٩٤٩ ، م ٠ س ، الجداول رقم ١٤٦ ، ١٥٢ ص ١٣٩ ، ١٥٢ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية ١٩٥٠ ، م ٠س ، الجداول ١٥٣ ، ١٥٩ ، ص ١٤٨ ، ١٦٣ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية ١٩٥١ ، م ٠ س ، الجداول ١٦٤ ، ١٦٨ ، ص ١٦٩ ، ١٨٢ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائية ١٩٥٢، م ٠ س ، الجداول ١٨٠ ، ١٨٦، ص ٢١٩ ،٢٢٨ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية ١٩٥٣ ، م . س ، جدول ١٦٧ ، ص ١٢٨ .

[٣] – الجمهورية العراقية : وزارة التخطيط ، نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني ١٩٥٨–١٩٥٩ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٨ ص ١٤٩.

هەوەها سالآنە بەرهەمێکی باشی شیر وگۆشت و خوری وپێستە وهێلکە و ڕۆن و پەنیری دەبێت ، بۆ نموونە لەسالّی ( ١٩٥٦ ) دا بەرهەمی شیر لە کەرکوك گەیشتۆتە ( ١,٥٤٣,٠٠٠ ) لەتر و بڕی ( ٥٢٢,٠٠٠ ) لەتری ڕاستەو خۆ بەکارهێنراون و بڕی ( ١,٠٢١,٠٠٠ ) لەتری کراون بەماست وڕۆن ، وێڕای ئەوەی ( ٣,٥٤١ ) سەر مەڕ و ( ٤,٥٠٤ ) سەر بزن و ( ١,٢٨٣ ) سەر مانگا لەهەمان سالّدا سەربڕاون بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی کەرکوك لەگۆشت [٢].

## خشتەی ژمارە ( ٨ )[٣] ژمارەی ئاژەڵی سەربڕاو لە کەرکوك وعێراق سالآنی (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨):

| سالّ | ليوا | ژ.مەڕی سەربڕاو | ژ. بزنی سەربڕاو | ژ.مانگای سەربڕاو | ژ.گامێشی سەربڕاو | ژ. ووشتری سەربڕاو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٥/١٩٤٦ | کەرکوك | ٢٨,٦٧٢ | ١٨,٧٠٥ | ١,١١١ | ١٦ | / | ٤٨,٥٠٤ |
| | هەموو عێراق | ٦٨٥,٨١٦ | ١٨٧,٠٦٩ | ٥٣,٢٩٢ | ٦,٨٨٦ | ٢,١٣٤ | ٩٣٥,١٩٧ |
| ١٩٤٦/١٩٤٧ | کەرکوك | ٤٥,٨٤٨ | ٤٢,٦٢٦ | ٢,١٨٥ | ١٥ | ١ | ٩٠,٦٧٥ |
| | هەموو عێراق | ٧٩٠,٠١٥ | ٢٢٥,٣٨٢ | ٥٣,٩٣٣ | ٤,٠٠٧ | ٤,٢٠٩ | ١,٠٧٧,٥٤٦ |
| ١٩٤٧/١٩٤٨ | کەرکوك | ٤٥,٢٧٢ | ٣٠,٥٧٦ | ٣,١١٤ | / | / | ٧٨,٩٦٢ |
| | هەموو عێراق | ٨٤٦,١٩٩ | ٢١٤,٣٢٩ | ٥٧,٧١٠ | ٣,٧٣٦ | ٤,٣٥٣ | ١,١٢٦,٣٢٧ |
| ١٩٤٨/١٩٤٩ | کەرکوك | ٤٣,٢٤٨ | ٣٧,٦٦٦ | ٢,٧٨٦ | ٢٤ | / | ٨٣,٧٢٤ |
| | هەموو عێراق | ٨٥٠,٤٧٨ | ٢٢٢,٧٩٠ | ٦١,١٣٢ | ٥,٤٩٣ | ٤,٠٨٧ | ١,١٤٣,٩٨٥ |

---

١ – جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، م ٠ س، ص ٢٠٣.

٢ – فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى : ماذا في كركوك، م . س ، ص ص ٩٥ ،٩٧.

٣ – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە: الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٥ – ١٩٤٦ المالية ،م ٠ س ، ص ٢٤ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٦ – ١٩٤٧ المالية ، المطبعة الملوكية ، بغداد ، ١٩٤٨، ص ٢٦ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٧ – ١٩٤٨ المالية ،مطبعة بغداد ، بغداد، ١٩٥٠،ص ٦٦ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٨ – ١٩٤٩ المالية ،م ٠ س ، ص ٦١ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ،التقرير السنوي لسنة ١٩٥١ ،دار طباعة البدري ، بغداد ،ب . س ، ص ٢٦ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٢ ،مطبعة السعدي ، بغداد ، ١٩٥٥، ص ١٨ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٣ ، مطبعة دار دجلة ، بغداد ، ١٩٥٦، ص ١٧ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٤ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٦ ، ص ١٩ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٥، دار مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٥٧ ،ص ١٨ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٦، مطبعة السعدي، بغداد، ١٩٥٨، ص ١٨ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية الثروة الحيوانية ، البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٧ ،مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٥٩ ، ص ١٤ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية الثروة الحيوانية و البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٨ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ب . س ، ص ١٤.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥١ | كەركوك | ٤٥,٧٢١ | ٣٣,٢١٥ | ٢,٤٨٣ | ٤١ | ١ | ٨١,٤٦١ |
| | هەموو عێراق | ٦٩٩,١٢٥ | ٢٠٣,٧٧٩ | ٧٩,٩٢٧ | ١١,٧٤٩ | ٢,١٦٥ | ٩٩٦,٧٤٥ |
| ١٩٥٢ | كەركوك | ٤٥,١٧١ | ٢٦,٧٣٤ | ١,٨١٠ | ١٣ | / | ٧٣,٧٢٨ |
| | هەموو عێراق | ٧٢٧,٧٦٧ | ٢١٦,٩٥٢ | ٨٥,٥٤٦ | ٩,٠٠٨ | ١,٧٢٤ | ١,٠٤٠,٩٩٧ |
| ١٩٥٣ | كەركوك | ٥٦,٣٥٨ | ٥٧,٨٤٧ | ٧,٢٨٧ | ٦٦ | / | ١١٧,٥٥٨ |
| | هەموو عێراق | ٩٥٧,١٢٢ | ٣٦٠,٧٢٦ | ١١٠,٢٩٩ | ١٠,٨٢٦ | ٢,٢٩٤ | ١,٤٤١,٢٦٧ |
| ١٩٥٤ | كەركوك | ٨١,٧٧١ | ٥٠,٥٦٧ | ٥,٨٨٨ | ٦ | / | ١٣٨,٢٣٢ |
| | هەموو عێراق | ١,١٩٨,٥٦٤ | ٤٢٤,٠٧٣ | ١٤٨,٤٨٤ | ١١,٤٢٥ | ٢,٥٨٥ | ١,٧٨٥,١٣١ |
| ١٩٥٥ | كەركوك | ٩٥,٣٢٨ | ٥٧,٨٥٦ | ٦,٧٤٧ | / | / | ١٥٩,٩٣١ |
| | هەموو عێراق | ١,٣٨٢,٠٥٤ | ٤٢٣,٩١٧ | ١٧١,١٩٤ | ١٠,٧٤٦ | ٢,٢٧٣ | ١,٩٩٠,١٨٤ |
| ١٩٥٦ | كەركوك | ١٢١,١٣٠ | ٦٩,٧٦٨ | ٨,٨٠٦ | / | / | ١٩٩,٦٠٤ |
| | هەموو عێراق | ١,٤٨٣,٣١٦ | ٥٠٨,٩٠٠ | ١٨٨,٥٥٩ | ١٢,٧٣٢ | ٢,٢٤٨ | ٢,١٩٥,٧٤٥ |
| ١٩٥٧ | كەركوك | ٩٦,٣٣٤ | ٧٠,٠١٩ | ١٠,٩٨٢ | / | / | ١٧٧,٣٣٥ |
| | هەموو عێراق | ١,٥٤٩,٣١٠ | ٥٢٠,٣٧٦ | ٢٠٦,٣٦٣ | ١٢,٩٧٢ | ٤,٤٢٨ | ٢,٢٩٣,٤٤٩ |
| ١٩٥٨ | كەركوك | ٨٧,٠٦٩ | ٩٢,٩٠٧ | ١٣,٦٧٠ | / | / | ١٩٣,٦٤٦ |
| | هەموو عێراق | ١,٧١١,٩٩٤ | ٥٣١,٦٥٢ | ٢٠٠,٠٢٤ | ١٢,٧٧١ | ٥,٤٧٧ | ٢,٤٦١,٩١٨ |

تێبینییەكانی سەر خشتەی ژمارە ( ٨) ئەوەیە ، رێژەی بزنی سەربڕاو لە كوشتارگەكانی كەركوك ڕێژەیەكی زۆر بەرزە لەسەرئاستی عێراق وئەو ڕێژەیە دەگاتە ( ١٧٪) لەساڵی ( ١٩٤٨ – ١٩٤٩ ) و بۆ (١٦٪) لەساڵی ( ١٩٥٣ ) دا ، وبۆ ( ١٨٪) لەساڵی ( ١٩٥٨ ) ، هەروەها ڕێژەی مەڕی سەربڕاوی كەركوك بریتیە لە ( ٦٪ ) ی مەڕی هەموو عێراق لەساڵی ( ١٩٤٨ ـ ١٩٤٩ ) هەروەها (٦٪ ) ی ساڵی ( ١٩٥٣ ) ونزم دەبێتەوە بۆ ( ٥٪ ) لە ساڵی ( ١٩٥٨ ) دا ، بەڵام ڕێژەی ( مانگا ، گامێش ، ووشتر ) ی سەربڕاو لە كەركوك وەك لە خشتەی ژمارە ( ٨ ) دا دەردەكەوێت زۆر كەمە بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق ، وێڕای ئەوەی باسكراكەركوك دەوڵەمەند بووە لەسامانی ئاژەڵ و بەبەردەوام پێگەی خۆی هەبووە لەئامارەكانی حكومەتی عێراق و ئەو جۆرە ئاژەڵانی لە كەركوك هەبووە جێگەی بایەخی بازرگانەكان بووە ، بەمەبەستی هەناردەكردنی ئەو ئاژەڵانە بۆ دەرەوەی عێراق ، بۆیە بازاڕی كڕین وفرۆشتنی ئاژەڵ لە كەركوك هەمیشە سەرچاوەیەك بووە بۆكۆكردنەوەی سەروەت وسامان بۆئەو كەسانەی لەو بوارەدا كاریان كردووە٠

## باسی سێیەم : گیرو گرفتەکانی بەردەم سامانی ئاژەڵ

دابینکردنی خواردن وئالیك بۆ ئاژەڵ گرفتی هەرە گەورەی خاوەن ئاژەڵەکان بووە ، ئەمە وێڕای ئەوەی کەرکوك رێژەی باران بارینی باشە ولەوەرزی بەهار لەوەرگەی باشی هەیە بۆئاژەڵ وزۆرجار لەناوەڕاست وباشووری عێراقەوە مەڕدارەکان ڕوودەکەنە لەوەرگەکانی کەرکوك لەوەرزی بەهار[1] ، بەلاّم هێشتا کێشەی دابینکردنی ئالیك بۆئاژەڵ گرفتی جوتیارانی کەرکوك بووە ٠

بێبارانی کەرکوك زۆرجار دەبێتە هۆکارێك بۆلەناوچوونی سامانی ئاژەڵ ، کاتێك باران نابارێت ووشکە ساڵی دروست دەبێت ئەوا بەشێکی زۆر لەسامانی ئاژەڵ لەناودەچێت ونموونەی ئەوەش ساڵی ( ١٩٥٤/١٩٥٥ ) کاتێك باران نەباری ولەئەنجامدا رێژەیەکی بەرچاوی سامانی ئاژەڵی کەرکوك لەناوچوون[2] ، هەروەهالە وەرزی زستان بەشێکی زۆر لەسامانی ئاژەڵ ڕووبەڕوی گرفتی سەرما و کەمی خواردن دەبێت ، بۆیە جوتیاران ساڵانە کا هەڵدەگرن وتێکەڵی جۆی دەکەن ودەیکەن بەخواردن ( ئالیك ) بۆئاژەڵەکانیان [3]٠

سامانی ئاژەڵ بایەخێکی ئابوری گرنگی هەیە وساڵانە بەڕێژەی ( ٠,٩٪ ) ی هەموو داهاتی عێراق ئاژەڵ هەناردەی دەرەوە دەکرا [4] ، بۆیە لەگەڵ هاتنی ئینگلیز بۆعێراق بایەخی تەوایان بەم سامانە داوە بەتایبەتی لەڕووی تەندروستیەوە ولە ساڵی ( ١٩٢١ ) دا فەرمانگەی ڤێتێرنەری لەعێراق دامەزراوە و ولەلایەن ( مێجەر سی ئار گادویك C.R.Gadweek ) وە بەڕێوەدەبرا وژمارەی پزیشکانی ئەو فەرمانگەیە گەیشتە ( ١٢ ) کەس کە (٩ پزیشکیان هیندی ،١ بەریتانی ،١ عێراقی ) بوون [5]٠

بایەخدانی حکومەتی عێراق بەتەندروستی ئاژەڵ دەگەڕێتەوە بۆهەناردەکردنی ئاژەڵ بۆدەرەوەی عێراق بەمەبەستی دڵنیابوون لەتەندروستی ئەوئاژەڵانەی هەناردەدەکرێن ، بۆیە پشکنینی پێویستیان بۆئەنجام دەدرا٠

---

[1] – عەلی مەحمود محەمەد : کەرکوك شاری قەلاّ و ئاگر وخوێن ، س ٠ پ ، ل ٨٦.

[2] – شاكر خصباك : العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية ، م ٠ س ، ص ٤٠٩ .

[3] – عبدالستار تاهر شریف : ململانێ لەگەڵ ژیاندا ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوك ، ٢٠٠٥ ، ل ٢٩.

[4] – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٥٥ ، م ٠ س ، الجدول ٣٠٢ ، ص ٣١٩.

[5] – عدنان هرير جودة الشجيري : النظام الاداري في العراق ( ١٩٢٠ – ١٩٣٩ ) اطروحة دكتوراه غير منشورة مقدمة الى كلية الاداب ، جامعة بغداد ، ٢٠٠٥ ، ص ٧٤ – ٧٥.

**خشتەی ژمارە ( ٩ ) [١] ، ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی پشكنینی تەندروستیان بۆكراوە پێش هەناردەكردنیان بۆ دەرەوەی عێراق لەنێوان ساڵانی ( ١٩٤٦ – ١٩٥٨ ):**

| ساڵ | مەڕ | بزن | گامێش | ئەسپ | مریشكی عێراقی خۆماڵی | مریشكی هیندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٦ | ٨٩,٣١٨ | ٢,٥٧٣ | ١٥٧ | ٩٣ | / | / |
| ١٩٤٧ | ٤٤,٣٧٥ | ٢,٢٠١ | ٢,٧٨٩ | ٤٤٥ | / | ٢ |
| ١٩٤٨ | ٦٨,٠٩٩ | ٢,٣٨٠ | / | ١٧٥ | / | ١٠٠ |
| ١٩٤٩ | ١٤٠,٨٩٨ | ٩,٦٢٠ | ٢٩٨ | ٨٥١ | / | / |
| ١٩٥٠ | ١٣٦,٣٦٤ | ١٧,٨٩٨ | ١٥٠ | ١,٤٩٢ | / | / |
| ١٩٥٦ | ٤٧,٥٦٧ | ٣١,٠٥١ | ٥٤ | ٥٢٠ | ٢٠ | ١,٩٨٣ |
| ١٩٥٧ | ٤٩,١٧٤ | ٢٤,٥٠٢ | ١,١١١ | ٥٩٦ | ٥٣ | ٧٧٨ |
| ١٩٥٨ | ١١٠,٤١٦ | ٢١,٧٥١ | ٣,٠٠٠ | ٨٤٨ | ٢٣,٠٢٦٠ | ١,٣٣٠ |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە( ٩ ) دا بەدی دەكرێت ژمارەی مەڕی هەناردەكراو زۆر لە ژمارەی ئاژەڵەكانی تر زیاترە ، بەزنیش بەپلەی دووەم دێت ، هەروەها ڕێژەیەكی بەرچاویش لە ( گامێش و ئەسپ ) هەناردەكراون بۆ دەرەوەی عێراق ، كە داهاتی ئابوری باشی بۆ بودجەی گشتی عێراق دابین كردووە.

لەساڵی ( ١٩٣٧ ) دا نەخۆشخانەی ڤێتێرنەری لەكەركوك دامەزراوە [٢] ، تاكەنەخۆشخانە بووە خزمەتگوزاریە تەندروستیەكانی پێشكەش كردووە لە كەركوك ، هەروەها لەساڵی (١٩٥٦ ) دا دەست كرا بەدروست كردنی ( ٤ ) نەخۆشخانەی ڤێتێرنەری ، یەكەمیان لەحەویجە بەبڕی ( ٤,٣٨١ ) دینار و دووەمیان لەكفری بەبڕی ( ٤,٠٥٠ ) دینار وسێیەمیان لە خورماتوو بەبڕی ( ٣,٦٦٦ ) دینار وچوارەمیان لەچەمچەماڵ بەبڕی ( ٣,٩٤٢ ) دینار، لەگەڵ كڕینی ئۆتۆمبێلێكی جۆری پیكاب بەبڕی ( ٨١٥ ) دینار تاوەك نەخۆشخانەیەكی گەڕۆگ كاربكات [٣].

---

١ – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەكراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٠ ،م ٠ س ، الجدول رقم ١٦٢، ص ١٦٦ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٨ ، م ٠ س ، الجدول رقم ١٢٠ ، ص ١٠٧.

٢ – نجات كوثر اوغلو : من حوادث كركوك ١٧٠٠ – ١٩٥٨ م ، م ٠ س ، ص ١٦٥.

٣– فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى ، ماذا في كركوك ، م ٠ س ، ص ٣٥.

**خشتەی ژمارە ( ١٠ ) [١] ژمارەی کارمەندانی نەخۆشخانە ڤێتێرنەریەکانی کەرکوك وهەموو عێراق لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٤٩ ):**

| ساڵ | لیوا | ژمارەی پزیشکی ڤێتێرنەری | ژمارەی یاریدەدەری پزیشکی ڤێتێرنەری | ژمارەی پەرستاری ڤێتێرنەری | کارگێری وپاسەوانی فەرمانگەی ڤێتێرنەری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٥–١٩٤٦ | کەرکوك | ١ | ٤ | ٧ | ٧ |
| | هەموو عێراق | ٢٠ | ٣٤ | ٨١ | ١٠٠ |
| ١٩٤٦–١٩٤٧ | کەرکوك | ٢ | ٤ | ٧ | ٨ |
| | هەموو عێراق | ٢٠ | ٣٤ | ٨٤ | ١١٨ |
| ١٩٤٧–١٩٤٨ | کەرکوك | ١ | ٣ | ٧ | ١٢ |
| | هەموو عێراق | ٢٠ | ٣٥ | ٩٤ | ٣٥ |
| ١٩٤٨–١٩٤٩ | کەرکوك | ١ | ٣ | ٥ | ١٠ |
| | هەموو عێراق | ١٩ | ٣٤ | ٨٦ | ١٣٢ |

وێرای کەمی کارمەندانی ڤێتێرنەری کەرکوك ، کە لەخشتەی ژمارە ( ١٠ ) دا دەردەکەوێت ڕێژەی کارمەندی کەرکوك زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق بەتایبەتی ژمارەی پزیشکی ڤێتێرنەری کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە کەرکوك تەنها ( ١ ) پزیشکی هەبووە ، بەڵام بەشێوەیەکی بەر چاوباری تەندروستی ئاژەڵ ونەخۆشیەکانی چارەسەر کراون ، بەتایبەتی ئاژەڵەکانی وەك مەڕ وبزن ، کە تووشی نەخۆشی (ئاوڵەی مەڕ ) و ( کرمی گەدە ) و نەخۆشی ( ئەسپێ ) دەبن ، وێرای ئەوەی ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەسەگی بەڕەڵا لەناوبراون ٠

[١] – ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە: الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٥ – ١٩٤٦ المالية، م ٠ س ، ص ١ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد ،مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٦ – ١٩٤٧ المالية، م ٠ س ، ص ١ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد ، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٧ – ١٩٤٨ المالية، م . س ، ص ١ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد ، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٨ – ١٩٤٩ المالية ، م . س ، ص ١.

**خشتەی ژمارە ( ١١ )[١] دا ژمارەی ئەو ئاژەڵی چارەسەرکراون لە کەرکوک وعێراق لەلایەن فەرمانگە ڤێتێرنەرەکانەوە بۆساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٥٨ ) :**

| ساڵ | لیوا | ژمارەی ئاژەڵی چارەسەرکراو لە نەخۆشی ئاسایی[٢] | ژمارەی ئاژەڵی چارەسەرکراو لە نەخۆشی کوشندە | ژمارەی ئەو نەشتەرگەریانەی کراوون بۆ ئاژەڵ | ژمارەی سەگی بەرەڵا کە لەناو براون |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٦/١٩٤٥ | کەرکوک | ٣,٢٩١ | ٤,٧٥ | ٢٠١ | ٩٠٣ |
| | هەموو عێراق | ١١٠,٥٥٢ | ٣٢,٥٤٣ | ٧,٢٦٨ | ٤,٢٢٥ |
| ١٩٤٦ /١٩٤٧ | کەرکوک | ٣,٢٢٨ | ٤,١٦٠ | ١٧٨ | ١٦٠ |
| | هەموو عێراق | ٨٣,٨٣٤ | ٧٦,٩٢٧ | ٨,٠٥٠ | ٦,٠٦٦ |
| ١٩٤٨/١٩٤٧ | کەرکوک | ٦,٢١٨ | ١٠,٥٤٠ | ١٥٣ | ٢٥ |
| | هەموو عێراق | ٧٨,١٣٦ | ٢٠٣,٩٨٠ | ٤,٧١٨ | ٦,٢٠٧ |
| ١٩٤٩/١٩٤٨ | کەرکوک | ٣,٥٤٦ | ٥,٣٢٣ | ١٤٠ | ٦٦٦ |
| | هەموو عێراق | ٥٦,٧٠٢ | ١١٢,١١٠ | ٤,٣٣٦ | ٧,٠٦٦ |
| ١٩٥١ | کەرکوک | ٥,٣٢٠ | ٥,٢٩٥ | ١٧٢ | ٣٦٨ |
| | هەموو عێراق | ٦٥,٥٣٧ | ٩٦,٥٣٢ | ٥,٢٦٢ | ١٢,٥٨٠ |

---

[١] – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە: الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٥ – ١٩٤٦ المالية، م . س ، ص ص ١ ، ٧ ، ١٣ ، ٣٤ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٦ – ١٩٤٧ المالية، م . س ،ص ص ١ ، ٦ ، ٨ ، ١٥ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٧ – ١٩٤٨ المالية، م . س ،ص ص ١ ، ١٧ ، ١٩ ، ٥٣ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٨ – ١٩٤٩ المالية، م ، س ، ص ص ١ ، ١٥ ، ١٦ ، ٥٢ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة، التقرير السنوي لسنة ١٩٥١، م . س ، ص ص ١ ، ١٠ ، ١٣ ، ١٨ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٢، م . س ، ص ص ٢ ، ٨ ، ٩ ، ١٣ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٣، م . س ، ص ص ١ ، ٩ ، ١٠ ، ١٢ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٤، م . س ، ص ص ١ ، ٨ ، ١٠ ، ١٤ ؛ الحكومة العراقية: وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٥، م . س ، ص ص ٢ ، ٨ ، ١٠ ، ١٤ ؛ الجمهورية العراقية: وزارة الزراعة، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٦، م . س ، ص ص ٢، ٨ ، ١٠ ، ١٤ ؛ الجمهورية العراقية:وزارة الزراعة ، مديرية الثروة الحيوانية ، البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٧، م . س ، ص ص ٢ ، ٦ ، ٨ ، ١١ ؛ الجمهورية العراقية:وزارة الزراعة ، مديرية الثروة الحيوانية و البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٨، م . س ، ص ص ٢ ، ٥ ، ٧ ، ١١.

[٢] – نەخۆشیە کانی ئاژەڵ دەکرێن بە دوو جۆر : یەکەمیان نەخۆشی ئاساییە واتا مەترسی بلاْو بوونەوەی لێ ناکرێت و چارەسەری ئاسانترە وەك نەخۆشیەکانی ( بۆڕی هەناسەدان ، کۆئەندامی زاو زێ ، شکاندن ، سووتان ، نەخۆشیەکانی پێست ، برین و دومەڵ ٠٠٠٠ هتد ) ، بەلاْم نەخۆشیە کوشندەکان ئەوانەن کە مەترسی بلاْو بوونەوەیان هەیە وەك ( دەردی سەگ ، ئاوڵەی مەڕ و بزن ، کرمی گەدە ، گەڕ بوون ، سیلی مانگا ، تاعون و کولێرای مریشك ... هتد ) بۆ زانیاری زیاتر بروانە : عيسى فهمي : امراض الحيوانات ، مجلة الزراعة العراقية ، ج ١ ، المجلد الاول ، ١٩٤٦ ، مجلة زراعية ارشادية ، الحكومة العراقية ، وزارة لاقتصاد ، مديرية الزراعة العامة ، ص ٨٢ – ٨٣.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٢ | کەرکوك | ٤,٥٢٠ | ٢,٣٢٨ | ١٥٩ | ٤٠٠ |
| | هەموو عێراق | ٦٨,٦١٣ | ٩٩,١٤٧ | ٩,٧٣٢ | ١٠,٨٦٩ |
| ١٩٥٣ | کەرکوك | ٥,٩١١ | ١,٤٤١ | ١٧٣ | ٩٢٧ |
| | هەموو عێراق | ٦٩,٥٥٨ | ١٣٩,٨٠٩ | ٥,١٠٤ | ١١,٥٦٨ |
| ١٩٥٤ | کەرکوك | ٥,١٩٣ | ٢,٦٣٤ | ١٣٣ | ٦٧٠ |
| | هەموو عێراق | ٦٩,٢٤٧ | ١٨٢,٢٣٨ | ٤,٢٥٣ | ٦,٩٠٧ |
| ١٩٥٥ | کەرکوك | ٣,٧٢٧ | ٨,٥٢٥ | ٢٧ | ٥٦١ |
| | هەموو عێراق | ٧٥,٠٢٧ | ٣٤١,٦١٢ | ٤,٧٦٢ | ٥,٧٢١ |
| ١٩٥٦ | کەرکوك | ٣,٨٦٤ | ٦٩,٧٠٥ | ٨١ | ٨٩٥ |
| | هەموو عێراق | ٨٨,٧٢٢ | ٤٢١,٣١٣ | ٤,١٢٩ | ٨,٧٢٨ |
| ١٩٥٧ | کەرکوك | ١٣,١٠١ | ٢٥٤,٣٣٥ | ٦٦ | ١,١٨٩ |
| | هەموو عێراق | ٣٢٦,١١٢ | ١,٣٤٦,٩٥٧ | ٣,٩١٢ | ٧,٨٧٧ |
| ١٩٥٨ | کەرکوك | ٣,١٦٠ | ١٠٦,٧٦٠ | ٨٥ | ٩٢٣ |
| | هەموو عێراق | ٧٨,٠٤٧ | ١,٢١٧,٥١٥ | ٢,٩٤٩ | ٦,٣٧٨ |

ئەوەی جێگەی بایەخە لەخشتەی ژمارە ( ١١ ) دا کەباسی لێوەبکەین ئەوەیە ، وێرای کەمی ژمارەی پزیشك وکارمەندی فەرمانگەی ڤێتێرنەری کەرکوك ، بەلاَم بەشێوەیەکی باش چالاکی و خزمەتگوزاری تەندروستیان پێشکەش بە سامانی ئاژەڵ کردووە و لەخشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت بەهەمان شێوەی شارەکانی تری هەموو ئەو چارەسەر و نەشتەرگەریانە بۆ ئاژەڵەکانی کەرکوکیش کراوە ، لەگەڵ ڕەچاوکردنی کەمی ژمارەی ئەو کارمەند و تەنها ( ١ ) پزیشکی ڤێتێرنەری هەبووە لە کەرکوك ، کەچی زانیاریەکانی ناو خشتەکە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو چالاکییە تەندروستیە لە کەرکوك ، لەلایەکی دیکەوە کەمی ژمارەی ئەو ئاژەلاَنەی کە تووشی نەخۆشی کوشندە بوون لە کەرکوك بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق نیشانەی بوونی ژینگەیەکی تەندروستە لەکەرکوك و شارەزایی جوتیاری کەرکوکە لە چۆنێتی بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان و پاراستنیان لەو نەخۆشیە کوشندانە.

## تەوەری سێیەم : ئاودێری لە کەرکوك

## باسی یەکەم : پۆلێنکردنی ئاودێری کەرکوك

### یەکەم : ئاوی باران :

بارانی کەرکوك دەکەوێتە وەرزی زستان وکاریگەری ئاو وهەوای دەریای ناوەڕاستی بەسەرەوەیە ، هەروەها شوێنی جوگرافی کاریگەری لەسەر ڕێژەی باران بارینی هەبووە ، دیسانەوە هۆکاری بەرز ونزمی خاك " بەرزی خاکی کەرکوك ( ٣٠٥ ) مەترە لەسەر ئاستی دەریا لەرۆژئاواوە بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە ( ٣٢١) مەتر لەسەر ئاستی دەریا لەڕۆژ هەلأتی کەرکوك " ، بۆیە ئەم جیاوازیە لەبەرزی خاکی کەرکوك هۆکارێك بووە بۆجیاوازی ڕێژەی باران بارین لەناوچەجیاوازەکانی وئەو ڕێژەیە لەناوچەکانی باکوور و ڕۆژهەلأتیدا زیاترە لەباشوور ورۆژئاوایدا[١].

شایەنی باسە ڕووبەری کەرکوك بریتیە لە ( ٢٠,٨٠٠ ) کیلۆمەتر دووجا لەو ڕووبەرە ( ١٥,٢٦٠ ) کیلۆمەتر دووجای شیاوە بۆکشتوکاڵ و ( ١٢,٠٢٠ ) کیلۆمەتر دووجای کەوتۆتە ناوچەی بارانەوە [٢] ، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕووبەری ئەو زەویانەی پشت بەئاوی باران دەبەستن بریتیە لە ( ٢,٩٦٩,٢٩٨ ) مشارە [٣] ، ئەمەش دەکاتە نزیکەی ( ٨٥ ٪ ) ی ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی کەرکوك [٤] .

---

١- محمد عبدالله عمر: دور المياه في تعريب محافظة كركوك ، كركوك – بحوث الندوة العلمية حول كركوك ٣ – ٥ نيسان ٢٠٠١ ، ط ١ ، دار ئاراس للطباعة والنشر ، اربيل ، ٢٠٠٢ ، ص ٥٧ – ٥٨.

٢ – سعيد حماده : النظام الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، ص ٦٥.

٣ – مشارەی عێراق یاخود دۆنم بریتیە لە ( ٢٥٠٠ ) دوو هەزار وپێنج سەد مەتر دوجا ، بڕوانە : ( محمد توفيق حسين : نهاية الاقطاع في العراق ،م ٠ س ، ص ٨١).

٤ – الجمهورية العراقية : وزارة التخطيط ، نتائج الاحصاء الزراعي والحيواني في العراق لسنة ١٩٥٨–١٩٥٩، م ٠ س ، ص ١٢٥.

## دووەم : رووبارە وەرزی و هەمیشەییەکان

هەرچەندە کەرکوك بەشاری زێڕی ڕەش ناودەبرێت ، ئەویش بەهۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆری نەوت بەڵام کەرکوك نەك تەنها بەنەوت بەناوبانگە ، بەڵکو بەهۆی بوونی چەندین رووبارەوە دەکرێت ناوی زێڕی شینیشی لێبنرێت ، هەر بۆنموونە لەگرنگترین ئەو ڕووبارانەی کەبەخاکی کەرکوکدا تێدەپەڕن ئەمانەن:

١-رووباری خاسە: لەبنەڕەتدا ناوی ئەم ڕووبارە ( هەزار سو Hazar Su ) بووە ونیشتەجێبوونی دانیشتوان هەر لەکۆنەوە لەنزیك رووباری خاسە بووە وەك قەلاٚ و گەرەکە کۆنەکانی بەری قەلاٚ ( بلاٚغ و پیریادی و چقور و ئیمام قاسم )[١].

خاسە رووبارێکی وەرزیە وزۆر جار بەناوی چەمی خاسەوە ناودەبرێت وپشت بەئاوی باران دەبەستێت وشاری کەرکوك دەبڕێت ودەیکات بەدوو بەشەوە[٢].

سەرچاوەی ئاوی خاسە بریتیە لەئاوی باران ، کە لەبەرزاییەکانی ناوچەی شوان[٣] وچەمچەماڵ [٤] دێتە خوارەوە بەرەو کەرکوك[٥].

شایەنی باسە ئاوی خاسە جگە لەبەکارهێنانی بۆ خواردنەوە بۆ کشتوکاڵ وئاودێری هەروەها بۆ کارپێکردنی ئاسیاوەکانی شارەکەش بەکار هێنراوە [٦] ، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین هەرچەندە ئاوی خاسە وەرزیە وڕێژەکەی کەم بووە ، بەڵام سوودێکی زۆری بۆدانیشتوانی کەرکوك هەبووە وهەر لەکۆنەوە جێگەی بایەخی دانیشتوانی شارەکەبووە[٧].

---

[١] – فؤاد حمه خورشيد : كركوك قلب كوردستان ، سليمانية ، ٢٠٠٥ ، ص ٤٥ – ٤٦.

[٢] – موعتەسەم ساڵەیی : لە کەرکوکەوە ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ، ٢٠١٤ ، ل ١٠٥.

[٣] – ناوچەیەکی کشتوکاڵیە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوك و لە ڕووی کارگێڕیەوە یەکێکە لە ناحیەکانی سەنتەری قەزای کەرکوك ، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ دا ژمارەی دانیشتوانی ئەم ناحیەیە ( ١٣,٣١٤ ) کەس بوون ، بڕوانە : الجمهورية العراقية : وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ ، لوائي السليمانية وكركوك ، مطبعة العاني ، بغداد ، ب . س ، ص ٨ ؛ مهدي صالح سعيد العباسي : كركوك في العهد العثماني دراسة في اوضاعها الادارية والاقتصادية والثقافية ١٨٧٦ – ١٩١٤ ، رسالة ماجستيرغير منشورة ، كلية الاداب ، جامعة الموصل ، ٢٠٠٥ ، ص ٤٦.

[٤] – یەکێکە لە قەزاکانی لیوای کەرکەك کە لە هەردوو ناحیەی ئاغجەلەر و سەنگاو پێکدێت ، و دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکی نێوان هەردوو لیوای کەرکوك و سلێمانی ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد هادی دەفتەر و عەبدوڵا حەسەن : عیراقی باکور ، س . پ ، ل ل ١٤٠ – ١٤٦.

[٥] – طارق كامل : طبيعة كركوك ، موسوعة كركوك قلب العراق ، العدد ١٣ – ١٤ ، شباط ، ٢٠٠٨ ، ص ٢٠.

[٦] – عەلی مەحمود محەمەد : کەرکوك شاری قەلاٚ و ئاگر وخوێن ،س ٠ پ ، ل ٨٧.

[٧] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خاسە بڕوانە : ناهیدە جەمال تاڵەبانی : پاراستنی ئاو وخاك لە هەردوو چەمی خاسە و زەغیتون ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە ( ٢ ) ی ساڵی دووەم ، پایزی ٢٠٠٠ ، ل ١٢١–١٢٢ .

**٢-رووباری زێی بچووك :** ئەم ڕووبارە لەڕۆژهەلأتی چیای قەندیلەوە دێتەخوارەوە ورووبارێکی هەمیشەییە [١] ، ولەئەنجامی کۆبوونەوەی ئاوی باران وبەفری هەردوو چەمی ( تیت ) و ( قەلأچۆالان ) پێك دێت ودواتر بەقەلأدزێ ودەربەندی ڕانیە ودەربەندی دوکاندا تێدەپەڕێت پاشان بەشارۆچکەکانی تەق تەق وپردێ [٢] ودوبزدا تێدەپەڕێت ودرێژی زێی بچووك ( ٢٢,٢٥٠ ) کیلۆمەترە ، هەروەها سالأنە(٦,٩٩ ) ملیار مەترسێجا ئاوی هەیە[٣]٠

شایەنی باسە رووباری زێی بچوك وەك سنوری کەرکوك دیاریکراوە ولەسەردەمی دەسەلأتی بەریتانیدا بەڕاشکاوی لەفەرمانی دیاریکردنی مێجەر نوئێل وەك حاکمی سیاسی کەرکوك ئاماژە بەسنووری کەرکوك دەکرێت ، کەدەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری زێی بچووك و رووباری دیالە تادەگاتە سنووری عێراق - ئێران ، کە هەولێر و قەزاو ناحیەکانی ئەو کاتە لەسەر لیوای کەرکوك بوون [٤] ، بەلأم لە سالی ( ١٩٢٣ ) دا حکومەتی عێراق هەولێری لەلیوای کەرکوك جیاکردەوە وکرایە لیوایەکی سەربەخۆ[٥]٠

**٣-ڕووباری ئاوە سپی :** ڕووبارێکی هەمیشەییە هەرچەندە لەوەرزی هاویندا کەم دەکات بەهۆی بەکارهێنانی بۆئاودێری بەربوومی کشتوکالێ ، بەلأم وشك ناکات٠

ئەم ڕووبارە لەچیای ( ئاژداخ )ەوە هەلدەقولێت لای باشووری ڕۆژهەلأتی شارۆچکەی سەنگاو[٦] ، درێژیەکەی نزیکەی ( ١٠٠ ) کیلۆ مەترە وبەدێهاتی عەشرەتەکانی زەنگەنە وجاف وداودە وبەیاتدا

---

[١] - محمد عبدالله عمر : دور المیاه في تعریب محافظة کرکوك ، م ٠س ، ص ٦١.

[٢] - پردێ شارێکی دێرینی باشوری کوردستانە و دەکەوێتە سەر ڕێگەی سەرەکی نێوان هەردوو لیوای کەرکوك وهەولێربەدووری ( ٤٤ ) چل و چوار کیلۆمەتر لەسەنتەری قەزای کەرکوك ، بە گوێرەی سەرژمێری سالی ١٩٥٧ یەکێك بووە لەناحیەکانی قەزای کەرکوك ، وئەو سەرەمە دوبز یەکێك بووە لەگوندە گەورەکانی ئەم ناحیەیە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عبدالجبار مصطفی باخوان : پردێ٠٠ التون کوبری ٠٠ المدینة والمستقبل ، ط ٢ ، مطبعة هاوستر ، اربیل ، ٢٠١٣ ، ص ص ٧ ، ٢١ ، ٢٢ ؛ فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفی : ماذا في کرکوك ، م ٠ س ، ص ١٩ ؛ محەمەد هادی دەفتەر و عەبدولأ حەسەن : عیراقی باکور ،س ٠ پ ، ل ل ١٢٤ - ١٢٧ ؛ الجمهوریة العراقیة : وزارة الداخلیة ، مدیریة النفوس العامة ، المجموعة الاحصائیة لتسجیل عام ١٩٥٧ ، لوائي السلیمانیة وکرکوك ، م . س ، ص ٨ ).

[٣] - جزا توفیق طالب : اقلیم کوردستان العراق دراسة في الجغرافیة السیاسیة ، اطروحة دکتوراه غیر منشورة ، کلیة العلوم الانسانیة ، جامعة السلیمانیة ، ٢٠٠٤ ، ص ١٠١.

[٤] - عبدالرقیب یوسف : حدود کردستان الجنوبیة تاریخیا وجغرافیا خلال خمسة الاف عام وما ترتب علی الحاقها بالعراق ، ط ١،مطبعة شفان ، السلیمانیة ، ٢٠٠٥ ، ص ١٣٥.

[٥] - نجات کوثر اوغلو : صفحات من تاریخ کرکوك منذ فجر التاریخ الی ١٩٥٨ ، کرکوك ، ٢٠٠٩ ، ص ٢٤٨.

[٦] - عەبدولأ عەبدول کەریم مارف بەرزنجی : کارکۆك لە مێژوودا ،س ٠ پ ، ل ٧٦.

تێدەپەڕێت ، بەڵام کاتێك دەگاتە شارۆچکەی خورماتوو[١] ئاوی ئەم ڕووبارە زۆرکەم دەکات بۆیە لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە بەرووباری وەرزیی دەناسرێت[٢].

٤- ڕووباری ڕۆخانە: ئەم رووبارە لەنزیك شارۆچکەی داقوق[٣] تێدەپەڕێت[٤] ، هەندێك سەرچاوە بەناوی ( داقوق سو ) ناوی دەبەن[٥].

سەرچاوەی ئاوی ڕۆخانە لەبەرزاییەکانی قەرە حەسەنەوە[٦] هەڵدەقوڵێت و پشت بەئاوی باران دەبەستێت وبەهاوتەریبی لەگەڵ رووباری خاسە دێتەخوارەوە و سوودێکی ئابوری باشی هەیە بۆ جوتیارانی داقوق[٧] ، دواتر لەئەنجامی تێکەڵاو بوونی روباری خاسە وئاوەسپی ورۆخانە لەنزیك شاری خورماتوو دەریاچەی عوزێم پێك دێت[٨].

شایەنی باسە دانیشتوانی کەرکوك پشتیان بەچەندین جۆگەلەی ئاو دەبەست بۆئاو خواردنەوە و ئاودێری کشتوکاڵی لەناو شاردا ، نموونەی ئەو جۆگەلانەش ( قۆریە و تسعین و پڵاوە)[٩] ، کەئەم جۆگەلانە سودی بەرچاوی هەبووە ، بەتایبەتی بۆ دروست کردنی ( ئاسیاو ) وهاڕینی گەنم وجۆ ، بۆیە ئەم جۆگانەخاوەنی خۆی هەبووە وساڵانە پاك دەکرانەوە[١٠].

---

[١] – بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ شاری خورماتوو قەزایەك بووە سەر بە لیوای کەرکوك و( ٧٥ ) کیلۆمەتر لەسەنتەری شاری کەرکوکەوە دوورە و پێکدێت لە هەردوو ناحیەی داقوق و قادر کەرەم ، ودەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای لیوای کەرکوك و لەسەر ڕێگەی سەرەکی نێوان کەرکوك بەغدایە ، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم قەزایە بڕوانە : مهدي صالح سعيد العباسي : كركوك في العهد العثماني دراسة في اوضاعها الادارية والاقتصادية والثقافية ١٨٧٦ – ١٩١٤ ، م . س ، ص ٤٦ – ٤٧ ؛ نوران برهان علي : العلاقات العثمانية – الفارسية ... ، م . س ، ص ٨٠.

[٢] – ئەحمەد حەمید گەرمکی : شاری خورماتوو کورتەیەکی جوگرافی مێژوویی ئیداریی نەتەوەیی شاری خورماتوو ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل ١٣.

[٣] – شاری داقۆق مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە ودەکەوێتە باشووری شاری کەرکوك بەدووری ( ٤٠ ) کیلۆمەتر ، و بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ یەکێك بووە لە ناحیەکانی قەزای خورماتوو ، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر داقوق بڕوانە : محەمەد هادی دەفتەر و عەبدوڵا حەسەن : عیراقی باکور ،س ٠ پ ، ل ١٣٦ – ١٣٩.

[٤]– موعتەسەم ساڵەیی : لە کەرکوکەوە ، س ٠ پ ، ل ١٠٥.

[٥]– برهان محمد قادر البرزنجي : كركوك الارض والتاريخ ، م ٠ س ، ص ٣٧.

[٦] – ناحیەی قەرە حەسەن یەکێکە لەناحیەکانی قەزای ناوەندی کەرکوکە و دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی لیوای کەرکوك ، لەسەردەمی عوسمانی ناوی ئەم ناحیەیە ( ناحیەی گل ) بووە ، و گوندی لەیلان سەنتەری ناحیەکەیە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد هادی دەفتەر : هـ . س ، ل ١٢٧ – ١٢٩ ؛ مهدي صالح سعيد العباسي : م . ن ، ص ٤٥ .

[٧] – طارق كامل : طبيعة كركوك ، موسوعة كركوك قلب العراق ، م ٠ س ، ص ٢١.

[٨] – محمد عبدالله عمر: دور المياه في تعريب محافظة كركوك ، م ٠ س ، ص ٦١.

[٩] – الحكومة العراقية : دليل المملكة العراقية لسنة ١٩٣٥ – ١٩٣٦ ، م ٠ س ، ص ١٠١٠ ؛ ناهیدە جەمال تاڵەبانی : پاراستنی ئاو وخاك لە هەردوو چەمی خاسە و زەغیتون ، س . پ ، ل ١٥٨.

[١٠]–جەلیل محەمەد شەریف : شارەکەم لە پەنجەرەی یادگارییەکانمەوە ، چاپخانەی ئەراپخا ، کەرکوك ، ٢٠١٠ ، ل ٤٢– ٤٣.

دانیشتوانی کەرکوك جگە لەو جۆگەلانە پشتیان بەچەندین کانی و کاریز دەبەست و هەروەها زۆربەیماڵەکانی ناو شار بیری ئاویان لێدابوو٠

لەڕاستیدا بارودۆخی ئاودێری لەکەرکوك وەك خۆی مایەوە تا لە ساڵی (١٩٣٠ ) دا ، بۆ یەکەمین جار تۆڕی ئاوی خواردنەوە ڕاکێشرا [١] ، کە ئەویش لەسەردەمی موتەسەریفی کەرکوك ( تەحسین عەسکەری ) دا بوو[٢]٠

وێڕای ئەوەی تۆڕی ئاو گەیەندرایە ناو شاری کەرکوك ، بەڵام بەکارهێنانی جۆگەلەی ئاو و بیری ماڵان هەر بە پلەی یەکەم دەهات و تا ساڵی ( ١٩٥٧ ) ژمارەی ئەو ماڵانەی تۆڕی ئاوی حکومیان بەکاردەهینا تەنها ( ١٠,٩٦٢ ) ماڵ بوون لەبەرامبەردا (١٥,٠٢٨) ماڵ ئاوی جۆگەلە وڕووباریان بەکاردەهێنا ، هەروەها ( ١٠,٠٠٥ ) ماڵیش ئاوی بیری ماڵانیان بەکاردەهێنا [٣]٠

بێگومان ئەو ئامارانەی سەرەوە بارو گوزەرانی دانیشتوانی کەرکوکمان بۆ دەردەخات لە ڕووی ئابوری و لەهەمان کاتدا لەڕووی تەندرووستیشەوە٠

---

[١]– نجات کوثر اوغلو : من حوادث کرکوك ، م ٠ س ، ص ١٥١.

[٢]– لە نێوان ساڵانی ( ١٩٣٠ – ١٩٣١ ) موتەسەریفی لیوای کەرکوك بووە ، بڕوانە : سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ): مێژووی سەردەمە کارگێری و بەڕێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکوك ، س ٠ پ ، ل ٣٩ .

[٣]– فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفی : ماذا في کرکوك ، م ٠ س ، ص ٥٣.

## باسی دووەم : بایەخدانی حکومەتی عێراق بە پرۆژەکانی ئاودێری

گرنگیدان بە ئاودێری دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی عوسمانیەکان ، کاتێك لەساڵی ( ١٩١١) دا شارەزا ( ولیەم ویکلۆکس ) ڕاپۆرتێکی سەبارەت بەزیندووکردنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکان وفراوانکردنی پرۆژەکانی ئاودێری لە عێراق ئامادە کرد ، بەلاّم هەلگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی لەکارخستنی ئەوڕاپۆرتە[١]٠

بەهاتنی دەسەلاّتی ئینگلیز بۆ عێراق وکوردستان ( ولیەم ویکلۆکس ) دەسەلاّتدارانی ئینگلیزی ئاگادار کردەوە لەگرنگی ئەو ڕاپۆرتەی کەئامادەی کردبوو ، بۆیە سەرەتا گرنگیان بەدروست کردنی بەنداو و پاککردنەوەی جۆگەلەئاوەکان دا بۆئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت بۆئاودێری کێڵگەکشتوکاڵیەکان[٢]٠

شایەنی باسەئاودێری لەلای ئینگلیز جێگەی بایەخ بووە ، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کەلەماوەی نێوان سالاّنی ( ١٩١٨ – ١٩٥٤ ) دا بەبەردەوامی بەڕێوەبەرانی فەرمانگەی ئاودێری عێراق کەسانی ئینگلیز بوون بۆنموونە : ( لویس L .L.W. LOWIS ) لەنێوان (١٩١٨ – ١٩١٩ ) و ( ئایتکین A.B.AITKIN ) لەنێوان ( ١٩١٩ – ١٩٢١ ) و ( سیلایە ر P . J . SELLIER ) لەنێوان ( ١٩٢١ – ١٩٢٥ ) و ( بۆری L. E . BURY ) لەنێوان ( ١٩٢٥ – ١٩٣٣ ) و ( شارپ G . SHARP ) لەنێوان ( ١٩٣٤ – ١٩٣٥ ) و ( ئەتکێنسۆن J . D . ATKENSON ) لەنێوان ( ١٩٤١ – ١٩٤٦ ) و ( هاردی F . S . HARDY ) لە ساڵی ١٩٤٦ ) هەروەها بۆ جاری دووەم ( هاردی F . S . HARDY ) لەنێوان ( ١٩٥١ – ١٩٥٤ ) ئەمانە سەرجەمیان بەڕیوەبەری فەرمانگەی گشتی ئاودێری عێراق بوون [٣]٠

لەم پرۆژەیەدا حکومەتی عێراق بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکانی ، عێراقی کردە پێنج ناوچەی ئاودێری و ناوچەی پێنجەم بارەگاکەی لەکەرکوك بوو وسەرپەرشتی کاری ئاودێری لیواکانی ( کەرکوك و سلێمانی و هەولێر و موسڵ ) ی دەکرد و کارەکانی بریتی بووە لەدابەشکردنی ئاو بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر کێڵگە کشتوکاڵیەکان وپاراستنی ئەو کێڵگانە لەمەترسی لافاو وپاککردنەوەی جۆگەلەئاوەکان لەقوڕ ولیتاو و جێبەجێکردنی یاساکانی ئاودێری [٤]٠

---

١– الحكومة العراقية : دليل المملكة العراقية لسنة ١٩٣٥ – ١٩٣٦ ، م ٠ س ، ص ٥٧٣.

٢ – لمى عبدالعزيز مصطفى عبدالكريم : الخدمات العامة في العراق ١٨٦٩ – ١٩١٨ ، اطروحة دكتوراه غير منشورة مقدمة الى كلية الاداب جامعة الموصل ، ٢٠٠٣ ، ص ٢٨١.

٣– جمهورية العراق : وزارة الموارد المائية ، موسوعة دوائر الري في العراق منذ شباط ١٩١٨ الى شباط ٢٠٠٥ ، مؤسسة المدى للأعلام والثقافة والفنون ، بغداد – بيروت ، ٢٠٠٥ ، ص ٣٩.

٤– احمد سوسة : تطور الري في العراق ، مطبعة المعارف ، بغداد ، ١٩٤٦ ، ص ١٦١ – ١٦٢.

حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی پاراستنی ئاودێری و بۆئەم مەبەستە چەندین هەنگاوی گرنگی نا ، هەروەها چەند یاسایەکی دەرکرد لەوانە : یاسای ژمارە ( ١ ی ساڵی ١٩٢٦ ) کە بەمەبەستی هاندانی جوتیار بۆ بەکارهێنانی ترۆمپای ئاو بەرامبەر بە بەخشینی لەباجی بەروبوومی کشتوکاڵی بۆ ( ٤ ) وەرز ، ودواتر چەند یاسایەکی تردەرچوون وەك یاسای ژمارە ( ٣٧ ی ساڵی ١٩٣٠ ) کە بەپێی ئەم یاسایە حکومەت سولفەی بۆخاوەن ترۆمپا ئاوەکان خەرج دەکرد بەمەبەستی کڕینی سووتەمەنی [١] ، ئەمە وێڕای وەرنەگرتنی گومرگ لەسەر ئەو ترۆمپا ئاوانەی کە هاوردە دەکران ، هەروەها ئاسانکاری زیاتر کرا بۆدابەشکردنی سووتەمەنی بەسەرخاوەن ترۆمپائاوەکاندا [٢].

پاڵپشتی حکومەتی عێراق بۆخاوەن ترۆمپای ئاو دەگاتە لوتکە کاتێك لە ساڵی ( ١٩٣٢ ) دا یاسایەك دەردەچێت و مافی موڵکداری دەداتە خاوەن ترۆمپای ئاوەکان بۆئەو زەویانەی کە ماوەی ( ١٥ ) ساڵ پێشتر بەکارنەهێنراون ئەوا خاوەن ترۆمپا ئاوەکە دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت وببێت بەخاوەنی ڕاستەقینەی ئەو زەویە[٣].

لەڕاستیدا حکومەتی عێراق لەم سیاسەتەدا بەردەوام دەبێت لەپاڵپشتی پرۆژەکانی ئاودێری ، ئەویش بەو هۆیەوە بوو کەفەرمانگەی ئاودێری عێراق لەژێر دەسەلاتی ڕاستەوخۆی فەرمانبەرانی ئینگلیزدا بوو لەبەرئەوە ئەو گرنگیە دەگاتە ئاستێك کە ( ١٩٪ ) ی داهاتی هەموو عێراق لەنێوان ساڵانی ( ١٩٣١ – ١٩٣٥ ) تەرخان بکرێت بۆ فەرمانگەی ئاودێری وئەو ڕێژەیەش بەرز دەبێتەوە تادەگاتە ( ٢٦ ٪ ) لەنێوان ساڵانی ( ١٩٣٦ – ١٩٣٩ ) دا [٤].

گرنگیدانی ئینگلیز بەئاودێری دەگەڕێتەوە بۆهەوڵدانیان بەبەستنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی عێراق وکوردستان بەپیشەسازی بەریتانیاوە ودابینکردنی کەرەستەی خاو بەتایبەتی ( لۆکە وتوتن) بۆئەو پیشەسازیە ، هەروەها بازاری ناوخۆی عێراق وکوردستان بکەنە بازاڕێك بۆساغکردنەوەی کالاَ ئینگلیزیەکان [٥].

بۆیە ئەم هەنگاوانەی حکومەتی عێراق وادەکات ژمارەی ترۆمپای ئاو زۆر زیادبکات تاگەیشتە نزیکەی ( ٣,٠٠٠ ) دانە ، ئەم ڕێژەیە بەبەراورد بەساڵی ( ١٩١٨ ) کاتێك کەئینگلیزەکان هاتنە عێراق ، ئەودەمە جوتیارانی عێراق و کوردستان هیچ جۆرە شارەزاییەکیان نەبووە لەسەر بەکارهێنانی ترۆمپای ئاو [٦].

---

١- طلعت الشيباني : واقع الملكية الزراعية في العراق ، م ٠ س ، ص ٢١ – ٢٢.

٢- جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، م ٠ س ، ص ٢٠٩.

٣- عماد احمد الجواهري : تاريخ مشكلة الاراضي في العراق ودراسة في التطورات العامة ١٩١٤ – ١٩٣٢ ، م ٠ س ، ص ٢١٩.

٤- سعيد عبود السامرائي : التخطيط الزراعي في العراق ، ط١ ، مطبعة الامة ، بغداد ، ١٩٨٠ ، ص ٨١ – ٨٢ .

٥- علي خليل احمد البياتي : الاوضاع الاقتصادية في العراق ١٩٣٢ – ١٩٣٩ ، م ٠ س ، ص ٦٣ – ٦٧ .

٦- احمد سوسة : تطور الري في العراق ، م ٠ س ، ص ٨٠.

بەرامبەر بەو هەموو بایەخ و گرنگییەی کەحکومەتی عێراق بەپرۆژەکانی ئاودێری وهێنان ودابەشکردنی ترۆمپای ئاوی دەدا ، بەڵام وەك لەئامارەکاندا دەردەکەوێ ، حکومەتی عێراق بەردەوام کەرکوکی فەرامۆش کردووە ، تەنانەت پرۆژەی ئاودێری حەویجەش[1] کە لەتەوەری سێیەمدا باسی دەکەین ئەویش هیچ سوودێکی ئابوری بۆدانیشتوانی ڕەسەنی کەرکوك نەبووە٠

**خشتەی ژمارە ( ١٢ )[2] دابەشکردنی ترۆمپای ئاو لەکەرکوك وعێرق (١٩٤٨– ١٩٥٨):**

| ساڵ | ترۆمبای ئاوی دابەشکراو لە لیوای کەرکوك | ترۆمبای ئاوی دابەشکراو لە هەموو عێراق |
|---|---|---|
| ١٩٤٨ – ١٩٤٩ | ٢ | ٣,٤٢٥ |
| ١٩٤٩ – ١٩٥٠ | ٣ | ٣,٥٩٣ |
| ١٩٥٠ – ١٩٥١ | ١١ | ٣,٧٧٥ |
| ١٩٥١ – ١٩٥٢ | ١٣ | ٤,٠٦٨ |
| ١٩٥٢ – ١٩٥٣ | ١٣ | ٤,٣٣٩ |
| ١٩٥٣ – ١٩٥٤ | ١٥ | ٤,٥٥٥ |
| ١٩٥٤ – ١٩٥٥ | ١٨ | ٤,٧٨٤ |
| ١٩٥٥ – ١٩٥٦ | ٢٢ | ٥,٠٢٥ |
| ١٩٥٦ – ١٩٥٧ | ٢٤ | ٥,٢٦٤ |
| ١٩٥٧ – ١٩٥٨ | ٢٨ | ٥,٤٤٤ |

ئەوەی لەخشتەی ژمارە ( ١٢ ) دا بۆمان دەردەکەوێت ، ژمارەی ترۆمبای ئاوی دابەشکراو لە کەرکوك زۆر کەمە وبەراورد ناکرێت لەگەڵ هەموو عێراقدا ، ڕەنگە پاساوی حکومەتی عێراق ئەوەی بێت کە بەرهەمە

[1] – ناحیەی حەویجە یەکێکە لەناحیەکانی ناوەندی قەزای کەرکوك ودەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای لیوای کەرکوك وناوچەیەکی کشتوکاڵی گرنگە و پێشتر بەناوی ناحیەی مەلحە ناسرابوو ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ): مێژووی سەردەمە کارگێری و بەڕێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکوك ، س ٠ پ ، ل ٩٠ – ٩٢.

[2] – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە: الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٤٩ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٢٨ ، ص ١١٠ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٠ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٣١ ، ص ١١٥ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٤٠ ، ص ١٣٦ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٢، م ٠ س ، جدول رقم ١٩٤ ، ص ٢٣٢ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٣٦ ، ص ١٠٠ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٥ ، م ٠ س ، جدول رقم ٩٩ ، ص ٩٢ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٦ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٢٥ ، ص ١٠٩ ؛ الجمهوریة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ٨٩ ، ص ٧١ ؛ الجمهوریة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ١١٤ ، ص ١٠٠.

كشتوكاڵيەكانى كەركوك زياتر پشت بەئاوى باران دەبەستن ، بەلاَم بۆ بەروبوومى هاوينە كە هەميشە كەركوك گرفتى ئاوى هەبووە بۆ ئاودێرى لەوەرزى هاوين ، ئەوا ئەو ڕێژە كەمەى ترۆمبا ئاوەكان بەجۆرەى پێويست نەبووە و نەتوانراوە بەرهەمى كشتوكاڵى زيادبكرێت و ڕەوانەى شارەكانى تر بكرێت وەك پێويست.

هەروەها لە لێدانى بيرى ئيرتوازيداشدا ئەو جياوازيە هەيە بۆ نموونە : لەكۆى ( ١٦٨ ) بيرى ئيرتوازى ، كە لەعێراق لێدراون بۆساڵى ( ١٩٥٢ ) پشكى كەركوك ( ٢٧ ) بير بووە و لە ساڵى ( ١٩٥٣ ) دا لەكۆى (١٠ ) بيرى ئيرتوازى پشكى كەركوك ( ٤ ) دانە بووە ، ئەو ڕێژەيە ديسانەوە لەساڵى ( ١٩٥٤ ) دادەبەزێت بۆ ( ٢ ) دانە [١] ، دواتر نزمتر دەبێتەوە بۆ ساڵى ( ١٩٥٧ ) لە كۆى ( ٤٢ ) بيرى ئيرتوازى پشكى كەركوك ( ٤ ) بير دەبێت وبۆساڵى ( ١٩٥٨ ) لە كۆى ( ٨٩ ) بيرى ئيرتوازى پشكى كەركوك تەنها بريتى بووە لە( ٦) دانە [٢].

نايەكسانى لەدابەشكردنى ترۆمباى ئاو ولێدانى بيرى ئيرتوازى وفەرامۆشكردنى كەركوك وامان لێدەكات زياتر ورد بينەوە لەداتاكان بۆدەرخستنى چەند ڕاستيەك كەبريتيە لە : ڕووبەرى ئەوزەويە كشتوكاڵيانەى كەپشت دەبەستن بەترۆمپاى ئاو لەليواى موسڵ بريتيە لە ( ١٣,١٠٢ ) دۆنم ، بەلاَم ئەو ڕووبەرە لەليواى كەركوك دەكاتە ( ١٠,٤٩٠ ) دۆنم ، هەروەها هەمان ئەو زەويانە ڕووبەريان لەليواى كەربەلا دەگاتە ( ٧,٧٧٧ ) دۆنم [٣] ، وێڕاى ئەو جياوازيە كەمەى كەوا هەيە لەڕووبەرى ئەوزەويانەى كەپشت دەبەستن بە ترۆمپاى ئاو بۆئاودێرى لەنێوان ليواكانى ( موسڵ ، كەركوك ، كەربەلا ) ، بەلاَم لەدابەشكردنى ترۆمپاى ئاو ولێدانى بيرى ئيرتوازى جياوازيەكە زۆرە ودەردەكەوێ ، كە كەركوك بەتەواوەتى فەرامۆش كراوە بۆنموونە : بۆساڵى( ١٩٤٨ – ١٩٤٩ ) ژمارەى ترۆمپاى ئاوى دابەشكراو بەم شێوەيە بووە : ليواى موسڵ ( ٧١ ) ترۆمپاى ئاو ، ليواى كەربەلا ( ٢٩ ) ترۆمپاى ئاو ، بەلاَم لە ليواى كەركوك تەنها ( ٢) ترۆمپاى ئاو بووە [٤] ، هەروەها لە ساڵى ( ١٩٥٢ – ١٩٥٣ ) ڕێژەكە زياتر دەبێت و لەموسڵ دەگاتە ( ١٠٣ ) ترۆمپاى ئاو ، ولەكەربەلا دەگاتە ( ٣٠ ) ترۆمپاى ئاو ، بەلاَم لەليواى كەركوك تەنها ( ١٣ ) ترۆمپا دەبەش دەكرێت [٥] ، ئەم دياردەيە بەردەوام دەبێت و لەساڵى ( ١٩٥٧ – ١٩٥٨ ) لەموسڵ ( ١٦٢ ) ترۆمپاى ئاو و لەكەربەلا ( ٤٢ ) ترۆمپاى ئاو ، بەلاَم لەكەركوك ( ٢٨ ) ترۆمپاى ئاو دابەش دەكرێت [٦].

---

١– الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٠٢ ، ص ١٤٧.

٢– الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢١٤ ، ص ٢٩٣.

٣– جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، م ٠ س، ص ٢٢٢.

٤– الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٤٠ ، ص ١٣٦.

٥– الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٣٦ ، ص ١٠٠.

٦– الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ١١٤ ، ص ١٠٠.

## باسی سێیەم : پرۆژەی ئاودێری حەویجە وکاریگەریە ئابووریی وسیاسیەکانی

ناحیەی حەویجە یەکێکە لەو ناحیانەی کەسەر بەقەزای ناوەندی کەرکوکە وسنووری ئەم ناحیەیە لە باکورەوە شاری پردێ یە و لەرۆژهەلاتیشەوە سەنتەری قەزای کەرکوکە و لەرۆژئاواشی قەزای مەخموری پارێزگای هەولێرە و لەباشووریشەوە سنووری لەگەڵ ناحیەی شەرگاتی پارێزگای موسڵە[1].

پرۆژەی ئاودێری حەویجە دەکەوێتە بەری چەپی زێی بچووك لەباشووری رۆژ ئاوای شاری کەرکوك کە زەوی وزارێکی فراوان دەگرێتەوە وپێش ئەم پرۆژەیە هیچ سوودی لێ وەرنەگیراوە [2] ، لەحەویجەیاخود ( شۆریجە ) کەدواتر کرایە عەرەبی وناونرا ( مەلحە ) بەهۆی ئاوی بارانەوە کنگر وتوڵەگە ودۆمەلان وقارچك دەڕوا و جوتیارە کوردەکان دەیانهێنایە ناو شاری کەرکوك ودەیانفرۆشت [3] ، پێش دروستکردنی پرۆژەکە لە زەویەکانی دەشتی حەویجەدا هیچ پرۆژەیەکی کشتوکاڵی تێدا ئەنجام نەدراون وتەنها وەك لەوەڕگەیەك بەکارهاتووە [4] .

ئەم زەویانە لەکۆندا دوو رووباری ئاودێریان تێدا بووە بەناوەکانی ( فیل ) و ( عەباسی ) بەلأم دواتر پڕبوونەتەوە ، بۆیە لەسەردەمی حکومەتی ( یاسین ئەلهاشمی )[5] لەساڵی ( ١٩٣٦ ) دا دەستکرا بەدروستکردنی ئەم پرۆژەیە لەرێگەی بەکارهێنانی زیندانیانی گرتووخانەکانی کەرکوك و عێراق ، بەکارهێنانی ئامێری دواکەوتوو هۆکارێك بوو بۆدرێژ بوونەوەی ماوەی ئەوپرۆژەیە کە لەساڵی (١٩٤٠ ) دا تەواو بووە [6] .

پرۆژەکە دەکەوێتە دووری ( ٣٠ ) کیلۆمەتر باشووری شاری پردێ و لەجۆگەیەکی ئاوی سەرەکی پێك دێت کە درێژیەکەی ( ١٣ ) کیلۆ مەترە ، ودواتر ( ٣ ) لقی تری لێ دەبێتەوە کەبریتیە لە : لقی رۆژهەلأتی حەویجە تاشارۆچکەی ریاز درێژدەبێتەوە ودرێژیەکەی ( ١٣ ) کیلۆمەترە ، لقی رۆژئاوای حەویجە تادەگاتە

---

[1] – هەورامان کەمال میرزا و تاریق رەئوف محەمەد : ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کورد وحکومەتەکانی عیراقدا ، لە بلأوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری ( ی ٠ ن ٠ ك ) دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل٧٤.

[2] – محەمەد هادی دەفتەر و عەبدولأ حەسەن : عیراقی باکور ،س ٠ پ ، ل ٨٢.

[3] – هاشم عاسی کاکەیی ، کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی ، چ ١ ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوك ، ٢٠٠٦ ، ل ١٢٢.

[4] – نوري طالباني : منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي ، لندن ، ١٩٩٥ ، ص ٤١.

[5] – یاسین ئەلهاشمی لە ساڵی ١٨٨٤ لە دایك دەبێت و لە١٩٣٥/٣/١٧ دا دەبێت بەسەرۆك وەزیرانی عێراق و دواتر لە ١٩٣٦/١٠/٢٩ دا کودەتای سەربازی بەسەر حکومەتەکەی دەکرێت لە لایەن بەکر صدقی یەوە و لە ئەنجامدا هەڵدێت بۆ بەیروت و لە ساڵی ١٩٣٧ دا کۆچی دوایی دەکات ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە: عبد المجيد كامل عبداللطيف : حوليات العراق في العهد الملكي ١٩١٤ – ١٩٥٨ ، ط ٤، بغداد ، ٢٠٠٨ ، ص ٤٩ – ٥١.

[6] – جبار قادر : قضايا كردية معاصرة " كركوك – الانفال ، الكرد وتركيا " ، دار ئاراس للطباعة، اربيل ، ٢٠٠٦ ، ص٥٨.

گوندەکانی جبور ودرێژیەکەی ( ١٢ ) کیلۆ مەترە ، لقی خوارووی حەویجە کەدەگاتە زەویەکانی خێڵی عوبێد ودرێژیەکەی ( ١٢ ) کیلۆمەترە[١].

ئەم پرۆژەیە لەتوانیایدایە لەچرکەیەکدا ( ١٥ ) مەتر سێجا ئاو بدات وپێکدێت لە ( ٢٨ ) حەوزی ئاو هەرحەوزێکی لەنێوان ( ٥ – ١٠ ) هەزار دۆنمە [٢] ، کۆی ئەو زەویانەی ئاودێری دەدرێن بەم پرۆژەیە دەگاتە ( ٢٣٧,٦٥٠ ) دۆنم ( مشارە )[٣].

لەگەڵ کارکردن لەپرۆژەی ئاودێری حەویجە حکومەتی عێراق لە ساڵی ( ١٩٣٧ ) دا ناوی پرۆژەی زەوی وەبەرهێنانی لێنا ( مشروع اراضي الوحدات الاستثمارية ) وهەستا بەنیشتەجێ کردنی خێڵە کۆچەریە عەرەبەکانی نزیك چیای حمرین لەخێڵەکانی ( عوبێد [٤]، جبور ، ئەلبوحەمدان ) [٥] ، ولیژنەیەکی تایبەتی دامەزراند بەناوی ( لیژنەی بووژاندنەوەی زەویە میریەکان ) بەمەبەستی دابەش کردنی ئەوزەویانە بەسەر ئەو خێڵانەدا ، بۆیە لیژنەکە بۆهەر جوتیارێك ( ٧٠ ) دۆنم زەوی تەرخانکرد بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی کشتوکاڵی کە ئەو زەویانە بەناوی وەبەرهێنانەوە پێیان بەخشرا [٦].

ئەمەی کە پێشتر باسکرا لایەنە ئابووریەکەی پرۆژەی ئاودێری حەویجەیە کەخۆی لەژیانەوەی ( ٢٣٧,٦٥٠ ) دۆنم ( مشارە ) زەوی دەبینێتەوە کەپێشتر هیچ سوودێکی کشتوکاڵی نەبووە بۆ کەرکوك ، هەروەها نیشتەجێ کردنی چەندین خێڵی کۆچەری ودابەشکردنی زەوی بەسەریاندا بەمەبەستی کشتوکاڵکردن بەمەش هەلی کاری بۆچەندین خێزان ڕەخساند ، ئەمە وێرای بووژاندنەوەی بازاری کەرکوك بەزیادبوونی بەرهەمە جۆراو جۆرەکانی کشتوکاڵی و لەهەمان کاتدا هەناردە کردنی بەرهەمی زیاد بۆ دەرەوەی کەرکوك کە ئەمەش سوودی بۆ بازرگانانی شارەکە هەبووە لەگەڵ داهاتێکی باشی بۆخاوەن خان وکۆگا وکەرتی گواستنەوە مسۆگەر کردووە.

---

١– قادر مصطفی قادر : دور استراتيجي لكركوك في العلاقات الاقليمية والدولية ، گۆڤاری کەرکوك ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی دەیەم ، بەهاری ٢٠٠٩ ، ل ١٥٢ – ١٥٣ ؛ هاشم عاسی کاکەیی ، کورد و چەند بابەتێکی مێژوویی ، س . پ ، ل ١٢٩

٢ – عبدالمجيد فهمي حسن : دليل مشاهير الالوية العراقية ، ج٢ ،م . س ، ص ١٦.

٣– الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، الملكية الصغيرة في العراق ، م . س ، ص ٣٩.

٤ – خێڵە کۆچەریە عەرەبەکان بەبەردەوامی ڕوو بە رووی یەکتر دەبوونەوە بۆیە خێڵی عوبێد لە ژێر فشاری خێڵی شەمەر بەرەو حەویجە کۆچیان کرد، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عباس العزاوي : عشائر العراق ، المجلد الاول ، ج ١ – ٢ ، مكتبة الحضارات ، بيروت ، ب . س ، ص ٧٤ – ٧٥ .

٥– جبار قادر : قضايا كردية معاصرة... ،م . س ، ص ٥٧.

٦– محەمەد هادی دەفتەر و عەبدوڵا حەسەن : عێراقی باکور ، س . پ ، ل ٨٤.

لایەنی سیاسی ئەم پرۆژەیە خۆی لەسیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کەرکوك بەتایبەتی وکوردستان بەگشتی دەبینێتەوە ، دەوڵەتی عێراق هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانی سەبارەت بەکێشەی ویلایەتی موسڵی بێ چارە سەرکراوی هێشتۆتەوە ، بەتایبەتی لەبواری خزمەت گوزاریدا [١].

بۆیە لەساڵی ( ١٩٢٨ ) دا لەسەردەمی حکومەتەکەی ( عەبدولموحسین ئەلسەعدون)[٢] نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چوارجار یاداشتنامەیان پێشکەش بەئەنجومەنی وەزیران کردووە و داوایان کردووە کوردستان فەرامۆش نەکرێت لەبوارەکانی خزمەتگوزاری و پەروەردەییدا [٣].

لەڕاستیدا ئەوەی زیاتر حکومەتی عێراقی هاندەدا بۆ دژایەتیکردنی کورد دەسەلآتی بەریتانی بوو ، چونکە لە ( ٢٢ / نیسانی /١٩٢٩ ) دا مەندوبی سامی بەریتانیی لە عێراق گیلبێرت کلارتۆن ( Gilbert Clarton ) نامەیەك ئاراستەی لەندەن دەکات سەبارەت بەکردەوەکانی حکومەتی عێراق بەرامبەر بەکورد و نارەزاییەکانی نوێنەرانی کورد ، لە بەرامبەردا دەسەلآتدارانی بەریتانیا لە داون ستریت داوای پاڵپشتی دەکەن لە حکومەتی عێراق و گوێ نەدان بەداواکاری نوێنەرانی کورد [٤] ، هەروەها هەڵوێستی فەرمانبەرە بالاّ کانی کورد بۆ نموونە: سەعید قەزاز زۆر هەوڵیداوە جافەکان لەوێ نیشتەجێ بکات بەلاّم ڕازی نەبوون ، کە پێشتر ئەو زەویانە موڵکی بنەماڵەی خانەقا بوو وهەواری جافەکان بووە ودواتریش بەڕەزامەندی سەید ئەحمەدی خانەقا عوبێدییەکان هاتوونەتە ناوچەکە ، هەروەها حامید بەگی جاف کاتێك قایمقامی قەزای چەمچەماڵ بوو ، لە کاتی دروست کردنی پرۆژەی ئاودێری حەویجەدا داوای لە دەسەلآتدارانی بەغدا کرد بەشێك لە زەویەکانی پرۆژەکە بۆخێڵی جاف تەرخان بکات ، بەلاّم وەلاّمی حکومەتی عێراق ئەوەبوو کەحامید بەگی جافی دوورخستەوە لە پۆستەکەی [٥].

شایەنی باسە گۆڕینی دیمۆگرافی کەرکوك ڕاستییەکە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق تا ئەمڕۆ پەیڕەویان کردووە ئەویش بەنیشتەجێ کردنی عەرەب لەسنووری کەرکوك وبەخشینی زەویە کشتوکاڵیەکان وپێشکەش کردنی هەموو جۆرە هاوکاریەك ، کاتێك دەوڵەتی نوێی عێراق دامەزرا لەناو شاری کەرکوکدا تەنها ( ٣٠ ) خێزانی عەرەب هەبوون نیشتەجێ ی نێوان هەردوو گەڕەکی پیریادی و موسەلاّ بوون و کاری کڕین و

---

١ – فاضل حسين : مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية وفي الرأي العام ، مطبعة الرابطة ، بغداد ، ١٩٥٥ ، ص ١٧٦ – ١٨٠.

٢ – عبدالرزاق الحسني : تاريخ العراق السياسي الحديث ، ج٣ ، ط ٧ ، دار الرافدين للطباعة والنشر ، بيروت، ٢٠٠٨ ، ص ٥١.

٣ – فرمان عبد الرحمن : پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە کوردستانی عێراقدا ، س ٠ پ ، ل ٥٩.

٤ - نوشيروان مصطفى امين : كردستان العراق عصر القلم والمراجعات ١٩٢٨– ١٩٣١ ، ت: حمه صالح كه لالي ، ط١ ، مطبعة خاك ، السليمانية ، ٢٠٠٠ ، ص ٣٨.

٥ – خالد سلێمان : کۆلۆنالیزمی ئاو – ڕۆڵی ئاو لە گۆرانکاری دیموغرافی و تەعریب٠٠٠٠٠٠٠،س ٠ پ ، ل ٣٥ – ٣٦.

فرۆشتنی مەڕو ماڵاتیان دەکرد [1] ، دواتر لەگەڵ دەستپێکردنی کارەکانی کۆمپانیای نەوت لە ساڵی ( ١٩٢٧ ) وە دەسەڵاتدارانی عێراق فەرمانبەری عەرەبیان لەبەغدا و بەسرە وە دادەمەزراند ودانیشتوانی ڕەسەنی کەرکوك بێ بەش دەکران لەودامەزراندنانە [2] ، بەلاّم گەورەترین پرۆسەی گۆڕینی دیمۆگرافی پرۆژەی ئاودێری حەویجە بوو کەزیاتر لە ( ٢٠,٠٠٠ ) عەرەبی کۆچەری لەحەویجە نیشتەجێکران [3] ، بۆیە ژمارەی عەرەب لە کەرکوك لەنێوان ساڵانی ( ١٩٢٨ – ١٩٣٨ ) بەڕێژەی ( ٢٤٠ ٪ ) زیاد دەکات لەکاتێکدا لە ( ١٩٢٨ ) دا ژمارەی عەرەب تەنها ( ١٠,٠٠٠ ) کەس بووە ، بەلاّم بۆ (١٩٣٨ ) دەگاتە ( ٢٣,٩٧٢ ) کەس ، کەچی لەهەمان ماوەدا ژمارەی کورد لە ( ٦٥,٠٠٠ ) کەس بۆ ( ٧٨,٣٨٢ ) کەس زیاد دەکات کە ڕێژەی سەدی بریتیە لە ( ١٢٪ ) [4].

لەئەنجامی ئەم سیاسەتە لە ساڵی ( ١٩٥٧ ) دا ژمارەی عەرەب دەگاتە ( ١٠٩,٦٢٠ ) کەس لەکاتێکدا ژمارەی کورد ( ١٨٧,٥٩٢ ) کەسە [5] بەمەش ڕێژەی زیادبوونی عەرەب بەراورد بە ساڵی ( ١٩٣٨ ) دەبێتە ( ٤٥٧ ٪ ) چوار هێندە ونیو ، بەلاّم ڕێژەی زیادبوونی کورد ( ٢٥٢٪ ) واتا دوو هێندە ونیو ، لەپاڵ سیاسەتی حکومەت بۆ زیادکردنی ژمارەی عەرەب لەکەرکوك ، ئەوا پێویستە ئاماژە بە شێوەی ژیانی خێزانی عەرەب بدەین لە فرەژنی و خستنەوەی وەچەی زۆر و دەمارگیری هۆزەکی وشانازیکردنی لەڕادەبەدەر بۆ بونی کوڕی زۆر ، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی زۆر بوونی ژمارەی عەرەب بووە لەکەرکوك.

لەلایەکی دیکەوە فەرامۆشکردنی کورد لەبەڕێوەبردنی کەرکوك نموونەیەکی تری ئەو سیاسەتەیە ، چونکە بەدرێژایی سەردەمی پاشایەتی لەعێراقدا ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) لەکۆی موتەسەرفەکانی کەرکوك تەنها پێنجیان بەڕەگەز کورد بوون و بەهەموویان تەنها بۆماوەی ( ٧ ) ساڵ پۆستی موتەسەرفی کەرکوکیان بەدەست بووە ، بریتین لە : ( فەتاح پاشا ١٩٢٢–١٩٢٤ ، تەحسین عەسکەری ١٩٣٠ – ١٩٣١ ، سەعید قەزار ١٩٤٨ –١٩٤٩ ، شێخ مستەفا قەرەداغی ١٩٥٠ – ١٩٥٢ ، ڕەشید نەجیب ١٩٥٢ – ١٩٥٣ ) [6]، ئەمەش زۆر بەڕاشکاوی ئەو سیاسەتانەی حکومەتی عێراقمان بۆ دەردەخات بەرامبەر نەتەوەی کورد لەشاری کەرکوکدا.

---

[1] - جبار قادر : قضايا كردية معاصرة " كركوك – الانفال ، الكرد وتركيا " ، م . س ، ص ٥٨.

[2] – مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی : کەرکوك ناوی – مێژووی کۆنی – دانیشتوانی – دەسەڵاتەکانی ، لە بلاّوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد ، کەرکوك ، ٢٠٠٦ ، ، ل ٤٠.

[3] –خليل اسماعيل محمد : مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في اقليم كردستان العراق ، من منشورات مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني ، السليمانية ، ٢٠٠٣ ، ص ٢٣.

[4] –موکرم تاڵەبانی : کوردستان وتورکمان ، و : عوسمان محەمەد ساڵح ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ، ٢٠٠٧ ، ل ٢٤.

[5] – فاتیح عەبدوڵلاّ شوانی : پارێزگای کەرکوك لە ١٩٥٧ – ١٩٧٧ ، چاپخانەی ڕامان ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل ٥٧.

[6] – قادر مصطفى قادر : دور استراتيجي لكركوك في العلاقات الاقليمية والدولية ، م . س ، ص ١٩٧.

## بەشی دووەم : چالاكییە بازرگانی ودارایییەكانی كەركوك ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ )

## تەوەری یەكەم : هۆكارەكانی پەرەسەندنی بازرگانی لە كەركوكدا ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ )

بەرهەمە كشتوكاڵی و ئاژەڵییەكانی كەركوك بەرهەمێكی جۆراو جۆرن و بەهۆی گونجاوی كەش وهەوای كەركوك ئەم فرە جۆریە زیاتر بەدی دەكرێت لەبەرهەمی هاوین وزستانیدا [١] ، ئەمە وایكردووە بەبەردەوامی بەرهەمەكانی لە پێویستی دانیشتوانی خۆی زیاتر بن ولەئەنجامدا بۆ گەیاندنی ئەو بەرهەمانە بەبازاڕەكانی دەرەوەی كەركوك پرۆسەی بازرگانی گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە ، ئەگەر كارەساتی سروشتی نەبوایە كە بۆچەند ساڵێك بەرهەمەكانی كەركوك كەم بوون ، ئەوا بەبەردەوامی بەرهەمی كشتوكاڵی زیادی هەبووە و بازرگانی شارەكانی تریش سەردانی كەركوكیان كردووە بۆ كڕینی بەرهەمی كشتوكاڵی وئاژەڵداری ، بەمەش ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە كەركوكدا تا ئاستێكی باش پشتی بەو بەرهەمانە بەستووە[٢].

### باسی یەكەم : هۆكارە سروشتیەكان

### یەكەم : كاریگەری هەڵكەوتەی جوگرافییەكەی كەركوك لەسەر بازرگانی:

كەركوك گرنگی لەشوێنە جوگرافی وستراتیژیەكەی وەرگرتووە لەبازرگانی ناوخۆیی عێراقدا ، چونكە كەركوك خاڵی بەیەك گەیشتنی نێوان ناوچەی شاخاوی ودەشتی لیتەیی یە، لەهەمان كاتدا خاڵی بەیەك گەیشتن وبەستنەوەی سەرجەم ڕێگەكانی هاتووچۆی نێوان كوردستان وعێراقە [٣] ، سەرەڕای ئەوەی ڕێگەیەك بووە لیواكانی باكوری عێراقی بەبەغدای پایتەختەوە بەستۆتەوە [٤] ، لەبەر ئەوە كەركوك بووەتە سەنتەری گواستنەوی بەرووبوومی كوردستان بۆناوچەكانی تری عێراق وبە پێچەوانەشەوە ، ئەمە جگە لەوەی

---

[١] – بگەڕێوە بۆ ل ٧.

[٢] – بۆ وردەكاری لەسەر جۆری بەرهەمە كشتوكاڵی و ئاژەڵییەكانی كەركوك ، كە بەرهەمی ساڵانەی لە پێداویستی ناوخۆی كەركوك زیاترە بگەڕێوە بۆ : ل ل ١٨ ، ١٩ ، ٢٠ ، ٢١ ، ٣٩ .

[٣] – خطاب صكار العاني و نوري خليل البرازي : جغرافية العراق ، مطبعة جامعة بغداد ، ١٩٧٩ ، ص ١٤٢ ؛ حميد عبدالله صالح : شیكردنەوەی جوگرافی بۆ سیاسەتی تەعریب لەشاری كەركوك و ڕێگاكانی چارەسەركردنی ، نامەی ماستەری بڵاونەكراوە ، زانكۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل ١٠.

[٤] – محەمەد هادی دەفتەر و عەبدولا حەسەن : عیراقی باكور ، س ٠ پ ، ل٧٨.

کەرکوک سنووڕێکی فراوانی هەیە لەگەڵ شارەکانی ( سلێمانی و هەولێر و موسڵ و دیالە و بەغدا ) دا ، لەئەنجامدا پەیوەندی بازرگانی بەهێزی لەگەڵ ئەو شارانەدا هەبووە بەهۆی ئەوسنوورە بەرفراوانەوە [1].

لەلایەکی دیکەوە شارەکە بووەتە سەنتەری کۆبوونەوەی بازرگانانی کوردستان وعێراق وبەتایبەتیش بازاڕی سەرەکی کوردستان بووە بۆساغکردنەوەی بەرووبوومی کشتوکاڵی ناوچەکە وهەناردەکردنی خوری و دانەوێلە وئاژەڵ وبەرهەمەکانی تری کوردستان [2] ، ئەمەش وایکردووە دانیشتوانی کەرکوک بەشداری بەرچاویان هەبێت لەچالاکییە بازرگانیەکاندا [3].

ئەوەی پەیوەندی بەبازرگانی نێودەوڵەتیشەوە هەبێت ، ئەوا کەرکوک یەکێك بووە لە ڕێگە بازرگانییەکانی بازرگانی نێوان ئێران وئەنادۆڵ و وولاَتی شام ودەریای سپی ناوەڕاستدا ، ئەمە جگە لەوەی کەرکوک کەوتۆتە سەر یەکێك لە ڕێگە بازرگانییەکانی نێوان ولاَتی چین وئەورووپا [4] ، بۆیە هەمیشە پڕ بووە لەبازرگانانی وولاَتانی جیهان ، دواتریش بەدرێژایی دەسەلاَتدارێتی عوسمانی ئەو گرنگیەی خۆی لەدەست نەداوە وبووەتە بەشێك لەڕێگەی سولَتانی ، کە عێراق و وولاَتی شام وئەنادۆڵی بەیەکەوە دەبەستەوە [5] ، هەروەها بەهۆی گرنگی ئەو ڕێگەیە بۆدەوڵەتی عوسمانی لەڕووی بازرگانی وکارگێریەوە عوسمانیەکان چەندین بنکەی سەربازیان بەدرێژایی ڕێگە سولَتانیەکە دامەزراندبوو ، کە گەورەترین بنکەی سەربازیان لەشاری کەرکوک بووە [6] ، جگە لەمەش بۆبەردەوامبوونی پەیوەندییەکان بەئەستانبولەوە لەساڵی ( ١٨٦١ ) دا هێڵی تەلەگرافیان دامەزراند ، کە ئەو هێڵە بەکەرکوکدا تێدەپەڕی وناوچەکانی ( فاو و بەسرە وبەغدا و کەرکوک وهەولێر وموسڵ و نسێبین وماردین و دیار بەکر ) ی بەیەکەوە دەبەستەوە [7].

---

[1] – رائد احمد يوسف عباس الجبوري : الادارة الحضرية ومشكلة النفايات الصلبة في مدينة كركوك ، رسالة ماجستيرغير منشورة ، قسم الجغرافية ، كلية التربية ، جامعة تكريت ، ٢٠١٣ ، ص ١٣٠ – ١٣١.

[2] – كمال مظهر احمد : كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير ، م ٠ س ، ص ٥٤ – ٥٥.

[3] – شاكر خصباك : العراق الشمالي دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية ، م ٠ س ، ص ٣٠٦ ؛ وليد شركة : اصالة التنوع الاثني و ستراتيجية الموقع الجغرافي في كردستان العراق ، بحوث الندوة العلمية حول كركوك ٣–٥ نيسان ٢٠١٠ ، م ٠ س ، ص ٧٩.

[4] – فيروز حسن حمة عزيز : الاهمية الجيوستراتيجية لكوردستان الجنوبية... ١٩١٤ – ١٩٢٤ ، م ٠ س ، ص ٧٤ ؛ ايدن اقصو : كركوك صراع النفط ورحلة البقاء ، م ٠ س ، ص ١٦٥.

[5] – صبحي احمد مخلف حمد الدليمي : الصناعات التحويلية الكبيرة وتوطنها في محافظة كركوك ، اطروحة دكتوراه غير منشورة ، جامعة الانبار ، كلية التربية للعلوم الانسانية ، قسم الجغرافية ، ٢٠١٣ ، ص ٢١.

[6] – ا ٠ م ٠ مينتيشاشڤيلی : كورد كورتەی پێوەندی كۆمەلاَیەتی – ئابوری ، رۆشنبیری و گوزەران ، س ٠ پ ، ل ٣٨.

[7] – يوسف رزق الله غنيمة : تجارة العراق قديما و حديثا ، ط ١ ، مطبعة العراق ، بغداد ، ١٩٢٢ ، ص ٨٦ .

دواتریش لەساڵی ١٩١٠ دا بۆڕێکخستنی بازرگانی وکاری ناوبازاڕ ژووری بازرگانی وپیشەسازی کەرکوك ( غرفة تجارة وصناعة كركوك ) دامەزرا ، کە پێکهاتبوو لەسەرۆکی ژوور ( عەبدولسەمەد ئەفەندی ) وجێگرەکەی ( تەها بەگ ) و ( ١٠ ) دە ئەندام [1].

هەڵبەتە بازرگانانی باکووری ئێرانیش لەڕێگەی کەرکوکەوە دەیانتوانی بگەن بەبەغدا وموسڵ و لەوێشەوە بۆسوریا وتورکیا ودەریای ناوەڕاست وباشووری عێراق ، واتە کەرکوك دەروازەیەك بووە بۆساغکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی وپیشەسازی ناوچەکانی باکووری ئێران بەرەو بەغدا وموسڵ ، هەروەها بەپێچەوانەشەوە یەکێك بووە لە دەروازەکانی موسڵ وبەغدا وتورکیا وسوریا وئەورووپا بۆ وولاّتانی ڕۆژهەلاّت ، لەبەرئەوە بازاری شارەکە سوودی لەو کالاّ بازرگانیانە وەرگرتووە کە بەخاکەکەیدا تێپەڕیوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بازاڕی ناوخۆی کەرکوك ، لەهەمان کاتدا بەشداریکردنی بازرگانانی شارەکە لەو بازرگانیەدا ، ئەمە وێرای ئەوەی چەندین بنکە دانرابوون لە کەرکوك بۆوەرگرتنی باج وگومرگ لەسەر کاروانە بازرگانیەکانی سوریا وتورکیا لەگەڵ ئێراندا [2].

لەساڵی ( ١٩٢٧ ) دا ڕێگەی سنووری ( هەولێر - ڕەواندز - ئێران ) کە ناسراوە بە ڕێگەی ( هاملتۆن )[3] دەکرێتەوە وبەهۆی سەختی ڕێگەکەوە پێویستی بەژمارەیەك زۆر کرێکار بووە کە بۆماوەی ( ٣ ) ساڵ کاریان تێدا کردووە[4] ودواتریش کردنەوەی ئەم ڕێگەیە بووەتە هۆکارێك بۆ پەرەسەندنی ترانزێتی ئێران کە کەرکوکدا تێدەپەڕێت وزۆر بەئاسانی بەرهەمەکانی باکووری ئێران ( ورمێ ، تەورێز ) دەگاتە شارەکە ولەوێوە بەهۆی شەمەندەفەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ وولاّتانی بەغدا [5].

شایەنی باسە بەستنەوەی کەرکوك بەشارەکانی ترەوە بەهۆی هێڵی شەمەندەفەرەوە هۆکارێکی تر بووە بۆئەوەی ڕۆڵی ستراتیژی شارەکە زیاد بکات لەبازرگانی نێودەوڵەتیدا وبەهۆی ئەوهێڵەوە گواستنەوەی کالاّ

---

[1] – مهدي صالح سعيد العباسي : كركوك في العهد العثماني ، م ٠ س ، ص ٨٨ ؛ نجات كوثر اوغلو : صفحات من تاريخ كركوك ، م ٠ س ، ص ١٧١ ؛ صلاح عريبي عباس العبيدي : غرفة تجارة كركوك ١٩٥٧ – ٢٠٠٧ ، ط١ ، دار غيداء للنشر والتوزيع ، عمان الاردن ، ٢٠١٦ ، ص ١٠٢.

[2] – پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری : شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ – ١٩٢٦ ، س ٠ پ ، ل ٩٤.

[3]- A . M . Hamilton , Road Through Kurdistan , The Narrative of an Engineer in Iraq , Faber and Faber Ltd ., London , 1958.

[4] – كمال مظهر احمد : الطبقة العاملة العراقية التكون وبدايات التحرك ، دار الخلود للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٨١ ، ص ٦٠.

[5] – كاثلين ام ٠ لانكلي : تصنيع العراق ، ت : محمد حامد الطائي ، مطبعة دار التضامن ، بغداد ، ١٩٦٣ ، ص ١٨٤ ؛ مظفر حسين جميل : سياسة العراق التجارية ، مطبعة نهضة مصر ، القاهرة ، ١٩٤٩ ، ص ١٠١ – ١٠٨.

بازرگانییەکانی لیواکانی ( سلێمانی و هەولێر و موسڵ وبەغدا وباشووری عێراق ) بەکەرکوکدا تێدەپەڕی ، بۆیە ئەو هێڵە ئاسنیە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ بەستەوەی ئەو شارانە بە کەرکوکەوە[1].

## دووەم: کەش وهەوای کەرکوك :

کەش و هەوای کەرکوك بەوە ناسراوە کە وەرزی زستانی سارد و بڕێکی باش بارانی لێ دەبارێت ، کە ئەو بڕەش بەشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەکات ، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی ئاوی رووبارەکانی کەرکوك ولەئەنجامدا ئاوی ژێر زەویش زیاد دەکات ، ئەمەش قازانج بەکشتوکاڵی دەگەیێنێت وسوودی لێ وەردەگیرێت بۆئاودێری تەنانەت لەوەرزەی هاوینشدا ، لەبەر ئەوە بەدرێژایی ساڵ کەرکوك بەروبوومی خۆی هەیە ئەویش بەهۆی ئاودێریەوە ، هەمەجۆری بەرهەمەکان هۆکارێکە بۆگەشەسەندنی بازرگانی وئاڵوگۆڕکردنی ئەو بەرهەمانە لەگەڵ ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك ، وێرای ئەوەی زستانی کەرکوك بەفری زۆرکەمە بەبەراورد بەناوچە شاخاوییەکان ، کە لەوەرزی زستاندا زۆربەی جار ڕێگەوبانەکان بەهۆی بەفرەوە لەیەکتردادەبڕان [2].

## سێیەم : بەرز و نزمی خاکی کەرکوك :

لەڕاستیدا بەرز ونزمی خاکی کەرکوك یارمەتیدەر بووە بۆئەوەی بازرگانی زیاتر لەگەڵ بەغدا بێت ، چونکە ناوچەی نێوان ( کەرکوك – بەغدا ) زیاتر خاکەکەی دەشت وتەختاییە وبەکەمی چیا وگردی لێیە ، جگە لەچیای حەمرین ئەوا ڕێگری سروشتی زۆر کەمە لە دروستکردنی ڕێگەوبانی ( ئۆتۆمبێل و هێڵی ئاسن ) بەبەراورد لەگەڵ ناوچەشاخاوییەکان[3].

لەلایەکی دیکەوە کەرکوك هەر لەدێر زەمانەوە بەهۆی ئەوشوێنە جوگرافیەوە کاریگەری بازرگانی ورامیاری وئابوری وسەربازی خۆی هەبووە بەسەر ناوچەکانی دەوروبەریدا ، جگە لەمەش هەڵکەوتەی ئەو شارە لەسەر ڕێگەی بازرگانی ناوخۆیی ودەرەکی بووەتە هۆکارێك بۆگواستنەوەی کلتوری کەرکوك بۆ

---

[1] – گۆڤاری ( ژیانەوە ) ، ژ ( ٢٨ ) ، ساڵی دووەم ، سلێمانی ، ( ٣ ی ئەیلولی ١٩٢٥ ) ، ل ٣ ؛ محەمەد شاکەلی : گەرمیان ڕابردووی نزیك وئاییندە ، چاپخانەی کارۆ ، کەرکوك ، ٢٠٠٧ ، ل ٤٦ – ٤٧.

[2] – لەسەر کەش و هەوای کەرکوك و ڕێژەی باران بارین بگەڕێوە بۆ: ل ٧ .

[3] – بگەڕێوە بۆ ل ٤٧.

وولآتانی جیهان ئەوەش لەڕێگەی ئەوبازرگان وگەریدانەی ، كە سەردانی كەركوكیان كردووە بەمەبەستی بازرگانی ، بۆیە ناوبانگی خۆی هەبووە لەسەر ئاستی جیهاندا و ولآتان چاویان بڕیوەتە سەری بۆدەست بەسەراگرتنی ڕێگەكانی بازرگانی نێودەوڵەتی لەلایەكەوە وسوود وەرگرتن لەسەروەت و سامانی لەلایەكی ترەوە ، بۆیە دەتوانین بڵێین كەركوك بووەتەیەكێك لە ڕێگەی گرنگەكانی بازرگانی و بەیەك گەیشتن و گواستنەوەی كلتور وبەدەست هێنان ودابین كردنی داریی بۆدانیشتوانی شارەكە و ناوچەكانی دەوروبەری٠

## چوارەم: زۆری بەرهەمی كشتوكاڵی وئاژەڵداری وكانزایی:

لەبەشی یەكەمدا ئاماژەی پێدرا ، كەركوك بەهۆی كەش وهەوا وجۆری خاكەكەیەوە بەرهەمی زیادی هەبووە ، بەتاییەتی لەبەرووبوومی كشتوكاڵی وئاژەڵداری ( گەنم ، جۆ ، مەڕ ، پێستە ، خوری ، ڕۆن ) ، هەروەها لەجۆرەها كانزای سروشتی وەك ( خوێ ، نەوت ، گەچ ، گڵ [1] و بەردی سوور وسپی ، ٠٠٠ هتد) ، بۆیە زۆری هەر بەرهەمێك پێویستی بەپرۆسەی بەبازاڕكردنە ، بازاڕی كەركوكیش پێداویستی خۆی پڕكردۆتەوە و بازرگانان لە پێناو تێكنەچوونی ئەوبەرهەمانە ودەست كەوتنی قازانجی دارایی ئەوبەرهەمانەیان ناردراوە بۆدەرەوەی كەركوك ، لەبەرامبەردا بەرهەمی تریان هاوردەكردووە كە بۆبازاڕەكانی كەركوك پێویست بوون ، بۆیە دانەوێڵە وخوری وپێستە وتوتن دەنێردران بۆبەغدا ولەبەغداشەوە قوماش وشەكر وچای وقاوە وكبریت وكانزاكانی تر وئۆتۆمبێل وئامێری میكانیكی دەبردران بۆئێران لە ڕێگەی كەركوكەوە ولەئێرانیشەوە قالی وئاورێشم و پێست وكەوڵ وسەماوەر دەهێنران بۆبەغدا وموسڵ [2] ، بەلآم زۆربەی بازرگانی كەركوك لەگەڵ بەغدا بووە [3]٠

كلۆدیوس جەیمس ریچ C . J . RICH كاتێك لەساڵی (١٨٢٠ ) دا لەبەغداوە گەشت دەكات بۆشاری سلێمانی و بە كەركوكدا تێدەپەڕێت ، دەڵێت " كەركوك بازاڕێك بووە ، كە هەموو بەرهەمەكانی ئەم بەشەی كوردستانی بۆدەگوازرایەوە وهاووڵآتیانی كەركوك كاری گواستنەوەی ئەوبەرهەمانە دەكەن ، وێرای ئەوەی بازرگانانی شارەكە سەردانی جوتیاران دەكەن بۆ كڕینی بەرهەمەكانی برنج وهەنگوین و ٠٠٠٠٠ هتد " هەروەها

---

[1] – لەسەر گڵ و خاك و مادە ئۆرگانییەكانی كەركوك بگەڕێوە بۆ ل ٨.

[2] – ا ٠ م ٠ مینتیشاشڤیلی : كورد كورتەی پێوەندی كۆمەڵآیەتی – ئابوری ، رۆشنبیری و گوزەران ، س ٠ پ ، ل ٤١ ؛ مظفر حسین جمیل : سیاسة العراق التجاریة ، م ٠ س ، ص ١٠١.

[3] – فاضل حسین : مشكلة الموصل دراسة في الدبلوماسیة العراقیة – الانكلیزیة – التركیة وفي الرأي العام ، م ٠ س ، ص ١١٤.

ئاماژەی بەبەرهەمی خوێ ی کەرکوك وبەرهەمەکانی سلێمانی ودەروروبەری وەك هەنگوین وگوێز و گوڵە بەڕۆژە و لاولاو وسپێدار وشۆرەبی وداری بەن وقەزوان وبنێشت وپاقلەمەنی ومیوەجات وبرنج و وڕۆن و پەموو وتوتن وهەموو بەرهەمەکانی تر ، کە بەشاری کەرکوکدا تێپەڕدەبوو بۆبەغدا وشام ودیاربەکر و لەبەرامبەردا لەو شارانەوە پێڵاو وقوماش وخورما وجل وبەرگی ئەوروپی دەهێنرا بۆکەرکوك وبازرگانانی ئەو شارەش ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لەوئاڵوگۆڕە بازرگانیە [1].

لەڕاستیدا گرنگی بەرهەمەکانی کوردستان لەسەدەی هەژدەمەوە بۆبازرگانە ئەوروپیەکان دەرکەوتووە ، بەتایبەتی بازرگانە ئینگلیز وفەرەنسییەکان کەرەستەی جوانکاریان هێناوە ولەبەرامبەردا مەڕ و خوری وپێستە وتوتنی ئەم ناوچەیەیان بۆئەوروپا بردووە[2].

بێگومان لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی کەرکوك دەنێردران بۆ شاری موسڵ ، بۆ نموونە لەساڵی ( ١٩٠٧ ) دا لەشاری موسڵەوە تەنها بەبڕی ( ٩,٠٠٠ ) لیرەی تورکی بەرهەمی هەمەجۆر هەناردەی کەرکوك کراوە ، لەبەرامبەردا هەناردەکانی کەرکوك بۆموسڵ بەبڕی ( ٦٥,٠٠٠ ) لیرەی تورکی بووە ، کە ئەو هەناردانە بریتی بووە لە : ( گەنم ، جۆ ، لۆکە ، پەتاتە ، فاسولیا ، برنج ، گەنمەشامی ، مێووژ ) [3] ، هەرچەندە بەشێکی زۆری بازرگانی کەرکوك لەگەڵ بەغدا بووە کە ڕێژەکەی لەوەی موسڵ زیاتربووە ، تەنانەت دانیشتوانی کەرکوك بەمەبەستی خوێندن و کارکردن ودامەزراندن زیاتر ڕوویان دەکردە شاری بەغدا وەك لە موسڵ [4] ، لە گەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی زۆربەی بەرهەمەکانی شاری کفری بەهۆی نزیکیەوە بۆ بەغدا هەناردەدەکران وەك : ( دانەوێڵە ، مەڕوماڵات ، خوری ، ڕۆن ) لە بەرامبەریشدا خۆراك وجل وبەرگ وپێداویستیەکانی ناوماڵ هاوردە دەکرا لەبەغداوە [5] ، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بازرگانی کەرکوك لە گەڵ ئێرانیش زۆر بەهێز بووە ولە کۆتاییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا قونسڵگەری ئێران هەبووە لە کەرکوك[6].

---

[1] – کلوديوس جيمس ريج : رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠ ، ج ١ ، ت : بهاء الدين نوري ، مطبعة السكك الحديدية ، بغداد ، ١٩٥١ ، ص ١٠٠ ، ٢١٧.

[2] – أ ٠ شاميلوف : حول مسالة الاقطاع بين الكرد ، م ٠ س ، ص ٧١.

[3] – جەرجيس فەتحوڵلا : وريا بوونەوەی کورد مێژوويیەکی سياسی ١٩٠٠ – ١٩٢٥ ، بەرگی يەکەم ، چ١ ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩ ، ل ٩٦ – ٩٧.

[4] – عطا ترزی باشی : كركوك في القرن التاسع عشر ، ت : مولود طه قايجي ، دارفضولي للطباعة ، كركوك ، ٢٠١٠ ، ص ٦.

[5] – محەمەد شاکەلی : قەزای کفری شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا وپاسەکەی حاجی ، کەرکوك ، ٢٠١٢ ، ل ٥٣.

[6] – صلاح عريبي عباس العبيدي : غرفة تجارة كركوك ١٩٥٧ – ٢٠٠٧ ، م ٠س ، ص ٧٠.

شایەنی باسە لیوای کەرکوك لەساڵی ( ١٩٤٧ ) دا پێکهاتبوو لە ( ٩٨٦ ) کەرت بەپێ ی یاسای ڕێکخستنەوەی زەوی و زار ( تسوية الاراضي ) ، کە مەڵبەندی قەزای کەرکوك لە ( ٦٧ ) کەرت پێکهاتبوو وقەزا وناحیەکانی تری لیواکە لە ( ٩١٩ ) [1] کەرت پێکهاتبوو ، بێگومان زۆربەی ئەوزەویانە زەوی کشتوکاڵی بوون ودانیشتوانی ئەو ناوچانە بەزۆری سەرقاڵی کشتوکاڵ وئاژەڵداری بوون ، هەرچەندە ئەوسەردەمە لەناو سەنتەری شاریش خەڵکی کشتوکاڵی وئاژەڵداریان دەکرد ، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر ، ئەمە وێرای ئەوەی دێهاتەکانی ناحیەکانی شوان وقەرەحەسەن وپردێ ومەلحە بەهۆی نزیکیانەوە لە سەنتەری شاری کەرکوکەوە بەرهەمی کشتوکاڵی وئاژەڵداریان ڕۆژانە دەگەیاندە سەنتەری شارەکە[2] ولە بەرامبەریشدا پێداویستیەکانی خۆیان لەجل وبەرگ وشەکر وچای و پێداویستیەکانی تر دەبردەوە بۆدێهاتەکانیان [3].

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی زۆری بەرهەمی گەنم وجۆی کەرکوك ئەم شارە ناونراوە بە ( سلة خبز العراق ) واتا سەبەتەی نانی عێراق ، ئەوەش بەهۆی زۆری بەرهەمی کشتوکاڵی وئاژەڵداری ، بۆنموونە: بەرهەمی لیوای کەرکوك لەساڵی ( ١٩٥٣ ) دا بریتیە بووە لە (٩,٦٥٦ ) تۆن برنج و ( ٧٥٠ ) تۆن لۆکە و ( ٦٨٢ ) تۆن توتن ودواتر لەساڵی ( ١٩٥٤ ) دا بەرهەمی گەنم ( ١٠٩,٠٠٠ ) تۆن وبەرهەمی جۆ بۆهەمان ساڵ ( ١٥٦,٠٠٠ ) تۆن بووە ، جگە لەمەش کەرکوك ژمارەیەکی بەرچاو ئاژەڵی هەبووە ولەساڵی ( ١٩٥٣ ) دا بریتی بووە لە ( ٢٦٣,٠٣٢ ) بزن و ( ٥٢٢,١٦٤ ) مەڕ و ( ٤٥,٠٠٥ ) ڕەشە وولاّخ ( مانگا وگا ) و ( ٣٢,٤٩٥ ) کەر و ( ١٣,٢٨٣ ) ئەسپ ومایین [4].

لەبەر ئەوە کۆمپانیا بازرگانیە عێراقیەکان هەوڵیان داوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بازرگانانی کەرکوك ببەستن ، لەئەنجامدا چەندین کۆمپانیا بریکار ولق دەکاتەوە لەکەرکوکدا ، ئەمەجگە لەوەی چەندین کۆمپانیای (نەقلیات ) گواستنەوە و کۆگای تێدا دەرکەوتن و کەرکوك بووە گۆڕەپانێك بۆ ریکلامی کۆمپانیا بازرگانیە عێراقیەکان ، کە لەساڵانی ( ١٩٤٧ – ١٩٥٧ ) چەندین کتێب لەسەر کەرکوك دەردەچووە ولەو کتێبانەدا ریکلام بۆکۆمپانیا وکالاّ بازرگانییەکان کراوە ، کە زۆربەی ئەوکۆمپانیانە لقی سەرەکیان لەبەسرە وبەغدا بووە وکاری هەناردەکردنی ( گەنم وجۆ و خوری و خورما ) یان دەکرد و ( جل وبەرگ وئۆتۆمبێل

[1] – سوهەیل خورشید عەزیز : ئەتڵەسی کەرکوك گۆڕانکارییە کارگێڕییەکانی نێوان ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٨٧ ، سلێمانی ، ٢٠١٣ ، ل ١١ – ١٢.

[2] – جەلیل محەمەد شەریف : شارەکەم لە پەنجەرەی یادگارییەکانمەوە ، س ٠ پ ، ل ٤٩.

[3] – عەبدوڵا عەبدول کەریم مارف بەرزنجی : کارکۆك لە مێژوودا ، س ٠ پ ، ل ٩٢.

[4] – شاکر خەسباك : کورد ومەسەلەی کورد ، س . پ ، ل ل ٤٨ ، ٥٦.

وئامێری کارەبایی وشەکر وچای وقاوە ) یان هاوردەدەکرد ، هەرچەندە هەندێك لەو کۆمپانیانە لقیان نەبووە لەکەرکوك ، بەڵام لەوبڵاوکراوانە ریکلامیان کردووە کە لەشارەکەدا دەردەچوون [1].

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ ، کە زۆربوونی بەرهەمی کەرکوك هانی چەند بازرگانێك دەدات بەشداری ڕاستەوخۆ بکەن لەبازرگانی نێودەوڵەتی ودەرچوون لەچوارچێوەی کەرکوکدا ، نموونەی ئەوانەش ( ئیبراهیم یوسف کەرکوکیە ) کە کۆمپانیایەکی بازرگانی دەکاتەوە لەشاری بەسرە وبازرگانی هەناردەکردنی ( خورما ، گەنم وجۆ ، ماش ، فاسولیا ) وهاوردەکرنی ( چای ، قاوە ، قوماش ، ٠٠٠هتد )[2] دەکات٠

لەڕاستیدا بازرگانە گەورەکانی ئەم شارە جولەکە بوون وبازرگانە بچووکەکانی ناوبازار زیاتر کورد وتورکمان بوون ، بۆیە زمانی بازاڕ لەم شارەدا هەردوو زمانی کوردی وتورکمانی بووە ، کە تورکمانەکان زیاتر خەریکی دوکانداری وکاسبکاری ناو بازاڕ بوون ، لەبەرامبەردا بەرهەمەکان زۆربەی لەناوچە کوردیەکان و دێهاتە کوردەکانەوە دەهێنرانە ناو شار ، بۆیە هەردوو زمانی کوردی وتورکمانی زیاتر زمانی بازاڕی کەرکوك بووە ، ئەمە وێرای ئەوەی کاروانە بازرگانیەکانی ئەم شارە زیاتریان لەگەڵ سلێمانی وبەغدا بووە ئەمەش بووەتە هۆی ئاڵوگۆڕی رۆشنبیری وبەهێزبوونی پەیوەندی نێوان کەرکوك وسلێمانی وبەغدا [3]٠

[1] – بۆ نموونە لەساڵی ١٩٤٧ دا لەکتێبەکەی ( عبدالمجید فهمي حسن : دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة ) دا لەلاپەرە ( ٣٩٥ بۆ ٤٦٤ ) تەرخان کراوە بۆریکلامی بازرگانی ، هەروەها لەساڵی ١٩٥٥ دا لەکتێبەکەی (محەمەد هادی دەفتەر وعەبدوڵا حەسەن : عیراقی باکور ) دا لاپەڕە ( ١١٦ بۆ ١٢١ ) تەرخان کراوە بۆ ریکلامی بازرگانی ، هەروەها لەساڵی ١٩٥٧ دا لەکتێبەکەی (فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفی : ماذا في کرکوك ) دا لەکۆتایی کتێبەکە ( ١٤ ) چواردە لاپەرە تەرخان کراوە بۆریکلامی بازرگانی٠

[2] – عبدالمجید فهمي حسن : دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة ، ج ٢ ، م ٠ س ، ص ٣٢٣.

[3] – صلاح عریبي عباس العبیدي : غرفة تجارة کرکوك ١٩٥٧ – ٢٠٠٧ ، م ٠ س ، ص ٦٩.

## باسی دووەم : هۆکارە مرۆییەکان :

## یەکەم : ڕێگەکانی گواستنەوە:

بێگومان پێش دەرکەوتنی ئۆتۆمبێل و هێڵی ئاسنی لە کەرکوك بۆگواستنەوەی کالاّ بازرگانییەکان ئاژەلّ ( بارگیر و کەر ) بەکار دەهێنرا ، وکاروانی تایبەتی بازرگانی لە کەرکوکەوە بەرەو شارەکانی سلێمانی وموسلّ وبەغدا بۆگواستنەوەی بەرهەمی کشتوکالّی وئاژەلّداری وپیشەگەری ناوچەکە ئامادە دەکرا ، لەبەر ئەوە لەناو کەرکوکدا کەسانێك هەبوون کاروانە بازرگانیەکانیان ڕێك دەخست وچاوساغی ئەوکاروانەیان دەکرد کە بەناوی ( کاروانچی ) ناسرابوون [1]٠

لەلایەکی دیکەوە هەربەمەبەستی بەستنەوەی کەرکوك بەشار وشارۆچکەکانی تری کوردستان ، دانیشتوانی شارەکە دوو پرد دروست دەکەن لەسەر زێی بچووك بۆبەستنەوەی کەرکوك بە هەولێرەوە ، کە تا ئێستاش ئەو شارۆچکەیە هەر بەهۆکاری ئەو پردانەوە بەناوی ( پردێ ) دەناسرێتەوە [2]٠

لەبەر ئەوە لەسالّی ( ١٨٦٩ ) دا مدحەت پاشا چەند هەنگاوێکی نا بۆچاککردنەوەی ڕێگەکانی هاتووچۆ بەتایبەتی ڕێگەی نێوان ( کەرکوك – سلّیمانی ، کەرکوك – موسلّ ، کەرکوك – بەغدا ) [3] ، هەروەها عوسمانیەکان لەسالّی ( ١٨٧٥ ) دا بەمەبەستی بەستنەوەی هەردوو بەری کەرکوك پردێکی بەردینیان لەسەر ڕووباری خاسە دروست کرد [4] ئەویش لەسەردەمی موتەسەریفی کەرکوك ( نافز پاشا ) لە نێوان سالاّنی ( ١٨٧٤ – ١٨٧٦ ) موتەسەرفی کەرکوك بوو[5] ، ودواتر لە سەردەمی دەسەلاّتی ماندێتی ئینگلیز لەسالّی ( ١٩٢٠ ) دا ڕێگەی نێوان ( کەرکوك – سلێمانی – هەلّەبجە ) نەوت ڕێژ دەکرێت بەمەبەستی بەکارهێنانی لەوەرزی زستاندا [6] ، کە ئەم ڕێ یانە بەهۆی بارینی بەفرەوە زۆر جار لەزستاندا شاروشارۆچکەکانی کوردستان لەیەکتر دادەبڕان٠

---

[1] – عبد الفتاح علي البوتاني : دراسات ومباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر ،مطبعة حجي هاشم ، اربيل ، ٢٠٠٧ ، ص ١١٢.

[2] – كمال مظهر احمد : كركوك وتوابعها حكم التاريخ والضمير ، م ٠ س ، ص ٥٥ ؛ ا ٠ م ٠ مینتیشاشڤیلی : کورد کورتەی پێوەندی کۆمەلاّیەتی – ئابوری ، ڕۆشنبیری و گوزەران ، س ٠ پ ، ل ٣٩.

[3] – لمى عبدالعزيز مصطفى عبدالكريم : الخدمات العامة في العراق ١٨٦٩ – ١٩١٨ ، م ٠ س ، ص ٢٠٩.

[4] – ئەو پردە لە بەرواری ( ٢/ ئازاری/١٩٥٤ ) دا ڕووخاوە وپردێکی نوێ لە تەنیشتی دروستکراوە ، بڕوانە : مراسل ، في كركوك : اعمار وتجديد ، ( أهل النفط ) مجلة ، ع ( ٧١ ) ، كركوك ، ايلول ، ١٩٥٧ ، ص ٤٤.

[5] – مهدي صالح سعيد العباسي : كركوك في العهد العثماني ، م ٠ س ، ص ٦٣.

[6] – نجات كوثر اوغلو : من حوادث كركوك ١٧٠٠ – ١٩٥٨ ، م ٠ س ، ص١١٧.

شایەنی باسە لەسەردەمی پاشایەتیدا بایەخی کەرکوك زیاد دەکات ودەبێتە سەنتەری فەرمانگەی ئەشغال وگواستنەوەی باکووری عێراق ( دائرة اشغال ومواصلات المنطقة الشمالية )[١] ، ئەم فەرمانگەیە دەتوانێت بەهۆی تۆڕێکی ڕێگەی گواستنەی ووشکانی ( ڕێگەی ئۆتۆمبێل ) کەرکوك ببەستێتەوە بەشارەکانی تری عێراقەوە٠

لەهەمان کاتدا ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی ( مجلس الاعمار العراقي ) لەنێوان سالأنی ( ١٩٥١ – ١٩٥٨ ) دا ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە دروستکردن ونۆژەنکردنەوەی ڕێگەی هاتووچۆ ودروستکردنی جۆرەها پرد ، لەئەنجامدا بڕی ئەو پارەیەی کە لەلایەن ئەنجومەنەکە تەرخانکراوە بۆبواری ڕێگەوبان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاددەکات ، کە لەنێوان سالأنی ( ١٩٥١ – ١٩٥٥ ) بریتی بووە لە ( ١٥,٨٦٢,٠٠٠ ) دینار ، بەلأم لەنێوان سالأنی ( ١٩٥٥ – ١٩٥٨ ) دا ئەو بڕە پارەیە زیاددەکات و دەگاتە ( ٢٦,٧٦٦,٠٠٠ ) دینار[٢] ، ئەم هەنگاوانەی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی دەبێتە هۆی قیرتاو کردن وڕاکێشانی چەندین کلیۆمەتر لەڕێگەکانی هاتووچۆی ئۆتۆمبیل ، کە کەرکوکیش سوود لەوپرۆسەیە وەردەگرێت٠

## گرنگترین ڕێگەکانی هاتووچۆی ووشکانی کەرکوك بریتیە لە:

## أ– ڕێگەکانی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل :

١– ڕێگەی کەرکوك – بەغدا : ڕێرەوی ئەم هێڵە بەهاوتەریبی لەگەڵ هێڵی ئاسنی دەڕوات وزۆر لێ ی دوور ناکەوێتەوە[٣]، ودرێژیەکەی نێوان بەغدا و کەرکوك دەگاتە (٣٠٠ )[٤] کیلۆمەتر و بەچەندین شارو شارۆچکەدا تێدەپەڕێت وەك : ( داقوق ، خورماتوو، دیلّتاوە ، بەغدا ) ئەم ڕێگەیە هەمووی قیرتاو نەکرابوو ، بۆیەئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەستی کرد بەقیرتاوکردنی ڕێگەی نێوان ( دیلّتاوە – داقوق ) ، کە درێژیەکەی ( ١٥٥ ) کیلۆمەتر بوو، لە لایەن کۆمپانیای فۆجیرۆلی فەرەنسیەوە لەساڵی ( ١٩٥٦ ) دا وتێچووی (٣٠٠,٠٠٠ ) دینار وماوەی پرۆژەکە ( ٣٠ ) مانگ بووە[٥] ، ئەمە جگە لەوەی لەهەمان ساڵدا بەمەبەستی ئاسانی هاتوو چۆکردن لەنێوان بەغدا وکەرکوك

[١] – عدنان هرير جودة الشجيري : النظام الاداري في العراق ( ١٩٢٠ – ١٩٣٩ ) ، م ٠ س ، ص ١٢٢.

[٢] – هشام متولي : اقتصاديات القطر العراقي ، م ٠ س ، ص ١٤١ – ١٤٢.

[٣] – عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ٢ ، م ٠ س ، ص ٨.

[٤] – فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى : ماذا في كركوك ، م ٠ س ، ص ١٩.

[٥] – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٣ – ١٩٥٤ ، مطبعة العاني ، بغداد ، ١٩٥٤ ، ص ٣٥.

دەستكرا بەدروستكردنی دوو پرد لەھەردوو شارۆچكەی ( داقوق وخورماتوو ) بەبڕی ( ٢١٠,٠٠٠ ) هەزار دینار[١] ٠

٢- ڕێگەی كەركوك – موسڵ : درێژی ئەو ڕێگەیە ( ١٨٦ ) كیلۆمەترە وبەم شار وشارۆچكانەدا تێدەپەڕێت : ( پردێ ، هەولێر ، كەڵەك ، قەرەقۆش ) دواتر تێكەڵ بەڕێگەی نێودەوڵەتی دەبێت بەرەو ( توركیا و وولاتی شام )[٢].

شایەنی باسە ڕێگەی ( بەغدا – كەركوك – موسڵ ) جێگەی بایەخی حكومەتی عێراق بووە ، چونكە دەروازەی عێراقە بۆوولاتی شام وئەوروپا ٠

٣- ڕێگەی كەركوك – سلێمانی : درێژیەكەی ( ١١٤ ) كیلۆ مەترە وبەشار وشارۆچكەكانی : ( چەمچەماڵ ، بازیان ، تاسلۆجە ) تێدەپەڕێت  ودواتر تێكەڵ بەڕێگەی نێودەوڵەتی دەبێت بەرەو ( ئێران ) ، شایانی باسە لە ( ١٥/ ئازاری/١٩٥٤ ) دا ڕێگەی نێوان كەركوك – تاسلۆجە نۆژەنكرایەوە، هەروەها ئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوەی عێراقی بەمەبەستی گەیشتن بەبەنداوی دوكان ، دەستی كرد بە دروستكردنی ڕێگەیەكی ڕاستەوخۆ لەتاسلۆجەوە بۆدوكان كە بڕی ( ٦٨,٠٠٠ ) دینار تەرخانكرا بۆئەو پرۆژەیە[٣] ٠

٤- ڕێگەی كەركوك – هەولێر : درێژیەكەی ئەم ڕێگەیە دەگاتە ( ٩١ ) كیلۆمەتر وبەم شار و شارۆچكانەدا تێدەپەڕێت : ( پردێ ، هەولێر ، ڕەواندز ) و دواتر تێكەڵ  بەڕێگەی نێودەوڵەتی دەبێت بەرەو ( ئێران )[٤].

٥- ڕێگەی كەركوك – كۆیە ( كۆی سنجەق) : درێژی ئەم ڕێگەیە دەگاتە ( ٨٠ ) كیلۆمەتر ، بۆ گەیاندنی شاری كەركوك بەشارۆچكەی كۆیە پێویست بوو پردێك لەشارۆچكەی تەقتەق دروست بكرێت لەسەر زێی بچووك[٥] ، لەبەر ئەوە لەساڵی ( ١٩٥٦ ) دا ئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوەی عێراق بڕی ( ١٥٠,٠٠٠ ) دیناری تەرخانكرد بۆئەم پرۆژەیە[٦] ٠

---

١ – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٢– ١٩٥٣ المالية ، مطبعة العاني ، بغداد ، ١٩٥٤ ، ص ١١.

٢ – فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى : م ٠ ن ، ص ١٩.

٣ – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٢– ١٩٥٣ المالية ، م ٠ ن ، ص ١٢.

٤ – سعيد حماده : النظام الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، ص ٣٧٨.

٥ – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٣ – ١٩٥٤ ، م ٠ س ، ص ٣٧.

٦ – الجمهورية العراقية : التقرير السنوي لمديرية الحسابات العامة عن المنهاج لمشاريع الاعمار لسنة ١٩٥٦ المالية ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٦٣ ، ص ١٧ .

جگە لەڕێگەکانی ناوشاری کەرکوك کەبریتیە لەچەندین شەقامی سەرەکی کە گەڕەکەکانی ناوشار دەبەستێتەوە بەڕێگە دەرەکیەکان وبۆگەیشتن بەشاروشارۆچکەکانی تر[1] ، لەو شەقامانە:

١. شەقامی مەلیك غازی : گەورەترین وفراوانترین شەقامەکانی شاری کەرکوکە ، لە وێستگەی هێڵی شەمەندەفەرەوە دەست پێدەکات ودرێژدەبێتەوە تا دەگاتە گۆڕەپانی تەکیەی شێخ باقی ٠

٢. شەقامی مەلیك فەیسەلی دووەم : لەوێستگەی هێڵی شەمەندەفەرەوە دەست پێدەکات لەڕۆژئاوای شەقامی مەلیك غازی وبەگەڕەکەکانی ساری کەهیە وقۆریە وشاترلو وبەگلەردا تێدەپەڕێت و درێژدەبێتەوە تادەگاتە گۆڕەپانی تەکیەی شێخ باقی ٠

٣. شەقامی وەسی : لەدەروازەی ( نیو کەمپ ) ەوە دەست پێدەکات و بەگەڕەکی تەپەدا تێدەپەڕێت ودواتر لەگەڵ شەقامی مەلیك فەیسەلی دووەم یەك دەگرن٠

٤. شەقامی سەرای : لەفەرمانگەی شارەوانی کەرکوکەوە دەست پێدەکات وبەبینای سەرای حکومەت وبنکەی سەربازیدا تێدەپەڕێت ولەسەرەتای بازاڕی قۆریەدا کۆتایی دێت٠

٥. شەقامی پردەکە: لەپردی نێوان هەردوو بەری رووباری خاسەوە دەست پێدەکات ودرێژدەبێتەوە تا دەگاتە بنکەی سەربازی٠

٦. شەقامی عەلەمێن: لەنەخۆشخانەی سەربازیەوە دەست پێدەکات وبەبەردەم مزگەوتی ئیبراهیم بەگ و ماڵی نازم بەگی نەوتچی وبەشەقامی وەسی کۆتایی دێت٠

٧. شەقامی قۆریە: لەسەرەتای بازاڕی قۆریەوە دەست پێدەکات تا گۆڕەپانی (جرت مەیدان)٠

٨. شەقامی موسڵ: لەشوێنی بەیەك گەیشتنی هەردوو شەقامی مەلیك غازی وشەقامی مەلیك فەیسەلی دووەمەوە دەست پێدەکات ودرێژدەبێتەوە بەرەو تەکیەی شێخ باقی وخانەی میوانداری کەرکوك و باخچەی ئوم ئەلرەبیعەین ودواتر بەرەو ڕێگەی سەرەکی موسڵ دەڕوات٠

٩. شەقامی باوەگوڕگوڕ: لەباخچەی ئوم ئەلرەبیعەین دەست پێدەکات ودواتر بەروە رۆژئاوا درێژدەبێتەوە بەتەنیشت کۆمپانیای نەوت وبەیەك گەیشتن لەگەڵ شەقامی وەسی کۆتایی دێت٠

١٠. شەقامی مەلیك عەلی: لەتەنیشت بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوکەوە دەست پێدەکات وبەرەو ڕۆژئاوا درێژدەبێتەوە وبەیەك گەیشتن لەگەڵ شەقامی مەلیك فەیسەلی دووەم کۆتایی دێت٠

١١. شەقامی سلێمانی: لەسەر پردی سەرەکی کەرکوکەوە دەست پێدەکات وبەتەنیشت قەڵا درێژدەبێتەوە و گەڕەکی ئیمام قاسم دەبڕێت بەرەو ڕێگەی سەرەکی شاری سلێمانی درێژ دەبێتەوە٠

[1] – دلشاد محمود عبدالرحمن : بارودۆخی کۆمەڵایتی شاری کەرکوك لەسەردەمی پاشایەتیدا ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) ، تێزی دکتۆرای بلاو نەکراوەلە مێژووی نوێ و هاوچەرخ ، زانکۆی سەلاحەددین ، ٢٠١٢، ل ٥٩ – ٦٠ ؛ عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ٢ ، م ٠ س ، ص ١٠١ – ١٠٣.

١٢. شەقامی قەسابخانە: لەپردی سەرەکی کەرکوکەوە دەست پێدەکات وبەرەو باشوورەو درێژدەبێتەوە تا دەگاتە ( کوشتارگەی ) قەسابخانەی تەنیشت قەلاّ٠

١٣. شەقامی بازاڕی گەورە: لەبەشی شارەوانیەوە دەست پێدەکات وبەبازاڕی گەورەدا تێدەپەڕێت تادەگاتە گەڕەکی ئەخی حوسێن ولەنزیک ( ٤ ) گەرماوی ئەوگەڕەکە کۆتایی دێت٠

١٤. شەقامی ئیمام قاسم: لە ( ٤ ) گەرماوی گەڕەکی ئاخی حوسێنەوە دەست پێدەکات وبەرەو باکوور درێژدەبێتەوە بۆ گەڕەکی ئیمام قاسم ودواتر لەگەڵ شەقامی سلێمانی یەك دەگرنەوە٠

١٥. شەقامی تەکیە: لەباکووری قەلاّ دەست پێدەکات تا دەگاتە تەکیەی تاڵەبانی٠

١٦. شەقامی موسەلاّ: لەجووت قاوە وە دەست پێدەکات و بەمزگەوتی گەورەدا تێدەپەڕێت و درێژدەبێتەوە بەرەو باشووری شارەکە٠

١٧. شەقامی ئەبو علوك: گەڕەکی ئاوچی دەبڕێت وبەرەو تەورات درێژدەبێتەوە٠

١٨. شەقامی پیریادی: لە کۆڕەپانی بازاڕی ئاژەڵان دەست پێدەکات تادەگاتە خوێندنگەی میر ئەلیاس.

خشتەی ژمارە ( ١٣ ) [1] ، ژمارەی ئۆتۆمبێل لە کەرکوك وعێراق ساڵانی ( ١٩٥٠ – ١٩٥٨ ):

| ساڵ | ئۆتۆمبێلی تایبەت | | | ئۆتۆمبێلی کرێ تاکسی | | | ئۆتۆمبێلی کرێ پاس | | | ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | کەرکوك | عێراق | ڕێژەی سەدی | کەرکوك | عێراق | ڕێژەی سەدی | کەرکوك | عێراق | ڕێژەی سەدی | کەرکوك | عێراق | ڕێژەی سەدی |
| ١٩٥٠ | ٤٧٨ | ٥,٦٩٨ | ٪٨,٣٨ | ٣٨٩ | ٧,٤٩٤ | ٪٥,١٩ | ٣٨٩ | ٧,٤٩٤ | ٪٥,١٩ | ٧٠٢ | ٥,٩٠٧ | ٪١١,٨٨ |
| ١٩٥١ | ٥٨١ | ٦,١٦٠ | ٪٩,٤٣ | ٤٣٨ | ٧,٨٠٠ | ٪٥,٦١ | ٤٣٨ | ٧,٨٠٠ | ٪٥,٦١ | ٩٣٢ | ٦,١٨٥ | ٪١٥,٠٦ |
| ١٩٥٢ | ٧١٤ | ٨,١٢٧ | ٪٨,٧٨ | ٨٦٠ | ٤,٣٣٢ | ٪١٩,٨٥ | ٢٤٣ | ٣,٤٧٣ | ٪٦,٧٣ | ١,٢٩٩ | ٧,٣٨١ | ٪١٧,٥٩ |
| ١٩٥٣ | ٣١٢ | ٨,٣٣٥ | ٪٣,٧٤ | ٦٨٥ | ٤,٦١٥ | ٪١٤,٨٤ | ٨٧٧ | ٣,٩٧٦ | ٪٢٢,٠٥ | ٦٧١ | ٧,٥٢٩ | ٪٨,٩١ |
| ١٩٥٤ | ٨٨١ | ١٣,٩٦٥ | ٪٦,٣٠ | ١٩١ | ٤,٤٧٣ | ٪٤,٢٧ | ٣١٣ | ٣,٢٦٠ | ٪٩,٦٠ | ١,٠٦٩ | ٨,٢١٢ | ٪١٣,٠١ |
| ١٩٥٥ | ١,٠٨٥ | ١٥,٣٣٨ | ٪٧,٠٧ | ٣٥٣ | ٥,٢٦٥ | ٪٦,٧٠ | ٤٠٠ | ٣,٣١١ | ٪١٢,٠٨ | ١,٠٧٦ | ٩,٠٤٣ | ٪١١,٨٩ |
| ١٩٥٦ | ١,٢٥٣ | ١٧,٥٦٩ | ٪٧,١٣ | ٤٠٩ | ٦,٢٤٦ | ٪٦,٥٤ | ٤٠٧ | ٣,٤٥١ | ٪١١,٧٩ | ١,٣٠١ | ١٠,٥٤٣ | ٪١٢,٣٣ |
| ١٩٥٧ | ١,٣٦٥ | ١٩,٣٥٦ | ٪٧,٠٥ | ٣٨٩ | ٦,٥٤٦ | ٪٥,٩٤ | ٢٩٦ | ٣,٥٠٠ | ٪٨,٤٥ | ١,٣٠٨ | ١٠,٨٦٩ | ٪١٢,٠٣ |
| ١٩٥٨ | ١,٥٥٢ | ٢٣,٠١٢ | ٪٦,٦٧ | ٢٨٢ | ٧,٠٥٩ | ٪٣,٩٩ | ١٨٢ | ٣,٦٠٨ | ٪٥,٠٤ | ١,٥٠١ | ١٢,٢١٣ | ٪١٢,٢٩ |

[1] – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە: الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢١٥ ، ص ٢٦٧ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ٣١١ ، ص ٢٩٧ ؛ الحکومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٥ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٣١ ، ص ٢١٣ ؛ الجمهوریة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ١١٢ ، ص ٨٧ ؛ الجمهوریة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٤٦ ، ص ٣٠٧ .

له خشتەی ژمارە ( ١٣ ) دا ئەوە دەردەکەوێت ، لیوای کەرکوک ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل تێدابووە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆش گوزەرانی و باشی باری ئابوری دانیشتوانی کەرکوک لەو سەردەمە ، ئەمە وایکردووە چەندین کۆمپانیای بازرگانی ئۆتۆمبێل لقی خۆیان لەشارەکەدا بکەنەوە لەوانە ( کۆمپانیای خەزوری وعیزرا میرلاوی ، کۆمپانیای ئیبراهیم وشەفیق عەدس ، کۆمپانیای داوود ساسۆن ٠٠٠٠ هتد ) [١].

لەڕاستیدا جووەکانی عێراق وکوردستان ڕۆڵی بەرچاویان دەبینی لەبازرگانی دەرەکی ، وئەو بوارەیان بۆخۆیان قۆرخکردبوو وئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆدەردەخات ، کە کەرتی گواستنەوە وگەیاندنی عێراق تا ساڵی ١٩٥٢ ( ٧٠٪ ) ی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرا وهەروەها بازرگانی تاك وکۆی عێراقیش ( ٩٧٪ ) ی بەدەستی کەرتی تایبەتەوە بووە کە زۆربەیان جوو بوون [٢].

هۆکارێکی تر بۆ زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێل لە کەرکوک بریتیە لەخزمەتگوزاریەکانی شارەوانی کەرکوک لەبواری چاککردنەوە وقیرتاوکردنی شەقامەکانی ناوشارکە لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥٤ – ١٩٥٦ ) دا بڕی ( ٦٢٢,٠٠٠ ) [٣] دینار تەرخان کراوە بۆقیرتاو کردنی شەقامەسەرەکیەکانی ناو شاری کەرکوک ، بەتایبەتی ئەو شەقامانەی دەچنەوە سەر ڕێگەی هەولێر وسلێمانی وموسڵ وبەغدا ، ئەگەر چی داهاتی شارەوانی کەرکوك بۆساڵانی ( ١٩٥٤ – ١٩٥٦ ) تەنها ( ٧٩٦,٠٠٠ ) دینار بووە[٤].

لە کەرکوک جگە لەئۆتۆمبێل چەندین هۆکار بەکارهاتووە بۆگواستنەوە وبۆ بارکردنی کاڵاکان لەوانە : ( پایسکیل ، ماتۆرسکیل ، گالیسکەی بار هەڵگر ، گالیسکەی نەفەر هەڵگر ) ، بەڵام لەهەمووی زیاتر گالیسکەی ( عارەبانە) نەفەر هەڵگر بەکاردەهێنرا ، چونکە نرخی گواستنەوەی زۆر هەرزانتربوو لەئۆتۆمبێل ، ئەمە جگە لەوەی دانیشتوانی کەرکوک تاسییەکانی سەدەی ڕابردووش بۆ گواستنەوەی ماڵەکانیان گالیسکەی بارهەڵگریان بەکاردەهێنا ئەویش بەهۆی کەمی ئۆتۆمبێلەوە بووە[٥] ، هەرچەندە ئەو گالیسکانە لەشاری کەرکوک دروست نەدەکران بەڵکو لەموسڵ وتورکیاوە دەهێنران و دەربارەی پایسکێل دەکرێ بڵێین کۆمپانیای نەوتی عێراقی ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لەزۆربوونی ژمارەی پایسکیل لەشارەکەدا ، چونکە

---

[١] – صباح عبدالرحمن : النشاط الاقتصادي ليهود العراق ١٩١٧ – ١٩٥٢ ، ط١ ، بيت الحكمة ، بغداد ، ٢٠٠٢ ، ص ٩٣ –٩٥.

[٢] – عماد عبد اللطيف سالم : الدولة والقطاع الخاص في العراق الادوار والوظائف السياسات ، م ٠ س ، جدول رقم ١١ ، ص ١٣٢.

[٣] – محەمەد هادی دەفتەر و عەبدوڵا حەسەن : عیراقی باکور ، س ٠ پ ، ل ١٠٩ ؛ نجات كوثر اوغلو : من حوادث كركوك ١٧٠٠ – ١٩٥٨ ، م ٠ س ، ص ٢١٩.

[٤] – الجمهورية العراقية : منجزات لواء كركوك ، م٠ س ، ص ٨٣.

[٥] – عبدالستار تاهر شریف ، ململانێ لەگەڵ ژیاندا ، س ٠ پ ، ل ١٤.

ژمارەیەكی زۆری دابەشكرد بەسەر كرێكارانی كۆمپانیاكە ومانگانە پارەیەكی كەمی لەمووچەكەیان دەبڕی بەرامبەر بەنرخەكەی ، لەبەر ئەوە لەو سەردەمە كەركوك بەشاری ( پایسكیلان ) ناسرابوو [1] ، جگە لەمەش بەكارهێنانی گالیسكەی نەفەر هەڵگر وپایسكیل لەلایەن دانیشتوانی كەركوك بۆئەوە دەگەڕێتەوە كەپاسی گواستنەوەی حكومی ( مصلحة نقل الركاب ) لەشارەكەدا نەبووە یاخود دواكەوتووە و لە ( ١٥/ شوباتی/١٩٥٥ ) دا لەلایەن موتەسەرفیەی كەركوكەوە بڕیار لەسەر دامەزراندنی دراوە [2] ، ئەمە وێرای ئەوەی (مصلحة نقل الركاب) لەساڵی ( ١٩٣٨ ) وە لەعێراق یاسای دامەزراندنی دەرچووە[3] ، بەڵام لە كەركوكدا زۆر درەنگ دەركەوتووە٠

## خشتەی ژمارە ( ١٤ ) [4] ژمارەی گالیسكە وماتۆرسكیل وپایسكیل لەلیوای كەركوك لەنێوان ساڵانی ( ١٩٥٠ – ١٩٥٨ ) بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق :

| ساڵ | ماتۆڕسكیل | | | پایسكیل | | | گالیسكەی نەفەر هەڵگر | | | گالیسكەی بار هەڵگر | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | كەركوك | عێراق | ڕێژەی سەدی | كەركوك | عێراق | ڕێژەی سەدی | كەركوك | عێراق | ڕێژەی سەدی | كەركوك | عێراق | ڕێژەی سەدی |
| ١٩٥٠ | ٨٨ | ١,٦٢٦ | ٥,٤١٪ | ١,٩٥٧ | ٢٥,٠٢١ | ٧,٨٢٪ | ١٠٠ | ٨٩١ | ١١,٢٢٪ | ٤ | ٢٧٠ | ١,٤٨٪ |
| ١٩٥١ | ١٠٣ | ١,٧٥٢ | ٥,٨٧٪ | ٢,٢٧٠ | ٢٦,٢٤١ | ٨,٦٥٪ | ١٠١ | ٨٨٩ | ١١,٣٦٪ | ٤ | ٣٦٥ | ١,٠٩٪ |
| ١٩٥٢ | ١٠٨ | ١,٨٨٠ | ٥,٧٤٪ | ٢,٣٥٠ | ٢٩,٨٦٧ | ٧,٨٦٪ | ٦ | ٦٧٥ | ٠,٨٨٪ | / | ٣٧٩ | سفر٪ |
| ١٩٥٣ | ١١٨ | ١,٨٩٢ | ٦,٢٣٪ | ٣,٠١٣ | ٣٢,٢٩٤ | ٩,٣٢٪ | ١١٥ | ٩٦٠ | ١١,٩٧٪ | / | ٦١٥ | سفر٪ |
| ١٩٥٤ | ١٢٥ | ١,٩٨٨ | ٦,٢٨٪ | ٣,٢٤٥ | ٣٦,٣٠٩ | ٨,٩٣٪ | ١٢٣ | ١,٠٥٩ | ١١,٦١٪ | / | ٧٠٩ | سفر٪ |
| ١٩٥٥ | ١٣٠ | ٢,٠٩١ | ٦,٢١٪ | ٣,٥٥٧ | ٤١,٠٦٧ | ٨,٦٦٪ | ١٢٨ | ١,٠١٠ | ١٢,٦٧٪ | ٢ | ٧٠٩ | ٠,٢٨٪ |
| ١٩٥٦ | ١٤٢ | ٢,٤٢٠ | ٥,٨٦٪ | ٤,٥٣٣ | ٤٥,١٤١ | ١٠,٠٤٪ | ١٣٣ | ١,٠١٣ | ١٣,١٢٪ | ٢ | ٨٦٧ | ٠,٢٣٪ |
| ١٩٥٧ | ١٧٢ | ٢,٥٣٧ | ٦,٧٧٪ | ٤,٧٤٥ | ٤٧,٩٥٩ | ٩,٨٩٪ | ١٣٣ | ٩٧١ | ١٣,٦٩٪ | ٢ | ٨٤٢ | ٠,٢٣٪ |
| ١٩٥٨ | ١٩٥ | ٢,٨٠٣ | ٦,٩٥٪ | ٦,٠١٠ | ٥٠,٨٧٤ | ١١,٨١٪ | ١١٣ | ٩٧١ | ١١,٦٣٪ | ٢ | ٩١٥ | ٠,٢١٪ |

١ – جەلیل محەمەد شەریف : شارەكەم لە پەنجەرەی یادگارییەكانمەوە ، س ٠ پ ، ل ل ٤٥ ، ٤٨.

٢ – وریا الجاف : كركوك دراسة سیاسیة واجتماعیة ، مطبعة وزارة الثقافة ، اربیل ، ١٩٩٨ ، ص ٦٢.

٣ – دلیل العراق التجاري الدولي الجدید : العدد الرابع ، ١٩٦٥ ، مطابع شركة التایمس ، بغداد ، ١٩٦٦ ، ص ٩٦.

٤ – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە كراوە بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقیة : وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢١٥ ، ص ٢٦٧ ؛ الحكومة العراقیة : وزارة الاقتصاد، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٢ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٢٠ ، ص ٢٤٤ ؛ الحكومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٣٨، ص ١٩٨ ؛ الحكومة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة ١٩٥٦ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٦٠ ، ص ١٣٥ ؛ الجمهوریة العراقیة : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائیة لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٤٧ ، ص ٣٠٧.

وەك دەردەكەوێ لەهەردوو خشتەی ( ١٣ ، ١٤ ) دا دانیشتوانی كەركوك بەشێوەیەكی بەرچاو ( پایسكیل و گالیسكەی نەفەر هەڵگر ) یان بەكارهێناوە بۆگواستنەوە لەنێوان بازار وگەرەكە جیاوازەكانی شارەكەدا وهەروەها بۆچوونەسەر كارەكانیان ، بۆیەچەندین شوێن دەركەوتووە بۆخزمەتكردن وچاككردنەوی پایسكیل و گالیسكەكان ، لێرەدا پیشەی پایسكیلچی لەشارەكەدا دەركەوتووە ، سەرەڕای ئەوەی دانیشوانی كەركوك لەڕووی ئابوریەوە پێش شارەكانی تری عێراق وكوردستان كەوتوون ئەویش بەهۆی ئەوچالاكییە بەردەوامەی كە لەشارەكەدا ئەنجامدراوە ، كە كاریگەری خستۆتە سەربژێوی ژیانی دانیشتوانی كەركوك٠

## ب- ڕێگەی هێڵی ئاسنی كەركوك- بەغدا:

ئەم هێڵە لەجۆری مەتریە ولەلایەن هێزەكانی بەریتانیاوە لەساڵی ( ١٩١٩ ) دا دامەزراوە ، كە زیاتر بۆمەبەستە سەربازییەكانی ئەو هێزانە لەگواستنەوەی سەرباز وكەرەستەكانیان بەكاردەهێنرا [١] ، بەڵام دواتر لە ( ١/ نیسانی/ ١٩٢٣ ) وە بەڕێوەبردنی ئەم هێڵە دەكەوێتە دەست دسەڵاتی مەدەنی عێراقی [٢] كە سوود لەو هێڵەوە وەردەگیرێت بۆگواستنەوەی كاڵای هاووڵاتیانی كەركوك.

ئەم هێڵە لەساڵی ( ١٩٢٧ ) دا گەیەندرایە ناوچەكانی بەرهەمهێنانی نەوت وڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لەگواستنەوەی كرێكارانی كۆمپانیای نەوت لەنێوان ( ستاپلاین و كەیوان ) [٣] ، ئەمە وێرای ئەوەی ڕۆڵی ئەم هێڵە لەگواستنەوەی كەرەستەی جۆرا وجۆری كۆمپانیای نەوت لەنێوان كەركوك وبەغدا [٤]٠

هەر سەبارەت بەدرێژیەكەی ئەم هێڵە لەنێوان كەركوك - بەغدا دەگاتە ( ٣٢٦) [٥] كیلۆ مەتر ، وبەچەندین شاروشارۆچكەدا تێدەپەڕێت لەوانە: ( داقوق ، خورماتوو ، كفری ، قەرەتەپە ، قەرەغان ( جەلەولا ) ، قزلربات ( سەعدیە ) ، شارەبان ، بەعقوبە ) شەمەندەفەرەكە ڕێگەی نێوان كەركوك - بەغدا بە ( ١٢ ) كاتژمێر دەبڕی و ڕۆژانە ( ٤ ) جار شەمەندەفەر بەسەر ئەو هێڵەدا تێدەپەڕێت كە ٢ ) ی لەبەغداوە بۆكەركوك و ( ٢ )ی تریان لە كەركوكەوە بۆبەغدا هاتووچۆی دەكرد [٦].

---

[١] - الحكومة العراقية : دليل المملكة العراقية لسنة ١٩٣٥ - ١٩٣٦ ، م ٠ س ، ص ٤٥٥ ؛ برهان محمد قادر البرزنجي : كركوك الارض والتاريخ ، م ٠ س ، ص ١٩٩ ؛ نجات كوثر اوغلو : من حوادث كركوك ١٧٠٠ - ١٩٥٨ ، م ٠ س ، ص١١٥.

[٢] - عبدالرزاق الحسني : العراق في ظل المعاهدات ، مطبعة العرفان ، لبنان ، ١٩٤٨ ، ص ٧١ ؛ عبد الحميد بلال : الجغرافية الاقتصادية ، م ٠ س ، ص ٣٩٩.

[٣] - جەلیل محەمەد شەریف : شارەكەم لە پەنجەرەی یادگارییەكانمەوە ، س ٠ پ ، ل ٤٨.

[٤] - سعيد عبود السامرائي : سياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق ،ط١، مطبعة القضاء ، النجف ، ١٩٧٣ ، ص ٨٥.

[٥] - الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ : موسوعة ادارية اجتماعية اقتصادية تجارية زراعية مصورة ، م ٠ س ، ص ٤٨.

[٦] - عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ٢ ، م ٠ س ، ص ٧ - ٨ .

لەپوختی ئاماری ساڵی ( ١٩٤٧ ) دا ژمارەی ئەو کارمەندانەی لەهێڵی ئاسنی ( کەرکوک – بەغدا ) کاریان کردووە ( ٢١٧ ) کارمەند بووە [١].

شایەنی باسە لەساڵی ( ١٩٤٩ ) دا ئەم هێڵە ئاسنیە درێژکرایەوە بۆلیوای هەولێر ، ودرێژی هێڵی ئاسنی نێوان ( کەرکوک – هەولێر ) ( ١٠٥ ) کیلۆمەترە وحکومەتی عێراق بڕی ( ٤ ) ملیۆن دیناری تەرخان کرد بۆئەو پرۆژەیە ومەبەستی بوو سوود لەو هێڵە وەربگرێت بۆگواستنەوەی بەرهەمی گەنمی ئەو ناوچەیە[٢] ، وبەهۆی ئەو هێڵەوە دەیان گوند وشارۆچکە لەسنووری گەرمیان وکەرکوک وهەولێر گەشەیان سەند وگرنگیان پێدرا بەتایبەتی قەرەغان ( جەلەولا ) ، چونکە بووە وێستگەیەکی سەرەکی ئەم هێڵە[٣] ، جگە لەمەش ئەم هێڵە هۆکارێك بووە بۆبەیەك گەیاندنی دانیشتوانی شارەکانی کوردستان [٤].

**خشتەی ژمارە (١٥ ) [٥] ، جۆر وبڕی ئەو کاڵانەی کە بەهێڵی ئاسن گواستراونەتەوە لەنێوان ساڵانی ( ١٩٤٤ – ١٩٥٨ ):**

| ساڵ | جۆ<br>تۆن | گەنم<br>تۆن | برنج<br>تۆن | توتن<br>تۆن | خوری<br>تۆن | گەچ<br>تۆن | لم<br>تۆن | چەو<br>تنن | کەرەستەی<br>کۆمپانیای نەوتی<br>عێراقی / تۆن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٥/١٩٤٤ | ١٨٣,٥٠٧ | ١٩,٩٩٦ | ٣٣,٩٥٧ | ١٩,١٨٦ | ٤,٠٢١ | ٢٨,١٧٤ | ١٦,١١٢ | ٩١,٣٣٩ | ٦,٦٢٦ |
| ١٩٤٦/١٩٤٥ | ١٣٣,٣٠٩ | ٤٤,١٩٣ | ٤٨,٢٣٩ | ٥,١٥٦ | ٧,٣٤٦ | ٢٣,١٧٣ | ٧١,٢٣١ | ١١٨,٨١٢ | ٢٣,٤٨٤ |
| ١٩٤٧/١٩٤٦ | ٢٦٦,٠٩٥ | ٨٩,٤٧٩ | ٢١,٩٧١ | ٦,٣٠٢ | ٨,٧٠٤ | ٢٩,٨٤٤ | ٩١,٦٣٣ | ١٨٤,٢١٠ | ٧٨,٣٨٠ |
| ١٩٤٨/١٩٤٧ | ١٤٩,٢٦١ | ٣٧,٨٢٤ | ٧,٥٧٤ | ٧,١٥٧ | ٥,٠٤٤ | ٢٨,٢١٧ | ٦٢,٣٢٢ | ١٩٧,١١٨ | ٨٦,٥٥٨ |
| ١٩٤٩/١٩٤٨ | ٢٥,٨٢٥ | ٦٢,٥٩٣ | ٥,٢٨٢ | ٥,٠٨٤ | ٧,٣٥٠ | ١٢,٤٢٤ | ١٥٦,٣٨٣ | ٢٩٤,٦٣٤ | ٩٧,٥٢٨ |
| ١٩٥٠/١٩٤٩ | ٢٤٨,٢٥٠ | ٥٧,١٢١ | ٥,٢٠٢ | ٢,٦٨٦ | ٦,١٥٥ | ١١,٤٩٩ | ١٨٤,٥٧٩ | ٢٧٠,٠٣٨ | ٩٠,٤٢٥ |
| ١٩٥١/١٩٥٠ | ١٠٧,٩٩٣ | ٣٦,٣٩٤ | ٣,٣٦٦ | ٦,١٦٩ | ٩,١٠٣ | ١٣,٠٨٢ | ١٠٣,٩١٨ | ١٢٧,٣٤٦ | ٤٩,٨٥٣ |

---

١ – المملكة العراقية : وزارة الشؤون الاجتماعية ، مديرية النفوس العامة ، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧ ، ج ٢ ، لواء كركوك بغداد ، ١٩٥٤ ، جدول رقم ٧ ، ص ١٢٠.

٢ – كاثلين ام ٠ لانكلي : تصنيع العراق ، م ٠ س ، ص ١٩٠ ؛ صبحي احمد مخلف حمد الدليمي : الصناعات التحويلية الكبيرة وتوطنها في محافظة كركوك ، م ٠ س ، ص ٦٥ ؛ نجات كوثر اوغلو : من حوادث كركوك ١٧٠٠ – ١٩٥٨ ، م ٠ س ، ص١٩٠.

٣ – عومەر عەلی شەریف : لە یادنامەی کەرکوک و گەرمیانەوە ، چ ١ ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوک ، ٢٠٠٦ ، ل ١٧١ – ١٧٢.

٤ – هەورامان کەمال میرزا و تاریق رەئوف محەمەد : ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کورد و٠٠٠٠٠ ، س ٠ پ ،ل ١٠٨.

٥ – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادە کراوە بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٤٩ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٩١ ، ص ٢٢٠ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٠٩ ، ص ٢٦٣ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٥ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٥٠ ، ص ٢٢٧ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٢٤ ، ص ٩٣ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٦ ، ص ١٨٠.

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٢/١٩٥١ | ٢٢٢,٩٤٧ | ٨٦,٨٩٧ | ٦,٨٥٤ | ٤,١٨١ | ٤,٩٤٦ | ٢٣,٠٠١ | ١٥,٥٦٣ | ١٥٧,٦٦١ | ١١٣,١٢٢ |
| ١٩٥٣/١٩٥٢ | ١٤٥,٥٦٢ | ٨٠,٦٨٤ | ٩,٧٣٤ | ٥,٣٤٠ | ٤,٨١٢ | ٢١,٨٥٩ | ١٣٨ | ١٢٨,٦١٠ | ٤٦,٧٩٥ |
| ١٩٥٤/١٩٥٣ | ٣٢١,٠٤٤ | ٨٤,٣٣٣ | ١٠,٢٩٤ | ٦,٩٧٥ | ٤,١٩٩ | ٣٢,٥١٧ | ١,٠١٩ | ١١٦,٠٦٥ | ١٥٦,١٨٤ |
| ١٩٥٥/١٩٥٤ | ٢٧٠,٩٠٥ | ١٢٦,٣٩٦ | ٩,٥٠٩ | ٦,٣١٦ | ٤,٣٣٩ | ٢٧,٨٣٧ | ٢,٢٦١ | ١٤٥,٣١٨ | ٢١,٤٦٨ |
| ١٩٥٦/١٩٥٥ | ٨٧,١٧٠ | ٨٧,٥٨٥ | ١٢,٢١٦ | ٥,٩٧٧ | ٥,٨٦٨ | ٢٠,٢٠٦ | ٥٩,٩٧٥ | ١٧٩,٧٨٦ | ٣٦,٢٧٠ |
| ١٩٥٧/١٩٥٦ | ٧٠,٤٦٩ | ٦٩,٤١٧ | ١٦,٧٦٣ | ٥,٧٢٣ | ٣,٩٧١ | ١٢,٢٢٧ | ٥,٥٣٦ | ١١٥,٩٢٣ | ١٧,١٧٨ |
| ١٩٥٨/١٩٥٧ | ١١٦,٢٣٦ | ١٤٤,٠٩١ | ١٣,١٨٢ | ٦,٥١٧ | ٣,٨٤٩ | ٧,٧٣٤ | ٩,٩٤٧ | ٨٠,٠٦١ | ٣٤,١٠٠ |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە ( ١٥ ) دا بۆمان دەردەکەوێ کە هێڵی ئاسن توانایەکی زۆر باشی هەیە لە گواستنەوەی کێشە قورسەکان و لەساڵی ( ١٩٥٣ ـ ١٩٥٤ ) زۆترترین ( تۆن ) کالأی بار کردووە کە بۆ ئەو سەردەمە توانایەکی گواستنەوەی باش بووە هیچ کەرتێکی تری گواستنەوەی ناوخۆیی لەعێراق توانای پێشبڕکێی هێڵی ئاسنی پێ نەکراوە لە گواستنەوەی کالاّ و ئەو بەرهەمانەی لە کێش و قەبارەدا گەورەن.

شایانی باسە ئۆتۆمبێل توانی پێشبرکێی هێڵی ئاسنی بکات ، بەتایبەتی لەگواستنەوەی سەرنشینان ، بۆیە لەساڵی ( ١٩٤٦ ) دا لەسەر ئاستی عێراق ژمارەی ئەو کەسانەی شەمەندەفەریان بەکارهێناوە بۆ گواستنەوە کەم دبێتەوە بۆ ( ٤ ) ملیۆن کەس ، کە پێشتر ( ٥ ) ملیۆن کەس بووە لەساڵی ( ١٩٤٥ ) دا ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆخێرایی ئۆتۆمبێل لەبەرامبەر شەمەندەفەردا وکەمی ژمارەی گەشتەکانی شەمەندەفەر کە ڕۆژانە تەنها دوو جار بووە ، ئەمە وێرای ئەوەی زۆر شارو وشارۆچکە هەیە هێڵی شەمەندەفەری پێدا تێناپەڕێت ، لەبەر ئەوە سەرنشینان زیاتر ئۆتۆمبێلیان بەکاردەهێنا بۆگواستنەوە[1] ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەوەی شەمەندەفەرەکان زۆر کۆن بوون وخزمەتگوزاریەکانی سەرەتایی ودواکەوتوو بووە[2].

بێگومان هێڵی ئاسنی لەعێراق ڕۆڵی بەرچاوی لەگواستنەوەی جۆرەها کالاّ گێڕاوە ، لەبەر ئەوە ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستدا بڕی ( ٢,٥٠٠,٠٠٠ ) دینار تەرخان کرد بۆبەڕێوەبەرایەتی هێڵی ئاسنی عێراقی[3] ، ئەمە جگە لەوەی ئەو هێڵە ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لەگواستنەوەی دانوێلە ( گەنم وجۆ ) وساڵ هەبووە بەرهەم زۆربووە وهێڵی شەمەندەفەر ڕێگەی بەبازرگانانی کەرکوك داوە بەرهەمەکانیان لەوێستگەی شەمەندەفەر عەمبار بکەن تا ئەو کاتەی دەرفەت دەڕەخسێت بۆبارکردن وگواستنەوەی بەرهەمەکانیان بۆشاری بەغدا[4].

[1] – حيدر كمونة : مشكلات النقل والمرو ر في المدينة العراقية ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٦ ، ص ٢٥ — ٢٦.

[2] – كمال مظهر احمد : الطبقة العاملة العراقية التكون وبدايات التحرك ، م ٠ س ، ص ١٨٣.

[3] – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٣ — ١٩٥٤ ، م ٠ س ، ص ٦٤.

[4] – كاثلين ام ٠ لانكلي : تصنيع العراق ، م ٠ س ، ص ١٢٥.

## جـ– هێڵی ئاسمانی بەغدا – کەرکوك – موسڵ :

ئەم هێڵە لەساڵی (١٩٤٦ ) دا لەلایەن هێڵی ئاسنی عێراقەوە دادەمەزرا وهەفتانە دووجار گەشتی ئاسمانی تێیدا ئەنجام دەدرا وبەلیوای هەولێردا تێدەپەڕێت وماوەی نێوان بەغدا – کەرکوك بەیەك کاتژمێر ونیو دەبڕێت وماوەی نێوان کەرکوك – موسڵ بەیەك کاتژمێر دەبڕێت [1] ، هەرچەندە هێڵی ئاسمانی سوودی بۆگواستنەوەی کاڵای بازرگانی نەبووە ، ئەویش بەهۆی گرانی نرخی گواستنەوە وکەمی توانای بارهەڵگرتن ، بەڵام زیاتر بۆگواستنەوەی هاووڵاتیان بەکاردەهێنرا ، کەچی دواتر ئەوهێڵە گۆڕدرا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆهێڵێکی سەربازی و لەساڵی ( ١٩٥٢ ) دا ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی بڕی ( ٣٢٨,٠٠٠ ) دیناری تەرخان کرد بۆ وەزارەتی بەرگری عێراق بۆچاککردنەوە وبەکارهێنانی فرۆکەخانەی کەرکوك [2].

لەڕاستیدا لەشاری کەرکوك بەشێوەیەکی زۆر بەرتەسك گواستنەوەی ئاوی ( ڕووبار) بەکاردەهێنرا بۆ گواستنەوەی کاڵاکان ئەویش تەنها لە ڕێگەی زێی بچووك کە شارۆچکەی پردێ دەکەوێتە سەر ئەو زێیە، کە تێکەڵ بە ڕووباری دیجلە دەبێت ودواتر بەروە شاری بەغدا دەڕوات[3].

---

[1] – عبد الحميد بلال : الجغرافية الاقتصادية ، م ٠ س ، ص ٤٠٣.

[2] – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٢–١٩٥٣ المالية ، م ٠ س ، ص ٢٥.

[3] – بەختیار سەعید مەحمود شوانی : کەرکوك لەسەدەی نۆزدەدا ، نامەی ماستەر مێژووی نوێ وهاوچەرخ ، کۆلێژی ئەدەبیات ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل ١٠٩.

## دووەم: بازاڕ و خانەکان:

بێگومان بازاڕ وخانەکان یەکێك بووە لەوهۆکارانەی ، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لەگەشەسەندنی بازرگانی لەناو شاری کەرکوکدا ، بوونی بازاڕ بۆساغکردنەوەی شتومەك ، وهەروەها خانەکان چەندین خزمەتگوزاریان پێشکەش بەبازرگانان دەکرد ، ئەو خانانە شوێنێك بوون بۆعەمبارکردنی شتومەك وحەوانەوەی ئاژەڵی کاروانە بازرگانیەکان ، سەرەڕای ئەوەی وەك میوانخانەش بەکاردەهێنرا بۆحەوانەوەی بازرگانان ، نموونەی بازاڕەکان ( بازاڕی گەورە و بازاڕی قەیسەری[١] و بازاڕی قۆریە وبازاڕی عەسری[٢] ) یە٠

هەر سەبارەت بەخانەکانی کەرکوك بەزۆری نزیك بازاڕی گەورە وقەیسەری بوون وڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لەبازرگانیدا ، ئەم خانانە هەر لەسەردەمی عوسمانیدا خزمەتیان بەپرۆسەی بازرگانی گەیاندووە و پێش کۆتایی هاتنی دەسەلاتی عوسمانی ( ١٢ )[٣] خان لەکەرکوکدا هەبووە ودواتر ئەو ژمارەیە زیاد دەکات.

شایەنی باسە زۆربەی خانەکانی کەرکوك یەك نهۆمی بوون لەگەڵ چەند خانێکی دوو نهۆمی ، تەنها یەك خان هەبووە سێ نهۆمی بووە ئەویش ( خانی تەها بەگ ) بووە[٤]٠

لەڕاستیدا ناتوانین باسی بازرگانی بکەین وئاماژە بەبازرگانە جووەکان نەکەین ، چونکە بازرگانی عێراق بەهاتنی دەسەلاتی بەریتانی کەوتە ژێردەستی بازرگانە جووەکان ، لەبەر ئەوە ژمارەی جوو لە بەغدا

---

[١] – لەسەر مێژووی بازاڕی قەیسەری بڕوانە : فەرید زەنگەنە : قەیسەری ٠٠٠ لە بازاڕە دێرینەکانی کەرکوك ، کۆڤاری کانیاو ، ژمارە ( ٢٠ ) ی ساڵی ٢٠٠٨ ، دەزگای شەفەق ، کەرکوك ، ٢٠٠٨ ، ل ١٢ – ١٤ ؛ عەبدولاّ عەبدول کەریم مارف بەرزنجی : کارکۆك لە مێژوودا ، س ٠ پ ، ل ١٩٣

[٢] – دڵشاد محمود عبدالرحمن : بارودۆخی کۆمەلاّیتی شاری کەرکوك ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) ، س ٠ پ ، ل ٦٠ – ٦٣ ؛ عومەر عەلی شەریف : لە یادنامەی کەرکووك و گەرمیانەوە ، س ٠ پ ، ل ١٢٨ – ١٢٩.

[٣] – گۆران ئیبراهیم ساڵەح : کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا ١٨٧٦– ١٩٠٩ ، س ٠ پ ، ل ١٦٤

[٤] – نموونەی خانە یەك نهۆمیەکان : خانی عەمبار ، خانی سپی ، خانی قوول ( چقوڕ )، خانی خورما ، خانی ماست ، خانی خەڵووز ، خانی نەوت ، خانی قازی ، خانی کاروانچی ، خانی دەدە حەمدی ، خانی حاجی ئەحمەد ، خانی حاجی حەمید ، خانی حاجی مەحمود ، خانی ئاسووریەکان ( گاوور ) ، خانی ڕەشید ڕەزا ، خانی بیلال بەگ ، خانی سلاح ئەدین ، خانی سەید عومەر ، خانی حاجی مەجید ، خانی حەسەن خەلیفە ، خانی حەسەن ساڵح ، خانی سەید ڕەفیق ، خانی سەیدەکان ، ونموونەی ئەو خانانەی کە دوو نهۆمی بوون ( خانی هندی ، خانی قێردار ، خانی تەقی ) بڕوانە : عەلی مەحمود محەمەد : کەرکوك شاری قەلاّ و ئاگر و خوێن ، س ٠ پ ، ل ٩٨ – ٩٩ ؛ ماهر النقیب : کرکوك وهویتها القومیة والثقافیة ، ت : حبیب الهرمزي ، ط١ ، استانبول ، ٢٠٠٨ ، ص ٢٦٦ – ٢٦٧ ؛ صلاح عریبي عباس العبیدي : غرفة تجارة کرکوك ١٩٥٧ – ٢٠٠٧، م ٠ س ، ص ص ٧٦ – ٨٢ ؛ چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شاهین سەیف ئەلدین فەتاح ، کەرکوك ٢٠١٧/٤/١٩.

زیاد دەکات ، بێگومان بەهۆی کۆچکردنیانەوە بووە بۆئەویَ ولەم ڕووە شەوە ئینگلیزەکان ئاسانکاریان بۆ جووەکان کردووە [١] ، دواتریش مەڵبەندی بازرگانی هەموو عێراق دەگوازرێتەوە بۆشاری بەسرە ، ئەوا زۆربەی بازرگانە جووەکان کۆمپانیاکانیان دەگوازنەوە بۆئەو شارە ، لەشاری کەرکوکیش ژمارەیەکی بەرچاو لەجوو هەبوون کە ژمارەیان ( ٢,٨٧٣ )[٢] کەس بوون لە سەنتەری شاردا وزۆربەیان دانیشتوی گەڕەکی پیریادی بوون وپیشەی بازرگانی وزەڕنگەری وڕستن وچنین و ئاڵوگۆڕی دراویان کردووە[٣] .

سەرەڕای ئەوە گرنگترین کۆمپانیا بازرگانیەکانی عێراق لقیان لەشاری کەرکوك کردەوە ، کۆمپانیای ئیبراهیم وشەفیق عدس بوون کە نوێنەری ( ٤٠ ) کۆمپانیای جیهانی بەرهەمی جۆراو جۆر بووە ، و خاوەنەکانی کۆمپانیاکە جوو بوون ، لەبەر ئەوە جووەکانی کەرکوك بەهۆی کۆمپانیاکەوە بەشێوەیەکی بەرچاو بەشداریان لەبازرگانی شارەکەدا کردووە [٤] ، ئەمە وێرای ئەوەی لەسەر ئاستی هەموو عێراق جووەکان جگە لەبازارەکان ئەوا زووری بازرگانی ( بەغدا و موسڵ و بەسرە ) یان بەڕێوەدەبرد [٥]٠

لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئاستی عێراق ڕێژەی ئەو کەسانەی لەکەرتی بازرگانیدا کاریان دەکرد دەگەیشتە ( ١٠,٥٪ )[٦] ، ئەمە جگە لەوەی لەساڵی ( ١٩٥٦ ) دا ( ٩٧٪ ) ی بازرگانی عێراق بەدەستی کەرتی تایبەتەوە بووە[٧] ، بەلاَم ڕۆڵی کەرتی گشتی ( حکومەت ) تەنها بریتی بووە لەدەرکردنی یاسای گومرگی ، لە ( نیسانی ١٩٢١ ) وە فەرمانگەی گومرگ ورسوم ( الكمارك والمكوس ) دامەزرا بەمەبەستی ڕێکخستنی بازرگانی (هەنارده و هاوردە کردن ) و وەرگرتنی رەسم لەسەر ئەو بەرهەمانی لەناوخۆ دروست دەکرێن[٨]٠

لەبەر ئەوە لەساڵی ( ١٩٣١ ) دا حکومەتی عێراقی یاسای ژماە ( ٥٦ ) دەرکرد بۆ ڕێکخستنی گومرگ و ئەم یاسایە بەردەوام بوو تا لەساڵی ( ١٩٥٥ ) دا یاسای ژمارە ( ٧٧ ) دەرچوو کە هەندێك دەستکاری یاسا کۆنەکە کرا، لەوانە ئاسانکاری زیاتر بۆهەوردەکردنی کەرەستەی کشتوکاڵی وکەمکردنەوەی باج لەسەر

---

[١] – عماد عبد اللطيف سالم : الدولة والقطاع الخاص في العراق الادوار والوظائف السياسات ، م ٠ س ، ص ٧٩.

[٢] – المملكة العراقية : وزارة الشؤون الاجتماعية ، مديرية النفوس ، احصاء السكان ١٩٤٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ٦ ، ص ١١٨.

[٣] – ايدن اقصو : كركوك صراع النفط ورحلة البقاء ، م ٠ س ، ص ١٤.

[٤] – الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ : موسوعة ادارية اجتماعية اقتصادية تجارية ، م ٠ س ، ص ١١٩.

[٥] – صباح عبدالرحمن : النشاط الاقتصادي ليهود العراق ١٩١٧ – ١٩٥٢ ، م ٠ س ، ص ٧٣ – ٧٤.

[٦] – طارق شكر محمود : اقتصاد النفط العراقي ، مطبعة الادارة المحلية ، بغداد ، ١٩٧٨ ، ص ٥٠٨.

[٧] – عماد عبد اللطيف سالم : م ٠ ن ، جدول رقم ١١ ، ص ١٣٢.

[٨] – مظفر حسين جميل : سياسة العراق التجارية ، م ٠ س ، ص ٣٦.

هاوردەکان بەمەبەستی ڕوو بەڕووبونەوەی هەڵئاوسانی بازاڕ ، هەروها پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و ڕێگەدان بەهەناردەکردنی ئەو بەرهەمانەی زیادە لەپێویستی بازاڕی عێراق ، دەرکردنی ئەم یاسا نوێ یە دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی داهاتی عێراق لەفرۆشتنی نەوت [١] ، لەڕاستیدا گرنگیدانی حکومەتی عێراقی بە گومرگ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە داهاتە زۆرەی کە لەگومرگ دەستی دەکەوت ، بۆنموونە لەساڵی (١٩٣٤ ) دا داهاتی حکومەتی عێراقی لەگومرگ دەگایشتە ( ٢,٠٤٢,٩٨٧ ) دینار وبۆساڵی (١٩٣٥ ) بەرز دەبێتەوە بۆ ( ٢,٢٩٩,٣٤٠ ) دینار[٢] ، دواتر لەساڵی (١٩٥٠ ) دا ڕێژەی ( ٤١ ٪) ی داهاتی عێراق لەڕێگەی گومرگەوە بووە بووە ولەساڵی ( ١٩٥٧ ) دا ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ ( ٤٨٪) [٣].

لەڕاستیدا ئینگلیز بازرگانی عێراقی بەستەوە بەبەریتانیاوە ، وزیاتر بایەخ دەدرا بەبەرهەمەکانی ( گەنم ، جۆ ، توتن ، خورما ، خوری ، پەموو ) بۆیە بەرهەمیان زیاد دەکات وچەندین کۆمپانیای هەناردەکردن دامەزرا [٤] ، شایەنی باسە ڕێژەی بەرچاوی هەناردە وهاوردەکانی عێراق لەگەڵ بەریتانیادا بووە، بۆنموونە لە نێوان ساڵانی (١٩٢٥ – ١٩٣٢) ڕێژەی هاوردەکانی عێراق لەبەریتانیاوە لە ( ٢٦٪ ) بەرزبۆتە بۆ ( ٣٥٪ )، لەبەرامبەردا ڕێژەی هەناردەی عێراق بۆبەریتانیا لەنێوان ساڵانی ( ١٩٥٢ – ١٩٣٢ ) لە (٢٣٪ ) بەرزبووەتەوە بۆ ( ٢٧٪ ) [٥] ، جگە لەمەش لەناو هەناردەکانی عێراقدا ( گەنم وجۆ ) ڕێژەیەکی بەرچاوی پێکدەهێنا، کە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٥ – ١٩٣٢ ) دا ڕێژەی هەناردەکردنی گەنم وجۆ لە ( ٩٪) بەرزدەبۆتەوە بۆ ( ٢٤٪ )[٦] ، ، هەروەها هەناردەکردنی پەموو لەعێراقەوە بۆ بەریتانیا لەساڵی ( ١٩٢٣ ) دا ( ٢٧١ ) تۆن بووە وئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە لەساڵی ( ١٩٤٣ ) دا بۆ ( ٣,٠٠٠ ) تۆن [٧] ، کەچی لەساڵی ( ١٩٣٣–١٩٣٤ ) دا هەناردەکانی عێراق بۆبەریتانیا دەگاتە ( ٩٠١,٠٠٠ ) دینار ولە (١٩٣٤– ١٩٣٥) دا بەرزدەبێتەوە بۆ ( ١,٥٠٤,٠٠٠ ) دینار[٨]، ، ئەمە وێرای ئەوەی لەساڵی (١٩٣٥ – ١٩٣٦) دا هەناردەکانی عێراق بۆبەریتانیا دەگاتە (١,١١٩,٧٥٠ ) دینار ولەبەرامبەردا هاوردەکان لەبەریتانیاوە ( ٢,٠٥٨,٠٢٥ ) دینارە[٩].

---

١ – سعيد عبود السامرائي : السياسة المالية في العراق ، ط١ ، مطبعة القضاء ، النجف الاشرف ، ١٩٧٦ ، ص ٢٠٨ – ٢٠٩.

٢ – نجدة فتحي صفوة : العراق في الوثائق البريطانية سنة ١٩٣٦ ، ط١ ، البصرة ، ١٩٨٣ ، ص ١٢٧.

٣ – سعيد عبود السامرائي : السياسة المالية في العراق ، م ٠ ن ، جدول رقم ١ ، ص ١٦٨.

٤ – كمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر " دراسات تحليلية " ط١ ، منشورات مكتبة البدليسي ، بغداد ، ١٩٨٧ ، ص ٣٤.

٥ – سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص ٤٥.

٦ – علي خليل احمد البياتي : الاوضاع الاقتصادية في العراق ١٩٣٢ – ١٩٣٩ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢ ، ص ٥٦.

٧ – كاثلين ام ٠ لانكلي : تصنيع العراق ، م ٠ س ، ص ١٠٦.

٨ – نجدة فتحي صفوة : م ٠ ن ، ص ١٣٤.

٩ – عبدالرزاق الحسني : تاريخ العراق السياسي الحديث ، ج١ ، ط٧ ، دار الرافدين للطباعة والنشر ، لبنان ، ٢٠٠٨ ، ص ٧٤.

هەرچەندە لەنێوان ( ١٩٢٧ – ١٩٣٩ ) دا هەناردەكانی عێراق بەبێ نەوت ڕێژەكەی بۆ وولآتان بریتی بووە لە ( بەریتانیا ٢٧,٤٪ ، ئەمریكا ١٥,٥٪ ، هندستان ١٣,٤٪ ، فەلەستین وئەردەن ٧,١٪ ، سعودیە ٦,٧٪ ، یابان ٥,٥٪ ، ئەڵمانیا ٥,٣٪ ، فەرەنسا ٣,٨٪ ) [١] ئەمەش ڕاستی بازرگانی نێوان بەریتانیا و عێراقمان بۆدیاری دەكات٠

شایەنی باسە قەیرانی ئابوری جیهانی ( ١٩٢٩ – ١٩٣٣ ) كاریگەری لەسەر كەرتی بازرگانی عێراق دروست كرددوە ، ئەویش بەهۆی بەستنەوەی بازڕای عێراق بەبازاڕی ولآتە سەرمایەدارەكان كە ٨٥٪ ی پێداویستی عێراقیان پڕدەكردەوە و لەبەرامبەریشدا ولآتە دراوسێیەكان تەنها ١٥٪ ی پێداویستی بازاڕی عێراقیان پڕدەكردەوە و زۆرترین زیان بەر كەرتی كشتوكاڵی كەوت وبەرهەمی كشتوكاڵ وئاژەڵداری نرخەكانی زۆردابەزی وئەو بەرهەمانە كۆبوونەوە لەبەندەرەكانی بەسرە وچەندین بازرگان مایەپووچ بوون وكاریگەری دەرونی وكۆمەڵآیەتی وئابوری خراپی لەسەرخەڵكی دروست كرد [٢].

جگە لەمەش كاریگەری ئەم قەیرانە بەزۆری لەسەر چینی كرێكار وفەرمانبەرانی كەرتی گشتی دەركەوت ، چونكە ئەو قەیرانە بووە هۆی بێكاربوونی چەندین كرێكار ، ئەمە وێرای ئەوەی مووچەی فەرمانبەرانی كەرتی گشتی كەمكرایەوە[٣]٠

لەڕاستیدا بازرگانی عێراق لەساڵی ( ١٩٣٨ ) دا پێش هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهان ، گەشەی كرد و لەو ساڵەدا بڕی هەناردەكانی عێراق گەیشتە ( ٣,٩٧٩,٤٩٥ ) دینار لەبەرامبەردا هاوردەكانی عێراق بۆهەمان ساڵ گەیشتە ( ٩,٥٠٤,٧١٧ ) دینار[٤]٠

هەڵبەتە هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهان بووە هۆی وەستانی بازرگانی نێودەوڵەتی ، بۆیە نرخی كاڵآ وخواردەمەنیەكان لەبازارەكانی عێراق بەرزدەبێتەوە، لەبەرئەوە دانیشتوانی عێراق دەستیان كرد بەكڕین وهەڵگرتنی خۆراك بۆ دوورخستنەوەی مەترسی قات وقڕی ، بۆیە نرخەكان زۆر بەرز بوونەوە بۆنموونە نرخی نان لەكەركوك دەبێتە چوار ئەوەندەی ئەو نرخەی كە لەبەغدا هەیە [٥] ، ئەمە جگە لەدروستبوونی

---

[١] – محمود محمد الحبيب : اقتصاديات العراق " دراسة تحليلية " ط١ ، دار الطباعة الحديثة ، البصرة ، ١٩٦٩ ، ص ٣٤٦.

[٢] – كمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، م ٠ س ، ص ٩٥ – ٩٩.

[٣] – مەهدی محەمەد قادر : پێشهاتە سیاسییەكانی كوردستانی عێراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨ ، س ٠ پ ، ل ٢٩ – ٣٠.

[٤] – يوسف عبود : مشروع انماء الثروة الوطنية في العراق ، مطبعة الصباح ، بغداد ، ١٩٤٦ ، ص ١٥.

[٥] – مەهدی محەمەد قادر : هـ ٠ س ، ل ل ٣١ – ٣٤.

دیاردەی هەڵئاوسانی دراوی عێراقی کە نرخی زۆردابەزی [1].

لەهەمان کاتدا بووە هۆی زیانکەوتن بەفەرمانبەر وخانەنشینانی حکومەت وئەو کەسانەی کەقەرزار بوون قەرزەکانیان زیاتر بووە[2] ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی عێراق بووە گۆڕەپانی جەنگ کاتێك هێزەکانی بەریتانیا بەخاکی عێراقدا دەپەڕینەوە بۆ گەیشتن بە ئێران ، بۆیە پێداویستی سوپای بەریتانیا لەخواردەمەنی و سەرجەم پێداویستیەکانی تر بووە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی ودیار نەمانیان لە بازاڕەکاندا [3].

بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی گرانی نرخ وکۆنترۆڵکردنی بازار ، حکومەتی عێراق بەڕێوەبەرایەتی خۆراکی دامەزراند کە لەساڵی (١٩٤٤ ) دا نوری سەعید کاتێك سەرۆك وەزیرانی عێراق بووە داوای لەپەرلەمانی عێراق کرد وەزارەتێك دابمەزرێت بەناوی وەزارەتی خۆراك ( وزارة التموين ) بۆچارەسەرکردنی کێشەی گرانی ونەمانی خواردەمەنی لەبازارەکان ودژایەتیکردنی بازاڕی ڕەش[4]٠

لەلایەکی دیکەوە هەر لەگەڵ دەست پێکردنی دانوستانی نێوان حکومەتی عێراق ونوێنەری کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ( ١١/ تەمووزی /١٩٥٠) دا [5] هەناردەکانی عێراق گۆڕانکاری بەرچاو بەخۆ دەبینێت ونەوت زۆرترین ئەو هەناردانە پێکدێنێت و ڕێژەکەی لەهەناردەکانی عێراق لەساڵی (١٩٥٠ ) دا دەگاتە ( ٥٤,١٪ ) ی کۆی هەناردەکانی عێراق وئەو ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ ( ٩٢,٩ ٪ ) ، لە بەرامبەردا هەناردە جۆراو جۆرەکانی تر لەنێوان ساڵانی ( ١٩٥٢ – ١٩٥٨ ) دا بەم شێوەیە بووە ( خورما ٢١,٦ ٪ ، گەنم ١,٣٪ ، جۆ ٤٠,٨٪ ،خوری ٧,٥٪ ، پێستە ١,٩ ٪ ، مەڕوماڵات ٥,٧٪ ) [6] ، لەهەمان کاتدا لەناو هاوردەکانی عێراق بەتایبەتی ( شەکر وچای ) لەپلەی یەکەم دێت وڕێژەی ( ٨٦٪ ) ی هاوردەکراوەکانی ساڵی (١٩٥٤ )[7]٠

---

[1] – محمد عزت غزلان : اقتصاديات النقود والمصارف ، ط ١ ، دار النهضة العربية ، بيروت ، لبنان ، ٢٠٠٢ ، ص ٢٨٧.

[2] – عبدالمنعم السيد علي و نزار سعد الدين العيسى : النقود والمصارف والاسواق المالية ، دار الحامد، الاردن ، ٢٠٠٤ ، ص ٤٥٩.

[3] – جوني يوسف حنا : تاريخ الصناعة الوطنية وعلاقتها بالتطور السياسي في العراق ١٩٢٩ – ١٩٥٨ ، رسالة ماجستير في التاريخ الحديث ، كلية الاداب ، جامعة الموصل ، ١٩٨٩ ، ص ١٣٠.

[4] – عبدالرزاق الحسني : تاريخ الوزارات العراقية ، ج ٦ ، مطبعة العرفان ، صيدا ، ١٩٥٣ ، ص ص ٩٩ ، ١٤٦ ، ١٦٨.

[5] – نوري عبدالحميد خليل : التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق ١٩٢٥ – ١٩٥٢ ، ط١ ، بيروت ، ١٩٨٠ ، ص ٣٨٢.

[6] – جواد هاشم و حسين عمر و علي المنوفي : لمحات في تطور الاقتصاد العراقي – قطاع التجارة الخارجية ، ط١ ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، ١٩٧٣ ، ص ص ٨ ، ١١.

[7] – كاثلين ام ٠ لانكلي : تصنيع العراق ، م ٠ س ، ص ١٥٤.

هەر سەبارەت بەكەرتى بازرگانى لەكۆتاييەكانى سەردەمى پاشايەتى لەعێراق ئەم كەرتە گەشە دەكات وڕێژەى بەشدارى لەداهاتى گشتى عێراق بۆسالّى ( ١٩٥٨ ) دا دەگاتە ( ٢٠٪ ) لەبەرامبەردا كەرتەكانى تر بەم شێوەيە بوون: ( نەوت ٣٧,٨٪ ، كشتوكالّى وئاژەلّدارى ٣٢,٥٪ ، پيشەسازى ٩٪ ) [1].

وەك دەردەكەوێ بەهۆى بازرگانيەوە بازاڕى كەركوك گەشە دەكات ولەسالّى ( ١٩٥٧ ) دا ژمارەى ئەو كۆگايانەى كارى بازرگانى كۆيان دەكرد لەليواى كەركوك گەيشتە ( ٤٨ ) كۆگا ، كە ( ١٤٨ ) كەس كاريان تىَ دەكرد وكۆى فرۆشتنيان بۆئەو سالّە گەيشتە ( ٤٨٨,٥١٥ ) دينار ، هەروەها ژمارەى ئەو دوكان وشوێنانەى كارى بازرگانى تاكيان دەكرد لەليواكەدا ( ٢,٦٨٤ ) دوكان بوو، كە ( ٣,٢٣٥ ) كەس كاريان لەو دوكانانە دەكرد وكۆى فرۆشتنيان بۆهەمان سالّ گەيشتە ( ٣,٧٢٤,٣٧٩ )دينار [2]٠

لەلايەكى ديكەوە بەمەبەستى ڕێكخستنى كارى بازاڕ وبازرگانى ، لە ( ١٥/ تەمووزى /١٩٥٧ ) دا ژوورى بازرگانى كەركوك دامەزرا ودەستەى كارگێڕى وئەندامەكانى هەلّبژێردران ودواتر لە ( ١٦/ تەمووزى /١٩٥٧ ) دا يەكەمين كۆبوونەوەى خۆى ئەنجامدا بەسەرۆكايەتى ( عەبدولهادى ئاوچى ) ، كە ئەو كاتە ژوورى بازرگانى كەركوك تەنها (٨) هەشت ئەندامى هەبووە [3]٠

وەك دەردەكەوێ چالاكى بازرگانى تەواوكەرى چالاكييە كشتوكالّى وئاژەلّدارى وكانزايى وپيشەگەرى وپيشەسازييەكانە ، چونكە تەنها لەڕێگەى ئەم كەرتەوە دەتوانرێت بەرهەمەكانى سەرجەم كەرتەكانى تر بەبازاڕى بكرێت وبگوازرێتەوە بۆدەستى بەكاربەر ، لەبەرئەوە كەركوك بەهۆى چالاكبوونى كەرتەكانى ترەوە ئەوا كەرتى بازرگانيشى چالاك بووە ، لەهەمان كاتدا زۆرى بەرهەمى كەركوك وباشى ڕێگەكانى هاتووچۆى جۆربەجۆر ( ئۆتۆمبێل ، هێلّى ئاسن ) يارمەتيدەربووە بۆگواستنەوەى كالاّ بازرگانيەكان وگەياندنيان بە بازاڕەكان ، بۆيە دەتوانين بلێين ڕۆلّى بازرگانى كەركوك هيچى كەمتر نەبووە لەچاو نەوت و كشتوكالّ وئاژەلّدارى ، جگە لەمەش دابينكردنى شوێنى گونجاو بۆبازرگان وكالاّكانيان لەخان وبازاڕەكان و پاراستنى سەر وماڵيان لەدزى وكوشتن ، خالّى هەرە بەهێزى جموجۆلّى بازرگانى وچالاك بوونى پرۆسەى بازرگانى بووە لەكەركوك٠

[1] – عبدالوهاب حمدي النجار : سياسة التجارة الخارجية في العراق ، ط١ ، مطبعة الازهر ، بغداد ، ١٩٦٨ ، جدول رقم ٥ ، ص ٦٧.

[2] – الجمهورية العراقية :وزارة الاقتصاد،المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٧، م ٠ س ، جدول رقم ١٣٣ و ١٣٦ ، ص ١٠٦ ، ١٠٩.

[3] – صلاح عريبي عباس العبيدي : غرفة تجارة كركوك ١٩٥٧ – ٢٠٠٧ ، م ٠ س ، ص ١١٣.

## تەوەری دووەم: چالاکییە داراییەکانی کەرکوک ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ )

### باسی یەکەم : دراوە بەکارهێنراوەکان لە کەرکوکدا

### یەکەم: دراوی عوسمانی:

تا کۆتایی دەسەلأتی عوسمانیەکان لە کەرکوك وناوچەکەدا دراوە عوسمانییەکان بەکار دەهێنرا ، کە ئەو دراوانە مێژوویەکی دوور ودرێژیان هەبووە لەناوچەکە ودەسەلأتی عوسمانی نزیکەی چوار سەدە حوکمرانی ئەم ناوچەیەیان کردووە ، لەبەر ئەوە دراوی عوسمانی (لیرە) لەبازاڕەکانی کەرکوك لەسەردەمی ماندێتی ئینگلیزیش هێشتا بەکاردەهێنران[١] ٠

لەلایەکی دیکەوە کەرکوك بەهۆی کاروانە بازرگانیەکانەوە زۆربەی دراوە عوسمانیەکانی تێدا بەکاردەهێنرا ، بەهۆی تەمەنی درێژی دەوڵەتی عوسمانیەوە چەندین جۆر دراو لەلایەن سوڵتانەکانەوە لێدراون لەسەردەمە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتەدا، سەرەڕای ئەوەی کەرکوك بنکەی گەورەی سەربازی عوسمانیەکانی لێبووە، بۆیە ڕێژەیەکی زۆری دراوی عوسمانی لێبووە چی بەهۆی بازراگانەکانەوە بووبێت و چی بەهۆی سەربازەعوسمانیەکانەوە٠

شایەنی باسە عوسمانیەکان چەندین جۆر دراویان بەکارهێناوە لەعێراق وکوردستان ، دراوی وا هەیە لە عێراق لێدراوە وهەیە لەئەستانبول لێدراوە ( ضربخانة یان سکەی عوسمانی ) وهەشە لەویلایەتەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیەوە هاتۆتە ئەم ناوچەیە بەهۆی بازرگانانەوە، ئەو دراوانەی لەعێراق لێدراون زۆربەیان لەشاری بەغدا لێدراون لەسەردەمە جیاوازەکاندا بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی ( ١٥٤٤ – ١٨٤٦ ) ، دواتر لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا زۆربەی ئەو شوێنانە داخران کە دراویان لێدەدا تەنها بەغدا نەبێت دانەخرا وکاری لێدانی دراو وەك خۆی مایەوە [٢] ، بەڵام لەویلایەتی موسڵ تەنها لەساڵەکانی (١٥٥٠ ، ١٥٥٢ ، ١٥٧٤ ، ١٥٨٠ ) دا دراو لێدراون [٣] ٠

لەڕاستیدا چەند جۆرێك دراو بەزۆری بەکارهاتووە لەویلایەتەکانی عێراق وەك ( لیرەی زێڕ ) کە (٣٠ ) جۆر دراوی زێر لەتەمەنی دەوڵەتی عوسمانی لێدراون گرنگتریان ( ئستانبولی زێر ، ئستانبولی کۆن ،

---

١ – ا ٠ م ٠ مینتیشاشڤیلی : کورد کورتەی پێوەندی کۆمەلأیەتی – ئابوری ، ڕۆشنبیری و گوزەران ، س ٠ پ ، ل ٤١.

٢ – شوکت باموك : التاريخ المالي للدولة العثمانية ، ترجمة : عبداللطيف الحارس ، ط١ ، دار المدى الاسلامي ، بيروت ، ٢٠٠٥ ، ص ١٩٩.

٣ – عباس العزاوي : تاريخ النقود العراقية ، شركة التجارة والطباعة المحدودة ، بغداد ، ١٩٥٨ ، ص ص ١٠٩ – ١٢٣.

ئستانبولی سەلیمی ، ئەشرەفی ، بەغدادی ، جیهادی ، زنجیرلی ، لیرە ، شاهی ، رومی كۆن ، رومی نوێ ۰۰۰هتد ) ، بەلآم لەهەموویان باوتر لیرە بووە وئەو لیرانە بەناوی ئەو سولّتانە دەناسرا كە لەسەردەمیان لێدەدرا وەك لیرەی ( مەجیدی ، رەشادی ).

جۆرێكی تری دراوە عوسمانیەكان بریتی بووە لەدراوی زیوی ، ئەمەشیان جۆرەكانی زۆرن بەلآم گرنگتریان بریتی بوو لە ( ئاقچە ، قروش ، قروش رومی ، مەجیدی ، پارە ، ئیكلك ، بوقچە ، بێشلك ، هەشتی ، یوزلك ، مەحامید ، نەقشلی ، شامی ، ساغ ، مەتلیك ، فلوس ، مانغر ، جرك ) ، هەروەها دراوی بیانیش هەبووە لەدەولّەت عوسمانی وەك ( فەرەنكی فلوری ( ڤێنیس ) و قرشی ئەوروپی ) ، بەلآم لەهەموویان زیاتر قروش بەكارهاتووە لەم ناوچەیەدا و ئاقچەی زیوین تاسالّی ( ١٤٧٨ ) تاكە كانزایە كە عوسمانیەكان بەكاریان هێناوە و تاسالّی ( ١٦٨٥ ) ئاقچە یەكەی دراوی عوسمانی بووە [1].

شایانی باسە قروش لەسالّی ( ١٦٨٨ ) وە لێدراوە و دوو جۆری هەبووە كە ( قروشی ساغ و قروشی جرك خراپ ) بووە ونرخی یەك قروش دەیكردە نیو پێنسی ئینگلیزی[2]۰

قروش گەورەترین دراوی زیوی بووە و ( ١ ) یەك قروش دەیكردە ( ٤٠ ) پارە وهەر ( ١ ) یەك پارەیەك دەیكردە ( ٣ ) ئاقچە و ( ١ ) ئاقچە بریتی بووە لە ( ٢ ) فلوس یاخود ( مانغر ، مانقر ) كە بچووكترین دراوی دەولّەتی عوسمانی بووە[3]۰

دەتوانین بلّێین دانیشتوانی كەركوك زیاتر دراوی ( قروش و پارە) یان بەكارهێناوە ، چونكە ڕیچ لەگەشتەكەیدا بۆ كوردستان دەلّێت " پاسەوانی مەحمود پاشای بابان لە دەربەند ( مەبەستی دەربەندی تەكیەیە لای بەردە قارەمان ) بڕی ( ١٠ ) پارەی وەردەگرت لەهەر كالآیەك كە بەدەربەندەكەدا تێدەپەڕی " ، كە بازرگانانی كەركوك بۆسلێمانی ڕۆیشتونە وئەو پارانەیان لێ وەرگیراوە ، هەروەها كاتێك چاوی بە عوسمان بەگی برا بچووكی مەحمود پاشا دەكەوێت دەلّێت " سواری ماینێكی عەرەبی زۆرجوان بووە كە ( ١٣,٠٠٠ ) سیانزدە هەزار قروشی پێداوە " [4].

لەگەل هەلّگیرساندنی جەنگی یەكەمی جیهانی عوسمانیەكان دراوی كاغەزیان لێدا ( پێشتریش لەسالّەكانی ١٨٥٠ ، ١٨٧٧ دا دراوە كاغەز لە دەولّەتی عوسمانیدا لێدراون ) ودەستیانكرد بە كۆكردنەوەی

---

١ – ناهض عبدالرزاق القيسي : النقود في العراق ، م ۰ س ، ص ص ٤٤٥ – ٤٥٢.

٢ – بەختیار سەعید مەحمود شوانی : كەركوك لەسەدەی نۆزدەدا ، س ۰ پ ، ل ١٢٩.

٣ – عباس العزاوي : تاريخ النقود العراقية ، م ۰ س ، ص ص ١٤١ – ١٥٣.

٤ – كلوديوس جيمس ريج : رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠ ، ج ١ ، م ۰ س ، ص ص ٤٢ ، ٥٤.

دراوی ( زێر و زیو ) لەبازاڕەکاندا ، لەبەر ئەوەی ئەم کارە بەزۆری سەپێندرایە سەرهەموو ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون ، بۆیەخەڵکی دراوی زێر وزیوەکانیان دەشاردەوە، بەمەش نرخی دراوە کاغەزەکە زۆردابەزی وهیچ بایەخێکی نەبووە لەلای هاووڵاتیان [1].

دواتر بۆ نەهێشتنی ئەو بێ سەروبەرییەی کە لەدراوی عوسمانیدا هەبوو لە ( نیسانی ١٩١٦ ) دا یاسای ڕێکخستنی دراوەکان دەرکرا و لیرەی زێڕی ( ڕەشادی ) کرایە تاکە یەکەی دراوی عوسمانی[2].

لەڕاستیدا دەوڵەتی عوسمانی بۆدەرکردنی دراوی کاغەز دەبوا بەرامبەر ئەودراوانە زێر دابنێت لەبانکەکانی ( ئەڵمانیا و نەمسا و مەجەر ) ، بەلأم ئەو زێرانە وەك قەرزێك لەسەر حکومەتی عوسمانی مایەوە ودواتر کاتێك ئەڵمانیا لەجەنگی جیهانی یەکەمدا شکست دێنێت ئەوا نرخی دراوە کاغەزەکانی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت [3].

---

[1] – سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص ٢٢.

[2] – مجموعة من الباحثين : الدولة العثمانية ( تاريخ وحضارة ) ج١ ، اشراف وتقديم اكمل الدين احسان اوغلي ، نقله الى العربية : صالح سعداوي ، مركز الابحاث للاريخ والفنون والثقافة الاسلامية ، استانبول ، ١٩٩٩ ، ص ٦٦٦.

[3] – عبدالرحمن الجليلي : النظام النقدي في العراق ، القاهرة ، ١٩٤٦ ، ص ٩٨ وەرگیراوە لە : ناهض عبدالرزاق القيسي : النقود في العراق ، م ٠ س ، ص ٤٤٧.

## دووەم: دراوی سەردەمی ئینگلیز:

سیاسەتی دراوی بەریتانی لە عێراق بۆ بەستنەوەی عێراق بە هندستانەوە لەلایەك و بوونی ژمارەیەکی زۆر لەسەربازی هندی لەناوسوپای بەریتانیادا بووە هۆکارێك بۆبەکارهێنانی دراوی هندی ( روپێی ) لەلایەن سوپاکەوە ودواتریش ئەو دراوە سەپێندرایە سەر عێراق لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەریتانیەوە ئەمەش هۆکارێك بووە بۆناڕەزاییەکانی خەڵکی ، چونکە بەم کردارە ڕاستەوخۆ ئابوری عێراق بەسترایەوە بەووڵاتی هندستانەوە، هەروەها بەکارهێنانی رۆپێی هۆکارێك بووە بۆ کەم بوونەوەی نرخی دراوە عوسمانیەکان ، کە تائەو کاتە لەلایەن دانیشتوانی عێراقەوە بەکاردەهێنرا ، لەبەر ئەوە خەڵکی تووشی زەرەرێکی زۆربوون لەم هەنگاوەی ئینگلیز[1].

هەرچەندە دانیشتوانی عێراق ( هەرسێ ویلایەتی بەغدا وموسڵ وبەسرە ) هەرلەسەردەمی عوسمانیەوە ئاشنای دراوی هندی ( ڕوپێی ) بوونە ، ئەویش بەهۆی ئەوەی زۆرێك لەهیندی وئەفغانییەکان بۆ مەسەلە ئاینی و زانستییەکان ڕوویان لەکەرکوك کردووە و مێژووی تەکیەی تاڵەبانی شاهێدی ئەو ڕاستییەیە [2] ، هەروەها بوونی خانێك لە کەرکوك بەناوخانی هندیەوە ڕاستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێت کە بۆحەوانەوە ڕوویان کردۆتە ئەو خانە، بەڵام دواتر لەبەرواری ( ١٥/ ئایاری/١٩٢٠ ) دا ئینگلیز بڕیاری هەڵوەشانەوەی دراوی عوسمانی دەرکرد وبەشێوەیەکی فەرمی ڕوپێی دیاریکرا بۆمامەڵەکردن لەناوخۆی عێراقدا [3].

شایەنی باسە کە بەریتانیا لەساڵی ( ١٩١٧ ) دا (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ) روپێی هێنایە ناو عێراقەوە، کە بەشێکی دراوی کاغەز بوو وبەشەکەی تریش دراوی کانزایی بوو ، هەرچەندە بەهاکەی ئەم دراوە زۆر نزم بوو کە ( ١ ) روپێی دەیکردە ( ١٦ ) ئانە و ( ١٠٠٠ ) روپێی دەیکردە ( ٨١ ) جونەیهی ئیستەرلینی بەریتانی[4] ، جگە لەمەش بەشە بچووکەکانی ئانە بریتی بووە لە ( بیزە و پای ) [5] و گەورەترین بڕی ڕوپێی ( ١٠٠,٠٠٠ ) بووە کە بە ( لەك ) ناسراوە ودەکاتە ( ٧,٤٤٨ ) جونەیهی ئیستەرلینی [6] ، بۆیە نزمی بەهای روپێی کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر ئابوری عێراق.

---

[1] – سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م . س ، ص ٢٢.

[2] – شوكت باموك : التاريخ المالي للدولة العثمانية ، م . س ، ص ٣٩٤ ؛ عباس العزاوي : تاريخ النقود العراقية ، م . س ، ص ١٨٠.

[3] – ناهض عبدالرزاق القيسي : النقود في العراق ، م . س ، ص ٤٤٧.

[4] – ئەحمەد خواجە : چیم دی ، بەرگی (١– ٤) ئا: سدیق ساڵح ، چ٣ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠١٦ ، ل ١٢٩ ، ٢١٥.

[5] – عباس العزاوي : تاريخ النقود العراقية ، م . ن ، ص ١٨٠.

[6] – كمال مظهر احمد : الطبقة العاملة العراقية التكون وبدايات التحرك ، م . س ، ص ١٨٠.

شایانی باسه دوای کردنی فەیسەڵ بە پاشای عێراق [1] لە ( ٢٣/ ئابی /١٩٢١ ) دا ، بیرۆکەی دەرکردنی دراوی عێراقی هەمیشە ببوە جێگەی ناکۆکی نێوان بەرپرسانی عێراق ، چونکە بەکارهێنانی دراوی بیانی یەکێکە لەنیشانەکانی پاشکۆیەتی بۆ وولاتێکی بیانی ، بەڵام ئەم داواکاریانە بیٚ سوود بوو ، لەهەمان کاتدا لەساڵی ( ١٩٢٥ ) دا لیژنەیەکی دارایی بەریتانی راپۆرتێك ئامادە کرد وبریاری لە سەر مانەوەی دراوی هندی دا ئەویش بەبیانووی ئەوەی ئەو دراوە ( روپێی ) شوێنی خۆی گرتووە لە ئاڵوگۆری بازرگانی عێراقدا ، وهەرگۆرانکاریەك زیان دەگەیەنێت بەئابوری وڵات[2].

لەلایەکی دیکەوە دەسەلاتی بەریتانی لەعێراق هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوو فشار بخاتەسەر حکومەت ، ئەویش لەپێناو یەکلایکردنەوەی ( کێشەی موسڵ وجیاوك وئیمتیازی نەوتی لەو ویلایەتەدا ) ، بۆیە کۆنترۆڵکردنی دارایی وئابوری عێراق لەلایەن دەسەلاتدارانی ئینگلیزەوە شێوازێك بوو بۆ فشارخستنە سەر حکومەتی عێراق بەمەبەستی پابەند بوون ودەرنەچوون لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە دارایی وکارگێریانەی کەمەندوبی سامی بەریتانیا بۆحکومەتی عێراقی دارشتبوو.

## سێیەم: دراوی عێراقی :

لەدوای یەکلابوونەوەی ( کێشەی ویلایەتی موسڵ وکۆمپانیای نەوتی تورکی ) حکومەتی عێراق بانگێشتی شارەزای دارایی ئینگلیزی ( هلتۆن یانگ ) ی کرد ، بەمەبەستی دەرکردنی دراوێکی عێراقی لە جێگەی روپێی هندی ، لەئەنجامدا لەساڵی (١٩٣٠ ) دا راپۆرتەکەی ( هلتۆن یانگ ) ئامادەدەبێت ، بەڵام کێشەی سەرەکی دەرکردنی دراوی عێراقی بریتی دەبێت لەجۆری ئەو دراوە ( کاغەز بێت یاخود زێر )، هەروەها شوێنی دەرکردنی دراوە عێراقیەکە ( لەناو عێراق یا لەدەرەوەی بێت ) ، لەراستیدا عێراقییەکان زیانەکانی گۆرینی لیرەی زێری عوسمانی بۆدراوی کاغەز لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەبیر نەچوبووەوە ، چونکە ئەوکارە بووەهۆی مایەپووچبوونی چەندین بازرگان وسەرمایەدار وشاردنەوەی لیرەی زێر لەلایەن دانیشتوانی عێراقەوە ، بۆیە زۆربەی سیاسیەکان وبازرگانانی عێراق داوای ئەوەیان دەکرد دراوە نویٚ کە زێر بێت و هەروەها لەناوخۆی عێراق دەربکرێت ، حکومەت بۆئەم مەبەستە پرسی بەژووری بازرگانی بەغدا

---

[1] – مەلیك فەیسەلی یەکەم لە ( ٢٠/ ئایاری/١٨٨٣ ) لە شاری تائیف لەسعودیە لەدایك دەبێت و لە ( ٨/ ئەیلولی/١٩٣٣ ) لەوڵاتی سویسرادا کۆچیی دوایی دەکات ، لە نێوان ساڵانی ( ١٩٢١ – ١٩٣٣ ) دەبێتە پاشای عێراق ، بروانە : ( ابراهيم خليل سعيد : الطب في كركوك دراسة تاريخية ، ط١ ، مطبعة فضولي ، كركوك ، ٢٠١٠ ، ص ٥٣ ).

[2] – سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص٢٣.

وموسلّ کرد و زۆربەیان پێیان باش بوو دراوەکە زێڕ بێت ، لەبەر ئەوە حکومەتی عێراق پشتی بەڕاپۆرتی شارەزاری دارایی ئینگلیزی بەست ئەویش ( ئۆتۆ نمێر ) بوو ، کە پێشتر لە ( ١٤/ تشرینی دووەمی/١٩٢٩ ) دا ئەو ڕاپۆرتەی پێشکەش بە حکومەتی عێراق کردبوو ، وتێیدا داوایکردووە ئەو دراوە نوێ یە کاغەز بێت وپشتی بەچەندین هۆکار بەستبوو کە بریتی بوو لە ( عێراق چەند ساڵە شارەزایی لەبەکارهێنانی دراوی کاغەز پەیداکردووە ، دراوی زێڕ پێویستی بەتێچوونێکی زۆرە ودەبێت ڕێژەیەکی زۆر زێڕ بکڕدرێت ، خەڵکی زێر کۆدەکەنەوە وئەمەش زیان بەئابوری عێراق دەگەیێنێت ، ئەگەری بەقاچاغ بردنی ئەو زێڕانە بۆ وولاّتانی دراوسێ )[1] ، لەئەنجامدا لە ( ١٩/ نیسانی/١٩٣١ ) حکومەت یاسای دراوی عێراقی ژمارە (٤٤ ) ی ساڵی( ١٩٣١ ) ی دەرکرد ودیناری کردە یەکەی سەرەکی ئەو دراوە ، کە نرخی هەر دینارێك بەرامبەر ( ٧,٣٥ )[2] گرام ئاڵتون بوو وهەر دینارێك دەیکردە ( ١,٠٠٠ ) فلس [3] و ئەم دراوە لەهەردوو جۆری ( کاغەز و کانزایی ) بوو وپشت بە پاوەنی ئیستەرلینی دەبەست[4].

لەڕاستیدا لە ( نیسانی ١٩٣٢ ) دا دراوە عێراقیەکە کەوتە بازاڕەکانەوە بەهەردوو جۆری ( کاغەز و کانزایی ) ونرخەکانیشی بەرامبەر پاوەنی ئیستەرلینی دانرابوو .

### خشتەی ژمارە (١٦) [5] نرخی دراوی عێراقی بەرامبەر بەپاوەنی ئیستەرلینی:

| دراوی کاغەزی عێراقی | نرخەکەی بەرامبەر دراوی ئستەرلینی | دراوی کانزایی عێراقی | نرخەکەی بەرامبەر دراوی ئستەرلینی |
|---|---|---|---|
| ( ١٠٠ ) سەد دینار | ( ١٠٠ ) سەد پاوەن | ( ٢٠٠ ) دوو سەد فلس | ( ٤ ) چوار شلن |
| ( ١٠ ) دە دینار | ( ١٠ ) دە پاوەن | ( ٥٠ ) پەنجا فلس | ( ١ ) یەك شلن |
| ( ٥ ) پێنج دینار | ( ٥ ) پێنج پاوەن | ( ٢٠ ) بیست فلس | ( ٤,٨ ) پێنس |
| ( ١ ) یەك دینار | ( ١ ) یەك پاوەن | ( ١٠ ) دە فلس | ( ٢,٤ ) پێنس |
| ( ٢/١ ) نیو دینار | ( ١٠ ) دە شلن | ( ٤ ) چوار فلس | ( ٠,٤ ) پێنس |
| ( ٤/١ ) چارەگە دینار | ( ٥ ) پێنج شلن | ( ٢ ) دوو فلس | (٢/١ ) پێنس |
| / | / | ( ١ ) یەك فلس | ( ٤/١ ) پێنس |

[1] – محمد عزت غزلان : اقتصاديات النقود والمصارف ، م ٠ س ، ص ٣٨ ؛ سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص ص ٢٦ – ٢٩.

[2] – ناهض عبدالرزاق القيسي : النقود في العراق ، م ٠ س ، ص ٤٧٩.

[3] – ز ٠ ي ٠ هرشلاغ : مدخل الى التاريخ الاقتصادي الحديث للشرق الاوسط ، ت : مصطفى الحسيني ، دار الحقيقة ، بيروت ، ١٩٧٣ ، ص ٣١٧.

[4] – عبدالرزاق الحسني : تاريخ الوزارات العراقية ، ج ٦ ، م ٠ س ، ص ٢٢٥.

[5] – الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ : موسوعة ادارية اجتماعية اقتصادية تجارية ٠٠٠ ، م ٠ س ، ص ١٠١٤.

یەکەمین بڕە پارەی عێراقی کە دەرچوو بریتی بوو لە ( ٢,٠٨٦,٠٠٠ ) دینار ، هەروەها روپێی هندی هاوشانی دراوی عێراقی کاری پێدەکرا لەناو عێراق و تا بەرواری ( ١/ تشرینی یەکەمی/١٩٣٢ ) دەرفەت درا بەگۆڕینەوەی ئەودراوە [1] ، کە نرخی گۆڕینەوەی ( ١ ) ڕوپێی دەیکردە ( ٧٥ )فلسی عێراقی و نرخی ( ١٠٠,٠٠٠ ) ڕوپێی بەرامبەر دراوی ئینگلیزی دەیکردە ( ٧,٤٤٨ )پاوەنی ئیستەرلینی [2]٠

لەلایەکی دیکەوەحکومەتی عێراق داوای لەفەرمانبەران دەکرد ئاسانکاری بۆخەڵکی بکەن بۆ گۆرینەوەی دراوەکانیان وزۆریان لێ نەکرێت ، هەرچەندە ئەم ئەرکە سەرەتا لەسەر وەزارەتی دارایی عێراق بوو ڕوپێی بکرێت بەنرخێکی گونجاو وکاری بازرگانی پێبکات لەگەڵ وولاتی هندستان ، بەڵام دواتر ئەم کارە درا بە ( بانکی ڕۆژهەڵاتی سنووردار Eastern Bank Limited ) وئەم بانکە سەرپشك کرا بۆگۆڕینەوەی ڕوپێی وبازرگانی کردن لەگەڵ هندستان وکڕینی دراوی ئینگلیزی [3]٠

هەڵبەتە دراو گرنگترین هۆکاری ئەنجامدانی چالاکی بازرگانیە ، هەروەها تاکە ڕێگەیە بۆنرخاندنی کالاَ و ئەنجامدانی کڕین وفرۆشتن ، ئەمە وێرای ئەوەی تەنها دراو قازانج وزیانەکانی بازرگان دیاری دەکات٠

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ، کە بازرگانانی کەرکوك دوو جار ڕوبەڕووی گرفتی گۆڕینی دراو هاتن لە ماوەیەکی کەمدا ، دابەزینی نرخی دراوی کاغەزی عوسمانی و شاردنەوەی دراوە زێڕەکان زەرەر وزیانی گەیاندە بازرگانانی شارەکە ودواتر لەگەڵ هاتنی ئینگلیز وبەزۆر سەپاندنی دراوی نامۆ ( ڕوپێی ) بەدانیشتوان ، ئەوا بازرگانی لەشارەکەدا ڕووبەڕووی گرفت بۆوە دیسانەوە ، بەڵام دواتر کاتێك دراوی عێراقی دەردەچێت وماوەیەکی کەم دیاری دەکرێت بۆگۆڕینی ئەو دراوە ، ئەم کارە دەبێتە هۆکارێك بۆدابەزینی نرخی لە بازاڕەکان ، ئەمە وێرای ئەوەی دیاریکردنی بانکی ڕۆژهەڵاتی سنووردار بۆئەنجامدانی کاری گۆڕینەوە و بازرگانیکردن بەو دراوە ، بووە هۆی قۆرخکردنی ئەم کارە وناسەقامگیری نرخ و دابەزینی٠

---

[1] – ناهض عبدالرزاق القيسي : النقود في العراق ، م ٠ س ، ص ٤٧٩.

[2] – كمال مظهر احمد : صفحات من تاريخ العراق المعاصر، م . س ، ص ٩٧.

[3] – سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص ٤٣ ؛ ناهض عبدالرزاق القيسي : م ٠ ن ، ص ٤٨٠.

## باسی دووەم : چالاکی بانکی لە کەرکوك :

لە کەرکوکدا وەك شارەکانی تر بانك نەبووە بۆیە کاری قەرز وسوو خواردن باوبووە، هەرچەندە گەلی کورد لەناو کۆمەڵگایەکی موسڵماندا دەژێت وبەیاساکانی ئیسلام سوو خواردن حەرامە، بەڵام دیاردەیەکی ئاسایی بووە وبازرگانە بچووکەکان لەبەرامبەردا قازانجیان لەگەڵ خاوەن پارەکان بەش دەکرد[1].

شایەنی باسە پێش دەرکەوتنی بانکەکان لەکەرکوك کاری ئاڵوگۆرینی دراو وپێدانی قەرز وکاری بانکی و بۆرسە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دەدرا بەزۆری جوو بوون ودواتریش کاتێك بانکەکانی عێراقی وبیانی لقی خۆیان لەکەرکوك کردەوە هەر ئەو کەسانە لەکارەکانی خۆیان بەردەوام بوون ، نموونەی ئەو کەسانەش ( ساڵح ) ی جوو بووە کەناوی لەلیستی ئەودوکاندارانە هاتووە کە لەشەڕی نێوان دوکاندارانی بازاڕی کەرکوك ولیڤی ئاسووریدا لەساڵی( ١٩٢٤ ) زیانیان پێ گەیشتبوو[2].

لەڕاستیدا بانکە بیانیەکان زووتر لقیان لەعێراق کردەوە وتوانیان پێش بانکە خۆماڵیەکان چالاکی دارایی خۆیان پێشکەش بکەن لەناو عێراق و کەرکوکیش بێ بەش نەکراوە لەوچالاکییانە ، بۆیە بانکەکان پۆلێن دەکەین بۆ سێ جۆر کە بریتین لە :

### یەکەم : بانکە بیانیەکان:

١- بانکی عوسمانی : بانکێکی بەریتانیە ولەساڵی ( ١٨٦٣ ) دا لەئەستانبول دامەزرا بەسەرمایەی (١٠ ) ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی ویەکەمین لقی خۆی لەساڵی ( ١٨٩٢ ) دا لەعێراق لەشاری بەغدا کردەوە ودواتر لقی لەشارەکانی موسڵ وبەسرە کردەوە[3].
٢- بانکی ڕۆژهەڵاتی سنووردار ( Eastern Bank Limited ): بانکێکی بەریتانیە ساڵی ( ١٩٠١ ) بە سەرمایەی ( ٢ ) ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی لەلەندەن دامەزراوە ، لەساڵی ( ١٩١٢ ) دا یەکەمین لقی خۆی لەشاری بەغدا کردەوە و دواتریش لقی لەشارەکانی بەسرە وموسڵ وکەرکوك وعیمارە کردەوە ، دەبێتە بریکاری لیژنەی دارایی عێراقی لەلەندەن ودەبێتە جێگەی متمانەی حکومەتی عێراق وتەنانەت مەلیك فەیسەڵی یەکەمیش قەرزی لەم بانکە وەرگرتووە[4].

---

[1] – ا ٠ م ٠ مینتیشاشڤیلی : کورد کورتەی پێوەندی کۆمەڵایەتی – ئابوری ، رۆشنبیری و گوزەران ، س ٠ پ ، ل ٤١.
[2] – نجات كوثر اوغلو : صفحات من تاريخ كركوك ، م ٠ س ، ص ٢٦٧.
[3] – حسن محمد ربيع: المصارف ، ط١ ، بغداد ، ١٩٤٨ ، ص ٩.
[4] – صباح عبدالرحمن : النشاط الاقتصادي ليهود العراق ١٩١٧ – ١٩٥٢ ، م ٠ س ، ص ١٧٢ ؛ سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص ٨٢.

٣- بانکی شاهنشاهی ئێرانی : لەساڵی ( ١٨٩٩ ) دا لەشاری لەندەن دامەزراوە بەسەرمایەی ( ١ ) ملێۆن جونەیهی ئیستەرلینی و لەساڵی ( ١٩١٨ ) دا لقی لە بەغدا کردەوە ودواتر لقی لەشارەکانی بەسرە وحەبانیە و موسڵ کردۆتەوە وپاشترناوی گۆڕاوە بۆبانکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەریتانی[1].

٤- بانکی عەرەبی : ئەم بانکە لەشاری قودس لەساڵی (١٩٣٠ ) دا دامەزراوە و سەرمایەی تەنها ( ١٥ ) هەزار دینار بووە ، لەساڵی ( ١٩٣٨ ) دا لقی لەبەغدا کردەوە و دواتریش لەموسڵ و بەسرە.

٥- بانکی لوبنانی یەکگرتوو: لەساڵی ( ١٩٥٠ ) دا لە شاری بەیروت دادەمەزرێت و لقی لەشارەکانی بەغدا و بەسرە و کەربەلا دەکاتەوە.

٦- بانکی بازرگانی وپیشەسازی ئەفریقی: بانکێکی فەرەنسیە و لەساڵی ( ١٩٥٤ ) دا لقی لەشاری بەغدا دەکاتەوە بەسەرمایەی (٢٥٠) هەزار دینار[2].

لەڕاستیدا لەشاری کەرکوك تەنها لقی ( بانکی ڕۆژهەڵاتی سنووردار Eastern Bank Limited ) هەبووە ، ئەوش بەهۆی بوونی کۆمپانیای نەوت کە ئەم بانکە بریکاری حکومەتی عێراق بووە و بۆ ڕێکخستنی چالاکییە داراییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیای نەوتدا بۆیە ئەم لقەی لە کەرکوك کردۆتەوە ، بەلاّم بانکە بیانیەکانی تر لقیان لەکەرکوك نەبووە بەڵکو زیاتر لەبەغدا بوون و لەڕێگەی بریکارەکانیان خزمەتگوزاری بانکیان پێشکەش بەشارەکانی تری عێراق کردووە.

لەپوختەی ئاماری ( ١٩٥٧ ) دا ( ٨ ) بانکی بیانی لەعێراقدا مۆڵەتی کارکردنیان هەبووە و لەکۆی ( ٣٣ ) لقی بانکی بیانی لەعێراق تەنها ( ١ ) یەك لقی بانکی بیانی هەبووە لەشاری کەرکوك[3].

## دووەم : بانکە حکومیەکان :

١- بانکی کشتوکاڵی و پیشەسازی عێراقی: کەرکوك هەر لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا بەتایبەتی لەساڵی ( ١٩٠٧ ) وە بانکی کشتوکاڵی تێدا دامەزراوە ، کە بەرپرسی ئەو بانکە ( عەلی تەوفیق ئەفەندی ) بووە و بێجگە لەکاتبی بانکەکە سێ ئەندامیشی هەبووە، بەلاّم دواتر بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانەوە ئەو بانکە کارو چالاکییەکانی ڕاوەستاوە[4] ، پاش ئەوە لەسەردەمی پاشایەتی بانکی کشتوکاڵی و

---

[1] – حسن محمد ربيع: المصارف ، م ٠ س ، ص ٩ ؛ صباح عبدالرحمن: النشاط الاقتصادي ليهود العراق ، م ٠ س ، ص ١٦٥.

[2] – سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص ٨٣ – ٨٥.

[3] – الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٢٨ ، ٢٢٩ ، ص ٢٠٢.

[4] – عبد الفتاح علي البوتاني : دراسات ومباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر ، م ٠ س ، ص ١١١ ؛ نجات كوثر اوغلو : صفحات من تاريخ كركوك ، م ٠ س ، ص ١٦٥.

پیشەسازی بەپێی یاسای ژمارە ( ٥١ ) ی ( ١٩٣٦ ) دامەزرا و لەبەرواری ( ٢/ حوزەیرانی/١٩٣٦ ) دا بەفەرمی لقی سەرەکی خۆی لە بەغدا کردەوە و سەرمایەی ئەم بانکە سەرەتا ( ١٥٠ ) هەزار دینار بووە وکارەکانی بریتی بوو لەپێدانی قەرز بە جوتیاران بۆ ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی و زیندوکردنەوەی زەویە کشتوکاڵییەکان و فرۆشتنی ئامێری کشتوکاڵی و پەین و تۆو وهەماهەنگی کردنی جوتیاران بۆفرۆشتنی بەرووبوومەکانیان و پێدانی قەرز بە خاوەن پرۆژە پیشەسازییەکان و دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی نوێ وچاککردنەوە و فراوانکردنی کارگە پیشەسازییەکان و هەماهەنگی بۆ هاوردەکردنی کەرەستەی خاو بۆ خاوەن کارگە پیشەسازییەکان[1].

لەڕاستیدا چالاکی ئەم بانکە لەسەرەتادا زیاتر بایەخی بە کەرتی کشتوکاڵی دەدا ئەویش بەهۆی لاوازی بزوتنەی پیشەسازی بووە لەعێراق [2] ، هەرچەندە بڕی ئەو پارەیەی دەدرا وەك قەرز بە جووتیاران کەم بوو ( ٣٠ بۆ٣,٠٠٠ ) هەزار دینار بووە و دەبووایە لەبەرامبەر ئەو قەرزانە تاپۆی زەوی دابنرێت ، بەلاّم زۆربەی جوتیاران تاپۆیان نەبووە بۆیە کەمترین ژمارە سوودیان لەو قەرزانە وەرگرتبوو [3]، ئەمە وێرای ئەوەی بانکەکە ماوەیەکی کەمی دیاریکردبوو بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانە کە لە نێوان ( ٤ – ٥ ) ساڵ بوو و لەبڕی ئەو قەرزانە جگە لەتاپۆی زەوی داوای ئاڵتون وزیوی دەکرد لەجوتیاران[4].

---

[1] – الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ : م ٠ س ، ص ١٠١٦.

[2] – سعيد عبود السامرائي : مقدمة في التاريخ الاقتصادي العراقي ، م ٠ س ، ص ١٥١.

[3] – المصرف الوطني العراقي : تقرير عن السياسة النقدية في العراق ، وضعه كارل افرسن و بول وندينغ و بول نوركارد راسموسن ، مطبعة بغداد ، بغداد ، ١٩٥٤ ، ص ٤٥ ؛ محمد توفيق حسين : نهاية الاقطاع في العراق ، م ٠ س ، ص ١١٣ – ١١٤.

[4] – هشام متولي : اقتصاديات القطر العراقي ، م ٠ س ، ص ١١٩.

**خشتەی ژمارە ( ١٧ ) [١] ژمارەی ئەو قەرزە کشتوکاڵیانەی دراون بە جوتیارانی کەرکوک بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق لەنێوان ساڵانی ( ١٩٥٢ – ١٩٥٧ ):**

| ساڵ | ژمارەی ئەو کەسەی قەرزی کشتوکاڵی وەرگرتووە لە لیوای کەرکوک | ژمارەی ئەو کەسەی قەرزی کشتوکاڵی وەرگرتووە لە هەموو عێراق | ڕێژەی سەدی پشکی کەرکوک لە قەرزەکان |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٣/ ١٩٥٢ | ٧٧ | ١,٢٥٦ | ٪٦,١٣ |
| ١٩٥٤/ ١٩٥٣ | ٥٧ | ٢,١٨٦ | ٪٢,٦ |
| ١٩٥٥ / ١٩٥٤ | ٦٧ | ١,٨٩٤ | ٪٣,٥٣ |
| ١٩٥٦ / ١٩٥٥ | ٢٣٧ | ٢,٢٦٤ | ٪١٠,٤٦ |
| ١٩٥٧ / ١٩٥٦ | ١٠٣ | ١,٧٦٣ | ٪٥,٨٤ |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە ( ١٧ ) دا دەردەکەوێت ، ڕێژە و ژمارەی ئەو قەرزە کشتوکاڵییانەی کە بۆ لیوای کەرکوک تەرخان کراون زۆر کەمە بەبەراورد لەگەڵ هەموو عێراق کە بەرزترین ڕێژە دەگاتە ( ٪١٠,٤٦) بۆساڵی ( ١٩٥٥ ـ ١٩٥٦ ) لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی ( ٪٧٠ ) ی داهاتی نەوت تەرخان کرابوو بۆ ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق و لەناو ئەو برە پارانەش قەرزی کشتوکاڵی یەکێك بووە لە پلانەکانی ئەو ئەنجومەنە ، ئەگەر چی زۆربەی نەوتی عێراق لە کێڵگەکانی کەرکوکەوە بەرهەم هێنراوە.

٢- بانکی پیشەسازی عێراقی : ئەم بانکە بە پێی یاسای ژمارە ( ١٨ ) ی (١٩٤٠ ) لەبانکی کشتوکاڵی جیاکرایەوە ، بەڵام ئەم یاسایە بەشێوەیەکی کردار لەساڵی ( ١٩٤٦ ) دا جێبەجێکرا ، سەرەتا سەرمایەی ئەم بانکە ( ٥٠٠,٠٠٠) دینار بوو ، بەڵام دواتر تا مانگی ( ئازاری ١٩٥٢ ) سەرمایەی زیاد دەکرێت بۆ ( ٣ ) ملیۆن دینار [٢] ، ئامانجی ئەم بانکە بەرەو پێشبردنی کەرتی پیشەسازی بووە لەووڵات و پێدانی قەرز بۆ دامەزراندن و فراوانکردنی کارگە پیشەسازییەکان ، هەورەها بۆ کڕینی ئامێر و کەرەستەی خاوی تایبەت بە کەرتی پیشەسازی و بەشداریکردن لەدامەزراندنی کارگە و پرۆژە پیشەسازییەکان وماوەی گەڕاندنەوەی قەرزەکان ( ١٠ ) ساڵ بوو و ڕێژەی سوو لەسەر قەرزەکە ٪٧ بووە [٣].

---

١ – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ٣٠٢ ، ص ٢٩٢ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٩٢ ، ص ١٤٠ ؛ المصرف الزراعي : التقرير السنوي الحادي والعشرون عن اعمال المصرف الزراعي للسنة المالية ١٩٥٦ / ١٩٥٧ ، شركة التجارة والطباعة المحدودة ، بغداد ، ١٩٥٨ ، ص ١٩ – ٢٠.

٢ – جواد هاشم : تكوين رأس المال في العراق ١٩٥٧ – ١٩٧٠ ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، ١٩٧٥ ، ص ٢٤٧ ؛ سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص ١٧٨.

٣ – امجد خضير رحيم محمد الدوري : التطور الصناعي في العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٩ ، م ٠ س ، ص ٢٦.

**خشتەی ژمارە( ١٨ )[١] پشکی بانکی پیشەسازی عێراقی لەکۆمپانیاکان لەسەر ئاستی عێراق لەنێوان ساڵانی ( ١٩٤٩ ـ ١٩٥٥ ):**

| ز | ناوی کۆمپانیا | ڕێژەی بەشداری بانکی پیشەسازی | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| ١ | کۆمپانیای چیمەنتۆی عێراقی سنووردار | ٢٠,٦٪ | ١٩٤٩ |
| ٢ | کۆمپانیای دەرکردنی ڕۆنی ڕووەکی سنووردار | ٢٠,٥٪ | ١٩٤٩ |
| ٣ | کۆمپانیای چنین و ڕستنی عێراقی سنووردار | ٣٥,٤٪ | ١٩٤٩ |
| ٤ | کۆمپانیای بازرگانیکردن وهاڕینی دانەوێڵەی عێراقی سنووردار | ٢٨,٨٪ | ١٩٤٩ |
| ٥ | کۆمپانیای دروستکردنی پێستەی نیشتمانی سنووردار | ٤١,٥٪ | ١٩٤٩ |
| ٦ | کۆمپانیای پاککردنەوەی ڕووبار و چاککردنەوەی زەوی کشتوکاڵی سنووردار | ٦,٣٪ | ١٩٤٩ |
| ٧ | کۆمپانیای جووتی عێراقی سنووردار | ١٥٪ | ١٩٥٣ |
| ٨ | کۆمپانیای پیشەسازی خورمای عێراقی سنووردار | ٢٠٪ | ١٩٥٣ |
| ٩ | کۆمپانیای نانەواخانەی بەغدای سنووردار | ٢٥٪ | ١٩٥٣ |
| ١٠ | کۆمپانیای تأمینی نیشتمانی سنووردار | ١٥٪ | ١٩٥٣ |
| ١١ | کۆمپانیای کەچی عێراقی سنووردار | ٢٠٪ | ١٩٥٥ |
| ١٢ | کۆمپانیای مەرمەڕی عێراقی سنووردار | ٢٠٪ | ١٩٥٥ |

**ئەوەی لە خشتەی ژمارە ( ١٨ ) دا دەردەکەوێت ، بانکی پیشەسازی ڕێژەیەکی زۆری هەبووە لە پشکەکانی ( کۆمپانیای دروستکردنی پێستە ٤١.٥٪ ، کۆمپانیای چنین وڕستن ٣٥,٤٪ ، کۆمپانیای بازرگانی وهاڕینی دانەوێڵە ٢٨,٨٪ ، کۆمپانیای نانەواخانەی بەغدا ٢٥٪ ) ئەم پشکە زۆرانەش یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی بڕیاری بەهێزی بەدەستەوە بێت بۆ ئاڕەستەکردنی بەرهەم و کارگێری ئەو کۆمپایانە.**

**شایەنی باسە کار وچالاکی بانکی پیشەسازی زیاتر لەبەغدا بووە ئەویش بەهۆی بەشداری ڕاستەوخۆی دەسەلأتدارانی ئەو سەردەمە لەدامەزراندنی کۆمپانیا و کارگە پیشەسازیەکان ، بۆ نموونە: ( ڕەشیدعالی گەیلانی ١٨٩٢ ـ ١٩٦٥ ) و ( نوری سەعید ١٨٨٨ ـ ١٩٥٨ ) پشکیان هەبووە لەچەندین کۆمپانیا لەوانە کۆمپانیای هەلاجی پەموو ، چیمەنتۆ ، کەرەستەی بیناسازی ... هتد ، هەرچەندە یەکەمین کۆمپانیا لەعێراق دامەزرا کۆمپانیای فەتاح پاشا بووە وخاوەنەکەی بەڕەچەڵەك خەڵکی شاری کەرکوك بووە ، بەڵام بەهۆی ئەو**

---

[١] – ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە : كاثلين ام . لانكلي : تصنيع العراق ، م . س ، ص ٢٣٠ ؛ جوني يوسف حنا : تاريخ الصناعة الوطنية وعلاقتها بالتطور السياسي في العراق ١٩٢٩ – ١٩٥٨ ، م . س ، ص ١٥٨ – ١٥٩ ؛ حسن محمد ربيع: المصارف ، م . س ، ص ١٣٩ ؛ هشام متولي : اقتصاديات القطر العراقي ، م . س ، ص ١٢١.

ئاسانكاريانەی لەشاری بەغدا بۆیكراوە ئەوا كارگەی لەو شارەدامەزراندووە[1]، لەبەر ئەوە لەساڵی دارایی ( ١٩٥٢ / ١٩٥٣ ) دا لە ( ١٥٣ ) پرۆژە لەهەموو عێراق تەنها ( ٢ )[2] پرۆژە كەركوك قەرزی بانكی پیشەسازی پێدراوە و لەساڵی دارایی ( ١٩٥٣ / ١٩٥٤ ) دا لە ( ١٨١ ) پرۆژە لەهەموو عێراق تەنها (٦ )[3] پرۆژەی پیشەسازی لەكەركوك قەرزی لەو بانكە وەرگرتووە و لەساڵی دارایی ( ١٩٥٤ / ١٩٥٥ ) دا لەكۆی ( ٢٤٢ ) پرۆژەی پیشەسازی كە بانكی پیشەسازی قەرزی بۆی تەرخان كردبوو تەنها ( ٣ ) پرۆژە پشكی كەركوك بووە.[4]

٣- بانكی رافیدەین : لەلایەن حكومەتی عێراقەوە دامەزرا بەپێی یاسای ژمارە (٣٣) ی ساڵی ( ١٩٤١ ) ، بەمەبەستی رێكخستنی كاری بازرگانی وئاڵو گۆڕكردنی دراو لەعێراق بۆیە لە ( ٢٥/ ئایاری/١٩٤١ ) لقی سەرەكی لەبەغدا كردەوە بە سەرمایەی (٥٠٠,٠٠٠ ) دینار[5] و لە ( ٢٠/ ئایاری/١٩٤٥ ) دا ئەم بانكە لقی لە كەركوك كردەوە و چەندین لقی ترلەووڵاتانی دراوسێ كردەوە بەمەبەستی ئاسانكاری بۆ كاری بازرگانی لەگەڵ ئەو ووڵاتانە[6].

٤- بانكی نیشتمانی عێراقی : لە (٢٠/ تەمووزی /١٩٤٧ ) دا یاسای ژمارە ( ٤٣ ) ی تایبەت بە دامەزراندنی ئەم بانكە دەرچوو و كاری ئەوە بووە كە بانكێكی ناوەندی عێراقی بێت بۆ بەرێوەبردنی دراوی عێراقی و چالاكییە داراییەكانی حكومەتی عێراق و چاودێری بانكە حكومی وبیانی وتایبەتەكانی ناو عێراق بكات و دراوی عێراقی لێبدات و سەرەتا سەرمایەی بە ( ٥ ) ملیۆن دینار دەستی پێكرد[7]، بەهۆی گرنگی كارەكانی ئەم بانكە و لەپێناو دەست تێوەرنەدانی كاربەدەستانی حكومەتەوە ئەم بانكە لەلایەن یەكێك لەدادوەرانەوە ( حاكم ) بەرێوەدەبرا و بە پارێزگار دەناسرا ولەگەڵ ( ٩ ) ئەندام كە دەبوایە سێ ئەندامیان پسپۆر بونایە یەكێكیان لەكاروباری بانكی و لەلایەن بانكەكانی ( عوسمانی ، بانكی رۆژهەلاتی سنووردار Eastern Bank Limited ، رۆژهەلاتی ناوەڕاستی بەریتانی ) دەست نیشان بكرایە، دوو ئەندامەكەی تریان دەبوایە شارەزابونایە لەبواری بازرگانی و كشتوكاڵی ولەلایەن ژووری بازرگانی و

---

[1] – جوني يوسف حنا : م ٠ س ، ص ص ٤٤ ، ١٠٢ ، ١٢٧ ، ١٤٩.

[2] – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٩٢ ، ص ٢٨٦.

[3] – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٨٢ ، ص ١٣٤.

[4] – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٥ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٦ ، ص ١٨١.

[5] – حسن محمد ربيع: المصارف ، م ٠ س ، ص ١١.

[6] – الجمهورية العراقية : منجزات لواء كركوك ، م ٠ س ، ص ١٤٣.

[7] – حسن محمد ربيع : م ٠ ن ، ص ص ١٤٣ – ١٤٧ ؛ صالح حيدر : التطور الاقتصادي في العراق ، مطبعة شركة النشروالطباعة العراقية المحدودة ، بغداد ، ١٩٥٤، ص ١٥ ؛ سعيد عبود السامرائي : مقدمة في التاريخ الاقتصادي العراقي ، م ٠ س ، ص ٢١٤.

کشتوکاڵی عێراقەوە دەست نیشان بکرایە[١] ، شایەنی باسە ئەم بانکە لە ( ١/ تەمووزی/١٩٥٦ ) بە پێی یاسای ژمارە ( ٧٢ ) ناوی گۆڕا بۆ بانکی ناوەندی عێراقی [٢].

٥- بانکی عەقاری ( العقاري ): بەپێی یاسای ژمارە( ١٨ ) ی ساڵی ( ١٩٤٨ ) لەشاری بەغدا دامەزرا بەسەرمایەی ( ١ ) ملیۆن دینار بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون لەعێراق و زۆرترین بڕی پارە کە بەقەرز دەدرایە هاووڵاتیان بریتی بووە لە ( ٤,٠٠٠ ) دینار کەلەماوەی ( ٨ ) ساڵ وەردەگیرایەوە بە سووی ( ٥٪ ) لەسەد لەسەر قەرزی وەرگیراو[٣] ، لەڕاستیدا بارودۆخی خراپی هاوڵاتیان و گرانی کرێی خانوو فشاری لەسەر حکومەتی عێراقی دروست کردووە بۆ دامەزراندنی ئەم بانکە [٤] ، جگە لەمەش چالاکییە داراییەکانی ئەم بانکە تەنها پێدانی قەرز نەبووە بەڵکو هەنگاوی تری نا ، کە بریتی بووە لەدروستکردنی خانوو و دواتر پێدانی ئەو خانووانە بەخاوەن کەم دەرامەتەکان ، نمونەی ئەو کارەش لەکەرکوك دروستکردنی ( ١٨ )خانوو بووە لەگەڕەکی ئەڵماس[٥].

شایەنی باسە ڕۆڵی بانکی عەقاری زیاتر دەبێت لەپێدانی قەرز بە هاووڵاتیانی عێراق لەساڵی ( ١٩٤٩/ ١٩٥٠ ) دا لەسەر ئاستی عێراقدا ( ٤٥٨ ) هاووڵاتی سوود لەو بانکە وەردەگرن و بۆساڵی ( ١٩٥٧ /١٩٥٨ ) ئەو ژمارەیە بەرز دەبێتەوە بۆ ( ٤,٣٢٢ )[٦]، وێرای ئەوەی پرۆسەی نیشتەجێبوون وزیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك بەهۆی بوونی کۆمپانیای نەوتەوە ڕووی لەزیادی کردبووە[٧] ، بەڵام بانکی عەقاری ڕەچاوی ئەو زیادبوونەی نەکردووە ولەدوای دامەزراندنیەوە لەساڵی ( ١٩٥٣ /١٩٥٤ ) وە دەست دەکات بە پێدانی قەرز بە هاووڵاتیانی کەرکوك و ژمارەی ئەوانەی سوودیان لەو قەرزانە وەرگرتووە بریتی بوون لە (١٧٦) هاووڵاتی و بۆساڵی ( ١٩٥٤/١٩٥٥ ) ئەو ژمارەیە دەگاتە ( ١٧٨ ) هاووڵاتی[٨].

---

١ – هشام متولي : اقتصاديات القطر العراقي ، م ٠ س ، ص ١١٤.

٢ – ناهض عبدالرزاق القيسي : النقود في العراق ، م ٠ س ، ص ٤٨٢.

٣ – المصرف الوطني العراقي : تقرير عن السياسة النقدية في العراق ، م ٠ س ، ص ٤٩.

٤ – سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي في العراق ، م ٠ س ، ص ١٨٠.

٥ – المصرف العقاري : تقرير احصائي عن اعماله منذ تأسيسه لغاية ٣١– ٣– ١٩٥٥ ، شركة الرابطة للطبع، بغداد ، ١٩٥٦ ، ص ٧٦.

٦ – فاهم كامل الصحاف واخرون : ذكرى اليوبيل الفضي للسمنت العراقي ١٩٤٩ – ١٩٧٤ ، م ٠ س ، ص ١٠١.

٧ – كاثلين ام ٠ لانكلي : تصنيع العراق ، م ٠ س ، ص ١٢٨.

٨ – المصرف العقاري : تقرير احصائي عن اعماله منذ تأسيسه لغاية ٣١–٣–١٩٥٥ ، م ٠ ن ، ص ٣٦ ، ٤٩.

**خشتەی ژمارە (١٩)[١] ژمارەی ئەو کەسانەی مۆڵەتی دروستکردنی خانوویان وەرگرتووە لەشاری کەرکوك و هەموو عێراق لەنێوان ساڵانی ( ١٩٤٩ ــ ١٩٥٧ ):**

| ساڵ | ژمارەی مۆڵەتی خانوو دروستکردن لە لیوای کەرکوك | ژمارەی مۆڵەتی خانوو دروستکردن لە هەموو عێراق | ڕێژی سەدی کەرکوك بەرامبەر عێراق |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٩ | ١٤٨ | ٣,٣٤٧ | ٪٤,٤٢ |
| ١٩٥٠ | ١٦٢ | ٢,٩٠٠ | ٪٥,٥٨ |
| ١٩٥١ | ١٥٨ | ٢,٩٥٦ | ٪٥,٣٤ |
| ١٩٥٢ | ٢٣٧ | ٤,٣٤٣ | ٪٥,٤٥ |
| ١٩٥٣ | ٤٣٩ | ٥,٣٦١ | ٪٨,١٨ |
| ١٩٥٤ | ٣٢٥ | ٥,٦٤٢ | ٪٥,٧٦ |
| ١٩٥٥ | ٤١٣ | ٧,٠٠٢ | ٪٥,٨٩ |
| ١٩٥٦ | ٤٥٨ | ١٠,٣٣١ | ٪٤,٤٣ |
| ١٩٥٧ | ٤١٥ | ٩,٣٩١ | ٪٤,٤١ |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە ( ١٩ ) دا دەردەکەوێت ، ڕێژەی پێدانی مۆڵەتی خانوو دروستکردن لە لیوای کەرکوك لەساڵی ( ١٩٥٣ ) دا دەگاتە ( ٪٨,١٨ ) کە لەخشتەکەدا بەرزترین ڕێژەیە لەنێوان ساڵانی ( ١٩٤٩ ـ ١٩٥٧ ) دا ، نزمترین ڕێژەش لەساڵی ( ١٩٥٧ ) دایە کە بریتیە لە ( ٪٤,٤١ ).

٦– بانکی رهون ( الرهون ) : لەساڵی ( ١٩٥١ ) دا لەشاری بەغدا دامەزرا بەسەرمایەی ( ١٠٠,٠٠٠ ) دینار و دواتر زیاد کرا بۆ ( ١,٥ ) ملیۆن دینار.

دامەزراندنی ئەم بانکە بەمەبەستی پاراستنی هاووڵاتیان بووە لەو سووە زۆرەی کە خاوەن بۆرسە تایبەتەکان وەریاندەگرت بەرامبەر بە پێدانی قەرز [٢]، شایەنی باسە هاووڵاتیان لەبری ئەو قەرزە دەبوایە شتی بەنرخ وەکو زێڕ و فەرش و کومبار ٠٠٠ هتد ، کە بانکەکە ڕەزامەندی لەسەر بووایە و جۆری

[١] – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٢ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٥٠ ، ص ١٣٥ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٠٤ ، ص ١٤٨ ؛ الجمهورية العراقية : المجموعة الاحصائية ١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٩١ ،ص ٣٣٨.

[٢] – حسن محمد ربيع : المصارف ، م ٠ س ، ص ١٥٢ ؛ سعيد عبود السامرائي : النظام النقدي والمصرفي ، م ٠ س ، ص ١٨١.

ئەو شتانە بڕی ئەو قەرزەی دیاری دەكرد و ئەو بانكە (٣٪ ) لەسەد سووی وەردەگرت لەبەرامبەر قەرزەكانی [١].

لەساڵی ( ١٩٥٦ ) دا بانكی رهون لقی خۆی لەكەركوك دەكاتەوە و ژمارەی ئەو كەسانەی سوودمەند دەبن لەقەرزەكانی ئەو بانكە بۆ ئەو ساڵە دەگاتە ( ١٠٠٠ ) كەس[٢] ، شایەنی باسە لقی كەركوك لە ( ٩/ حوزەیرانی/١٩٥٦ ) وە دەستی كردووە بە پێدانی قەرز بە هاووڵاتیانی كەركوك و بۆهەر كەسێك بڕی ( ٥ – ١٠٠ ) دینار قەرزی تەرخان كردووە ئەویش بەپێی ئەو شتانەی لای بانكەكە وەكو ڕهون دایاننناوە وماوەی قەرزەكان لەنێوان مانگێك بۆساڵێك بووە ، بەڕێوەبەری لقی كەركوكی بانكەكە ناوی ( عەبدولرەحیم عەبدولجەبار ) بوو[٣] ، لەڕاستیدا ئەم بانكە لەڕووی ئابووریەوە سوودێكی ئەوتۆی نەبووە ئەویش بە هۆی كەمی سەرمایەی وكەمی ئەو بڕە پارەیەی كە وەك قەرز دەیدا بە هاووڵاتیان[٤].

٧– كۆمەڵەی هەرەوەزی ( الجمعيات التعاونية ) كۆمەڵە هەروەوەزیەكان لەعێراق بەپێی یاسای ژمارە ( ٢٧ ) ساڵی ( ١٩٤٤ ) دامەزراوە ، بەڵام كار وچالاكییەكانی ئەم كۆمەڵانە لەساڵی (١٩٥٤ )وە دەردەكەوێت و خۆی لەسێ بەشی سەرەكی دەبینێتەوە كە بریتیە لە:

أ– كۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ كەرەستەی ناو ماڵ و خواردەمەنی ( استهلاكي )٠

ب– كۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ پێدانی قەرز ( سلفة ) ٠

ج– كۆمەڵەی هەرەوەزی بۆ دروستكردنی خانوو[٥]٠

كۆمەڵە هەرەوەزیەكانی كەركوك لەساڵی ( ١٩٥٥ ) وە دادەمەزرێن وهەر بۆهەمان ساڵ ژمارەیان دەگاتە ( ٨ ) كۆمەڵە ، كە ( حەوت كۆمەڵەی بۆ پێدانی قەرز بووە و یەك كۆمەڵەشی لەجۆری ئیستهلاكی بووە) و لەبەرامبەردا لەهەموو عێراق ئەو ساڵە ( ٥١ ) كۆمەڵەی هەرەوەزی هەبووە[٦] ، هەروەها لە پوختی ئاماری ساڵی ( ١٩٥٧ ) دا ژمارەی كۆمەڵە هەرەوەزیەكانی كەركوك وەكو خۆی دەمێنێتەوە ( ٨ ) كۆمەڵەیە لەبەرامبەردا ژمارەی كۆمەڵە هەرەوەزیەكانی هەموو عێراق دەگاتە ( ٧٧ )كۆمەڵەی هەرەوەزی[٧]٠

[١] – هشام متولي : اقتصاديات القطر العراقي ، م ٠ س ، ص ١٢٣.

[٢] – الجمهورية العراقية : منجزات لواء كركوك ، م٠ س ، ص ١٤٢.

[٣] – فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى : ماذا في كركوك ، م ٠ س ، ص ٩٩ – ١٠١.

[٤] – المصرف الوطني العراقي : تقرير عن السياسة النقدية في العراق ، م ٠ س ، ص ٥٥.

[٥] – الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، ص ١٣٥.

[٦] – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٥ ، م . س ، جدول رقم ٢٣٤ ، ص ٢١٦.

[٧] – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٧ ،م . ن ، جدول رقم ١٠٥ ، ص ٩٤.

## سێیەم : بانکە تایبەتەکان :

حکومەتی عێراق لەساڵی ( ١٩٣٨ ) وە هەوڵیداوە کاری بانکی لەعێراق ڕێکبخات بۆیە لەهەمان ساڵدا یاسای ژمارە ( ١٦ ) ی دەرکرد ، ئەم یاسایە چاودێری چالاکیی بانکی دەکرد و بانکەکانی پۆلێن کرد بۆ سێ جۆر: جۆری یەکەمیان وەك بانکی پلەی یەك ناساند و سەرمایەی زیاترە لە ( ٥٠,٠٠٠ ) دینار ، و جۆری دووەمیان وەك بانکی پلە دوو ناساند و سەرمایەی لەنێوان ( ٢٠,٠٠٠ – ٥٠,٠٠٠ ) دینارە و جۆری سێیەمیان پێ دەوترێت بۆرسە ( صیرفة ) و سەرمایەی کەمترە لە ( ٢٠,٠٠٠ ) دینار ودەبوایە مۆڵەتیان وەرگرتبێت لە وەزارەتی دارایی [1] ، بۆیە بەپێی ئەو یاسایە چەندین بانکی تایبەت دامەزرا لەعێراق ولق وبریکاریان لە زۆربەی عێراق هەبووە بە کەرکوکیشەوە ، نموونەی ئەو بانکە تایبەتانە (ئەدوەر عەبودی و خەزوری عەبودی زلخا و سەلمان هارون و رۆبین ساڵح سیتی ) ، خاوەنی ئەم بانکانە جوو بوون و لقی سەرەکیان لەشارەکانی بەغدا و بەسرە بوو و بەشداری بەرچاویان دەکرد لەکاری بازرگانی و پێدانی قەرز بە بازرگانانی عێراق [2].

کۆبوونەوەی بازرگانی و چالاکی بانکی و کۆمپانییەکان لەبەغدا و بەسرە هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق دادگای بازرگانی لەو دوو لیوایە دابمەزرێنێت بۆ ڕێکخستنی بازرگانی ، بەڵام ئەو کارە لە لیواکانی تری عێراق لەلایەن دادگاکانی تێهەڵچوون بەڕێوەدەبرا [3] ، ئەم کارە وایکرد لەماوەیەکی زۆر کەمدا چەندین کۆمپانیای بازرگانی وپیشەسازی لەهەردوو لیوای بەغدا و بەسرەدا دابمەزرێت وحکومەتی عێراقی مۆڵەتی کارکردنیان پێ بدات[4].

---

[1] – حسن محمد ربيع: المصارف ، م ٠ س ، ص ١٢ ؛ عدنان هرير جودة الشجيري : النظام الاداري في العراق،م ٠ س ،ص ١٦٦.

[2] – صباح عبدالرحمن : النشاط الاقتصادي ليهود العراق، م ٠ س ، ص ص ٣٣ ، ١٧١.

[3] – مجلة صوت العراق : العدد ٤٣ ، السنة الاولى ، السبت ١٩٥١/٦/٩ ، ص ٧.

[4] – دەربارەی ژمارە و ناوی ئەو کۆمپانیایەی لە نێوان مانگی ٨ بۆ ١٢ ی ساڵی ١٩٥٠ دامەزراون لە لیوای بەغدا و بەسرە بڕوانە: بڕوانە: جريدة الوقائع العراقية: العدد ٢٨٧٠ ، الاثنين ١٩٥٠/٨/١٤ ، السنة الثامنة والعشرون ، ص ٦– ٨ ؛ جريدة الوقائع العراقية: العدد ٢٩٠٠ ، الاربعاء ١٩٥٠/١١/٨ ، السنة الثامنة والعشرون ، ص ١ ؛ جريدة الوقائع العراقية: العدد ٢٩٠١ ، الخميس ١٩٥٠/١١/٩ ، السنة الثامنة والعشرون ، ص ١٠ – ١٢ ؛ جريدة الوقائع العراقية: العدد ٢٩٠٧ ، الثلاثاء ١٩٥٠/١١/٢١ ، السنة الثامنة والعشرون ، ص ١٠– ١١ ؛ جريدة الوقائع العراقية : العدد ٢٩١٧ ، الاثنين ١٩٥٠/١٢/١١ ، السنة الثامنة والعشرون ، ص ٣ – ٤.

لەڕاستیدا چالاکی بانکە حکومیەکان لەکەرکوك لاواز دەبێت چونکە لەساڵی ( ١٩٥٨ ) دا لەکۆی (٦٩ ) لقی بانکی حکومی لەهەموو عێراقدا تەنها ( ٥ ) [١] لقی لەکەرکوك بووە، بۆیە لەکەرکوکدا زیاتر خاوەن بۆرسە ( صیرفة ) بچوکەکان ڕۆڵیان گێڕاوە، بەتایبەتی ئەگەر ڕەچاوی ئەوەش بکەین کاری خاوەن بۆرسەکان زیاتر نەرمترە و کەمترین ڕۆتینی تێدا وەك بانکەکان بۆیە چالاکیان لەبانکەکان زیاتر بووە بەتایبەتی بۆ قەرزی بچووك و کورت خایەن [٢].

هەڵبەتە جووەکانی کەرکوك جگە لەکاری پێدانی قەرز کاری بازرگانیشیان دەکرد و بەگوندەکان دەگەڕان بۆ کڕینی بەرووبوومی جوتیاران ونمونەی ئەو کەسانەش ( بارووخ ، عابید ، شینتۆپ ، برایم ) [٣] کە زۆر جار بەر لەدەرچوونی بەرهەمەکان پارەیان بەجوتیاران داوە٠

وەك دەردەکەوێ دراو گرنگی خۆی هەیە لەچالاکی بازرگانی چونکە تەنها دراو دەتوانێت ببێت بە پێوانە ونرخی کاڵاکانی پێ دیاری دەکرێت ، کەرکوك بەهۆی بازرگانانی شارەکەوە ئاشنای جۆرەها دراو بووە و بەکاریهێناوە کە دراوی وڵاتە دراوسێ یەکان و ئەوانەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیان لەگەڵ کراوە ، دواتریش لەدوای ئەوەی کەرکوك دەبێتە بەشێك لەعێراق پابەندی یاسا عێراقیەکانی دراو و چالاکییە بانکیەکانی دەبێت و ئەو دراوانە بەکاردێت لەشارەکەدا کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەرکرابوو و هەروەها زۆربەی بانکە حکومیەکانی عێراقی لقی خۆیان لەکەرکوکدا کردبووەوە ، ئەمەش بووەتە هۆی چالاکتر بوونی کاری بازرگانی وبازاڕی شارەکە٠

---

، ص ١٠ – ١١ ؛ جريدة الوقائع العراقية: العدد ٢٩١٧ ،الاثنين ١٩٥٠/١٢/١١ ، السنة الثامنة والعشرون ، ص ٣ – ٤ ).

[١] – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٨ ،جدول رقم ١٤٥ ، ص ١٦٣.

[٢] – محمد زكي شافعي : مقدمة في النقود والبنوك ، ط٤ ، مكتبة نهضة مصر ، القاهرة ، ١٩٥٨ ، ص١٧٦.

[٣] – زاهیر شکور : جارانی کەرکوك ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ، ٢٠١٣ ، ل ٣٠.

## بەشی سێیەم : چالاکییە پیشەسازیەکان و سامانە سروشتیەکانی کەرکوك

## ( ١٩٢١ – ١٩٥٨)

### تەوەری یەکەم : چالاکییە پیشەگەری و پیشەسازیەکانی کەرکوك :

### باسی یەکەم : دابەشبوونی پیشەگەری لە کەرکوك :

دانیشتوانی کەرکوك هەر لەکۆنەوە سوودیان لە هەڵکەوتەی جوگرافی کەرکوك وەرگرتووە ، کە کەوتووەتە سەر ئەو ڕێیە بازرگانیەی بەغدای بە ئەستانبولەوە دەبەست [١] ، ئەو ڕێگەیە ، کە بەڕێگەی سوڵتانی ناسرابوو و بەمەبەستی پاراستنی چەندین بنکەی سەربازی عوسمانی لێ دامەزرابوو لە (تەللەعفەرەوە دەستپێدەکات و بە پردێ و کەرکوك و داقوق و کفری تێپەڕ دەبێت و لە خانەقین و مەندەلی و جیزان کۆتایی دێت ) کە ئەم ناوچەیە تورکمانی لێ نیشتەجێ کراوە [٢] ، ئەمە وێرای ئەوەی کەرکوك هەروەك شارە گەورەکانی تری عێراق وکوردستان بازاڕێك بووە بۆساغ کردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی ناوچەکانی دەوروبەری[٣] ، سەرەڕای بوونی کەرەستەی خاوی پیشەسازی ، وەك : ( کانی خوێ وخەلوز وگەچ وبەردی مەڕمەر وکاشی و بەردی سپی وسوور ... هتد ) لە کەرکوك و دەروبەری [٤] ، لەگەڵ زۆری سەرچاوە کانزاییە گرنگەکەی کەرکوك ، وەك : ( نەوت و کبریت و گازی سروشتی ) [٥] کەسوودی لێ وەرگیراوە بۆ بەگەڕخستنی پیشەسازی.

بێگومان تەواوی ئەو کەرەستانە وای کردووە چەند پیشەسازیەك لە کەرکوك سەرهەڵبدات ، کە زیاتر لەچوارچێوەی دابین کردنی پێداویستی ڕۆژانەی دانیشتوانی کەرکوك و ئەو بازرگان و جوتیارانەی ڕوویان لە

---

[١] – دڵشاد محمود عبدالرحمن : بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك لەسەردەمی پاشایەتیدا ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) ، س . پ ، ل ل ٧٥ ـ ٧٦.

[٢] – دەسەلآتی عوسمانی بەهۆی ئەو بنکە سەربازییانە و هێڵی تەلەگرافەوە ، تاڕادەیەکی زۆر باش توانی ئەمن وئاسایشی ئەو ڕێگەیە بپارێزێت ، بڕوانە : ستیفن هیمسلي لونكريك : اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث ، م . س ، ص ص ٣٣ ، ٣١٦ ؛ صالح حيدر : التطور الاقتصادي في العراق ، م . س ، ص ٣ ؛ جاسم محمد الخلف : جغرافية العراق ( الطبيعية والاقتصادية والبشرية ) ، دار المعرفة ، القاهرة ، ١٩٥٩ ، ص ٤٠٦.

[٣]– متي عقراوي : العراق الحديث تحليل لاحوال العراق ومشاكله ... ، م . س ، ص ١٩.

٤– پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری : شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ – ١٩٢٦ ، س . پ ، ل ٩٥ – ٩٦.

[٥] – برهان محمد قادر البرزنجي : كركوك الارض والتاريخ ، م . س ، ص ٣٨.

شارەکە کردووە بەمەبەستی بازرگانی وساغکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی وئاژەڵداری کێڵگە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری.

دانیشتوانی کەرکوك ناو و نازناوی تایبەتیان هەبووە ، کە لەلایەن دانیشتوانی کەرکوکەوە بەو نازناوانە دەناسرانەوە و زیاتر ئەو ناوە ووشەوی تورکی و تورکمانی بەسەریاندا زاڵ بووە ، ئەویش وەك نیشانەیەك بۆ درێژیی ئەو ماوەیەی کە عوسمانیەکانی حوکمڕانی ئەم ناوچەیەیان کردووە و کاری پیشەگەری و ڕێکخستنەوەی ناو بازاڕ لەلایەن فەرمانبەرانی عوسمانیەوە ڕێکخراوە ، ئەو نازناوانەش وەك : ( کورەچی ، خومچی ( بۆیە سازی ) ، چەقماقچی ( چەخماخسازی ) ، قەیومچی ( زیوگەری ) ، رەژووچی ، سەعاتچی ، هەللاجی ، ڕستن وچنین ، قزانچیلەر ( مسگەری) ، پالانچیلەر ( کورتان ) ، صابونچی ، نەقاشی ، سەڕاجی ، ... هتد )[1].

دەتوانین پیشەگەریەکانی کەرکوك بۆچەند جۆرێك پۆلێن بکەین لەوانە :

١- **پیشەی ئاسنگەری ( دامرچلەر ):** ئەم پیشەگەرانە چەندین ئامێر دروست دەکەن ، لەوانە ئامێری کشتوکاڵی وەك : ( داس ، چەقۆ ، خەنجەر ، تەور ، قازمە ، خاکەناس ، ناڵی ئەسپ ، بزمار ، زنجیر ، ... هتد ) [2] لەو ئامێر و کەرەستانەی کە جوتیار و گوندنشینان بەکاریان دەهێنا بۆ کاروباری ڕۆژانەی خۆیان ، هەرچەندە لەناو گوندنشیناندا چەند پیشەیەکی دەستی دیکەهەبوو بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانیان وبۆبەرێوەچوونی پرۆسەی کشتوکاڵی ، بەڵام پێداویستیەکانی تریان کە بۆیان دروست نەدەکرا لە بازاری ئاسنگەرانی کەرکوك دەیانکڕی [3] ، ئاسنگەرانی کەرکوك بازاری تایبەتی خۆیان هەیە ، کە دەکەوێتە دامێنی قەڵای کەرکوك و ئەو پێشەیە ماوەتەوە کە لە باو باپیرانیانەوە وەریانگرتووە ، ئەگەرچی پێشتر خەڵکانێکی زۆرسەرقاڵی ئەم پیشەیە بوون ، بەڵام ئەمڕۆ ژمارەیان بەپەنجەی دەست دەژمێردرێت و زۆربەی ئامێرەکان ئێستا لە دەرەوە هاوردە دەکرێن[4].

---

[1] - شاکر صابر ضابط : کرکوکدە اجتماعي حیات ، بغداد ، ١٩٦١ ، ص ٩٥ ــ ١٠٤.

[2] – عەلی حوسێن ساڵح : ناوی ئامرازە جوتیارییە ڕەسەنەکانی کۆمەڵگەی کوردی ، گۆڤاری کەرکوك ژمارە ( ٤٨ ) ساڵی ٢٠١٣ ، کۆمەڵەی رووناکبیری وکۆمەلایەتی کەرکوك ، ٢٠١٣ ، ل ٦٩ – ٧٢.

[3] – مهدي صالح سعيد العباسي : كركوك في العهد العثماني دراسة في اوضاعها الادارية و... ١٨٧٦ – ١٩١٤ ، م . س ، ص ١٠٤.

[4] – چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ رەشید حەمە جان مەحمود ، لەدایك بووی ساڵی ١٩٣١ ی سەنگاوە ، لە ساڵی ١٩٤٧ وە شوێنی ( دوکانی ) هەیە لە ناو بازاڕی ئاسنگەرانی کەرکوك و ئێستا کەرەستە و ئامێری کشتوکاڵی دەفرۆشێت ، کەرکوك ، ٢٠١٧/٤/١٩.

٢–پیشەی دارتاشی : لەم  بوارەدا کەرکوك بەناوبانگ بوو و چەندین کەسایەتی لێ هەڵکەوتوە ، کە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراقیش ناوبانگیان دەرکردوە لەوانە : ( شوکر نەجار و حیکمەت نەجار) [١] ، دارتاشانی کەرکوك چەندین ئامێر و کەل و پەلی ناو ماڵیان دروست دەکرد لەوانە سیسەمی خەوتن و قاپقاپ و بێشکەی منداڵ و سندوق و دۆلابی دار کە ئەو سەردەمە زۆر باو بووە لە زۆربەی ماڵاندا بەکاردەهێنران [٢] ، هەروەها دروستکردنی دەسکی دار بۆ پاچ و داس و ئەو ئامێرانەی کەلەدار دروست دەکرێت و بۆکاری کشتوکاڵی بەکاردێت وەك هەوجاڕ [٣]، ئەمە لە گەڵ دروستکردنی دەرگە و پەنجەرەی خانووەکان [٤].

٣–پیشەی خۆشکردنی پێستە ( دەباغی ) : بەهۆی بوونی ژمارەیەکی باش لە ئاژەڵ و بەسوود وەرگرتن لە پێستی ئەو ئاژەڵانە و ئامادەکردنی بۆ بازاڕی ناوخۆی کەرکوك ، بۆپڕکردنەوەی پێویستی ناوخۆی و بۆبازرگانی بۆدەرەوەی کەرکوك و عێراق ، ئەم پیشەیە لە کەرکوك سەری بڵاو بۆتەوە[٥].

٤– پیشەی دروست کردنی پێڵاو ( یەمەنچی ) : بەسوود وەرگرتن لە کاری پێستەخۆشکەران ئەوا پیشەی دروستکردنی پێڵاویش لە کەرکوك سەری هەڵداوە و زیاتر بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ناوخۆی کەرکوك بووە ، بۆیە چەندین دوکان و کارگەی بچووکی دروست کردنی پێڵاوی چەرم کە بەپێڵاوی ( یەمەنی ) ناسرابوو ، کەڕەنگی ئەم پێڵاوە ( سوور ) بووە و نموونەی ئەو کەسانەی دەست ڕەنگین بوون و ناوبانگیان هەبووە لە دروستکردنی ( مەلا خالید ) بووە [٦] ، هەروەها قاپقاپی داریش کە لەدار گوێز دروست دەکرا ناوبانگی باشی هەبووە لە کەرکوك [٧] ، لە هەمان کاتدا لە چەندین ماڵیشدا ئەم کارە دەستیانە دەکرا و دواتر دەبرانە بازار بە تایبەتی کاری دروستکردنی کلاشی کوردی[٨]، هۆکاری

[١] – ماهر النقيب : كركوك وهويتها القومية والثقافية ، م . س ، ص ٢٧٢.

[٢]– وريا الجاف : كركوك دراسة سياسية واجتماعية ، م . س ، ص ٥٤.

[٣] – عەلی حوسێن ساڵح :  س . پ ، ل٧٠.

[٤] – مهدي صالح سعيد العباسي : م ، س ، ص ١٠٥.

[٥] – پێستەی ئاژەڵ زیاتر لە ناو خانی قوول هەڵدەگیرا و بازرگان و کریار و فرۆشیاری پێستە زیاتر لەو شوێنە کۆدەبوونەوە ، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شاهین سەیف ئەلدین فەتاح ، خاوەنی خانی سپی یە و لە دایك بووی ساڵی ١٩٥١ ی گەڕەکی بلاغ ە لە شاری کەرکوك و زانیارییەکانی لە باوکێوە وەرگرتووە ، کەرکوك ٢٠١٧/٤/١٩.

[٦] – چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ رەشید حەمە جان مەحموود ، کەرکوك  ٢٠١٧/٤/١٩.

[٧] – وريا الجاف : م. ن ، ص٥٤.

[٨] – نموونەی ئەو کەسانەی ئەو پیشەیەیان دەکرد ( وەستا هادی ) ناسراو بە ( هادی  درێژ ) کە لە ساڵی ١٩٣٥ دا دوکانی پێڵاو پێڵاو فرۆشتنی لە شەقامی ( ئیستیقلال ) دانا هەروەها ( حسیب عبدلقادر علی ) لە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ – ١٩٥٠ ) دا دوکانی

گەشەسەندنی ئەم پیشەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی نرخی پێڵاوی هاوردەکراو بە بەراورد لەگەڵ ئەو پێڵاوانەی لەلایەن پیشەوەرانی کەرکوکەوە دروست دەکران٠

٥- پیشەی سەرتاشین : ئەم پیشەیە بایەخێکی زۆری هەبووە و خاوەن پیشەکە جگە لە کاری سەرتاشین کاری برینپێچی و سونەت کردنی منداڵان و چەندین کاری تایبەت بە بواری خزمەتگوزرایە تەندروستیە سەرەتاییەکانی دەکرد بۆیە بەردەوام خەڵکی سەردانیان دەکرد و ناوبانگیان پەیدا کردبوو ، نموونەی ئەو کەسانەی کاری سەرتاشیان دەکرد ، ( فەیسەل عەباس ئیسماعیل ) بوو کە ساڵی ( ١٩٤٨ ) شوینی سەرتاشینی بە ناوی ( سەرتاشخانەی فەیسەل ) کردەوە ، هەروەها ( شوکر بەربەر ) کە لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە ناو بازاڕی ئاسنگەرانی شاری کەرکوکدا کاری سەرتاشین و برینپێچی دەکرد [١]، لە گەڵ ژمارەیەکی زۆری دیکەی سەرتاشخانە و ئەم پیشەیە لە باوکەوە ماوەتەوە بۆنەوەکانیان کە نەوەکانیان ڕادەهێنا بۆ فێربوونی پیشەکە[٢].

٦- پیشەی وەستای بینا ( قایەچی و نەقاشی ) : بە هۆی کۆچی دانیشتوانەوە لە لادێ یەوە بۆ شار و هەروەها بوونی کۆمپانیای نەوت کە هۆیەك بووە بۆ کۆچی بەلێشاوی کرێکار بەخێزانەوە بۆ ئەم شارە ، هۆکارێك بووە بۆ زۆری ژمارەی دانیشتوان و پەرەسەندنی پرۆسەی ئاوەدانی و خانوو دروستکردن ، هەروەها بوونی کەرەستی بیناکردن لە شارەکە ( گەچ ، قایەی سوور وسپی ، لم و چەو ، مەرمەڕی سپی ) هۆکارێکی دیکە بووە بۆ سەرهەڵدانی پیشەی وەستای بینا دروستکردن ، کە چەندین بینا و خانوو و مزگەوت و گەرماویان لە کەرکوك دروست کردووە٠

هەندێك لەو وەستایانە بەهۆی کۆمپانیای نەوتەوە بوون بە بەڵێندەر و ئەرکی دروستکردنی خانووی کۆمپانیای نەوتیان گرت نموونەی ئەو وەستایانە ( محەمەد نوری ) ناسراوە بە گوڵەنوری ، هەروەها (

---

پێڵاو فرۆشتنی لە بەرامبەر بینای ( قشلە) دانا بەناوی ( پێڵاو فرۆشی الذهب الاسود ) هەروەها (حاجی بکر محی الدین فتاح ) لە بازاری گەورەی کەرکوك دوکانی فرۆشتنی قاپقاپ و کلاشی کوردی دانا، بڕوانە : ابراهیم خلیل سعید : کرکوك بانوراما التاریخ والانسان ، چ٢ ، کرکوك ، ٢٠١٥ ، ص ٣٤٧ – ٣٥٠.

[١] – لە نێو دانیشتوانی کەرکوکدا ووشەی بەربەر بەکاردەهات بۆ ئەو کەسانەی پیشەی سەرتاشینیان دەکرد ، بۆیە ئەو ووشەیە سەرجەم چین و توێژ و نەتەوەکانی کەرکوك ئەو سەردەمە بەکاریان دەهێنا ، چاوپێکەوتنی توێژەر لە گەڵ ( عەزیز مەحمود ئەحمەد ) ، کە لەدایك بووی ١٩٢١ ی شاری کەرکوکە ولە نێوان ساڵانی ( ١٩٤٥ ـ ١٩٦٤ ) خاوەن سەمونخانە بووە لە شارەکەدا ، کەرکوك ٢٠١٧/١/٧ ٠

[٢] – زۆربەی سەرتاش ( دەلاکەکان ) کاری برینپێچیان دەکرد و دەرمانی عەشایەریان بەکاردەهێنا ، تەنانەت لەو سەردەمە ژنێکی جولەکە هەبووە بەناوی ( مەنگوشە جەراح ) کە کاری برینپێچی بۆ پیاوانیش ئەنجام دەدا ، هەروەها حەسەن کاروانچی کە شوێنی نزیك خانی قازی بووە و عەزیز ڕەشیدیش کە شوێنی کارەکەی لە گەڕەکی بەگلەر شاترلو بووە ، بڕوانە : زاهیر شکور : جارانی کەرکوك ، س . پ ، ل ٣٢ – ٣٣ ؛ ابراهیم خلیل سعید : الطب في کرکوك دراسة تاریخیة ، م . س، ص ص ١٧٢ ، ١٨١.

سالح محێیەددین ) [1] ، شایەنی باسە ئەم وەستایانە ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لە دابینکردنی هەلی کار بۆ ئەو گوند نشینانەی کۆچیان دەکرد بۆ شاری کەرکوك ٠

٧- پیشەی دروست کردنی گۆزە [2] وکوپەی ئاو ( گۆزەچی ) : ئەو جۆرە گڵەی کە لە کەرکوك و دەوروبەری هەبووە هاندەر بووە بۆ دەرکەوتنی ئەم پیشەیە و تا ئێستاش وەك خۆی ماوە ، بەتایبەتی لەناو چەند خانەوادەیەکدا و ئێستا زیاتر سەرقاڵی دروستکردنی تەنوری قوڕن [3] ، لە گەڵ پێداویستیەکانی تری ناو ماڵ و شوێنە گشتیەکان لە دابینکردنی گۆزەی تایبەت بە ئاو و کۆپەی ئاو و سیندانەی شتڵی دار و ٠٠٠ هتد ، هەروەها پردێ و خورماتووش هەر لە کۆنەوە بەناوبانگ بوون لە دروستکردنی تەنور و گۆزە و کوپە و شەربەی ئاو و کاسەی لە قوڕ سوورکراوی کوورە [4] و شاری کفری ناوبانگی هەبووە لە دروستکردنی گۆزە و دێزە و کووپە و شەربەی ئاو خواردنەوە ، بەڵام دواتر بازاری ئەو پیشەوەرانە لە کفری کزبوو بۆیە ئەو پیشەوەرانە گواستراونەتەوە بۆ شاری خورماتوو [5].

٨- پیشەی بەرگ درووو و ڕستن وچنین : چەندین وەستای دەست ڕەنگین لە کەرکوك دەرکەوتوون ، کە پیشەی بەرگدوورینیان دەکرد ، لەوانە ( حەسیب خەیات ) کە لە ساڵی ( ١٩٥٥ ) دا شوێنی بەرگ دوورینی لە ناو بازاڕی قەیسەری دامەزراند [6] .

کاری ڕستن وچنین و دروستکردنی قوماش باوبووە لە کەرکوك و ئەم پیشەیە لەماڵانیش دەکرا و دواتر بەرهەمەکانیان لە بازارەکانی شارەکەدا ساغ دەکرایەوە ، کاری چنین لە ماڵان لەلایەن ژنانەوە دەکرا لەوانەش چنینی بەرماڵ وجاجم [7] و دروست کردنی لفکەی خۆشتن و چنینی کلاشی کوردی و

[1] – ابراهيم خليل سعيد : كركوك بانوراما التاريخ والانسان ،ج٢ ، م ٠ س ، ص ٣٤٣– ٣٤٥.

[2] – مهدي صالح سعيد العباسي : كركوك في العهد العثماني دراسة في اوضاعها ٠٠٠ ، م ٠ س ، ص ١٠٦.

[3] – تائێستا ئەوانەی تەنووری قوڕ دروست دەکەن لەکەرکوك ناوبانگیان وەك خۆی ماوە و ئێستا لەشارەکانی تری کوردستان وعێراقەوە ئەو جۆرە تەنوورە لەکەرکوك دەکڕن ، شوێنی تەنوور فرۆشان دەکەوێتە نزیك تەرمیناڵی سلێمانی ، توێژەر.

[4] –موعتەسەم ساڵەیی : لە کەرکوکەوە، س ٠ پ ، ل ١٠٦.

[5] – محەمەد شاکەلی : قەزای کفری شارەدێی کەلار لە پەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی ، س . پ ، ل ٩٨.

[6] – ئەو سەردەمە جۆری جل و بەرگی کوردی ناسراو بووە بە کەواو چاکەت وکەواو سەڵتە و لەگەڵ حەسیب خەیاتدا دوو کەسی خەڵکی سلێمانی کاریاندەکرد بەناوەکانی ( عومەر کاڵێ و سەید عەلی قەشقەیی ، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شەماڵ حەسیب خەیات لەدایك بووی ١٩٦٤ ی گەرەکی ئیمام قاسمی کەرکوك ، ئەم یادەوەریانەی لە باوکیەوە وەرگرتووە ، کەرکوك ٢٠١٧/٤/١٩.

[7] – جاجم جۆرە بەتانیەك بووە کاتی خۆی لەخوری دروست دەکرا و خەڵکی بەزۆری بەکاریان دەهێنا و زۆر باو بووە لە شاری کەرکوك ، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عەزیز مەحمود ئەحمەد، کەرکوك ٢٠١٧/١/٧.

عەبای خوری بۆ ژنان و پیاوان و چەرچەف و ... هتد ، کەرکوك بەناوبانگ بووە لە چنینی کەتان و خوری و پەموو کە لەو بابەتانە تەنانەت جۆرەها جل و بەرگیش دروست دەکرا [1].

شایەنی باسە ئەو سەردەمە بەهۆی بەستنەوەی بازرگانی دەرەکی عێراق بە وولاتی بەریتانیەوە ، ئەوا جۆری ئەو کوتالانەی ( قوماش) کە لە بازارەکاندا هەبوو بەزۆری جۆری ئینگلیزی بوو ، و بەناوبانگترین بازرگانی کوتاڵ لە کەرکوك ( حەمید لەندەنی ) بوو[2].

٩- پیشەی مسگەر : دروستکردنی کەرەستەکانی ناو ماڵ لە مسی زەرد و سوور کە سینی و مەنجەڵی چێشت و قاپ و قاچاخی ناو ماڵ و دەستشۆر و...هتد ، هەروەها شارەزاییان هەبووە لە دروستکردنی ئامێرە بڕەڕەکان وەك : ( چەقۆ و خەنجەر ) [3] ، پیشەوەرانی ئەم پیشەیە بازارێکی تایبەت بەخۆیان هەیە کە دەکەوێتە دامێنی قەڵای کەرکوك بەرامبەر پردی بەردینی کۆنی قەڵا [4].

کاتێك باسی پیشەوەرانی ناو بازاڕی کەرکوك دەکرێت بۆ ئەو سەردەمە پیشەیەکی خزمەتگوزاری دێتە پێشەوە ، کە ئەویش پیشەی چایچیە کە بەهۆی هاتووچۆکردنی دانیشتوان لە دەرەوەی کەرکوك بۆ ناو سەنتەری شارەکە بە مەبەستی بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و دابینکردنی پێداویستیەکانیان ئەوا چایخانە پەیدا بووە بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێك بۆ کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنیان هەروەك بازرگانانی هەولێر و سلێمانی ، کە توتن و مێوژیان دەهێنا و لە هەردوو خانی سپی و خانی قوول نیشتەجێ دەبوون [5] و داوتریش لەو چایخانانەدا کۆدەبوونەوە ، نموونەی چایخانانەکانی شاری کەرکوك (چایخانەی مستەفا قەڵایی ) کە لەساڵی ( ١٩٢٤ ) دا بەرامبەر پردی بەردینی کۆنی قەڵا دامەزرا لەلایەن (مستەفا ئەحمەد چاووش )ەوە ، هەروەها ( چایخانەی ئەحمەد ئاغا ) کە خاوەنەکەی ( ئەحمەد مەردان ) بوو ، و بەشێکی زۆر لەعەرەبی حەدیدی کەپیشەی عاربانچیان ( گالیسکە ) دەکرد لەو شوێنە کۆدەبوونەوە و چاوەڕوانی سەرنشینانیان دەکرد ، لە

---

[1] – دلشاد محمود عبدالرحمن : بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوك لە سەردەمی پاشایەتیدا ( ١٩٢١ ـ ١٩٥٨ ) ، س . پ ، ل ١٠٨ ـ ١١٠ ؛ مهدي صالح سعيد العباسي : كركوك في العهد العثماني دراسة في اوضاعها ... ، م . س ، ص ١٠٥ ؛
E.B.Sone, To Mesopotamia and Kurdistan in Diaguise, London, 1912,p .120.

[2] – نازناوی لەندەنی لە جۆری ئەو کوتاڵانە هاتووە کە لەسەر زۆربەیان نووسرابووە لە لەندەن دروستکراوە ، حەمید لەندەنی شوێنی ( دوکانی ) لە بازاڕی قەیسەری شاری کەرکوك بووەو کاری بازرگانی کۆ و تاکی کردووە و ئەو سەردەمە پێوانەی کوتاڵ بە گەز بووە کە دەیکردە نزیکەی ٧٠ سانتیمەتر ، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عاصی حاجی عەلی شەمە ، لەدایك بووی ١٩٤٢ ی گەڕەکی بلاغی کەرکوکە و نەخوێندەوارە و لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستدا شاگردی بەرگدوور بووە لە بازاڕی قەیسەری ، کەرکوك ٢٠١٧/٤/١٩.

[3] – پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری : شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ – ١٩٢٦ ، س . پ ، ل ٩٢.

[4] – وريا الجاف : كركوك دراسة سياسية واجتماعية ، م . س ، ص٥٤ ؛ زاهیر شکور : جارانی کەرکوك ، س . پ ، ل١٨٤.

[5] – چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( مەجید عەباس عومەر ئەلیاس ) لەدایك بووی ساڵی ١٩٣٠ ی گەڕەکی ئەغالقی قەڵای کەرکوکە ونەخوێندەوارە و لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا چایخانەیەکی کردۆتەوە بەرامبەر دەرگای قەڵا ( حەوت کچەکە) ، دەڵێت جگە لە بازرگان ئەو کاتە سەرباز و کرێکاری کۆمپانیای نەوتیش سەردانیان دەکرد ، کەرکوك ٢٠١٧/٣/٢٧ .

**گەڵ ژمارەیەکی دیکەی چایخانەدا کە زۆرجار کۆڕی شیعر و گۆرانی دەگێردرا بەگۆرانی ووتن و خوێندنەوەی مەقامات و قۆریات و خوێندنەوەی داستان و ڕۆمان و حیکایەتی شیرین و فەرهاد و عەنتەر و عەبلە و٠٠٠ هتد ، هەروەها لەشەوانی مانگی ڕەمەزانیشدا چایخانە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و تا بەیانی یاری سینی وزەرفیان تێدەکرا [١].**

**ئەوانەی کە باسکران گرنگترین و دیارترین پیشەوەرییەکانی کەرکوك بوون کە دەتوانین بۆ چەند قۆناغێك جیای بکەینەوە ، لە قۆناغی یەکەمدا بریتی بووە لە هەوڵدانی پیشەوەران بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ناوچەکە و دەوروبەری لە ئامێرە سەرەتاییەکان کە مرۆڤ بۆ ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەکاریهێناوە وەك پێداویستیەکانی : ( سندوق ، سەتڵ ، قاپ و قاچاغ ، خم و لباد و قالی و جاجم ، ٠٠٠ هتد ) هەروەها پێداویستی کەل و پەلی کشتوکاڵی وەك : ( شەغرە ، داس ، گاسن ، ٠٠٠ هتد ) ، لە قۆناغی دواتردا پیشەسازی بەرهەمهێنانی هەندێك لە پێداویستی بەکاربردن دەردەکەوێت وەك : ( سابون ، چوکلێت ، لوقم ، شەربەت ٠٠٠ هتد ) ، قۆناغی سێیەمیش ، لەگەڵ هاتنی ئینگلیز بۆ شاری کەرکوك پیشەسازییە دەستیەکانی کەرکوك هەنگاوێك دەچێتە پێشەوە ئەویش بەکارهێنانی کارەبایە لە پیشەسازیدا کە بەکارگەی سەهۆڵ ( بەفر ) دەست پێ دەکات و لە ( تەمووزی ١٩٢٢ ) دا ئەم کارگەیە کەوتە کار و ئەمەش هەنگاونان بوو بۆ بەکارەبایی کردنی پیشەسازیی [٢].**

**لەڕاستیدا پیشەسازیی لەسەردەمی پاشایەتیدا زیاتر بەدەستی کەرتی تایبەت بووە ورۆڵی حکومەت تەنها لەدەرکردنی یاسای گومرگی تایبەت بەکەمکردنەوە و بەخشین بووە لەباجی گومرگی بۆئەو ئامێرانەی لەبواری پیشەسازیدا بەکاردەهاتن [٣].**

---

**[١] – ابراهیم خلیل سعید : کرکوك بانوراما التاریخ والانسان ، م ٠ س ، ص ٣٣٠ – ٣٣٤.**

**[٢] - العراق ( جریدة ) ، بغداد ، ( ٢٨ تموز ١٩٢٢ ). وەرگیراوە لە : کمال مظهر احمد : الطبقة العاملة العراقیة ، م . س ، ص ٦٤.**

**[٣] – کاظم حبیب : لمحات من عراق القرن العشرین العراق الملکي ، ج١ ، ط١ ، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربیل ، ٢٠١٣ ، ص ٣١.**

## باسی دووەم : دابەشبوونی سەرچاوە کانزاییەکان وپەرەسەندنی کارگە پیشەسازیەکانی کەرکوك ٠

پیشەسازی لە کەرکوك پەیوەست بووە بەدوو هۆکار یەکەمیان بوونی کەرەستەی خاوە کە ڕوڵی بەرچاوی بینیوە لە پیشەسازیدا ، دوو هەمیان بریتی بووە لە دەرهێنانی نەوت و ئەو پیشەسازیانەی لەئەنجامی دەرهێنانی نەوتدا دەردەکەوێت ، بۆیە سەرەتا باسی کەرەستەی خاو دەکەین و نموونەی ئەمانەش بریتین لە :

١- خوێ : بە زۆری لە باشووری سەنگاو [1] و چیای حەمرین [2] و لەحەویجە هەیە ، بەڵام جۆری خوێیەکەی حەویجە زۆر باش نیە [3] ، هەروەها ناوچەی گۆم کە دەکەوێتە دووری ( ٤٤ ) کیلۆمەتر لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی چەمچەماڵ و ڕێژەی کلۆریدی سۆدیۆمی دەگاتە ( ٩٧,٣١٪ ) ، هەروەها ڕێژەی کلۆریدی سۆدیۆم لە خوێ ی خورماتوو دەگاتە ( ٩٧,٩٤٪ ) [4] ، ئەم خوێ یەش فیتامینی ( D) تێدایە و بۆدانیشتوانی خورماتوو داهاتێکی باش پێکدێنێت بە تایبەتی خوێ ی ناوچەی خورماتوو کریستالێکی سپی و خاوێنە و هیچ جۆرە تاڵیەکی تێدا نیە [5] ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ، کە خوێ ی کەرکوك لە جۆرە هەرە باشەکانە بۆ بەکارهێنان ، بەرهەمی خوێ ی خورماتووش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەچەند ساڵێك گەیشتۆتە نزیکەی (٤٠٠) تۆن [6]٠

حکومەتی عێراق ( ٤ ) ناوچەی دیاری کردووە بۆ دەرهێنانی خوێ ، کە بریتین لە : ( فاو ، هیت ، گۆم ، خورماتوو ) و بەرهەمی خوێ ی گۆم و خورماتوو ڕێژەیەکی بەرچاوی بەرهەمی هەموو عێراقی پێکدەهێنا و داخوازی زۆری لەسەربووە بە هۆی باشی جۆرەکەی [7]٠

٢- بەردی سپی وسوور : لە شاخەکانی دەوروبەری کەرکوك زۆرن و بەردی سوور بەکار دەهێنرێت بۆ بناغەی خانوەکان و بەردی سپی بۆ دیوار و گڵی گەچ و بەردی قسڵ و حەلان و چیمەنتۆ و مەڕمەڕ و

---

١ – پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری: شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ – ١٩٢٦ ، س ٠ پ ، ل ٩٦.

٢ – سعيد حماده : النظام الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، ص ١٠٣.

٣ – سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : گۆڕانە ئابوورییەکانی کەرکوك ... ، س ٠ پ ، ل ٢٧٦.

٤ – جزا توفيق طالب : اقليم كوردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية ، م ٠ س ، ص ص ٧٥ ، ١٠١٤.

٥ – عبد الحميد بلال : الجغرافية الاقتصادية، م ٠ س ، ص ٣٣٠ ؛ ئەحمەد حەمید گەرمکی : شاری خورماتوو کورتەیەکی جوگرافی مێژوویی ٠٠٠ ، س ٠ پ ، ل ٢٠.

٦ – هنري فيلد : جنوب كردستان دراسة انثربولوجية ، ت: جرجيس فتح الله ، ط ١، دار ئاراس للطباعة والنشر ، اربيل ، ٢٠٠١ ص ٦٤.

٧ – الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ : م ٠ س ، ص ٧٥٣.

بەردی مۆزاییك بۆ كاشی [1] ، بە كارهێنانی بەردی سوور بۆ بناغەی خانووەكان لەبەرئەوەیە كە ئەم بەردە ئاو وشێ هەڵنامژێت ، بەتایبەتی زەوی كەركوك لە تەڕی و ئاوەوە نزیكە[2].

ئەم بەردانە كە قایەی پێ دەوترێت بە بەكارهێنانی بۆمب هەڵئەكەنرێت و دواتریش بە چەكوشی گەورە لەت دەكرێت و لە ڕێگەی كورەوە بە شێكی دەكرێت بە گەچ [3] ، هەروەها لە كەركوك كانی چەو ولم هەیە و دەكەوێتە نزیك شاری داقوق [4].

٣- بەردی كلس و بەردی جبس : بوونی سەرچاوەكانی دامەزراندنی پیشەسازی چیمەنتۆ ، كە بریتیە لە ( بەردی كلس ) كە لە ناوچەكانی سلێمان بەگ و خورماتوو و داقوق بەزۆری دەردەكەوێت ، هەروەها ( بەردی جبس ) لە ناوچەكانی سلێمان بەگ و خورماتوو دەردەكەوێت ئەمەجگە لە گڵ و خاكی لیوای كەركوك كە ئەو جۆرە گڵ و خۆڵەی تێدایە بۆ پیشەسازی چیمەنتۆ بەكار دەهێنرێت [5] ، بۆیە و ابڕیار بوو بوو كۆمپانیای ( سمیدث ) ی دانیماركی كارگەیەكی گەورەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە كەركوك دابمەزرێنێت كە بەرهەمی ڕۆژانەی ( ٣٥٠ ) تۆن چیمەنتۆ بێت ، بەڵام دواتر لە سەربڕیاری ( ئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوەی عێراقی ) كارگەكە لە سلێمانی (سەرچنار) دامەزرا [6].

٤- مس : لە كفری هەیە و لە شێوەی كاربۆناتی مس و تێكەڵاو بە بەردی كانزایی و خوێ دەردەكەوێت [7] ، ، لە گەڵ ڕێژەیەكی بەرچاوی كبریتی سروشتی لە نزیك شاری كفری و نزیك سەرچاوەی ڕووباری ئاوەسپی هەیە [8] و خەڵكی گوندنشینان بەكاریان دەهێنا بۆ چارەسەركردنی نەخۆشیەكانی ئاژەڵ وەك گەڕ بوون.

٥- قیر: لە نزیك شاری كفری هەیە و لەكۆنەوە سوودی لێ وەرگیراوە بۆ قیرتاوكردنی ڕێگەوبانەكان[9].

---

[1] - عەبدولا عەبدول كەریم مارف بەرزنجی : كاركۆك لە مێژوودا ، س . پ ، ل ٩١ ؛ پشكۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری : شاری كەركوك لەنێوان سالآنی ١٩١٧ - ١٩٢٦ ، س. پ ، ل٩٥.

[2] - جەلیل محەمەد شەریف : شارەكەم لە پەنجەرەی یادگارییەكانمەوە ، س . پ ، ل ٥٩.

[3] - ئەحمەد حەمید گەرمكی : شاری خورماتوو كورتەیەكی جوگرافی مێژوویی ... ، س . پ ، ل ١٧.

[4] - جزا توفيق طالب : اقليم كوردستان العراق دراسة في الجغرافية السياسية ، م . س ، ص ٧٥.

[5] - فاهم كامل الصحاف واخرون ، ذكرى اليوبيل الفضي للسمنت العراقي ١٩٤٩ - ١٩٧٤ ، م . س ، ص ٢٤ - ٢٥.

[6] - دڵشاد محمود عبدالرحمن : بارودۆخی كۆمەڵایتی شاری كەركوك ( ١٩٢١ - ١٩٥٨ ) ، س . پ ، ل ١١٧ ؛ جوني يوسف حنا حنا : تاريخ الصناعة الوطنية وعلاقتها بالتطور السياسي في العراق ١٩٢٩ - ١٩٥٨ ، م . س ، ص ٢٥٣ - ٢٥٤.

[7] - سمكۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : گۆڕانە ئابوورییەكانی كەركوك لە ڕوانگەی... ، س . پ ، ل ٢٧٧.

[8] - هنري فيلد : جنوب كردستان دراسة انثربولوجية ، م . س ، ص ٤٧.

[9] - رشيد شلبي واخرون : احوال العراق الاجتماعية والاقتصادية ، م . س ، ص ١٠٥.

٦- كانه بەردی خەڵوز : دەكەوێتە بەشی  ڕۆژهەڵاتی كەركوك لە ناوچەكانی قەرەتەپە و كفری لە دێی ( ناساڵح ) خەڵوزەكەی لە جۆرێكی زۆرباش نەبووە [١] و لە سەردەمی عوسمانیەكاندا بەكار دەهێنرا وەك سووتەمەنی و سەرچاوەی ووزە بۆ بەگەڕخستنی هێڵی شەمەندەفەری نێوان سامەڕا – بەغدا [٢] ، ئەمە جگە لە بەكارهێنان بۆ سووتانی كورەی گەچ و بۆ گەرم كردنی گەرماوەكانی ناو شاری كفری [٣].

شایەنی باسە لە ساڵانی پەنجاكانی سەدەی بیستدا پیشەسازی لە كەركوك هەنگاوێكی گرنگ بەرەو پێش دەچێت ئەویش لە ئەنجامی زیادبوونی داهاتی حكومەتی عێراقی بوو لە كۆمپانیای نەوتی عێراق  كە خۆی لە ڕێككەوتنی نێوان حكومەتی عێراق و كۆمپانیای نەوتی عێراقی لە پێدانی نیوەی قازانجی نەوت بە حكومەتی عێراق كە لە ( ٣/ شوباتی /١٩٥٢ ) وە كەوتە بواری جێبەجێكردن [٤] ، هەروەها دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوەی عێراقی كە لە ئەنجامی كۆبوونەوەی حكومەتی عێراق لە گەڵ بانكی نێودەوڵەتی بۆگەشە و ئاوەدانكردنەوە بەمەبەستی پێدانی قەرزی ( ١٢ ) ملیۆن دۆلار بەحكومەتی عێراقی ، داواكاری بانكی نێودەوڵەتی خۆی لە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوە دەبینێتەوە ، بۆیە ئەوئەنجومەنە بەپێی یاسای ژمارە ( ٢٣ ) ی ساڵی (١٩٥٠ ) دامەزرا [٥].

هەروەها لەو ماوەیەدا بانكی پیشەسازی عێراقی چالاكتر بووە لە كارەكانی بۆ خزمەتكردنی كەرتی پیشەسازی ، بۆیە لە بەرنامەكانی ئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوی عێراقی لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥١ – ١٩٥٩ ) دا كە دوو بەرنامەی هەبووە بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری عێراق و بایەخی پرۆژەكانی پیشەسازی بەروونی دەردەكەوێت لە بەرنامەی یەكەمدا لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥١ – ١٩٥٤ ) [٦] ، كە بایەخی پیشەسازی بەرێژەی

---

[١] – هنري فيلد : م ٠ س ، ص ٤٧ ؛ سمكۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : گۆڕانە ئابوورییەكان...، س . پ ، ل ٢٧٨.

[٢] – عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، م ٠ س ، ص ٢٢ – ٢٣ ؛ سعيد حماده : النظام الاقتصادي الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، ص ١٠١.

[٣] – محمد علي القرداغي : هوية كركوك الثقافية والادارية ، ط٢، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل ، ٢٠٠٧ ، ص ٢١٦.

[٤] – حكمت سامي سليمان : نفط العراق دراسة سياسية اقتصادية ، دار اليقظة العربية للتأليف والترجمة والنشر ،دمشق ، سورية ، ، ١٩٥٨ ، ص ١٤٢ ؛ غصون مزهر حسين المحمداوي : التطورات الاقتصادية والاجتماعية في العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٨ ، م ٠ س ، ص ١٣٣ ؛ عماد عبد اللطيف سالم : م ٠ ن ، ص ١٢٣.

[٥] – عبدالله شاتي عبهول : مجلس الاعمار في العراق ١٩٥٠ ـ ١٩٥٨ ، رسالة ماجستير غير منشورة ، كلية الاداب ، جامعة بغداد ، ١٩٨٣ ؛ سعيد عبود السامرائي : مقدمة في التاريخ الاقتصادي العراقي ، م ٠ س ، ص ١٧٤.

[٦] – لە سەر بەرنامەی یەكەمی ئەنجومەنی ئاوەدانكردنەوەی عێراق بڕوانە: جوني يوسف حنا : تاريخ الصناعة الوطنية وعلاقتها بالتطور السياسي في العراق ١٩٢٩ – ١٩٥٨ ، م . س ، ص ٢٤٧ ـ ٢٥٠ ؛ الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٢– ١٩٥٣ المالية ، م . س ، ص ٢٥ – ٢٦ ؛ الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٣ – ١٩٥٤ ، م . س ، ص ص ١٢ ، ١٣ ، ٥٧.

**( ٥,٩٪) بووە و دواتر لە بەرنامەی دووەمی لە نێوان ساڵانی ( ١٩٥٥-١٩٥٩ ) دا [١] بایەخی پیشەسازی دەگاتە ( ١١,٥٪) [٢].**

**هۆکاری دووەمی پەرەسەندنی پیشەسازی پەیوەست بووە بە پیشەسازی دەرهێنانی نەوت ، ئەمەش بەڕوونی دەردەکەوێت کاتێك بەرهەمهێنانی نەوت بەشێوەیەکی بازرگانی دەبێت و بوونی کۆمپانیا بیانیەکانی بواری نەوت لە کەرکوکدا هۆکارێکی دیکە بوو بۆ بە کارخستنی ژمارەیەکی زۆری کرێکار، لە ئەنجامدا ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك زیاددەکات و چەند پیشەسازییەکی سەرەتایی دەردەکەوێت [٣].**

**پاڵاوتنی نەوت یەکێکە لەو پیشەسازییانە ، کە لەکەرکوك سەری هەڵداوە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پیشەسازی نەوتەوە هەیە ، بۆیە کۆمپانیای نەوتی عێراقی لە ( ١٩٢٩ ) دا لە نزیك گێڵگەی نەوتی ( باباگورگور ) پاڵاوگەی کەرکوکی دامەزراند کە توانای بەرهەمهێنانی ساڵانەی دەگاتە ( ١٥٠,٠٠٠ ) تۆن نەوتی خاو ، بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی سپی و ڕۆنی سوتەمەنی و گازوایل و نەوتی ڕەش [4].**

**گازی سروشتی بەشی هەرە زۆری لە گەڵ نەوتدا دێتە بەرهەم و کەرکوك بەناوبانگترین جێگای دەرهێنانی گازی سروشتیە لە کوردستاندا [٥] .**

**ئەو گازە سروشتیانە دوو جۆرن یەکەمیان بریتیە لەوجۆرەی کە لە گێڵگە نەوتیەکاندا دەردەچێت و تێکەڵە بە نەوتە و دووهەمیان بریتیە لەو گازانەی کە لە ئەنجامی پرۆسەی پاڵاوتن دروست دەبێت ، هەروەها لە ڕووی کێشەوە گازی تێدایە کەزۆر سووکە وەك گازی ( میثان ) کە ڕێژەی (٧٠ – ٩٠ ٪ ) ی سەرجەم گازە سروشتیەکان پێکدێنێت ، هەروەها گازی قورس و کبریتی وترشی تێدایە [٦] .**

**هەرچەندە نەوتی کەرکوك بڕێك زۆر گازی سروشتی تێدایە ، بەڵام بە شێوەیەکی بازرگانی سوودی لێ وەرنەگیراوە و تاکە کارگە دروست کرابێت لە کەرکوك بریتی بووە لە کارگەی جیاکردنەوەی کبریت لە**

---

**١ – لە سەر بەرنامەی دووەمی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بڕوانە : الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، اعمار العراق ، مطبعة الشرق الاوسط ، بغداد ، ١٩٥٥ ، ص ص ٩ ، ٣٠ ، ٣٥ ؛ الجمهورية العراقية : التقرير السنوي لمديرية الحسابات العامة عن المنهاج العام لمشاريع الاعمار لسنة ١٩٥٦ المالية ، م . س ، ص ٢ – ٤ ؛ الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ووزارة الاعمار ، اعمار العراق ، اسبوع الاعمار الثاني اذار ١٩٥٧ ، ص ص ٧ ، ٨ ، ١١ ، ٤٠ ، ٤٢ ، ٤٣.**

**٢ – فاهم كامل الصحاف واخرون : ذكرى اليوبيل الفضي للسمنت العراقي ١٩٤٩ – ١٩٧٤ ، م ٠ س ، ص ٩٨ ؛ توماس بالوك : سياسة الاعمار الاقتصادي في العراق ، ت : محمد سلمان حسن ، مطبعة العاني ، بغداد ، ١٩٥٨ ص ٣٢ – ٣٥.**

**٣ – سميرة كاظم الشماع:مناطق الصناعة في العراق ، منشورات وزارة الثقافة والاعلام دار الرشيد للنشر ، بغداد ، ١٩٨٠ ، ص ١٠٩.**

**٤ – جزا توفيق طالب:اقليم كوردستان العراق دراسةفي الجغرافية السياسية،م٠س،ص ٢٠٢ ؛ هاوریَ یاسین محمد امین، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چ ٣، ناوەندی غەزەلنووس بۆچاپ وبڵاوکردنەوە،سلێمانی،٢٠١٤،ل ٢٢٧**

**٥ – عەبدوڵلا غەفور : جوگرافیای کوردستان ، س ٠ پ ، ل ٣٦٨.**

**٦ – طارق شكر محمود : اقتصاد النفط العراقي ، م . س ، ، ص ٤٠٥.**

شارۆچکەی دوبز بە دووری ( ٢٣ ) کیلۆمەتر لە سەنتەری شارەکە و ئەم کارگەیە پێویستی بە ( ١ ) ملیار سێجا گازی سروشتیە بۆ بەرهەمهێنانی ( ١٠٠,٠٠٠ ) تۆن کبریت [١].

شایەنی باسە بۆ پێداویستیەکانی کارگەی جیاکردنەوەی کبریت و ێستگەیەکی کارەبا لە دوبز دامەزرا ، کە پشت بە گازی سروشتی دەبەست بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا [٢] ، کە ئەم و ێستگەیە لەهەمان کاتدا سوودی بەخشیە چەندین پیشەسازی تر لە کەرکوك وەك: هاڕینی دانەوێڵە وکارگەی (بەفر) سەهۆڵ [3].

بەهۆی گرنگی کارەبا لە بواری پیشەسازیدا ، ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی ڕاوێژی ئەندازیاری دەکرد لە گەڵ کۆمپانیای ( جە ، جی ، وایت ) ی ئەمریکی ، کە لە بواری کارەبا کاری دەکرد بۆ ئەوەی پرۆژەی کارەبای دوبز بەباشترین شێواز ئەنجام بدات [٤].

لە لایەکی دیکەوە و ێستگەی کارەبای دوبز لە توانایدابوو وزەی کارەبای لیواکانی ( کەرکوك وهەولێر وسلێمانی وموسڵ ) دابین بکات و توانایی بەرهەمهێنانی گشتی ئەو وێستگەیە دەگەیشتە ( ١٥٠,٠٠٠ )وات [٥].

لە ڕاستیدا سالآنە بڕێکی زۆری بەرهەمی گازی سروشتی کەرکوك بەفیرۆ دەچوو ولە ساڵی ( ١٩٥١ ) دا ڕێژەی سوود وەرگرتن لەو گازە تەنها ( ١٥,٦ ٪) بووە و ڕێژەی فەوتاوی کە دەسووتێت بەبێ هیچ سوود وەرگرتنێك بریتیە بووە لە ( ٨٤,٤ ٪) ، بەلآم بۆ ساڵی ( ١٩٥٨ ) ئەو ڕێژەیەی کە سوودی لێ وەردەگیرا دەگاتە ( ٧,٨٪ ) لە بەرامبەردا ڕێژەی فەوتاوی بۆهەمان ساڵ ( ٩٢,٣٪ ) بوو[٦]، لەبەر ئەوە حکومەتی عێراق لە ڕێگەی ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراقی پرۆژەیەکی ئامادەکرد بۆ سوود وەرگرتن لە گازی سروشی کەرکوك و پرۆژەکە لە لایەن ئەندازیار ( ویلیام بێرس ) سەر بە کۆمپانیای ( دی ، سی ) ئینگلیزی لە لەندەن ئامادەکرا بۆ سوود وەرگرتن لەو گازە لە بوارەکانی: ( پەینی کیمیاوی ، کبریت ، بەرهەمهێنانی وزەی کارەبادا ) [٧].

---

١ – سميرة كاظم الشماع : مناطق الصناعة في العراق ،م ٠ س ، ص ١١٩.

٢ – جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، م ٠ س ، ص ٣٢٩.

٣ – سعيد عبود السامرائي : سياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق ، م . س ، ص ١٧١ ؛ سميرة كاظم الشماع : م ٠ ن ، ص ص ٢٢٧ ، ٣٠٢.

٤ – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي عن اعمال مجلس الاعمار لسنة ١٩٥٤ – ١٩٥٥ ، مطبعة العاني ، بغداد ، ١٩٥٧ ، ص ٣٥.

٥ – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ووزارة الاعمار ، اعمار العراق اذار ١٩٥٧، م ٠ س ، ص ٣٥.

٦ – طارق شكر محمود : اقتصاد النفط العراقي ، م ٠ س ، ص ٤٠٩.

٧ – الحكومة العراقية : مجلس الاعمار ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٢– ١٩٥٣ المالية ، م . س ، ص ٢٦.

کەرکوك بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە چینێکی ڕۆشنبیری چالاکی لەخۆ گرتوو ، بۆیە پیشەسازی چاپەمەنی وبڵاوکراوەکان لە کەرکوك سەریهەڵداوە و ئەمەش وایکردووە لەکوردستان وباکوری عێراق ، کەرکوك بەپلەی یەکەم وسەنتەری ئەوپیشەسازیە بێت [١] ٠

یەکەم چاپخانە لە کەرکوك لە سەردەمی والی موسڵ ( فەیزی پاشا ) لە ساڵی ( ١٨٧٩ ) دامەزرا کە بە چاپخانەی (ئەلویلایە ) ناونرا و زیاتر کاری چاپکردنی پەڕاو وفەرمانەکانی دەسەلاتی عوسمانی پیێ دەکرا [٢]٠

لە ساڵی ( ١٩٠٨ ) دا چاپخانەی ( ئەلسەنائیع ) لە سەردەمی موتەسەریفی کەرکوك ( عەون ئەڵلا ئەلکازمی ) لەخوێندنگەی پیشەسازی ( ئەلسەنائیع ) دامەزرا و لە پاڵ بڵاوکراوەکانی میری چەندین کتێبی ئایینی و زمانەوانی چاپکراون لەو چاپخانەیەدا ، بەلاّم بەهاتنی دەسەلاتی ئینگلیز بۆ کەرکوك ئەو چاپخانەیە گواسترایەوە بۆ بەغدا [٣] ٠

لە ساڵی ( ١٩١١ ) دا چاپخانەی ( ئەلحەوادیس ) لە لایەن ڕۆژنامەنووس ( ئەحمەد مەدنی قودسی زادە ) وە دامەزرا ، یەکەم  ڕۆژنامەی بەناوی ( ئەلحەوادیس ) پیێ چاپ کرا و دواتر ئینگلیز ئەو چاپخانەیەی کڕی وودرایە شارەوانی کەرکوك [٤] ٠

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق چاپخانەی شارەوانی کرایەوە  کەخاوەنی دوو ئامێری چاپ کردن بوو ، یەکێکیان ئەوە بوو دەسەلاتی ئینگلیز بەخشیە شارەوانی کەرکوك و دووەمیان ئامێرێك بوو کۆمپانیای کیفلاند ئۆهایۆ ( Kefland Ohaio ) ی ئەمریکی دروستی کردبوو و لە ( ٣١/ تەمووزی/١٩١٩ ) لە ڕێگەی ئیتالیاوە نێردرا بۆ کەرکوك ، ئەم چاپخانەیە خزمەتی بە ڕۆشنبیران و دانیشتوانی کەرکوك گەیاند [٥].

لە ساڵی ( ١٩٥٣ ) چاپخانەی (ئەلتەرەقی ) دامەزرا لە لایەن ( محەمەد ئەمین عەسری ) خاوەن کتێبخانەی ئەلتەرەقی و چەندین کتێبی وەرگێراند لە زمانەکانی ترەوە بۆسەر زمانی کوردی [٦] ٠

---

١ – سميرة كاظم الشماع : مناطق الصناعة في العراق ، م ٠ س ، ص  ٢٢٢.

٢ –  عطا ترزى باشى : كركوك في القرن التاسع عشر ، م . س ، ص ١٦ ؛ نصرت مردان : الصحافة التركمانية في العراق بين قرنين ١٩١١ – ٢٠٠٦ ،  ط ١ ، مؤسسة وقف كركوك للثقافة والابحاث، استانبول ، ٢٠١٠ ، ص  ١١٦ ؛ برهان محمد قادر البرزنجي : كركوك الارض والتاريخ ، م ٠ س ، ص ١٩٨.

٣ – عوسمان مستەفا خۆشناو : کەرکوك لە ئامێزی مێژوودا ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل  ٦٠ ؛ نصرت مردان : الصحافة التركمانية في العراق ١٩١١ – ٢٠٠٦ ، م ٠ ن ، ص ١١٧ ؛ ماهر النقيب : كركوك وهويتها ٠٠٠، م ٠س ، ص ٣٣٠.

٤ –  صلاح الدين ساقى ولي : دليل المطبوعات الكركوكية ، مطبعة عبدالوهاب اوجي ، كركوك ، ٢٠٠٣ ، صـ ٢١ – ٢٢ ؛ ماهر النقيب : م ٠ ن ، ص  ٣٢٩ ؛ عوسمان مستەفا خۆشناو : هـ . س ، ل ٦١.

٥ – سمكۆ بەهرۆز ( ئەژی ) : مێژووی گۆڕانە ڕۆشنبیرییەکانی ناوچەی کەرکوك ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ، ٢٠٠٦ ، ل ٤٤ ؛ عطا ترزي باشى : تاريخ الطباعة والصحافة في كركوك ، ت: مولود طه قاياجي ، كركوك ، ٢٠١٠ ، ص  ١١٣ ؛ عوسمان مستەفا خۆشناو :  هـ . س ، ل ٦١.

٦ – عوسمان مستەفا خۆشناو : هـ . س ، ل ٦٢ ؛ سمکۆ بەهرۆز ( ئەژی ) : هـ . س ، ل ٤٥.

هەر لە ساڵی ( ١٩٥٣ ) دا چاپخانەی ( ئەلتەتویج ) لەسەردەستی وەستا ( یەڵدا ) دامەزرا ، سەرەتا یەك ئامێری ئەڵمانی مام ناوەندی هەبوو ، دواتر لە ساڵی ( ١٩٥٥ ) دا بەهۆی هەوڵەکانی وەستا یڵدا بۆ فراوانکردنی چاپخانەکەی ، ئامێرێکی نوێ ی لە جۆری ( هایدلبێرگ Hidel birg ) ی خستە پاڵ ئامێرە کۆنەکە و لە دوای ڕاگەیاندنی کۆماری لە عێراق ناوی چاپخانەکە گۆڕدرا بۆچاپخانەی کەرکوك [١]٠

لە ساڵی ( ١٩٥٧ ) دا چاپخانەی ( ئەلشیمال ) دامەزرا کەچاپخانەیەکی گەورەو نوێ بووە و چوارئامێری تێدابوو لەجۆری ( Paes ) و ( Frenks ) ی فەرەنسی و جۆری ( Hidel birg ) ی ئەڵمانی لەگەڵ ئامێرێکی ئینگلیزی ، خاوەنی ئەم چاپخانەیە ( صبری عەبۆ ) بوو[٢] ٠

وەك دەردەکەوێ کەرکوك خاوەن توانا و وزەیەکی مرۆیی باش بووە و چەندین پیشەگەری بە ئەزموونی هەبووە و پێداویستیەکانی شارەکە و دەوروبەری لە جۆرەها کەرەستە و کاری پیشەگەری دەستیی دابین کردووە ، ئەمە جگە لە بوونی کەرەستەی خاو لە سنووری کەرکوك ، کە هاندەر و یارمەتیدەر بووە بۆ سەرهەڵدانی چەندین پیشە و پیشەسازی ، هەروەها بوونی کانزا فلزی و نافلزیەکان بەتایبەتی نەوت و دەرکەوتنی ئەو سامانە سروشتیانەی ، کە لەئەنجامی کرداری پاڵاوتن و دەرهێنانی نەوت بەدەر دەکەون ، بۆیە ئەمانە هەمووی بوون بە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ ئابوری کەرکوك و لە ئەنجامدا بازاری کەرکوك بووژانەوەی بە خۆوە بینیوە٠

---

[١] – عطا ترزي باشی : تاريخ الطباعة والصحافة في كركوك ، م . س ، ص ١١٤ ؛ عوسمان مستەفا خۆشناو : هـ ٠ س ، ل ٦٢. ٦٢.

[٢] – عطا ترزي باشی : م ٠ ن ، ص ١١٨ ؛ سمکۆ بەهرۆز ئاماژە بەوە دەکات کە لە ١٩٥٦/١٢/٢٣ ئەم چاپخانەیە دامەزراوە و شوێنی چاپخانەکە لەشەقامی غازی بووە ، بڕوانە: ( سمکۆ بەهرۆز ( ئەژی ) : مێژووی گۆڕانە رۆشنبیرییەکانی ناوچەی کەرکوك ، س . پ ، ل ٤٥ ).

## باسی سێیەم : گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم پیشەسازی وپیشەگەرانی کەرکوک

پیشەگەرانی کەرکوک وەك هەموو پیشەگەرانی عێراق و کوردستان ڕووبەرووی چەندین گرفت بونەوە کە دیارترینیان سیاسەتی ئینگلیز بووە لە هێشتنەوەی وولآت لە باری بەکاربەر و نەگواستنەوەی بۆ باری بەرهەم هێنەر و لە پێناو مسۆگەر کردن و دابینکرنی کەرەستەی خاو بۆ پیشەسازییەکانی ئینگلیز و هێشتنەوەی عێراق و کوردستان وەك بازارێك بۆ بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئینگلیز [1] ، لە بەرئەوە بارودۆخی پیشەگەران خراپتر بوو.

بۆیە حکومەتی عێراق چەند هەنگاوێکی نابەمەبەستی بەرەو پێش بردنی پیشەسازیە خۆماڵیەکان و پاراستنیان بەرامبەر بەبەرهەمە پیشەسازیە بیانیەکان ، لەم روەشەوە چەندین یاسای دەرکرد وەك لە ساڵی ( ١٩٢٣ ) دا یاسایەکی دەرکرد کە تایبەت بوو بە پاڵپشتی پیشەسازی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی باجی گومرگی لە سەر ئەو ئامێرانەی کە هاوردە دەکرێن بە تایبەتی ئامێرەکانی ( موەلیدەی کارەبا ، کارگەی سۆدا ، چاپخانە ،ئامێری وەرشەکانی چاککردنەوە ) ئەمەش بە مەبەستی هاندانی پیشەوەران بۆ بەردەوامی پیشە خۆماڵیەکان [2].

دواتر لە ساڵی ( ١٩٢٧ ) دا یاسای ژمارە ( ٣٠ ) دەرچوو کە بەپێی ئەم یاسایە باجی گومرگی زیاتر کەم کرایەوە و هەندێك ئامێر لەو باجانە دەبەخشران [3] ، کەمکردنەوەی باج بۆ ئامێرەکان و هاوردەکردنیان باش بوو ، بەلآم کاریگەری خراپی لە سەر بەرهەمە پیشەسازییەکان و کشتوکاڵییەکان هەبوو ، ئەمە وێرای ئەم یاسایانە ، بەلآم هێشتا حکومەتی عێراق نەیتوانی چاکسازی ئەوتۆ لە بواری پیشە و پیشەسازیدا بکات ئەویش بە هۆکاری ئەوەی ئەو حکومەتە خاوەن بریاری خۆی نەبووە و لەلایەن کاربەدەستانی ئینگلیزەوە سیاسەتی ئابوری بۆ دادەڕێژرا و هەرئەوان وایان کردبوو دەرگەی عێراق و کوردستان هەمیشە کراوە بێت بەرامبەر بەرهەمی پیشەسازی ئینگلیزی ، کە بێگومان لەڕووی کوالێتەوە زۆرباشتر بووە لەبەرهەمە پیشەگەریە خۆماڵیەکان و نرخەکەشی گەنجاوتر بووە.

---

[1] – علي الصافي : الصناعة وسياسة التصنيع في العراق " مجلة التجارة " ج ٣ ، ١٩٥٤ ، عدد خاص بمناسبة انعقاد مؤتمر غرف التجارة والصناعة والزراعة للبلاد العربية في دورتها الرابعة ، ص ٥١ : وەرگیراوە لە : علي خليل احمد البياتي : الاوضاع الاقتصادية في العراق ١٩٣٢ – ١٩٣٩ ، م · س ، ص ٤٣ .

[2] – امجد خضير رحيم محمد الدوري : التطور الصناعي في العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٩ دراسة تاريخية ، م . س ، ص٢٠.

[3] – مدحت كاظم القريشي : الحماية والنمو الصناعي في العراق ( دراسة نظرية تطبيقية ) ، ط ١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت ، ١٩٨٢ ، ص ٦ : وەرگیراوە لە: امجد خضير رحيم محمد الدوري : م · ن ، ص ٢٠.

هەرچەندە حکومەتی عێراق یاسای گومرگی دەرکرد ، بەلآم ئەم یاسایە هیچ جۆرە یەکسانی و ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئابوری پیشەوەرانی تێدانەکرابوو ، بۆ نموونە ئەو باجانەی لەسەر بەرهەمە پیشەسازیە هاوردە کراوەکان دانرابوون کەم بوون ، هەروەها بەرهەمە هاوردە کراوەکان لەڕووی کوالێتیەوە باشتر بوون لەبەرهەمە خۆماڵیەکان بۆ نموونە خواردەمەنیە کحولیەکانی ( مەی ) کەرکوك جۆرێکی زۆرباش بوو ، بەلآم بەرامبەر ( مەی ) ئینگلیزی بێگومان ئەو ڕکابەریەی پێ نەدەکرا ، جگە لەمەش توتنی کوردستان و کەرکوك باش بوون کەچی بەرامبەر بەجگەرەی ئینگلیزی هیچ جۆرە ڕکابەریەکی پێ نەدەکرا ، ئەمە وێڕای ئەوەی بازاری عێراق بووە گۆڕەپانی ململانێی بازرگانی لەنێوان وولآتە زلهێزەکان بەتایبەتی ( یابان وئەڵمانیا ) کە سیاسەتی پڕکردنی بازاری عێراقیان پەیڕەو کرد بەکەرەستە پیشەسازییەکانیان ، ئەمەش وایکرد بەریتانیا لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیە سیاسی وئابوورییەکانی لەعێراق بەرهەمە پیشەسازییەکانی لە ڕێگەی کوەیتەوە بهێنێت بۆ ناوخاکی عێراق لەبەرامبەردا ( ٣ – ٤ ٪ ) ی باجی گومرگی دەدا بەشێخەکانی کوەیت [١]٠

هەڵبەت ئینگلیز مەبەستی بووە عێراق و کوردستان وەك بازارێك بۆ بەرهەمە پیشەسازییەکانی خۆی و سەرچاوەیەك بۆ کەرەستەی خاوی پیشەسازی بهێڵێتەوە بۆیە بەهیچ شێوەیەك ڕێگەی نەدەدا پیشەسازی خۆماڵی و چینی کرێکار و بۆرژوای پیشەسازی دەرکەوێت [٢]، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆربەی خاوەن سەرمایەکانی کوردستان و عێراق بایەخیان بە بازرگانی دەدا و پارەکانیان زیاتر لە بواری بازرگانیدا بەکار دەهێنا ، کە سوودێکی باشی هەبووە و بەکەمترین ماوە پارەکانیان دەست دەکەوتەوە٠

شایەنی باسە پیشەسازییە خۆماڵیەکان لە جۆری پیشەسازی بەکارهێنانی ڕۆژانە بوو و زیاتر پرۆژەی بچووك بوون و ژمارەی کرێکار تیایدا زۆر کەم بوون و زۆربەی پیشەسازیە گەورەکان لە شارەکانی ( بەغدا و موسڵ و بەسرە ) دا بوون ، بەگشتی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئەو کارگانە پێداویستیە ناوخۆیەکانی پڕنەدەکردەوە و ئامێری پێشکەوتووی بەکارنەدەهێنرا و زیاتر کارەکانیان پیشەی دەستی بووە[٣] ٠

لەبەر ئەوە حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لە دەرکردنی یاسای تایبەت بەهاندانی پرۆژە پیشەسازییەکان ، نموونەی ئەو یاسایانە : ( بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەبەرواری ١٠ و١٣ / تشرینی یەکەمی/١٩٢٤ کە ئەوئامێرانەی هاوردەکراون بۆ کارگەی چنین ببەخشرێن لە باجی گومرگی ) و ( یاسای ٩ ی ١٩٢٥ ) [٤] ، هەروەها ( یاسای ١٤ ی ١٩٢٩ ) و ( یاسای ٤٥ ی ١٩٣٠ ) و (یاسای ٦٣ ی ١٩٣٦ ) کە سەرجەمیان پالپشتی پرۆژە پیشەسازیەکانیان دەکرد لە بەخشینی گومرگی بۆ ئەو ئامێرە هاوردە کراوانەی

---

[١]– نصیر سعید الکاظمي : مساهمة في کتابة تاریخ الحرکة العمالیة في العراق حتی عام ١٩٥٨ ، م ٠ س ، ص ٥٢.

[٢] – کاوس قفطان : الحرکة القومیة التحرریة الکردیة في کردستان العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٤ ، م ٠ س ، ص ٣٧.

[٣]- نصیر سعید الکاظمي : م ٠ ن ، ص٥٤.

[٤] – مظفر حسین جمیل : سیاسة العراق التجاریة ، م . س ، ص ٨١.

له پرۆژه پیشەسازییەکان بەکاردەهێنرێن و بەخشینی ئەو کەرەستە خاوانەی ، کە لەبوارەی پیشەسازی بەکار دەهێنرێت لە بەشێك لە باجی گومرگی ، هەروەها دابینکردن و بەکرێدانی زەوی بۆ دروستکردنی پرۆژەی پیشەسازی و دواتریش بەناوکردنی ئەو زەویانە لە دوای ماوەیەك بەناوی خاوەن پرۆژە پیشەسازیەکە [1]٠

ژمارەی ئەو کارگانەی سوودیان لەیاسای ( ١٤ ) ی ( ١٩٢٩ ) وەرگرتووە لەساڵی ( ١٩٢٩ ) دا ( ٨ ) کارگە بووە و ساڵی ( ١٩٣٩ ) گەیشتە (٧١) کارگە و بۆساڵی ( ١٩٤٩ ) (٩٦) کارگە بووە لە هەموو عێراق [2]٠

بێگومان بارودۆخی سیاسی و ئابوری جیهانی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر پیشەسازی عێراق و کوردستان و کەرکویش بەدەر نەبووە لەو کاریگەریانە ، بۆیە لە سەردەمی ماندێتی ئینگلیز ( ١٩٢٠ – ١٩٣٢ ) کۆمەڵێك پیشەسازی سەرەکی دامەزرا ، بەڵام زۆربەیان بە سەرمایەی بیانی بوون و لەخزمەتی سەرمایەدارە ئینگلیزەکاندا بوون ، چونکە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ سیاسەتی پیشەسازی عێراقیان دادەڕشت و ئارەستەیان دەکرد و زیاتر مەبەستیان نەبووە ئەو پیشەسازیانە پێش بکەوێت ئەویش لەپێناو بەردەوامبوونی هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازیە ئینگلیزیەکان بۆ بازارەکانی عێراق و سوود وەرگرتن لە کەرەستەی خاوی عێراق ، کە قازانجێکی زۆری بۆ کۆمپانیای پیشەسازی و بازرگانی بەریتانی دابین دەکرد٠

ئینگلیز مەبەستی بوو چینی بۆرژوای پیشەسازی عێراقی دەرنەکەوێت ، کەمەترسی رکابەرکردنی چینی بۆرژوای بیانی بکات لەلایەك و دژایەتی دەرەبەگ وخاوەن زەویەکان بکات کە ڕێگربوون لەبەردەم بەرەو پێش چوونی کەرتی کشتوکاڵ و بەکارهێنانی ئامێری پیشەسازی لەو بوارەودا [3] ، ئەمە جگە لەوەی گەورەترین پیشەسازی لە کەررکوك پیشەسازی نەوت بوو ، کەلەسەرەتاوە بەدەستی کۆمپانیە بیانیەکان بووە ودواتریش بەدەستی کەرتی گشتی بووە لەعێراق ، بۆیە چینێکی بۆرژوای پیشەسازی لە کەرکوك دەرنەکەوت [4] ٠

لەبەر ئەوە بەردەوامبوونی و هاوردەکردنی بەرهەمە بیانیەکان کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر پیشەوەران [5] ، ئەمە وێرای ئەو هەموو گرفتانەی باسکران ، بەڵام چەند کۆمپانیا و کارگەی پیشەسازی دامەزرا لە عێراق ، وەك کۆمپانیای ( حلج ) لە چیکەنەدان ، هەلاجکردنی پەموو و کارگەی فەتاح پاشا کە لەساڵی ( ١٩٢٦ ) دا دامەزرا [6] ، ئەگەر چی قەیرانی ئابوری ساڵی ( ١٩٢٩ – ١٩٣٣ )[1] بووە هۆی وەستانی بازرگانی دەرەکی کە دەرهاوێشتەکانی ئەم قەیرانە لە کۆتاییەکەیدا لە عێراق دەرکەوت[2].

---

[1] – يوسف عبود : مشروع انماء الثروة الوطنية في العراق ، م . س ، ص ٣٥ – ٣٦.

[2] – سعيد عبود السامرائي : سياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق ، م . س ، ص ٧٧.

[3] – كاظم حبيب : لمحات من عراق القرن العشرين العراق الملكي ، م ٠ س ، ص ٤٠.

[4] – ناهض حسن جابر الراوي : مفهوم السلطة في فكر الاحزاب السياسية الكردية المعاصرة ، م ٠ س ، ص٧٠.

[5] – سعيد عبود السامرائي ، التطور الاقتصادي الحديث في العراق ، ط١، مطبعة القضاء ، النجف، ١٩٧٧ ، ص ٩٤ – ٩٥.

[6] – سعيد عبود السامرائي : سياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق ، م ٠ ن ، ص ٦٩ ؛ صباح اسطيفان كجه جي : الصناعة في تاريخ وادي الرافدين ، ب . م ، ٢٠٠٢ ، ص ١٢٨.

لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی ( ١٩٣٩ – ١٩٤٥ ) [٣] هەرچەندە بەهۆی جەنگەوە ڕێگەکانی دەریایی و ووشکانی نێودەوڵەتی پەکیان کەوت ، بەڵام کارگە پیشەسازییە خۆماڵیەکان بەرهەمەکانیان زیاتر کرد لە پێناو دابینکردنی پێداویستیە ناوخۆکان ، هەرچەندە پیشەسازییە دەستیەکانیش بوژانەوەیان بە خۆیانەوە بینی ، بەڵام لەهەمان کاتدا تووشی گرفت بوون ئەویش بەهۆی هاوردەکردنی بەرهەمی پیشەسازی هەرزان ، بە تایبەتی لەبواری پیشەکانی چنین وڕستن و دروست کردنی قوماش و پیشەسازی مس و دروست کردنی پێڵاو [٤] ، لەئەنجامدا پیشەسازییە دەستیە خۆماڵیەکان نەیانتوانی خۆیان ڕاگرن لەئاستی لیشاوی بەرهەمە پیشەسازییە ئەوروپییەکان وبەهۆیەوە چەندین پیشە لەناو چوون و ونبوون [٥].

لەڕاستیدا ئەم هۆکارانە ڕێگری بوون لەدامەزراندنی کارگەی پیشەسازی پێشکەوتوو ، بۆنموونە بە هۆی زۆری کورەی گەچی سەرەتایی نەتوانرا کارگەیەکی گەورەی پیشەسازی گەچ لەکەرکوك دابمەزرێت [٦] ، و ئەو پیشەگەریانەی دەرکەوتن تەنها بریتی بوون لەکارگەی بچووك وزیاتر پێداویستیە ناوخۆکانی پڕدەکردەوە وەك : ( چنین و ڕستن ، شقارتە ، جگەرە ، سابون ، خواردەمەنیە کهولیەکان [٧] ، هەلاجی پەموو ، پێستە خۆشکردن ، مسگەری ، چەند پیشەسازییەکی خواردەمەنی وەك لوقم وشەربەت وبسکویت ) [٨] .

---

[١] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو قەیرانە بڕوانە: الان بالمر : موسوعة التاريخ الحديث ١٧٨٩ – ١٩٤٥ ، ج ١، ت : سوسن فيصل السامر و يوسف محمد أمين ، ط ١، دار المأمون للترجمة والنشر ، بغداد ، ١٩٩٢ ، ص ٢٤٤.

[٢] - كمال مظهر احمد : العراق في سنوات الازمة الاقتصادية العالمية ( ١٩٢٩ ـ ١٩٣٣ ) ، ( افاق عربية ) مجلة ، ع (٧) ، السنة الثامنة ، بغداد ، ١٩٨٣.

[٣] – بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو جەنگە بڕوانە: الان بالمر : م . ن ج ٢ ، ص ٣٩٩ – ٤٠١.

[٤] – سعيد عبود السامرائي: مقدمة في التاريخ الاقتصادي العراقي ، م ٠ س ، ص ٥٣.

[٥] – گۆران ئیبراهیم ساڵەح : کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦– ١٩٠٩ ، س٠ پ ، ل ١٦٩.

[٦] – سميرة كاظم الشماع : مناطق الصناعة في العراق ، م . س ، ص ١٢٠.

[٧] – بەهۆی گرانی نرخی خواردەمەنیە کهولیە هاوردەکراوەکان ، ئەوا دانیشتوانی عێراق لە ( ترێ و خورما ) ئەو جۆرە خواردەمەنیانەیان دروست دەکرد وشاری کەرکوك لەسەر ئاستی کوردستان وباکوری عێراق ناوبانگی هەبووە لە دروست کردنی خواردەمەنی کهولی لە ترێ ، بڕوانە: الحكومة العراقية : دنكور، دليل المملكة العراقية لسنة ١٩٣٥ – ١٩٣٦ ، م ٠ س ، ص ٨٣٨ ؛ صباح اسطيفان كجه جي : الصناعة في تاريخ وادي الرافدين م ٠ س ، ص ١٣٦.

[٨] – مير بصري ، مباحث في الاقتصاد العراقي ، شركة التجارة والطباعة المحدودة ، بغداد ، ١٩٤٨ ، ص ٢٥.

## باسی چوارەم : ئاماری بەرهەمە پیشەسازی و پیشەییەکانی کەرکوك

پیشەسازییەکانی چیمەنتۆ و گەچ و کەرپووچ و جۆرەکانی تری کەرەستەی بیناسازی و شقارتە و جگەرە و خۆشکردنی پێستە و دروستکردنی پێڵاو وسابون و ڕۆن و ڕستن وچنین و خواردنە کهولیەکان گرنگترین جۆرەکانی پیشەسازی عێراق بوون لەدوای پیشەسازی نەوت [١] ، لە کەرکوك وەك شارێکی گرنگی کوردستان وعێراق چەند پیشەیەکی تریش سەری هەڵدا لەوانە ئاسنگەری وبەرگدرووی و زەرەنگەری و چاککردنەوەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان و ئوتۆمبێل [٢] ، هەروەها لەکەرکوك کەسانی شارەزا هەبوون لە بواری چاککردنەوەی چەك ( چەقماقچی ) ، تەنانەت کەسانێك هەبوون کە شارەزاییان لە دروستکردنی چەك ( دەمانچە وتفەنگ ) دا [٣] هەبووە٠

هەر لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتی عوسمانیەکانەوە کەرکوك سەنتەری بازرگانی و پیشەسازی بووە بۆ شارەکانی تری کوردستان و زۆرێك لە بازرگان و کارسازانی سلێمانی ئەو سەردەمە هەڵگری نازناوی ( کەرکوکلی ، کەرکوکلی زادە ) بوون [٤]، بۆیە کەرکوك ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان تێدابووە ، بۆنموونە لەساڵی ( ١٨٩٦ ) ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك ( ٣٠,٠٠٠ ) کەس بووە و ( ١٢٨٢ ) کۆگا ودوکانی تێدابووە[٥] ، ، ئەمە جگە لەوەی لەساڵی ( ١٨١٧ ) دا لەکەرکوك خوێندنگەی پیشەسازی دامەزراوە و دانیشتوانی شارەکە هاوکاری داراییان کۆکردەوە بۆکردنەوەی ئەوخوێندنگەیە کە بەناوی ( ئیسلاح خانە ) ناسراو بووە و پیشەکانی ( ئاسنگەری ، میکانیك ، پێڵاو دروستکردن ، چنین وڕستن ، دارتاشی ) تێدا دەخوێندرا ، هەروەها ساڵنامەی ویلایەتی موسڵیش بۆساڵی ( ١٩١٢ ) ئاماژەی بەخوێندنگەی پیشەسازی کەرکوك کردووە و دواتر لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا ئەوخوێندنگەیە داخرا و لەسەردەمی دەسەڵاتی ئینگلیزدا کراوەتەوە و لەلایەن کەسایەتیەکی ئینگلیزەوە بەڕێوەچووە کە( جینت ترەنفیل ) ە و لەبەرواری (١/ شوباتی/١٩٢١ ) دا دەست بەکاربووە [٦]٠

---

١ – عەلی مەحمود محەمەد: کەرکوك شاری قەلاّ و ئاگر وخوێن ، س ٠ پ ، ل ٥٤.

٢ – عبدالمجيد فهمي حسن: دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج٢ ، م ٠ س ، ص ٢١.

٣ – دانیشتوانی شاری کەرکوك شارەزاییان هەبووە لە دروستکردنی تفەنگ لە جۆری Martini ، بڕوانە: خليل علي مراد : الموصل وكركوك في الوثائق العثمانية ، بنكە ى ژين ، السليمانية ، ٢٠٠٥ ، ص ٧٢.

٤ – م.ر. هاوار: شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان ، ب١ ، لەندەن ، ١٩٩٠ ، ل ٢٣٤.

٥ – ش. سامي: قاموس الاعلام ، بشنجي جلد ، مهران مطبعه س، استانبول ، ١٣١٤ هـ ، وەرگیراوە لە: شعبان مزيري : كركوك في التاريخ ، ط ١، من منشورات دار ضيا للطباعة والنشر ، بغداد ، ٢٠٠٩ ، ص٣٣.

٦ – عبدالرزاق الهلالي : معجم العراق – سجل تاريخي سياسي اقتصادي اجتماعي ثقافي يبحث بايجاز دقيق عن مختلف نواحي الحياة العامة في العراق منذ العهد العثماني حتى اليوم ، ج١ ، مطبعة النجاح ، بغداد ، ١٩٥٣ ، ص ١٨ ، وەرگیراوە لە: برهان محمد قادر البرزنجي : كركوك الارض والتاريخ ، م ٠ س، ص ١٩٦.

نوێنەرانی کەرکوکیش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بەتایبەتی ( سلێمان فەتاح و سەعدی حاجی حەسەن و محەمەد رەفیق خادم سەجادە[1] و نەشئەت ئیبراهیم ) بە بەردەوامی گرنگی و بایەخیان داوە بەهاندانی حکومەتی عێراق بۆ پاڵپشتی خوێندنگە پیشەسازییەکانی کەرکوک [2].

**خشتەی ژمارە ( ٢٠ ) [3] ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگە پیشەسازییەکان لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥ – ١٩٥٧) :**

| ساڵی خوێندن | ژمارەی خوێندکار لەخوێندنگەی پیشەسازی بەغدا | ژمارەی خوێندکار لەخوێندنگەی پیشەسازی کەرکوک | ژمارەی خوێندکار لەخوێندنگەی پیشەسازی موسڵ | ژمارەی خوێندکارلە خوێندنگەی پیشەسازی بەسرا | ژمارەی خوێندکارلە خوێندنگەی پیشەسازی سلێمانی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٦/١٩٤٥ | ٩٧ | ٣١ | ٦١ | / | / |
| ١٩٤٧/١٩٤٦ | ١٠٤ | ٥٥ | ٤٨ | / | / |
| ١٩٤٨/١٩٤٧ | ٢٢٠ | ٧٦ | / | / | / |
| ١٩٤٩/١٩٤٨ | ١٧٤ | ٩٤ | / | / | / |
| ١٩٥٠/١٩٤٩ | ٢٠١ | ١١٧ | / | ٣٠ | / |
| ١٩٥١/١٩٥٠ | ٢٢١ | ١١٩ | / | ٥٩ | / |
| ١٩٥٢/١٩٥١ | ٢٣٢ | ١٢١ | / | ٧٨ | / |
| ١٩٥٣/١٩٥٢ | ٢٦٧ | ١٠٩ | / | ١٠٦ | / |
| ١٩٥٤/١٩٥٣ | ٣٣٣ | ٨٨ | / | ١٠٤ | / |
| ١٩٥٥/١٩٥٤ | ٤٣٣ | ٩٨ | / | ١١٠ | / |
| ١٩٥٦/١٩٥٥ | ٤٩٥ | ١٠٤ | / | ١١٩ | ٩٠ |
| ١٩٥٧/١٩٥٦ | ٥١٥ | ١٥١ | ٦٠ | ١٧٥ | ١٥٩ |

---

١ – دڵشاد محمود عبدالرحمن : بارودۆخی کۆمەڵایەتی شاری کەرکوک ( ١٩٢١ – ١٩٥٨ ) ، س ٠ پ ، ل ١٠٧ ؛ عەدنان کاکەرەش : کەرکوک بۆ مێژوو دەدوێت ، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری ( ی ٠ ن ٠ ک ) ،دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٢٢.

٢ – مسارع الراوي واخرون : التعليم الصناعي في العراق ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٦٨ ، ص ٤٧ –٤٨.
وەرگیراوە لە: ( دڵشاد محمود عبدالرحمن : هـ ٠ س ، ل ١١٧ )

٣ – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ٨٩ ، ص ٩٠ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢، م ٠ س ، جدول رقم ١٢٦ ، ص ١١٨ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥ ، م ٠ س ، جدول رقم ١١٣ ، ص ١٠٧ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية العامة لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ٦٣ ، ص ٥٠.

ئەوەی لەخشتەی ژمارە ( ٢٠) دا دەردەکەوێت لیوای کەرکوك لەدوای بەغدای پایتەخت بەپلەی دووەم دێت لە ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگە پیشەسازییەکان لەسەر ئاستی عێراق ، ئەمەش ئاماژەیە بە تایبەتمەندی پیشەسازی لە کەرکوك ، کە لەپاڵ نەوت زۆرینەی دانیشتوانی کەرکوك خاوەن دەستێکی ڕەنگین بوون لە دروستکردنی ئامێرە پیشەسازیەکان ، هەروەها توانیانە بەبەردەوامی بەرهەمەکانی کەرکوك بۆبازارەکانی شارو شارۆچکەکانی تری عێراق هەناردەبکەن٠

لەلایەکی دیکەوە لەئەنجامی ئەو شەڕەی کە لە ( ٤/ ئایاری/١٩٢٤ ) دا لە نێوان پێشەوەران و کاسبکار ودوکاندارانی بازاری گەورەی شاری کەرکوك لە گەڵ هێزی ( لیڤی ئاسووری ) ڕوویدا [١] ، لیژنەیەك پێکهێنرا بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەر وزیانەکانی پیشەوەران و خاوەن دوکانەکان و لەبەرواری ( ٣ / شوباتی /١٩٢٥ ) ( عەبدولمەجید یەعقوبی موتەسەرفی کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٢٤ – ١٩٢٧ ) [٢] داوا لەپیشەوەر وخاوەن دوکانەکان دەکات سەردانی موتەسەرفیەی کەرکوك بکەن بۆ وەرگرتنی پارەی قەرەبووکردنەوەکانیان ، لێرەدا دەردەکەوێ کە زۆربەی پیشەگەریەکانی کەرکوك لەناو بازاری گەورەدا بوونیان هەبووە ولەکۆی ( ١٠٢ ) دوەکاندار زۆربەیان پیشەوەر بوون وەك : ( ئاسنگەر و گۆزەچی و٠٠٠ هتد ) [٣]٠

بەپێ ی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پیشەسازی عێراقی لە ساڵی ( ١٩٥١ – ١٩٥٢ ) حکومەتی عێراق دەستی کرد بە تۆمارکردنی کارگە پیشەسازیەکان بە تایبەتی ئەو کارگانەی هێزی بزوێنەر بەکاردێنن بۆ پیشەسازی وەك کارەبا و ئاو و هەڵم کە ژمارەی کرێکارەکانیان لە ( ٤ ) کرێکار کەمتر نیە ئەوە بوو لەهەموو عێراق ( ٩٤ ) کارگە هەبووە کە ( ٦٧ ) ی لەبەغدا بووە وتەنها ( ٢ ) کارگەیان لەکەرکوك بووە [٤]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی پیشەسازییەکانی کەرکوك پیشەسازی بچووك بوون کە ئەو سەردەمە بە( مانیفاکتۆرە ) دەناسرا٠

---

[١] – بڕوانە : عبدالرزاق الحسني : تاريخ العراق السياسي الحديث ، ج٣ ، م ٠ س ، ص ٣١٤ – ٣١٧ ؛ جەرجیس فەتحوڵلا : وریا بوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی ١٩٠٠ – ١٩٢٥ ، س . پ ، ل ٤٢٦.

[٢] – عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج٢ ، م ٠ س ، ص ٣٧٢ ؛ سمکۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : مێژووی سەردەمە کارگێڕی و بەڕێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکوك ،س ٠ پ ، ل ٣٩.

[٣] – ارشد الهرمزي : حقيقة الوجود التركماني في العراق ، ط ٢ ، الدار العربية للموسوعات ، بيروت ، ٢٠٠٥ ، ص ٩٥– ٩٩.

[٤] – الحكومة العراقية ، وزراة الاقتصاد ، مديرية الصناعة العامة ، التقرير السنوي للسنة المالية ١٩٥١ – ١٩٥٢ ، مطبعة الرابطة ، بغداد ، ١٩٥٢ ، ص ٢٣.

پیشەسازییەکانی کەرکوك کە تۆمارکرابوون لەیەکێتیی پیشەسازییەکانی عێراق ( اتحاد الصناعات العراقي )[١] جۆرەها کارگە و شوێنی پیشەسازی لەخۆ گرتبوو لەوانە کارگەی دارتاشین کە ژمارەیان ( ١٧ ) کارگە بووە ، هۆکاری بڵاوبوونەوەی پیشەی دارتاشین لە کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی شارەکە لەسەرچاوەی دار کە دارستانەکانی کوردستانە بەمەش زۆر بەئاسانی کەرەستەی خاوی بەدەست دەکەوێت ، لەلایەکی ترەوە زیادبوونی داواکاری لەسەربەرهەمی دارتاشانی کەرکوك بەهۆی باش بوونی ئاستی گوزەرانی خەڵك و پێداویستیەکانی کۆمپانیای نەوت لە شارەکەدا بۆئەو بەرهەمانە [٢].

کارگەی تۆرنەچی و چاککردنەوە و بۆیاغکردنی ئوتۆمبێل ژمارەیان ( ١٠ ) کارگە بووە ، کارگەی ئاسنگەری ( ٩ ) کارگە بووە ، کارگەی کاشی ( ١ ) کارگە ، کارگەی زەرەنگەر ( ٢ ) کارگە ، کارگەی دروستکردنی پێڵاو ( ٢ ) کارگە ، کارگەی تریکۆ و چنین ( ١ ) کارگە ، کارگەی شیرینی ودروستکردنی بسکویت ( ٢ ) کارگە بووە ، کارگەی خوێ ( ١ ) کارگە ، کارگەی هاڕینی دانەوێلە ( ئاش ) ژمارەیان ( ٨ ) کارگە بووە ، کە لەسەرجەم گەرەکەکانی شاری کەرکوك بوونیان هەبووە وەك : ( ئیمام قاسم و بازاری گەورە و موسەلاّ و پیریادی و بەگلەر و شاترلو ) [٣] ، ئەمە جگە لەوەی لە ناوچەکانی داقوق و قەرەحەسەن و دارەمان ئاش هەبوون ئەویش بەهۆی پێداویستی رۆژانەی خەڵکەوە ، کارگەی بەفر ( ٣ ) کارگە بووە [٤] ، بەلاّم لەسەرچاوەیەکی تردا ئاماژە بەبوونی ( ٨ ) کارگەی بەفر دەکات ، ( ٢) کارگەی سیفۆن یاخود صۆدا هەبووە کە لەساڵەکانی ( ١٩٤٧ دا لەلایەن حاجی مستەفا و لەساڵی ١٩٥٠ دا لەلایەن سەید نەجم دروستکراون) [٥].

لەساڵی ١٩٥٤ دا کارگەی چنینی پەموو لە کەرکوك دامەزراوە کە بە کۆمپانیای بازرگانی و هەلاجی پەمووی عێراقی ناسراوە[٦].

ئەمە جگە لەو کارگە و شوێنانەی کە خۆیان تۆمار نەکردبوو لەبەر هۆکاری جیاواز بۆیە جیاوازی لە ژمارەی کارگە پیشەسازییەکان بەدی دەکرێت ، بۆنموونە لە دەورپشتی شاری کفری ( ٧ ) ئاش هەبووە کە لەهەرئاشێکیاندا ( ٣ بۆ ٤ ) کەس کاری تێدا کردووە [٧] کەچی لە ئاماری یەکێتی پیشەسازییەکانی عێراق

---

[١] – یەکێتی پیشەسازی عێراقی بە پێی یاسای ژمارە ( ٥٢ ) ی ساڵی ١٩٥٦ دامەزرا ، بڕوانە : الجمهورية العراقية ، وزارة الصناعة الصناعة ، دليل الصناعات العراقية والكتاب السنوي ، اتحاد الصناعات العراقية ، بغداد ، ١٩٧٠ ، ص ١١.

[٢] – سميرة كاظم الشماع : مناطق الصناعة في العراق ،م ٠ س ، ص ص ١٢٠ ، ٢١٧.

[٣] – ئەم ( ئاشە ) ئاسیاوە کەسێك بەڕێوەی دەبرد کە کریستیان بووە ، بڕۆانە: جەلیل محەمەد شەریف : شارەکەم لە پەنجەرەی یادگارییەکانمەوە ،س ٠ پ ، ل ١١.

[٤] – الجمهورية العراقية ، وزارة الصناعة ، دليل الصناعات العراقية والكتاب السنوي ، م . ن ، ص ص ٢٦٠ – ٣١٦.

[٥] – ماهر النقيب : كركوك وهويتها ٠٠٠ ، م ٠س ، ص ٢٧١.

[٦] – نبيل عكيد محمود المظفري : دور نواب كركوك مجلس النواب العراقي خلال ١٩٢٥ – ١٩٥٨ ، م ٠ س ، ص٨٠.

[٧] – مصطفى نەریمان : بیرەوەری یەکانی ژیانم ، دەزگای رۆشنبیری وبلاّوکردنەوەی کوردی زنجیرەی ژمارە ( ١٩٠ ) ، دارالحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٩٤ ، ل ١٤.

ئاماژەی بۆنەکراوە ، هەروەها سەرچاوەیەکی تر ئاماژە بەبوونی ( ١٤ ) ئاش ( ئاسیاو ) دەکات لەناو شاری کەرکوك کە بەهێزی پاڵنانی ئاو کاریان دەکرد ، بەلاّم لە دوای ساڵی ( ١٩٣٠ ) وە کاتێك هێزی کارەبا ونەوتی ڕەش بەکاردەهێنرێت بۆ بەکاربردنی ئاسیاوەکان ئەو ژمارەیە کەم دەبێتەوە لەناو شاری کەرکوك بۆ ( ٧ ) ئاسیاو [١].

لەساڵی ( ١٩٥٤ ) دا ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە لە کەرتی پیشەسازی کاریان دەکرد لەهەموو عێراق بریتی بووە لە ( ٩٠،٢٩١ ) کرێکار ، ژمارەی کرێکاری لەپیشەسازی نەوت بریتی بووە لە ( ١٥،٢٤٩ )کرێکار، بەمەش کۆی ژمارەی کرێکارانی پیشەسازی بە کەرتی نەوتەوەش دەگەیشتە ( ١٠٥،٥٤٠ )کرێکار[٢].

لەپوختی ئاماری پیشەسازی عێراق بەگوێرەی لیواکان ، لەساڵی ( ١٩٥٤ ) دا لیوای کەرکوك ( ١،٣٢٨ ) پرۆژەی پیشەسازی تێدا بووە لەکۆی ( ٢٢،٤٦٠ ) پرۆژەی پیشەسازی لەهەموو عێراق ، کە ژمارەی ئەو کرێکارانەی لیوای کەرکوك بریتی بووە لە ( ٣،٥٢٧ ) کرێکار لەبەرامبەردا (٩٠،٢٩١ ) کرێکار هەبووە لەبواری پیشەسازیدا کاریکات لەهەموو عێراقدا [٣].

ئەوەی بەدی دەکرێت کە تەنها ( ٥ ) پرۆژە لەلیوای کەرکوك ژمارەی کرێکارەکانی زیاترن لە ( ٢٠ ) کرێکار ، بەلاّم ( ١،٣٢٣ ) پرۆژەی پیشەسازی کەمتر لە(٢٠ ) کرێکار کاری تێدا دەکات [٤] ، بەمەش تێکرای دەستی کار لەلیوای کەرکوك لەهەر کارگەیەك دەکاتە ( ٢،٧ ٪ )[٥] .

ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات ، کە پرۆژە پیشەسازیەکانی کەرکوك زیاتر بریتی بووە لە دەزگای بچووك و زیاتر پیشەکان بەکاری دەستی ئەنجام دراون ، هەرچەندە کەرکوك سەنتەری ڕاکێشانی دانیشتوان بووە لەکوردستان و لیواکانی تری عێراق خەڵکی بۆ کارکردن ڕوویان تێدەکرد ، بۆیە ڕێژەی کۆچکردنی دانیشتوان بۆ ناو شاری کەرکوك گەیشتە ( ٣٪ ) بە گوێرەی ئاماری ساڵی ( ١٩٥٧ ) ، بەلاّم زۆربەی ئەو کۆچکەرانە لەبواری پیشەسازی نەوتدا کاریان کردووە[٦].

هەروەها لەئاماری یەکێتیی پیشەسازانی عێراق فەرمانگەی ئابوری ژمارەی ئەوکارگانەی ، کە مەرجە پیشەییەکانیان تیادابووە لەڕووی بەکارهێنانی ئامێرە بزوێنەرەکان وەك ( کارەبا ، ئاو ، هاڵمی ئاو ، هتد ... ) و لەڕووی ژمارەی کرێکار و لەڕووی بایەخی ئابوری ئەوا لە هەموو عێراقدا تەنها ( ٣٧٠ ) پرۆژە بوونی هەبووە

---

١ – ماهر النقيب : كركوك وهويتها القومية والثقافية ، م ٠ س ، ص ٢٦٩ – ٢٧٠.

٢ – سعيد عبود السامرائي : سياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق ، م ٠ س ، ص ١٠٧.

٣– الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة ١٩٥٥ ، م ٠ س ، الجدول رقم ١٠٥ ، ص ١٠٠.

٤– الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، المجموعة الاحصائية لسنة١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ٣٠٩ ، ص ٣٠٢.

٥ – توماس بالوك : سياسة الاعمار الاقتصادي في العراق ، م . س ، ص ١٨٦.

٦- شاكر خصباك : العراق الشمالي ، م . س ، ص ٣١٧.

و پشکی کەرکوك تەنها ( ٧ ) پرۆژەی پیشەسازی بووە ، کە ڕێژەکەی ( ١,٨ ٪ )بووە[١] ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی کارگە پیشەسازییە گەورەکان لە بەغدا بووە.

شایانی باسە پیشەسازی جێگەی بایەخی فەرمانڕەواکانی کەرکوك بووە و لە ( ٢/ نیسانی/١٩٥٦ ) دا پێشانگایەکی تایبەت بە بەرهەمە پیشەسازی و کشتوکاڵیەکانی کەرکوك دەکرێتەوە بەئامادەبوونی موتەسەڕیفی کەرکوك ( یوسف زیاء ١٩٥٥ ـ ١٩٥٦ )[٢] و وەزیری دارایی عێراقی ( خەلیل کەنە ) و وەزیری ناوخۆی عێراق ( سەعید قەزاز ) ، کە ئەمە یەکەمین پێشەنگا بووە لە کەرکوك بکرێتەوە و بودجەیەکی باشی بۆ تەرخان کرابوو کە ( ٣,٧٨٦ ) دینار بووە ، لەم پێشانگەیەدا کۆمپانیای نەوتی عێراق وکۆمپانیان ( پای ) ی تەلەفزیۆنی کە بۆیەکەمینجار هاوڵاتیانی کەرکوك پێی ئاشنا بوون و کۆمپانیای ( ئای ٠ سی ٠ ئای ) و کۆمپانیای ( کات ) ی پیشەسازی و کۆمەڵێك لەخاوەن کارگە پیشەسازیەکانی کەرکوك لە : ( ئاسنگەری ، کاشی ، گەچ ، تۆرنەچی ، زەڕەنگەر( ئاڵتونچی ) ، مسگەر ، سەڕاج ، هەللاجی ، ڕستن و چنین ، گۆزە دروست کردن ٠٠٠ هتد ) بەشداریان لەم پێشەنگایەدا کرد بە بەرهەمە پیشەسازیەکانیان[٣]٠

لەپوختەی ئاماری ( ١٩٥٧ ) دا ئاماژە بەبوونی ( ٣٧ ) پرۆژەی پیشەسازی گەورە و ( ١,٥٠٠ ) پرۆژەی پیشەسازی بچووك لەکەرکوك کراوە ، کە لەو پرۆژانە ( ٤,٤٥١ )کرێکار کاریان دەکرد و ئامارەکە ئاماژە بەنرخی دەستی کاری پیشەسازی دەکات کە کەرکوك بە پلەی سێیەم دێت لەدوای بەغدا ودیالە[٤] ، هەروەها لە عێراقدا ساڵی ( ١٩٥٧ ) ( ٨ ) کارگەی هەللاجی گەورەی پەموو هەبووە کە ( ٥ ) کارگە لەبەغدا و ( ٢ ) کارگە لەموسڵ و ( ١ ) کارگەی لەکەرکوك بووە[٥] ٠

کەرکوك بێ بەش نەبووە لەکارگە پیشەسازییەکانی تایبەت بەخواردەمەنی بەتایبەتی ئەو پیشەسازییانەی کە لە سەرئاستی عێراق بە پیشەسازی گەورە وگرنگ لەڕووی ئابووریەوە ناسرابوون ، لەکۆی ( ٤٩ ) کارگەی لەهەموو عێراق ( ٣ ) کارگەی هاڕینی دانەوێڵە و ( ١ ) کارگەی سەهۆڵ ( بەفر ) لەکەرکوك بووە[٦] ٠

---

١ ـ الجمهورية العراقية ، وزارة التجارة ، موسوعة دليل العراق التجاري الجديد ، موسوعة يصدره وزارة التجارة لخدمة رجال الاعمال في الميادين التجارية والصناعية والمالية والزراعية ، العدد الثاني ، بغداد ، ١٩٦٢ ، جدول رقم (١) ، ص ٤١.

٢ ـ سمكۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : مێژووی سەردەمە کارگێری و بەڕێوەبەرییەکانی پارێزگای کەرکوك ،س ٠ پ ، ل ٣٩.

٣ ـ فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى ، ماذا في كركوك ، م ٠ س ، ص ص ٣٦ ، ١٤٢ ـ ١٤٣.

٤ ـ الجمهورية العراقية : منجزات لواء كركوك ، م ٠ س ، ص ١٣.

٥ ـ سعيد عبود السامرائي : سياسات التصنيع والتقدم الاقتصادي في العراق ، م . س ، ص ٦٩ ـ ٧٠.

٦ ـ جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، م ٠ س ، ص ٣١٨.

## تەوەری دووەم : پیشەسازی دەرهێنانی نەوت لەکەرکوك

## باسی یەکەم : مێژووی نەوت وململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی کەرکوك

### یەکەم : مێژووی نەوتی کەرکوك

**دەرکەوتنی نەوت لەکەرکوکدا مێژوویەکی کۆنی هەیە ودانیشتوانەکەی ئەو نەوتەیان بەکارهێناوە وبۆ چەندین مەبەست سوودیان لێ وەرگرتووە ، لەوانە بۆ ڕووناککردنەوە و نەوت ڕێژکردنی ڕێگاوبانەکان وخۆ گەرمکردنەوە ، لەهەمان کاتدا وەك چارەسەریەك بۆنەخۆشیەکان ئەمە جگە لەبەکارهێنانی وەك چەکێك لە کاتی جەنگەکاندا [١] ٠**

**دانیشتوانی میسۆپۆتامیا ( ئور ولگش وبابل ) لەکێڵگەکانی کوردستانەوە ( باوەگوڕگوڕ ونەوتخانە )ە وە نەوتی ڕەشیان بۆ قیرتاوکردنی ڕێگەوبانەکانی شارەکانیان بردووە وئەو نەوتە ڕەشەش لەڕێگەی ڕوباری عوزێمەوە بۆئەو ناوچانە گواستراوەتەوە [٢]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە بازرگانیش بەنەوتی کەرکوك لەکۆنداکراوە٠**

**هێرۆدۆتس زیاتر لەدوو هەزار وسێ سەد ساڵ پێش ئێستە ئاماژەی بەئاگرە ئەزەلیەکەی کەرکوك کردووە [٣] ٠**

**شایانی باسە نەوت هەر لەکۆنەوەی وەك پێداویستیەکی ڕۆژانە لەلایەن دانیشتوانی کۆنی کوردستان بەکارهێنراوە ، ( مادەکان ) یەکێك بون لە نەتەوە کۆنەکانی ناوچەکە کە نەوتیان ناسیبێت وبەکاریهێنابێت ، بۆیە وشەی ( رۆنی ماد ) یان بەکارهێناوە بۆ ئەو نەوتەی کە لەوڵاتیاندا هەبووە[٤] ٠**

---

[١] – برهان محمد قادر البرزنجي : كركوك الارض والتاريخ ، م ٠ س ، ص ٣٩.

[٢] – کاوە نادر قادر : رۆڵی نەوت لە چارەنوسی گەلی کوردستاندا ، لەبڵاوکراوەکانی بەشی روناکبیری ( ی ، ن ، ك ) ، چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل ٢١.

[٣] – ئازاد نەقشبەندی : کاریگەری نەوتی کەرکوك لەسەر راگوێزانی کورد لە کەرکوك وبەعەرەبکردنی ، سەنتەری برایەتی ، ژمارە ٢٠ ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل ٢٥. وەرگیراوە لە : دلێر حەسەن عارف : کەرکوك لەبەر رۆشنایی راستییە مێژووییەکاندا ، چ ١ ، کەرکوك ، ٢٠٠٩ ، ل ١٣ ؛ پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری : شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ – ١٩٢٦ ، س ٠ پ ، ل ٨٤.

[٤] – هاوڕێ باخەوان : ئاڵای کورد ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم زنجیرە ( ١١٧ ) سلێمانی ، ٢٠٠١ ، ل ١١٠.

نەتەوە كۆنەكانی جیهان ئاشناییان بەنەوتی كەركوك بووە و بەكاریان هێناوە ، بۆنمونە سوپای یۆنانی كاتێك بەم ناوچەیەدا تێپەڕیوە سوودی لە نەوتی باوەگوڕگوڕ وەرگرتووە بۆ ڕووناككردنەوەی شار[1] ، هەروەها بابلی و ئەكەدیەكانیش بەهەمان شێوە[2].

لەمێژووی هاوچەرخدا دانیشتوانی كەركوك سوودیان لەو نەوتە وەرگرتووە و بەشێوەیەكی سەرەتایی لەلایەن بنەماڵەیەكەوە نەوتەكە دەردەهێنرا كە بەڕەچەڵەك دەچنەوە سەر هۆزی ( زەنگەنە ) و كاری نەوت فرۆشتنیان ئەنجام دەدا و لە ڕێ ی كەر وولاخ دەیانگواستەوە بۆنزیك شار و لەچاڵێكی گەورە كۆیاندەكردەوە و دەیان سوتاند و نەوتە كەیان جیادەكردەوە و خاوێنەكەی بەشوشە دەفرۆشرایە هاولاتیان و نەوتە پیسەكەشی دەفرۆشرا بە گەرماوەكان و خاوەن كورەكانی گەچ وقسلّ[3] ٠

لەساڵی ( ١٦٣٩ ) دا لەسەردەمی سوڵتان مورادی چوارەم ( ١٦٢٣ – ١٦٤٠ ) [4] بەفەرمانێكی سوڵتانی مافی دەرهێنانی نەوتی كەركوكی دا بەو بنەماڵەیە ونازناوی ( نەوتچی زادە ) یان پێ بەخشراو و هەر لەو كاتەوە تا ئێستە ، بە هۆی كارەكەیان نازناوی ( نەوتچی ، نەفتچی ) لەم بنەماڵەیە نرا [5] ، دواتریش فەرمانێكی دیكەی سوڵتانی لەساڵی ( ١٧٨٢ ) دا لەسەردەمی سوڵتان عەبدوالحەمیدی یەكەمدا (١٧٧٤ – ١٧٨٩ ) [6] دەرچوو ، جەخت لەسەر فەرمانی یەكەم دەكاتەوە لەمافی دەرهێنانی نەوت لەناو بنەماڵەی نەوتچیدا [7] ٠

---

١ – سمكۆ بەهرۆز محەمەد ( ئەژی ) : گۆڕانە ئابوورییەكانی كەركوك لە ڕوانگەی ... ، س ٠ پ ، ل ٢٦٩.

٢ – دەوڵەتی كۆنی بابلی لەولاتی دۆڵی دووئاوان نەوتیان بەكارهێناوە بۆنەوت ڕێژكردنی ڕێگەوبانەكانی دەوڵەتەكەیان ، هەروەها ئەكەدییەكانیش ئاشنای نەوت بوون وپێیان وتووە (نەفتا یاخود نەپتۆ ) ، بەلام وشەی پەترۆل ( Petroleum ) لەساڵی ١٥٢٦ دا دەركەوت كە ئەمش وشەیەكی لاتینیە لەدوو برگە پێكهاتووە (Petro ) بەواتای بەرد و (oleum) بەواتای ڕۆن كەواتا وشەی پەترۆلیۆم بەواتای ڕۆنی بەرد دێت وشەی ( naft ) یاخود ( neft ) وشەیەكی كۆنی یۆنانیە كە ئێستا نەتەوەكانی كورد وعەرەب وگریك وسلافیەكان بەكاری دەهێنن ، بڕوانە: الجمهورية العراقية : بيان الاصلاح الزراعي ، بغداد ، ١٩٥٨ ، ص ٧٣ ؛ موعتەسەم ساڵەیی : لە كەركوكەوە ، س ٠ پ ، ل ١٩٢ ؛ كاوە نادر قادر : ڕۆڵی نەوت لە چارەنوسی گەلی كوردستاندا، س ٠ پ ، ل ١٥.

٣ – گۆران ئیبراهیم ساڵەح : كەركوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦– ١٩٠٩ ، س ٠ پ ، ل ١٧٠.

٤ – بڕوانە : يلماز اوزتونا : تاريخ الدولة العثمانية ، ت : عدنان محمود سلمان ، المجلد الاول ، ط١ ، منشورات فيصل للتمويل ، استانبول ، ١٩٨٨ ، ص ٤٦٨ – ٤٧١.

٥ – ايدن اقصو : كركوك صراع النفط ورحلة البقاء ، م ٠ س ، ص ١٧١.

٦ – بڕوانە : يلماز اوزتونا : تاريخ الدولة العثمانية ، م . ن ، ص ٦٣٣ – ٦٤٢.

٧ – برهان محمد قادر البرزنجي : كركوك الارض والتاريخ ، م ٠ س، ص ٤٠.

نەوتی  باوەگوڕگوڕ  کەمێك جێ ی تێڕامانە ، چونکە بەسەری پەنجە یاخود بەچیلکە دارێك ئەگەر زەویەکە هەڵبکۆڵرێت ئەوا  لەو شوێنە ئاگر دەردەچێت و ئەگەر بەخۆڵ ئەو چاڵە پڕبکرێتەوە ئەوا  لەشوێنێکی تری نزیك چاڵەکە ئاگر سەرلەنوێ سەر هەڵدەدات [1] ٠

شایەنی باسە لەهەموو کێڵگە نەوتیەکانی عێراق تەنها نەوتی ( باوەگوڕگوڕ ونەوتخانە ) بە بەردەوامی گڵپەی ئاگریان پێ یە و ناکوژێتەوە [2] ٠

لەسەردەمی دەسەلأتدارێتی ئینگلیزەکاندا پێش دروست بوونی دەوڵەتی عێراق دەرهێنانی نەوتی کەرکوك هەر لەدەستی دانیشتوانەکەیدا بووە بەرامبەر بەبڕێك پارە ، بۆنمونە لەساڵی ( ١٩١٩ ) دا مافی دەرهێنانی نەوت لە چاڵە نەوتەکانی ناوچەی بناری گل دەدرا بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەرامبەر بە پێدانی ( ٥٠٠ ) روپیێ لە مانگێکدا بەدەسەلأتدارانی ئینگلیز [3] ٠

---

[1] – پشکۆ حمە تاهیر  ئاغجەلەری : شاری کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩١٧ – ١٩٢٦ ، س ٠ پ ، ل ٨٤.

[2] – مهدي صالح سعيد العباسي : كركوك في العهد العثماني دراسة في اوضاعها ٠٠٠٠  ،  م ٠ س  ، ص ١٠٧.

[3] – حسن بارام : ابعاد كوردستانية قضاء خورماتوو التاريخ والجغرافية والسكان ،  م ٠ س ، ص ٩٦.

## دووەم : ململانێی زلهێزەکان لەسەر نەوتی کەرکوک

کاتێك کە نەوت وەك ووزەیەیەك دەردەکەوێ ، ولاَتە زلهێزەکانی جیهان دەکەونە ململانێ لەسەر ئەم ووزەیە و پێشبرکێکان توندتر دەبێت[١] ، بەتایبەتی لەنێوانی بەریتانیا وئەلمانیادا کە لەبواری پیشەسازی وبەگەڕخستنی کەشتیە دەریایەکانیان[٢] .

بۆیە بۆ گەیشتن بەنەوتی کەرکوك فشارەکانیان لەسەر دەوڵەتی عوسمانی زیاد دەکەن ، ئەمەش وا دەکات سولْتان عەبدولحەمیدی دووەم ( ١٨٧٦ – ١٩٠٩ ) [٣] لە ( ٦ / شوباتی/ ١٨٨٩ ) دا فەرمانێکی سولْتانی دەربکات تێیدا ناوچە نەوتیەکانی کەرکوك بکاتە زەوی سولْتانی ( زەوی سونی ) وئەو زەویانە دەخرێنە ژێردەسەلاَتی ڕاستەوخۆی سولْتانی عوسمانی هیچ کەس ولایەنێك ناتوانێت تەسەروفی پێوەبکات[٤] .

ململانی نێوان ( بەریتانیا و ئەلْمانیا ) دەگاتە لوتکە کاتێك لەساڵی ( ١٩٠٣ ) دا ( کۆمپانیای هێڵی ئاسنی ئەنادۆل ) کە کۆمپانیایەکی ئەلْمانیە مافی ڕاکێشانی هێڵی ئاسنی ( بەغدا – بەرلین ) بەدەست دەهێنێت [٥] ، دواتر لەساڵی ( ١٩١١ ) دا ، لەئەنجامی دانوستانیەکی زۆر لەنێوان حکومەتی عوسمانی و کۆمپانیاکانی نەوتی بەریتانی و کۆمپانیا ئەلْمانیەکە ، ڕێککەوتن لەسەر فرۆشتنی ( ٢٤,٠٠٠ ) پشك لە کۆی ( ٨٩,٠٠٠) پشك لە پشکەکانی نەوتی ناوچەکە کە هێڵی ئاسنی ( بەغدا – بەرلینی ) پێدەڕوات بۆ هەردوو کۆمپانیای ( کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – ئێرانی ) خاوەن ئیمتیازی نەوتی ئێران و کۆمپانیای ( ڕۆیال شێلْ ) کە هەردووکیان کۆمپانیای ئینگلیزین ، دواتر کۆمپانیایەکی هاوبەشیان پێك هێنا بەناوی کۆمپانیای جیاووگەکانی ئەفریقی وڕۆژهەلاَتیی سنووردار ( شركة الامتيازات الافريقية والشرقية المحدودة ) [٦] .

---

١ – ئازاد مەجید محەمەد : نەوتی کەرکوك لە نێوان ١٩٢٧ – ١٩٧٢ ، چ ١ ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ، ٢٠١٢ ، ل ٤٢ ؛ هاوڕێ باخەوان : ئالاَی کورد ، س ٠ پ ، ل ١١٠.

٢ – هنري أ ٠ فوستر : تكوين العراق الحديث ، ج ٧ ، ت : عبد المسيح جويد ، مطبعة الشعب ، بغداد ، ١٩٣٨ ، ص ٢٤٠.

٣ – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : احمد عبدالرحيم مصطفى : في اصول التاريخ العثماني ، م . س ، ص ٢٥٤ – ٢٥٧ ؛ محمد حرب : مذكرات السلطان عبدالحميد ، ط ٣ ، دار القلم ، دمشق ، ١٩٩١ ، ص ١٧ – ٢٧.

٤ – نجات كوثر اوغلو : صفحات من تاريخ كركوك منذ فجر التاريخ الى ١٩٥٨ ، م ٠س ، ص ١٣.

٥ – دلْشاد عمر عبدالعزيز : نەوتی کەرکوك وململانێی زلهێزەکان ١٨٩٠ – ١٩٢٧ ، چ ١ ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك ، ٢٠١١ ، ل ١٠١ – ١٠٢ ؛ صباح اسطيفان كجه جى : الصناعة في تاريخ وادي الرافدين ، م ٠ س ، ص ١٤٠.

٦ – عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، م ٠ س ، ص ٢٥ – ٢٦.

لەدوای کودەتای ئیتحاد ساڵی ( ١٩٠٨ ) دا لەتورکیا [١] حکومەتی تورکیا لە ( ٢٣/ تشرینی یەکەمی یەکەمی / ١٩١٢ ) ڕێککەوتنامەکەی واژوو کرد وبەپێی ڕێککەوتنامەکە ( ٥٠ ٪ ) ی نەوتی کەرکوك بۆ بانکی نیشتمانی تورکی بوو و ( ٢٥ ٪ ) ی بۆکۆمپانیای ( دۆتش بانکی ) ئەڵمانی و ( ٢٥ ٪ )ی بۆ کۆمپانیای ئینگلیزی ، بەڵام دواتر بەهەوڵەکانی ( گوڵبەنکیان ) [٢] ، دوای ساڵ ونیوێك لەسەر ڕێککەوتنەکە ، ( کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – ئێرانی) بەشێك لەپشکەکانی بانکی نیشتمانی تورکی کڕیەوە، بەمەش ئینگلیز زۆربەی پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی Turkish Petroleum Companyخستە ژێر دەسەڵاتی خۆی،دواتر گوڵبەنکیان خەڵاتکرا و( ٥٪ )پشکی کۆمپانیای نەوتی تورکی( T. P. C) لەنەوتی کەرکوك وموسڵ پێدرا [٣].

بۆیە گەیشتن بەنەوتی کەرکوك فاکتەرێکی سەرەکی بوو کە پاڵی بەحکومەتی بەریتانیاوە نابۆ داگیرکردنی و یلایەتی موسڵ بەبێ گوێدان بەبڕیاری ئاگربەستی مۆدرۆس لە ( ٣٠/ تشرینی یەکەمی/ ١٩١٨ ) دا [٤] و دروست بوونی ئەو کێشەیەی کە لەمێژوودا ناسراوە بەکێشەی ویلایەتی موسل [٥].

لەکۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا ، بەریتانیا پلانی دادەڕێژا بۆ گەیشتن بەنەوتی کەرکوك ، بۆیە لە ڕێککەوتنە ژێر بەژێرەکانی لەگەڵ فەرەنسا بەتایبەتی ڕێککەوتنامەی (سایکس – پیکۆ – سازانۆڤ ) لە ١٩١٦ دا [٦] ، هەمیشە جەختی لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکردەوە و هەڵوێستی بەرامبەر بەکەرکوك لەبایەخی

---

[١] – دەربارەی بڕوانە: ارنست رامزوار: ترکیا الفتاة وثورة ١٩٠٨، ت: صالح احمد العلي، منشورات دارمکتبة الحیاة ، بیروت،١٩٦٠.

[٢] – کالۆست سرکیس گوڵبەنکیان : بەڕەچەڵەك ئەرمەنیە وشارەزاییەکی زۆری هەبووە لە نهێنیەکانی دیپلۆماسیەت وسیاسەتی نێودەوڵەتی ، ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە لە دانووستانەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و کۆمپانیا نەوتیەکان ، دواتر لە نەوتی کەرکوك پشکی ( ٥٪) ی پێ دەدرێت بۆ بەناوی مستەر ٥٪ ناسراوە ، بڕوانە : گۆران ئیبراهیم ساڵح : کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٦– ١٩٠٩ ، س. پ ، ل١٧٦.

[٣] – میر بصري : مباحث في الاقتصاد العراقي ، م . س ، ص ٧٥ ؛ گۆران ئیبراهیم ساڵح : هـ. س ، ل ١٨٥.

[٤]- B.C.Busch, Mudros to Lausaune : Britains Forntiers in west Asia ( 1918 – 1923 ) , , state University of New York Press, New York, 1979,P.10-11.

[٥] – لەسەر کێشەی ویلایەتی موسڵ بڕوانە : مسعود الخوند : الموسوعة التاریخیة الجغرافیة ، ج١٢ ، بیروت ، لبنان ، ١٩٩٨ ، ص ١٨٤ – ١٨٥ ؛ فاضل حسین : مشکلة الموصل دراسة في الدبلوماسیة ... ، م . س ، ص ٣ – ٥.

[٦] – نوێنەری بەریتانیا مارك سایکس بوو ونوێنەری فەرەنسا جۆرج پیکۆ بوو ، دواتر نوێنەری ڕوسیا ( سازەنۆڤ ) بەشداربوو لەواژوو کردنی ئەو ڕێککەوتنامەیە ، هەرچەند زۆربەی مێژوو نووسان ڕۆڵی ڕوسیا یان پشت گوێ خستووە بەتایبەتی کە ڕوسیا لەدوای شۆڕشی ئەکتۆبەر ی ١٩١٧ خۆی نهێنیەکانی ئەو ڕێککەوتنامەیەی ئاشکراکرد بۆ جیهان ، بڕوانە: کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین : کوردستان لە نێوان ململانێی نێو دەوڵەتیی و ناوچەییدا ١٨٩٠ – ١٩٣٢ ، توێژینەوەیەك لە مێژووی سیاسی وئابووری ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل ١٢٠ – ١٢٨. ؛ امین سعید : الثورة العربیة الکبری ، المجلد الاول ، مکتبة مدبولي ، القاهرة ، ب . س ، ص ١٨٤ – ١٨٩.

ئابوری ئەو شارەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەو هەڵوێستانەشی زۆر بەڕوونی لە دابڕانی کەرکوك لەشۆڕش و حکومەتەکەی شێخ مەحمود دەردەکەوێت [1] و دواتر کۆتایی هێنان بەوحکومەتە کوردیە [2] ٠

هەروەها کۆکردنەوەی هێزێکی زۆری سەربازی لە کەرکوك ،کە جگە لەهێزی ووشکانی هێزی ئاسمانیشی جێگیرکردبوو ، کە بریتی بووە لەهێزی ( ٣ ) ئاسمانی بەفەرماندەیی جێمس رۆب ( Robb ) [3] کە ئەرکی ئەم هێزە زیاتر لەپاراستنی بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بووە لەنەوتی کەرکوك٠

لەکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق هەر لەسەرەتاوە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی فەرمانێکی کارگێری دەرکرد بەژمارە ( ٧٧١١ ) لە ٢٣ – ٢٥ / ٤ / ١٩٢١ دا ، سنووری لیوای کەرکوکی دیاریکرد کە پێکهاتبوو لە ( پێنج ) قەزا ( قەزای سەنتەری کەرکوك ، کفری ، هەولێر ، کۆیسنجەق و ڕەواندز ) [4] ئەمەش زیاتر بۆ ڕێکخستنەوەی کارگێری کەرکوك و سەپاندنی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی بووە بەسەریدا٠

تەنانەت کاتێك کۆمەڵەی گەلان لیژنەیەکی نێودەوڵەتی [5] دادەمەزراند بۆ وەرگرتنی بۆچوونی هاووڵاتیانی و یلایەتی موسڵ سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشە و چارەنووسی ئەو ویلایەتە لەنێوان تورکیا و عێراق ، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکە لە ( ١٦/ کانوونی دووەمی/ ١٩٢٥ ) سەردانی بەغدای کرد ، دواتر لە ( ٢٧ / کانوونی دووەمی /١٩٢٥ ) سەردانی ویلایەتی موسڵی کرد بە کەرکوکیشەوە [6] ، ئەوەی دیارە دەسەڵاتی بەریتانی دەیانویست ویلایەتی موسڵ بلکێنن بەعێراقەوە٠

---

[1] – بڕوانە : محمود صالح منسي ، الشرق العربي المعاصر ،القسم الاول الهلال الخصيب ، الاسكندرية ، ١٩٩٠ ، ص ٢٩ – ٣٢ ؛ نبيل زكي : الاكراد الاساطير والثورات والحروب ، مطبوعات كتاب اليوم ، القاهرة ، ١٩٩١ ، ص ٤٨ – ٥٥ ؛ عبد الفتاح علي البوتاني : دراسات ومباحث في تاريخ الكورد والعراق المعاصر، م . س ، ص ٢٠٣ – ٢١٨.

[2] – کۆمەڵێك نووسەر ( م . س لازاریف ، م . أ. حسرتیان ، ی ٠ ی ٠ فاسیلیفا ، شاکرو محوی ، اولغا میغالینا ) : مێژووی کوردستان ، و: وشیار عەبدەڵلا سەنگاوی ، چ ٢ ، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل ٣٤٨ – ٣٥٠ ؛ جەلال تاڵەبانی : کوردستان وبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد ، و: ح ٠ أ ، بەیروت ، ١٩٧٠ ، ل ١٩٩ – ٢٠٠.

[3] – جەرجیس فەتحوڵلا : وریا بوونەوەی کورد مێژوویێکی سیاسی ١٩٠٠ – ١٩٢٥ ،س ٠ پ ، ل ٤٢٨.

[4] – عبدالله غفور : التشكيلات الادارية في جنوبي كردستان ١٩٢١ – ٢٠٠٧ ، ط ٢ ، مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر ، اربيل ، ٢٠٠٨ ، ص ٩ – ١٠.

[5] – لیژنەیەکی ( ٣ ) سێ کەسی کەپێکهاتبوو لە ( تیلیکی Teleki مەجەری ، دی ویرسن De Wirsen ی سویدی ، پاولیس Paulis ی بەلجیکی ) بڕوانە: عبدالحميد العلوجي و خضير عباس اللامي : الاصول التاريخية للنفط العراقي ، ج ٢ ، من منشورات وزارة الثقافة والاعلام – الجمهورية العراقية ، سلسلة الكتب المدنية ( ٧٥ ) ، بغداد ، ١٩٧٥ ، ص ٣٤٥ ؛ م ٠ س لازاریف: هـ ٠ س ، ل ٣٥١ ؛ الجمهورية العراقية : بيان الاصلاح الزراعي ، م ٠ س ، ص ٧٦.

[6] – بڕوانە : خالید دلێر : كيف الحقت كوردستان الجنوبية بالدولة العراقية ، ط٢ ، السليمانية ، ٢٠٠٤ ، ص ١٤ – ٢٠.

هەڵوێستی بەریتانیا بەردەوام دەبێت لەپاڵپشتی کردنی عێراق و ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لە یەکلایکردنەوەی کێشەی ویلایەتی موسڵ و بەستنەوەی ئەو ویلایەتە بەعێراقەوە ، ئەو هەنگاوانە ئەوکاتە دەردەکەوێت کە بەریتانیا بەشێوەیەکی کرداری بەشدار لە دانوستانەکانی ( بەریتانی – تورکی –عێراقی ) دەکات کە بەڕێککەوتنامەی ( ٥/ حوزەیرانی/١٩٢٥ ) کۆتایی دێت ودواتر لەساڵی ( ١٩٢٦ ) مۆردەکرێت و سنووری نێودەوڵەتی نێوان تورکیا وعێراق دەست نیشان دەکرێت [١]٠

سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بەپاراستنی بەرژەوەندیە ئابووریەکانی لەعێراق شێوەیەکی یاسایی وەردەگرێ ئەویش بەبەستنی پەیماننامەی ( ١٠ / تشرینی یەکەمی/ ١٩٢٢ ) کە لەگەڵ عێراقدا مۆردەکرێت [٢]، ئەم بارو دۆخەش بەردەوام دەبێت تا لەساڵی ( ١٩٣٢ ) دا عێراق دەبێتە ئەندام لەکۆمەڵەی گەلان [٣] ٠

دەسەلآتدارانی بەریتانیا لەپایەی پاڵپشتیکردنی عێراق لەکێشەی ویلایەتی موسڵدا بەبەردەوامی لەهەوڵدا بوون ئیمتیازی نەوتی کەرکوك ( ویلایەتی موسڵ ) بدرێت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C ) ، کەئەم کۆمپانیایە بەپێی یاساکانی بەریتانیا دامەزراوە و لە لەندەن تۆمار کراوە[٤]٠

کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C ) هەر لەساڵی ( ١٩١٤ ) وە ئیمتیازی نەوتی ویلایەتی موسڵی وەرگرتبوو ، دواتر لە ئەنجامی شکستهێنانی ئەڵمانیا لەجەنگی یەکەمی جیهانی ، گۆڕانکاری لەپشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C ) کرا ، ئەویش لە ژێر فشاری ئەمریکا [٥] و گۆڕانکاریە نێودەوڵەتیەکان لەبەر ئەوە پشك دەدرێت بە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمریکا و فەرەنسا [٦]٠

---

[١] – روبرت أولسن : المسألة الكردية في العلاقات التركية – الايرانية ، ت: محمد احسان رمضان ، دار ئاراس للطباعة والنشر ، اربيل ، ٢٠٠١ ، ص ١٦ ؛ م ٠ س لازاريف : مێژووی کوردستان ، س ٠ پ ، ل ٣٥٠ –٣٥١.

[٢] – عبدالرزاق الحسني : العراق في ظل المعاهدات ، م . س ، ص ٢٥ ؛ فاروق صالح العمر: المعاهدات العراقية – البريطانية واثرها على السياسة الداخلية ( ١٩٢٢ – ١٩٤٨ ) ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٧٧ ، ص ١٣٩– ١٧٣.

[٣] – تشارلز تريب : صفحات من تاريخ العراق ، ت: مركز التعريب والترجمة في بيروت ، ط ١ ، مطابع الدار العربية للعلوم ، لبنان ، ٢٠٠٦ ، ص ١٠٧.

[٤] – دڵشاد عمر عبدالعزيز : نەوتی کەرکوك وململانێی زلهێزەکان ١٨٩٠ – ١٩٢٧ ، س . پ ، ل ٢٦٠.

[٥] – بشار فتحي جاسم العكيدي : صراع النفوذ البريطاني – الامريكي في العراق ١٩٣٩ – ١٩٥٨ ، رسالة ماجستير في التاريخ الحديث ، قسم التاريخ ، كلية التربية ، جامعة الموصل ، ٢٠٠٣ ، ص ٣٩ – ٤٠.

[٦] – شارل عيسوي و محمد بجانة : اقتصاديات نفط الشرق الاوسط ، ت: حسن احمد سلمان ، مطبعة شفيق ، بغداد ، ١٩٦٦ ، ص ص ٧٠ ؛ تشارلز تريب : صفحات من تاريخ العراق ، م ٠ ن ، ص ١٠٢.

دانوستانەکانی نێوان کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C ) و حکومەتی عێراق لەسەر بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی کەرکوک هەر لەساڵی ( ١٩٢٣ ) وە بەردەوام دەبێت بەتایبەتی کاتێك حکومەتی عێراق دانی بەمافەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C ) دا کە لەحکومەتی عوسمانیەوە بۆی مابووەوە [١].

بەریتانیا ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لەو دانوستانە بەشێوەیەك کە دەسەڵاتدارانی بەریتانیی لە عێراق فشار لەسەرحکومەتی عێراقی دروست دەکەن و ڕەش نووسی ئیمتیازی نەوت ئامادە دەکەن و داوا لەحکومەتی عێراق دەکەن پابەند بێت و ئیمتیازی نەوت بدات بەکۆمپانیای نەوتی تورکی( T. P. C )[٢].

هەروەها کۆمەڵەی گەلان بەفەرمی داوا لە حکومەتی عێراق دەکات ئیمتیازی نەوت بداتە کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C )[٣] ، بۆیە حکومەتی عێراق بەهۆی بەردەوامی فشارەکان لەلایەك و هەست کردن بەگرنگی و یلایەتی موسڵ بۆ عێراق لەلایەکی تر کە موسڵ بۆ عێراق وەك سەر وایە لەسەر جەستە و ناکرێت جەستە بەبێ سەر بژێت [٤]، لیژنەیەکی پێکهێنا بۆ تاوتوێکردنی پێدانی ئیمتیاز بە شێوەیەك کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری عێراق پارێزراو بێت ، دواتر لەسەر بڕیارو پێشنیارەکانی لیژنەکە حکومەتی عێراق لە ( ١٤/ ئازاری/١٩٢٥ ) دا بەفەرمی ئیمتیازی نەوتی کەرکوك دەدرێت بەکۆمپانیای نەوتی تورکی( T. P. C )[٥].

شایەنی باسە پشکەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C )بەم شێوەیە بوو (گروپی کۆمپانیاکانی دارسی (کۆمپانیای نەوتی ئینگلیزی – فارسی ) ٢٣,٧٥٪ ، کۆمپانیای نەوتی ئینگلۆسەکسۆنی کە پێکهاتووە لە ( کۆمپانیای دۆچ و کۆمپانیای ڕۆیاڵ شێڵ ) ٢٣,٧٥٪ ، کۆمپانیای نەوتی فەرەنسی ٢٣,٧٥٪ ، کۆمپانیای نەوتی ڕۆژهەڵاتی نزیك ی ئەمریکی [٦]، کە چەندین کۆمپانیای لەخۆدەگرت وەك : ( ساندارد ئۆیڵ ئۆف نیو

---

[١] – احمد سوسة : الدليل الجغرافي العراقي ، م . س ، ص ٥٥.

[٢] – عبدالحميد العلوجي و خضير عباس اللامي : الاصول التاريخية للنفط العراقي ، ج ٢ ، م ٠ س ، ص ٤١٦.

[٣] – محسن الموسوي : النفط العراقي دراسة وثائقية من منح الامتياز حتى التأميم ، الجمهورية العراقية ، وزارة الاعلام ، السلسلة الاعلامية ( ٤٨ ) بغداد ، ١٩٧٣ ، ص ٣٥ ؛ هوشيار معروف : الاقتصاد العراقي بين التبعية والاستقلال ، م ٠ س ، ص ٢٢٠.

[٤] – فيروز حسن حمة عزيز : الاهمية الجيوستراتيجية لكوردستان الجنوبية وانعكاساتها على السياسة البريطانية تجاهها ١٩١٤ – ١٩٢٤ ، م . س ، ص ٧٧.

[٥] – حكمت سامي سليمان : نفط العراق دراسة سياسية اقتصادية ، م ٠ س ، ص ١٠٣.

[٦] – کۆمپانیا ئەمریکیەکان ( ٧ ) کۆمپانیای نەوتی بوون وبەناوی ( کۆمپانیای دۆزینەوەی ڕۆژهەڵاتی نزیك )ناسرابوون وبریتی بوون لە: کۆمپانیاکان بریتی بوون لە ( کۆمپانیای تیکساسTexas ) و( کۆمپانیای سنکلێر Sinclair) و (کۆمپانیای مەکسیکان Mixican) و ( کۆمپانیای گۆڵف Gulf ) و ( وکۆمپانیای سۆکۆنی فاکۆم Socony Facum ) و ( کۆمپانیای ستاندەرد ئۆیڵ ئوف نیو جێرسی Standard Oil Of New Jersey ) و ( کۆمپانیای ئەتلانتیك Atlantic ) ، بڕوانە : بشار فتحي جاسم العكيدي : صراع النفوذ البريطاني – الامريكي في العراق ١٩٣٩ – ١٩٥٨ ، م ٠ س ، ص ٤١ ؛ دڵشاد عمر عبدالعزيز : نەوتی کەرکوك وململانێی زلهێزەکان ١٨٩٠ – ١٩٢٧ ، س ٠ پ ، ل ٣٢٢.

جێرسی و سۆکۆنی فاکیۆم ئۆیلّ ۰۰۰ ) کە پشکی بریتیە بووە لە ۲۳,۷۵٪ ، کالۆست کۆلّبنکیان ٥٪ [١]۰

گرنگترین خالّەکانی ئەم ئیمتیازە نەوتیە بریتی بووە لە : ( مافی گەڕان و پشکنین و دەرهێنان و پالأوتن و فرۆشتنی نەوت دەدرێت بە کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C ) ، ڕووبەری ئەو زەویانەی ئیمتیازەکە دەیانگرێتەوە بریتیە لە ( ۱۹۲ ) میل کە خۆی لە ( ٢٤ ) زەوی چوارگۆشە دەبینێتەوە و ڕووبەری هەریەکێکیان ( ٨ ) میل چوارگۆشەیە ، ماوەی ئیمتیازەکە ( ۷٥ ) ساڵە ، لەبەرامبەردا کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C ) بڕی ( ٤ ) شلن ئالّتونی بەرامیەر هەر تۆنێك نەوتی خاو دەداتە حکومەتی عێراق ، هەروەها دابینکردنی سووتەمەنی ناوخۆی عێراق بە نرخێکی گونجاو۰

هەروەها یەکێکی تر لەو خالأنە ئەوەیە کە بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکە لەلەندەن دەبێت وکۆمپانیاکە بەپێی یاساکانی بەریتانیا بەڕێوەدەچێت )[٢].

---

[١] – دلّشاد عمر عبدالعزیز : س .پ ، ل ۳۲۲ ؛ عبدالرحمن قاسملو : کوردستان وکورد لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابوری ، س ۰ پ ، ل ۸۱ ؛ شارل عیسوي و محمد بجانة : اقتصادیات نفط الشرق الاوسط ، م ۰ س ، ص ۷۰.

[٢] – شاکر حسن : الثورة والنفط ، مطبعة التضامن ، بغداد ، ۱۹۷۲ ، ص ١٦ ، وەرگیراوە لە : غصون مزهر حسین المحمداوي : التطورات الاقتصادیة ۱۹٥۸ – ۱۹٦۸ ، م ۰ س ، ص ۱۲۹ ؛ فەرهاد هەمزە محەمەد : مێژووی نەوتی کەرکووك ، چاپخانەی ئارابخا ، کەرکوك ، ۲۰۰٦ ، ل ۲۹ – ۳۰ ؛ سعید عبود السامرائي : مقدمة في التاریخ الاقتصادي، م ۰ س ، ص ۱۰۹ – ۱۱۱.

## باسی دووەم : ئامارەکانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك

### یەکەم : بەرهەمهێنانی نەوتی کەرکوك

دوای بەدەستهێنانی ئیمتیازی نەوتی کەرکوك ، کۆمپانیای نەوتی تورکی ( T. P. C ) لە شارەکانی ( بەغدا و کەرکوك و خورماتوو ) نوسینگەی خۆی کردەوە بەمەبەستی پێوانی جیۆلۆجی و پشکنینی نەوت [1] ، سەرەتا پشت بەسترا بەکرێکاری شارەزا لەبواری پیشەسازی نەوتدا ، بۆئەم مەبەستەش ( ٥٠ ) بەریتانی و ( ٢,٥٠٠ ) کرێکاری لەدەرەوەی کەرکوك هێنا کە زۆربەیان ( عەرەب و ئاسووری بوون ) [2].

لەساڵی ( ١٩٢٦ ) دا نێردە جیۆلۆجی ( دۆپۆخ ) بە ( ١٢ ) ئامێری هەڵکەندنەوە نزیك خورماتوو خێوەتگەیان هەڵدا و لەو ناوچەیە چەند بیرێکی نەوت لێدران بەڵام سەرکەوتوو نەبوون[3] ، دواتر لەکێڵگەی نەوتی باوەگوڕگوڕ لە ( ٢٧ / تشرینی یەکەمی/١٩٢٧ ) دا یەکەم بیرە نەوتی ناوچەی کەرکوك کە قوولیەکەی ئەو بیرە گەیشتە ( ١,٥٠٠ ) پێ نەوت دەرهێنرا [4].

### گرنگترین چاڵگە نەوتیەکانی کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧ – ١٩٥٨ :

١- چاڵگەی نەوتی کەرکوك ( باوەگوڕگوڕ ):ئەم چاڵگەیە یەکەم بیری لە( ١٤ / تشرینی یەکەمی/ ١٩٢٧ ) دا هەڵکەندراوە و درێژیەکەی نزیکەی ( ١٠٠ ) کیلۆمەترە و پانیەکەی نزیکەی ( ٥ ) کیلۆمەترە ، لەسێ کۆمەڵە بیری نەوتی پێك هاتووە کەبیرە نەوتیەکانی ( باوەگوڕگوڕ ) لەجەبەل بۆرەوە تا گوندی عەمشە و بیرە نەوتیەکانی ( ئاڤانە ) لەگوندی عەمشەوە تا ناحیەی دیبەگە و بیرە نەوتیەکانی ( خورماڵە) لەدیبەگەوە تا نزیك گوێرە ، دەرهێنانی نەوتی ئەم چاڵگەیە لەساڵی ( ١٩٢٧ ) دەست پێدەکات ، بەڵام بەرهەمهێنانی نەوت بەشێوەیەکی بازرگانی لەساڵی ( ١٩٣٤ ) وە دەستی پێ کردووە ئەویش لەدوای تەواو بوونی بۆڕیەکانی گواستنەوەی نەوت [5].

---

[1] – عبدالمجید فهمي حسن : دلیل تاریخ مشاهیر الالویة العراقیة ، م ٠ س ، ص ٢٨ ؛ ئەحمەد حەمید گەرمکی : شاری خورماتوو کورتەیەکی جوگرافی مێژوویی ئیداریی نەتەوەیی شاری خورماتوو ، س ٠ پ ، ل ١٥.

[2] – بیوار خنسي : الملف النفطي في العراق ، ط ١ ، مطبعة وزارة التربیة ، اربیل ، ٢٠٠٥ ، ص ٣٣ ؛ نوري طالباني : منطقة کرکوك ومحاولات تغییر واقعها القومي ، م ٠ س ، ص ٣٨.

[3] – فەرهاد هەمزە محەمەد : مێژووی نەوتی کەرکوك ، س ٠ پ ، ل ٢٤.

[4] – وریا الجاف : کرکوك دراسة سیاسیة واجتماعیة ، م ٠ س ، ص ٥٥.

[5] – فەیسەڵ عەلی: نەوتی ناوچەکانی کەرکوك وخانەقین ،یەکێتی ئابوریناسانی کوردستان ، زنجیرە ( ٤ ) ، ٢٠٠٨ ، ل ٤٢ – ٤٤.

٢- چاڵگەی بای حەسەن : نزیکەی ( ١٠ ) کیلۆمەتر دوورە لە چاڵگەی نەوتی کەرکوك ( باوەگوڕگوڕ ) ، لەنزیك شارۆچکەی دوبزە ، درێژیەکەی ئەم چاڵگەیە ( ٢٨ ) کیلۆمەترە وپانیەکەشی ( ٣ )کیلۆ مەترە ، یەکەم جار لەساڵی ( ١٩٥٣ ) دا نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە[1].

٣- چاڵگەی جەمبور ( چەمەبۆر ) : ( ١٤ ) کیلۆمەتر دوورە لەچاڵگەی نەوتی کەرکوك ( باوەگوڕگوڕ ) ،درێژیەکەی ئەم چاڵگەیە ( ٤٠ ) کیلۆمەترە وپانیەکەشی ( ٤ ) کیلۆ مەترە ، لەساڵی ( ١٩٥٤ ) دا نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە [2].

لەڕاستیدا لێدان و هەڵکەندنی هەربیرە نەوتێك پێویستی بەکارێکی زۆرە و بەتێکڕا هەر بیرە نەوتێکی کەرکوك بە ( ٦٨ ) ڕۆژ کاری هەڵکەندن دەگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی بازرگانی ، تاساڵی ( ١٩٥٤ ) کۆی بیرە نەوتیەکانی کەرکوك ( ١١٤ ) بیری نەوتی بوون [3].

ئەو لایەنانەی کۆمپانیای نەوتی تورکیان ( T. P. C ) پێکدەهێنا لەساڵی ( ١٩٢٨ ) دا هەنگاویان نابۆ دەست گرتن بەسەر سەرچاوە نەوتیەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ( جگە لە میسر و کوەیت ) [4] ، بۆیە بۆ پیاچوونەوەی سیاسەتی ئابوری کۆمپانیاکە ، لە ( ١٥/ حوزەیرانی/١٩٢٩ ) ناوی کۆمپانیاکە گۆڕدا بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار (Iraq Petroleum Co. Ltd.) و کۆمپانیاکە گواسترایەوە بۆ ناو شاری کەرکوك [5] ، دواتریش لە ساڵی ( ١٩٣١ ) دا و لەسەر هەمان بنەما ڕێککەوتنێکی تر کرا لەنێوان حکومەتی عێراق و کۆمپانیای نەوتی عێراقی ( I . P . C ) کە مافی دەرهێنانی نەوتی هەردوو ویلایەتی بەغدا و موسڵی پێدرا [6].

---

[1] – هاوڕێ یاسین محمد امین ، لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، س ٠ پ ، ل ٢٠٦ – ٢٠٧.

[2] - فەرهاد هەمزە محەمەد : مێژووی نەوتی کەرکوك ، س ٠ پ ، ل ٢٦ – ٢٨ ؛ صبحي احمد مخلف حمد الدليمي : الصناعات التحويلية الكبيرة وتوطنها في محافظة كركوك ، م ٠ س ، ص ٧٣ – ٧٤.

[3] – فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى : ماذا في كركوك ، م ٠ س ، ص ١٠٩.

[4] – هوشيار معروف : الاقتصاد العراقي بين التبعية والاستقلال ، م ٠ س ، ص ٢٢١.

[5] – ليام اندرسون و غاريث ستانسفيلد : أزمة كركوك : السياسة الاثنية في النزاع و الحلول التوافقية ، ت: عبدالاله النعيمي ، ط ١ ، ، دراسات عراقية ، بغداد – اربيل – بيروت ، ٢٠٠٩ ، ص ٥٨.

[6] – نوري عبدالحميد خليل : التاريخ السياسي لامتيازات النفط في العراق ( ١٩٢٥ – ١٩٥٢ ) ، م . س ، ص ٥٤ – ١٤٨ ؛ بيوار خنسي : الملف النفطي في العراق ، م ٠ س ، ص ٣٤ ؛ احمد سوسة : الدليل الجغرافي العراقي ، م ٠ س ، ص ٥٥ ؛ وريا الجاف : كركوك دراسة سياسية واجتماعية ، م ٠ س ، ص ٥٥.

**خشتەی ژمارە ( ٢١ ) [١] بەرهەمی نەوتی کەرکوك و هەموو عێراق لەنێوان ( ١٩٣٤ – ١٩٥٨ ):**

| ساڵ | کۆمپانیای نەوتی عێراق ( کەرکوك) / ملیۆن تۆن | بەرهەمی نەوتی هەموو عێراق/ ملیۆن تۆن | ڕێژەی سەدی بەرهەمی نەوتی کەرکوك |
|---|---|---|---|
| ١٩٣٤ | ٦١٨,٣٩٦ | ٧١١,٧٦٠ | ٪٨٧ |
| ١٩٣٥ | ٣,٥٥٧,٩٨١ | ٣,٦٥٢,٩٤٥ | ٪٩٧ |
| ١٩٣٦ | ٣,٨٩٤,٤٤٧ | ٣,٩٩٣,٩٠٥ | ٪٩٧ |
| ١٩٣٧ | ٤,١١٢,٨٩٦ | ٤,٢٣١,٠٨٥ | ٪٩٧ |
| ١٩٣٨ | ٤,١٣٨,٢١٦ | ٤,٢٦٤,٣٦٩ | ٪٩٧ |
| ١٩٣٩ | ٣,٧٨٧,٥٢٥ | ٣,٩٦١,٩٤٣ | ٪٩٦ |
| ١٩٤٠ | ٢,٣٢٤,٨٧٨ | ٢,٥١٣,٨٦٥ | ٪٩٢ |
| ١٩٤١ | ١,٣٦٢,٠٧٠ | ١,٥٦٦,٤٤١ | ٪٨٧ |
| ١٩٤٢ | ٢,٢٦٧,٤٠٤ | ٢,٥٩٤,٦٣١ | ٪٨٧ |
| ١٩٤٣ | ٣,٣٢٠,٩٣٠ | ٣,٥٧٢,٢٧٢ | ٪٩٣ |
| ١٩٤٤ | ٣,٨٩٧,٥٦٨ | ٤,١٤٦,٤٠٦ | ٪٩٤ |
| ١٩٤٥ | ٤,٣١٥,٣٣٣ | ٤,٦٠٦,٨٩٩ | ٪٩٤ |
| ١٩٤٦ | ٤,٣٧٠,٣٢٤ | ٤,٦٧٩,٦٦٩ | ٪٩٣ |

[١] – ئەم خشتەیە لەلایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە : جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، م ٠ س ، ص ٢٩٤ ؛ هوشيار معروف : الاقتصاد العراقي بين التبعية والاستقلال ، م ٠ س ، ص ٤٩٤ ؛ محسن الموسوي : النفط العراقي دراسة وثائقية من منح الامتياز حتى التأميم ، م ٠ س ، ص ٦٨ ؛ طارق شكر محمود : اقتصاد النفط العراقي ، م ٠ س ، ص ١٨ –٢١ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٤٩ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٥٩ ، ص ١٥٨ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٠ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٦٦ ، ص ١٦٩ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٦ ، ص ١٨٨ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٩ ، ص ١٣٤ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٤ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٠٥ ، ص ١٤٩ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥ ، م ٠س ، جدول رقم ٢٦٠ ، ص ٢٣٥ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٦ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٠٠ ، ص ١٩٢ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٦ ، ص ١٣٩ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٣٧ ، ص ٣٠٣ ؛ فەیسەڵ عەلی : نەوتی ناوچەکانی کەرکوك وخانەقین ، س٠ پ ، ل ٥٨ ، ٦١.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٤٧ | ٤,٣٥٣,٩٥١ | ٤,٧٠١,٧٢٤ | ٪٩٣ |
| ١٩٤٨ | ٣,٠٥٠,٢٥٠ | ٣,٤٢٦,٤٨٢ | ٪٨٩ |
| ١٩٤٩ | ٣,٧٠١,٠٩٤ | ٤,٠٨٦,٢٦٧ | ٪٩١ |
| ١٩٥٠ | ٦,٠٨١,١٨٦ | ٦,٤٧٩,٣٧٠ | ٪٩٤ |
| ١٩٥١ | ٧,٩١٣,٧٨٢ | ٨,٤٢٠,٧٩٨ | ٪٩٤ |
| ١٩٥٢ | ١٥,٣٣٨,٦٦٤ | ١٨,٢١٦,٩٤٠ | ٪٨٤ |
| ١٩٥٣ | ٢٢,٨٦٥,٥٣٨ | ٢٧,٧٤٠,٥٧٤ | ٪٨٢ |
| ١٩٥٤ | ٢٣,٧٣١,١٠٨ | ٣٠,١٤٠,٧٩٨ | ٪٧٩ |
| ١٩٥٥ | ٢٣,٤٧٧,٩٥٣ | ٣٢,١٨٧,٩٠٦ | ٪٧٣ |
| ١٩٥٦ | ١٩,٩٨٠,٨٧١ | ٣٩,٤٦٩,٣١٦ | ٪٦٨ |
| ١٩٥٧ | ١٠,٥٢٠,٨٥٩ | ٢٠,١٩٥,٤٤٧ | ٪٥٢ |
| ١٩٥٨ | ٢١,١٥٠,٢٦٩ | ٣٣,٥١٦,٧٧٢ | ٪٦٣ |

شایانی باسە دەرهێنانی نەوت لەعێراق جگە لەکۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار( I . P . C ) ( ٣ ) کۆمپانیای تریش نەوتیان بەرهەمدەهێنا ، وەك کۆمپانیای نەوتی خانەقین و موسڵ و بەسرە ٠

**خشتەی ژمارە (٢٢ )[١] بەرهەمی کۆمپانیای نەوتی خانەقین وموسڵ وبەسرەلە(١٩٢٧ ـ ١٩٥٨ ):**

| ساڵ | بەرهەمی کۆمپانیای نەوتی خانەقین بە تەن | بەرهەمی کۆمپانیای نەوتی موسڵ بە تەن | بەرهەمی کۆمپانیای نەوتی بەسرە بەتەن |
|---|---|---|---|
| ١٩٢٧ | ٤٣,٦٥٩ | / | / |
| ١٩٢٨ | ٦٨,١٤٣ | / | / |
| ١٩٢٩ | ٧٥,١٥١ | / | / |
| ١٩٣٠ | ٧٩,٥٥٩ | / | / |

١ – ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە : الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥١ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٦ ، ص ١٨٨ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٩ ، ص ١٣٤ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥ ، م ٠س ، جدول رقم ٢٦٠ ، ص ٢٣٥ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٨ ، م ٠ س ، جدول رقم ٢٣٧ ، ص ٣٠٣ ؛ جاسم محمد الخلف : محاضرات في جغرافية العراق الطبيعية والاقتصادية والبشرية ، م ٠ س ، ص ٢٩٤.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٩٣١ | ٧٦,٦٨٥ | / | / |
| ١٩٣٢ | ٧٦,٦٨٥ | / | / |
| ١٩٣٣ | ٨٤,٥٨٩ | / | / |
| ١٩٣٤ | ٩٣,٣٦٤ | / | / |
| ١٩٣٥ | ٩٤,٩٦٤ | / | / |
| ١٩٣٦ | ٩٩,٤٥٨ | / | / |
| ١٩٣٧ | ١١٨,١٨٩ | / | / |
| ١٩٣٨ | ١٢٦,١٥٣ | / | / |
| ١٩٣٩ | ١٤١,٨١٣ | ٣٢,٦٠٥ | / |
| ١٩٤٠ | ١٦٥,١٧٨ | ٢٢,٨٠٩ | / |
| ١٩٤١ | ١٨٣,٢٢٦ | ٢١,١١٥ | / |
| ١٩٤٢ | ٣٠١,٣٢٥ | ٢٥,٨٨١ | / |
| ١٩٤٣ | ٢٣٦,٠٥٤ | ١٥,٣٩٦ | / |
| ١٩٤٤ | ٢٤٢,٥٠٥ | ٦,٣٣٣ | / |
| ١٩٤٥ | ٢٧٩,٠٩١ | ١٢,٤٧٥ | / |
| ١٩٤٦ | ٢٩٤,٨٨٠ | ١٤,٤٦٥ | / |
| ١٩٤٧ | ٣٣٨,٦٢٣ | ٩,١٥٠ | / |
| ١٩٤٨ | ٣٦٦,٩٩٩ | ٩,٢٣٣ | / |
| ١٩٤٩ | ٣٦٥,٣٨٦ | ١٩,٨٨٧ | / |
| ١٩٥٠ | ٣٨٤,٣٣٦ | ١٣,٨٤٨ | / |
| ١٩٥١ | ٤٣٦,٥٢٧ | ١٤,٦٧٤ | ٣٧,٨١٤ |
| ١٩٥٢ | ٤٨٧,٥٤٥ | ٢٥٧,٣٤٥ | ٢,١٣٣,٣٨٦ |
| ١٩٥٣ | ٥٢٠,٣٧٥ | ١,٢٧٧,١٨٩ | ٣,٠٧٧,٥٢٢ |
| ١٩٥٤ | ٥٣٤,٠٥١ | ١,٢٨٣,٤٤٣ | ٤,٥٩٢,١٩٥ |
| ١٩٥٥ | ٤٢٧,٨١١ | ١,٢٨١,١١١ | ٧,٠٠١,٠٢٦ |
| ١٩٥٦ | ٢١٢,٩١٧ | ١,٠٨١,١٥٩ | ٨,٤٣٨,٩٦٧ |
| ١٩٥٧ | ١٩٥,١٣٨ | ٥٦٤,٣٧٧ | ٩,١٤٠,١٠٥ |
| ١٩٥٨ | ١٩٧,١٨٠ | ١,٢٧٦,٣٧٧ | ١٠,٨٩٢,٩٤٦ |

**لەهەردوو خشتەی ژمارە ( ٢١ ، ٢٢ ) دا دەردەکەوێ کە لەماوەی ٣١ساڵدا ، دەرهێنانی نەوتی عێراق بەڕێژەی ( ٨٥٪ - ٩٠٪ ) لەکەرکوك بووە٠**

## دووەم : هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بۆدەرەوەی وولات

پاش ئەوەی کە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لەساڵی ( ١٩٢٧ ) دەستی پێکرد ، بەڵام هەناردەگردنی بەرهەمی نەوتی کەرکوك دوا کەوت بەهۆی قەیرانی ئابوری جیهانی ( ١٩٢٩ – ١٩٣٣ )[١] و لەهەمان کاتدا دووری کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك بوو لەبازارەکانی جیهانەوە [٢] ، بۆیە بەمەبەستی گەیاندنی نەوتی کەرکوك بۆ بازارەکانی جیهان کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) هەر لەساڵی ( ١٩٣١ ) وە بۆی دەرکەوت پرۆژەیەکی بەرچاو نەوت هەیە لە کێڵگەکانی کەرکوك و دەبێت ئەو نەوتە بەبازرگانی بکرێت و لەرێگەی لوولەی ( بۆری ) نەوتەوە بگەینرێتە کەنارەکانی دەریای سپی ناوەراست ، بۆیە هەر لەوساڵەدا پلانی راکێشانی ئەو بۆریە نەوتانە دانرا [٣].

### گرنگترین بۆرییەکانی گواستنەوەی نەوت ئەمانە بوون :

١– بۆری نەوتی کەرکوك – تەرابلوس لە لوبنان : لەساڵی ( ١٩٣٢ ) وە دەست کراوە بە راکێشانی و جۆری ئەم بۆریە ( ١٢ ) ئینج ( گرێیی ) یە ، درێژیەکەی لەکێڵگە نەوتیەکانی کەرکوکەوە بۆ بەندەری تەرابلوس ( ٥٣١ میل / ٨٥٠ کیلۆ مەترە ) و توانای گواستنەوەی ( ٢ ) ملیۆن تۆن نەوتی هەیە لەساڵێکدا [٤] ، بەڵام لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی ( ١٩٣٩ – ١٩٤٥ ) بەهۆی زیادبوونی داواکاری لەسەرنەوت کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) بریاریدا بۆریەکی نوێ لەجۆری ( ١٦ ) ئینج ( گرێیی ) هاوشانی بۆری یەکەم رابکێشێت بۆ زیادکردنی هەناردەکردنی نەوت ، ئەوبۆریە نوێ یە لەساڵی ( ١٩٤٩ ) تەواو بوو کە توانای هەناردەکردنی زیاتر لە ( ٧ ) ملیۆن تۆن نەوتی هەبوو لەساڵێکدا [٥].

٢– بۆری نەوتی کەرکوك – حەیفا لەفەلەستین : لەساڵی ( ١٩٣٢ ) وە لەگەڵ بۆری (کەرکوك – تەرابلوس ) دەست کراوە بەراکێشانی ، جۆری ئەم بۆریە ( ١٢ ) ئینج ( گرێیی ) یە ، درێژیەکەی لەکێڵگە نەوتیەکانی

---

١ – قەیرانی ئابوری جیهانی لە ئەمریکاوە دەستی پێکرد کە بۆرسەی نیۆیۆرك تووشی گرفتی دارایی بوو بەهۆی دابەزینی نرخی بەروبوومی کشتوکاڵی و زۆربەی خاوەن قەرزەکان نەیانتوانی قەرزەکانیان بگەرێننەوە ، بۆ زانیاری زیاتر بروانە : عبدالعظیم رمضان : تاریخ اوربا والعالم الحدیث ، ج ٣ ، الهیئة المصریة العامة للکتاب ، ١٩٩٦ ، ص ٥٦ – ٥٧.

٢ – دلشاد عمر عبدالعزیز : شرکة النفط العراقیة المحدودة ، دراسة تاریخیة في نشاطها الاقتصادي والخدمي في کرکوك للفترة من ١٩٢٧ – ١٩٧٢ ، اطروحة دکتوراه غیر منشورة ، کلیة الاداب ، جامعة الموصل ، ٢٠١٤ ، ص ١٠٦.

٣ – شرکة نفط العراق المحدودة : نفط العراق عام ١٩٥١ ، مطبعة فانفار ، لندن ، ١٩٥٢ ، ص ٢٥.

٤ – غصون مزهر حسین المحمداوي : التطورات الاقتصادیة والاجتماعیة في العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٨ ، م ٠ س ، ص ١٣٠.

٥ – عەبدوڵلا غەفور : جوگرافیای کوردستان ، س ٠ پ ، ل ٤١٦ – ٤١٧.

**کەرکوکەوە بۆ بەندەری حەیفا ( ٦١٧ میل / ١٠١٠ کیلۆ مەترە ) و توانای گواستنەوەی ( ٢ ) ملیۆن تۆن نەوتی هەیە لەساڵێکدا [١] ، ژمارەی ئەو کرێکار وهونەریانەی کاریان لەهەردوو بۆڕیەکە کردووە ( ٥,٠٦٠ ) کەس کە ( ١٨٢ ) کەسیان بیانی بوون [٢] ، ماوەی کارکردن لەپرۆژەی ڕاکێشانی بۆڕی هەردوو هێڵی ( کەرکوك – تەرابلوس ) و ( کەرکوك – حەیفا ) ماوەی ( ٣٠ ) مانگی خایاند ، وبڕی تێچووی بریتی بووە لە ( ١٠ ) ملیۆن دینار[٣] .**

**هەردوو بۆڕی گواستنەوەی نەوتی ( تەرابلوس و حەیفا ) بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن مەلیك غازی ( ١٩٣٣ – ١٩٣٩ ) [٤] یەوە لەکانوونی دووەمی ١٩٣٥ دا کرایەوە [٥] .**

**بەهەمان شێوە بۆڕی ( کەرکوك – تەرابلوس ) دەستکرا بەڕاکێشانی بۆڕی ( ١٦ ) ئینج ( گرێیی ) هاوشانی بۆڕی یەکەمی ( کەرکوك – حەیفا) بۆ زیادکردنی هەناردەکردنی نەوت ، بەڵام بەهۆی شەڕی ساڵی ( ١٩٤٨ )نێوان ئیسرائیل وعەرەب لەفەلەستین ، ئەو بۆڕیە پەکی کەوت [٦].**

**٣– بۆڕی نەوتی کەرکوك – بانیاس ( سوریا ) : بەهۆی پەك کەوتنی بۆڕی ( کەرکوك – حەیفا ) کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) ، بڕیاریدا هێڵێکی نوێ ی بۆڕی نەوتی ( کەرکوك – بانیاس ) بکاتەوە [٧] بەدرێژایی ( ٥٥٤ میل / ٧٠٥ کیلۆ مەتر ) لەجۆری بۆڕی ( ٣٠ ) ئینج ( گرێیی ) ، ئەو بۆڕیە لەساڵی ( ١٩٥٢ ) دا تەواو بوو و ساڵانە لەتوانیایدایە ( ١٤ ) چواردە ملیۆن تۆن نەوت هەناردە بکات [٨].**

**بەکردنەوی هەردوو هێڵی ( کەرکوك – تەرابلوس ) ی ( ١٦ ) گرێیی / ئینج ،لەساڵی ( ١٩٤٩ ) و هێڵی ( کەرکوك – بانیاس ) ی ( ٣٠ ) گرێیی / ئینج ، لەساڵی( ١٩٥٢ ) دا ، ئەوا ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك و عێراق دەچێتە قۆناغێکی نوێ وە و لەنێوان ساڵانی ( ١٩٤٩ – ١٩٥٧ ) دا زۆرترین نەوت هەناردە دەکرێت وداهاتێکی باشی بۆحکومەتی عێراق دەبێت.**

---

[١] – لەتیف فاتیح فەرەج : کورد وکەرکوك کورتە خوێندنەوەیەکی دیرۆکییانەی کەرکوك ، ب ١ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، ل ٩٤ ؛ فەرهاد هەمزە محەمەد : مێژووی نەوتی کەرکووك ، س ٠ پ ، ل ٤١.

[٢] – شركة نفط العراق المحدودة : نفط العراق عام ١٩٥١ ، م ٠ س ، ص ٢٥.

[٣] – مير بصري : مباحث في الاقتصاد العراقي ، م ٠ س ، ص ٧٨.

[٤] – رزكار سعيد بشدري : العمالة الوافدة والتغيير الديمغرافي في العراق ، منشورات مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية ، السليمانية ، ٢٠٠٨ ، ص ١٢٨.

[٥] – طارق شكر محمود : اقتصاد النفط العراقي ، م٠س ، ص ٤٣ ؛ مير بصري :م ٠ ن ، ص ٧٩.

[٦] – فەرهاد هەمزە محەمەد : هـ ٠ س ، ل ٤٢.

[٧] – فەیسەڵ عەلی : نەوتی ناوچەکانی کەرکوك وخانەقین ، س ٠ پ ، ل ٦٧.

[٨] – محەمەد هادی دەفتەر و عەبدوڵا حەسەن : عیراقی باکور ، س ٠ پ ، ل ١٠٠ ؛ عەبدوڵلا غەفور : جوگرافیای کوردستان ، س ٠ پ ، ل ٤١٧.

**خشتەی ژمارە ( ٢٣ )[١] هەناردەکردنی نەوت بۆدەرەوەی عێراق بۆسالآنەی( ١٩٤٩ – ١٩٥٧ ):**

| سالّ | نەوتی هەناردەکراوی کەرکوك لەڕێگەی بۆڕی نەوتەوە ملیۆن / تۆن | نەوتی هەناردەکراوی هەموو عێراق ملیۆن / تۆن | ڕێژەی سەدی هەناردەی نەوتی کەرکوك | داهاتی دەست کەوتوو ملیۆن / دینار |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٤٩ | ٣,٢٦٠,٢٢١ | ٣,٧٠٧,٠٩٣ | ٪٨٨ | ٣,١١٩,١١٦ |
| ١٩٥٠ | ٥,٥٢٥,٩٤٤ | ٦,٠٨١,٦٨٦ | ٪٩١ | ٦,٦٧٤,٤١٦ |
| ١٩٥١ | ٧,٤١٥,٧٢٢ | ٧,٩٥١,٥٩٤ | ٪٩٣ | ١٥,١١٣,٤١٣ |
| ١٩٥٢ | ١٤,٥٥٠,٩٦٦ | ١٧,٦٩٩,٤٩٥ | ٪٨٢ | ٣٣,١٢١,٤٧٦ |
| ١٩٥٣ | ٢٣,١٢٢,٨٦٤ | ٢٧,٠٠٥,٤١٢ | ٪٨٦ | ٥١,٣٥٨,١٥٣ |
| ١٩٥٤ | ٢٤,٢٣٨,٦٤٩ | ٢٩,٢٧٢,٦٢٩ | ٪٨٣ | ٥٧,٧١١,٨٥٩ |
| ١٩٥٥ | ٢٤,٠١٥,٨٣٥ | ٣١,٦٣٤,٦٦٢ | ٪٧٦ | ٧٣,٧٤٢,٨٣٦ |
| ١٩٥٦ | ٢٠,٨٩٩,٨٦٧ | ٢٩,١٦٢,٢٠٥ | ٪٧٢ | ٦٨,٨٥٨,٧٧٧ |
| ١٩٥٧ | ١٠,٣٠١,٣٧٤ | ١٩,٩٣٦,٣٢٢ | ٪٥٢ | ٤٨,٩٢٠,٢٧٥ |

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەخشتەی ژمارە ( ٢٣ ) دا ، ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك رووی لەزیاد بوون دایە ئەویش لەبەر چەندین هۆکار ، لەوانە تەواو بوونی هێڵی بۆڕی گواستنەوەی ( کەرکوك – تەرابلوس ) ی ( ١٦ ) ئینج لەسالّی ( ١٩٤٩ ) کە لەتوانیایدابوو بڕێکی زیاتر نەوت بگوازێتەوە ، هەروەها تەواو بوونی هێڵی ( کەرکوك – بانیاس ) ی (٣٠ ) ئینج لە سالّی ( ١٩٥٢ ) کە توانای گواستنەوەی نەوتی زیاتر بوو[٢] ، ئەمەوێڕای زیاد بوونی داهاتی حکومەتی عێراق لەئەنجامی ڕێککەوتن لەگەلّ کۆمپانیای

[١] – ئەم خشتەیە لە لایەن توێژەرەوە ئامادەکراوە بەپشت بەستن بەم سەرچاوانە : سليم الوردي : الاستبداد النفطي في العراق المعاصر ، ط ١ ، دار الجواهري للطبع والنشر والتوزيع ، بغداد ، ٢٠١٣ ، جدول رقم ١ ، ص ٣٣ ؛ حكمت سامي سليمان : نفط العراق دراسة سياسية اقتصادية ، م ٠ س ،ص ١٣٦ –١٣٧ ؛ طارق شكر محمود : اقتصاد النفط العراقي ، م ٠ س ، ص ١٨ – ١٩ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥١ ،م ٠ س ، جدول رقم ١٧٨ ، ص ١٩٠ ؛ الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٤ ، م ٠س ، جدول رقم ٢٠٥ ، ص ١٤٩ ؛ الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٧ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٧٧ ، ص ١٣٩.

[٢] – دلشاد عمر عبدالعزيز : شركة النفط العراقية المحدودة ، دراسة تاريخية في نشاطها الاقتصادي والخدمي في كركوك للفترة من ١٩٢٧ – ١٩٧٢ ، م ٠س ، ص ١١٠ ؛ حكمت سامي سليمان : نفط العراق دراسة سياسية اقتصادية ، م ٠ ن ،ص١٤٠.

نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) لە سەر هاوبەشکردنی قازانج ( مناصفة الارباح ) کە لەبەرواری ١٩٥٢/٣/٣ [1] واژووکرا ٠

هۆکاری ئەم ڕێککەوتنە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە بوو کە لەولاتە نەوتیە دراوسیەکاندا ڕوویدا ، وەك ڕێککەوتنی ولاتی سعودیە وکۆمپانیای نەوتی ئارامکۆی ئەمریکی لەسەر هاوبەشی قازانج ( مناصفة الارباح ) ، هەروەها بڕیاری خۆمالی کردنی نەوتی ئێران لەسالی ١٩٥١ دا [2] ٠

---

[1] – لەڕاستیدا ( کیسن ) ی سەرۆکی کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) هەر لەبەرواری ( ٣/نیسانی/١٩٥١ ) وە ڕەزامەندی دەربڕیبوو لەسەر هاوبەشکردنی قازانج لەگەلْ حکومەتی عێراقدا ئەویش کاتێك کە لەو بەروارەدا سەەردانی عێراقی کردبوو ، بڕوانە : مجلة صوت العراق : العدد ٣٤ السنة الاولى ، السبت ١٩٥١/٤/٧ ، ص ٤ ؛ بشار فتحي جاسم العكيدي : صراع النفوذ البريطاني – الامريكي في العراق ١٩٣٩ – ١٩٥٨ ، م ٠ س ،ص ١٢٧.

[2] – غصون مزهر حسين المحمداوي : التطورات الاقتصادية والاجتماعية في العراق ١٩٥٨ – ١٩٦٨ ، م ٠ س ، ص ١٣٢ ؛ شركة نفط العراق المحدودة : نفط العراق عام ١٩٥١ ، م ٠ س ، ص ٢ ؛ فەیسەلْ عەلی : نەوتی ناوچەکانی کەرکوك وخانەقین ، س ٠ پ ، ل ٥٩ ؛ شركة نفط العراق المحدودة : م ٠ ن ، ص٢٠.

## باسی سێیەم : ڕۆڵی کۆمپانیای نەوتی عێراق لەگەشەسەندنی ئابوری وخزمەتگوزای کەرکوك

### یەکەم : ڕۆڵی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لەگەشەسەندنی ئابوری کەرکوك

لەگەڵ دەست پێکردنی کارەکانی کۆمپانیای نەوت لەکەرکوك ، گۆڕانکاری بەرچاو لەژمارەی دانیشتوان ڕوو دەدات ، ئەویش بەهۆی کۆچکردنی دەستی کارە وە بووە ، چونکە پیشەسازی نەوت پێویستی بەدەستی کاری زۆرە بەتایبەتی لەسەرەتادا دەست کرا بەدامەزراندنی بنکەی سەرەکی کۆمپانیا و هەروەها کاری پشکنین و گەڕان بەدوای نەوت و گەیاندنی بۆڕی نەوت لەنێوان کەرکوك و تەرابلوس و حەیفا ، بۆیە پێویستی بەزۆرترین ژمارەی کرێکار بوو ، هەر لەبەر ئەمەش لەسەرەتادا کۆمپانیای نەوت کرێکارێکی زۆری لەدەرەوەی کەرکوك هێنا بەتایبەتی عەرەب وئاسووری [1] ٠

بێگومان لەم دۆخەدا گۆڕانکاری گەورە بەسەر ڕێژەی دانیشتوانی شارەکەدا هات ، هەر بۆوێنە: ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك لە ( ١٩١٩ ) دا بریتی بووە لە ( ٩٢,٠٠٠ ) کەس ، بەڵام لەساڵی ( ١٩٣٠ )دا دەگاتە ( ١٦٠,٠٠٠ ) کەس و ڕێژەی سەدی زیادبوونی دانیشتوانی کەرکوك ( ٩٥٪ ) بووە [2]، هەروەها لەئاماری ساڵی ( ١٩٥٧ ) دا ژمارەی ئەو کەسانەی لەلیواکانی تری عێراقەوە کۆچیان کردووە بۆ لیوای کەرکوك ڕێژەکەی ( ٣,٦٪ ) بووە ، لەبەرامبەردا ئەوانەی لەدەرەوەی عێراقەوە هاتوون بۆ لیوای کەرکوك ڕێژەکەی ( ٠,٨٪) بووە [3] ، بۆیە لەسەرژمێری ساڵی ( ١٩٤٧ ) دا ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزای کەرکوك نزیکەی (٦٨,٠٠٠ ) کەس بوون ، لەو ژمارەیە ( ١٨,٠٠٠ ) کەس لەدایك بووی لیواکانی تری عێراق بوون ، ئەو ژمارەیە لەساڵی ( ١٩٥٧ ) دا بەرز دەبێتەوە بۆ (٢٠,٠٠٠ ) هەزار کەس ، کە لەنێوانیاندا لەدایك بووی چەند وڵاتێکی عەرەبی تێدا بوو[4]٠

---

١ – موعتەسەم ساڵەیی : لە کەرکوکەوە ، س ٠ پ ، ل١٠٧.

٢ – ایدن اقصو : كركوك صراع النفط ورحلة البقاء ، م ٠ س ، ص ١٧.

٣ – جزا توفيق طالب : الوزن الجيوبولتيكي لسكان اقليم كوردستان العراق ، رسالة ماجستير ، قسم الجغرافية ، كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين ، ١٩٩٥ ، جدول رقم ١٦ ، ص ٦٤.

٤ – جبار قادر : قضايا كردية معاصرة " كركوك –الانفال – الكرد وتركيا " ، م . س ، ص ١٧.

لەئامارە فەرمیەکانی حکومەتی عێراق ژمارەی فەرمانبەر وکارمەندانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) لەنێوان سالآنی ( ١٩٤٠ – ١٩٥٠ ) بەم شێوەیە هاتووە:

لەساڵی ( ١٩٤١ ) دا ژمارەی ئەو کەسانەی کاریان لەکۆمپانیای نەوتی کەرکوك کردووە بریتی بوون لە ( ٢,٣٢٣ ) کەس لەوانە ( ١٠٤ ) کەسی بیانی بوون ، دواتر لەساڵی ( ١٩٤٥ ) دا ژمارەکە دەگاتە ( ٤,٦٣٣ ) کەس کە لەناویاندا (٢٠١ ) کرێکاری بیانی هەبووە [١]، پاشترش لەساڵی ( ١٩٥٠ ) دا ژمارەی کرێکاری کۆمپانیاکە دەگاتە( ٧,٨٠٥ ) کەس لەوانە ( ٥٣٣ )کەسیان کرێکاری بیانی بوون[٢] ٠

لەئەنجامی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك بەتایبەتی سەنتەری قەزای کەرکوك ، کە لەساڵی ١٩٤٧ دا ( ٣١,٢٩٪ ) ی دانیشتوانی کەرکوك لەقەزای ناوەند بوون [٣] ، بۆیە کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) بۆنیشتەجێکردنی ئەو ژمارە زۆرە کرێکارانە کە زۆربەیان بەخێزانەوە کۆچیان کردووە بۆ کەرکوك ، لەئەنجامدا چەند گەرەکێکی نوێ سەرهەڵدەدات لەناو شارەکەدا کە دانیشتوانیان بریتی بووە لەئاسووری و ئەرمەن و عەرەب و کۆمپانیا چەندین خانووی بۆیان دروست کرد [٤] ، لەوانە خانووەکانی ( عەرەفەی ١ و٢ و ٣ New Kirkuk ، بابای شەرقی ( ڕۆژهەلآت ) ، بابای غەربی ( ڕۆژئاوا ) ، کەیوان ، تەپە ، ئەڵماس ) [٥] ، پرۆسەی دروست کردنی خانوو بۆکارمەندانی نەوت بەردەوام دەبێت و لەساڵی (١٩٥٣ ) دا ( ٨٢) خانوو دروست کراوە و ( ٤٠٠ ) پارچە زەوی لەلایەن کۆمپانیاوە کرِاوە[٦]٠

زۆربوونی دانیشتوان بەو شێوەیە بووژاندنەوەی ئابوری بەدوای خۆی دەهێنا ، چونکە داواکاری لەسەر سەرجەم کالآکان زیادی کرد ، بەتایبەتی خواردەمەنی و جل و بەرگ و کەرەستەی پیشەسازی و کاری دەستی و پێداویستیەکانی ناو ماڵ ، بەمەش بازاری کەرکوك سوودێکی باشی بینی لەئەنجامی زیادبوونی

---

١ – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٤٩ ، م ٠ س ، جدول رقم ١٦٠ ، ص ١٥٩.

٢ – الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للاحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥١ ،م ٠ س ، جدول رقم ١٧٧ ، ص ١٨٩.

٣ – محمد شلاش خلف الجميلي : ابعاد التوسع المساحي لمدينة كركوك ، اطروحة دكتوراه غير منشورة ، كلية التربية ، قسم الجغرافية ، جامعة الموصل ، ٢٠١٣ ، جدول رقم ٦ ، ص٤٠.

٤ – رزكار سعيد بشدري : العمالة الوافدة والتغيير الدبمغرافي في العراق ، م ٠ س ، ص ١٩٢ ؛ ليام اندرسون و غاريث ستانسفيلد : أزمة كركوك : السياسة الاثنية في النزاع و الحلول التوافقية ، م ٠ س ، ص ٥٩ ؛ عبدالرقيب يوسف : حدود كردستان الجنوبية تاريخيا ٠٠٠ ، م ٠ س ، ص ٢٨٣.

٥ – فەرهاد هەمزە محەمەد : مێژووی نەوتی کەرکووك ، س ٠ پ ، ل ٦٧ ؛ جەلیل محەمەد شەریف : شارەکەم لە پەنجەرەی یادگارییەکانمەوە ، س ٠ پ ، ل ٣٦.

٦ – شركة نفط العراق المحدودة : نفط العراق عام ١٩٥١ ، م ٠ س ، ص ١٧.

دەستی کار لەکۆمپانیای نەوت ، هەروەها فراوانبوونی شار و زیادبوونی خانوو دروست کردن بووە هۆی زیاد بوونی نرخی زەوی لەشارەکەدا و بازاری کەرەستەی بیناسازی گەرمتر بوون ، بۆیە لەپێناو دابین کردنی پێداویستی کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) لەدروستکردنی بینا وخانووکانی کۆمپانیا و کارمەندان ، کۆمپانیای نەوت دەستیکرد بەدامەزراندنی کارگەی ( کەرپووچ ) بۆپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی کۆمپانیاکە [١].

لەهەمان کاتدا دروست کردنی ئەوخانووانە بووە هۆی بووژانەوەی کرێکاری و وەستای بینا ، هەروەها ئەو خانوانەی ، کە دروست دەکران بۆ دەرگە و پەنجەرەکانیان پێویستیان بەدار بوو ، ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو لەپەرەسەندنی پیشەی دارتاشی لەکەرکوك ، لەم ڕووەوە چەندین بەڵێندەر دەرکەوتن ، کە لەڕووی ئابوریەوە سوودێکی باشیان مسۆگەر کرد بۆخۆیان و شارەکەیان و ئەم بەلێندەرانە کاری دروستکردنی خانوو و بیناکانی ناو کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) لەکەرکوك ئەنجام دەدا ، لەگەڵ ئەمەشدا بەڵێندەر هەبووە کاری دابینکردنی خواردنی بۆ کۆمپانیای نەوت ئەنجامداوە ، بەمەش بازاڕی خواردەمەنی لە شاری کەرکوك بووژاوەتەوە [٢] .

لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیای نەوت زیانی بەکۆمەڵێك لایەنی دیکە گەیاندبوو ، وەك کێڵگە کشتوکاڵیەکانی نزیك کۆمپانیا و ژینگەی ناوچەکە ، هەروەها لەئەنجامی ڕاکێشانی بۆڕی نەوتەوە زۆرجار تووشی گرفت دەبوو لەگەڵ خاوەن ئەو زەویانەی ، کە بۆڕی نەوتەکە تێدا تێپەڕدەبوو ، بۆیە کۆمپانیا درێغی نەدەکرد لەقەرەبووکردنەوەی ئەوزیانانە [٣].

---

١ – دلشاد عمر عبدالعزيز : شركة النفط العراقية المحدودة ، دراسة تاريخية في نشاطها الاقتصادي والخدمي في كركوك للفترة من ١٩٢٧ – ١٩٧٢ ، م ·س ، ص١٤٤.

٢ – نموونەی ئەو بەڵێندەرانە : سلێمان سەعید بەگ ، ئەنوەر حاجی مەردان ، محەمەد حاجی سەعید ( برادەر ) ، غەیبەللاّ حاجی رەزا ، حاجی نورئەلدین محیّ ئەلدین وعەبدئەلئەحەد تەوفیق ) ، بڕوانە : محەمەد هادی دەفتەر و عەبدولاّ حەسەن : عیراقی باکور ، س ٠ پ ، ل ١٢ – ١٥ ؛ فهمي عرب اغا و فاضل محمد ملا مصطفى : ماذا في كركوك ، م ٠ س ، ص ٥٥.

٣ – دلشاد عمر عبدالعزيز : م ·ن ، ص ١٨٠.

## دووەم : ڕۆڵی کۆمپانیای نەوتی کەرکوك لەگەشەسەندنی خزمەتگوزاریەکان:

کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنووردار ( I . P . C ) چەندین خزمەتگوزاری بۆ کارمەندانی کۆمپانیاکە دابین کردووە لەوانە ( چێشتخانە ، نەخۆشخانەی کەیوان K 1 کەنەخۆشخانەیەکی گەورەی (١٢٥ ) قەرەوێڵی ، لەگەڵ دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە وەك ئۆتۆمبێل و پاسکیل و شەمەندەفەر ، خانوو ، خوێندنگە ، یانەی وەرزشی ، مەلەوانگە ، کتێبخانە ، یاریگەی تۆپی پێ [١]، یاریگەی تێنس ، سینەما ، کارگە سەهۆڵ ( بەفر ) ، لقی بانکی ٠٠٠ هتد ) ، بەلآم خزمەتگوزاریەکانی ئەم کۆمپانیایە تەنها بۆ کارمەندانی نەبوو ، بەڵکو کەس و کاری کارمەندیش بێ بەش نەبووە لەو خزمەتگوزاریانە [٢]٠

وێڕای ئەو هەموو خزمەتگوزاریە کەپێشکەش بەکارمەندانی کۆمپانیای نەوت دەکرا ، بەلآم کرێکارانی ئەم بوارە هێشتا داواکاریان هەبوو ، بۆباشترکردنی گوزەران و کاتەکانی دەوام و مووچەکانیان ، لەبەرئەوە لە ساڵی ( ١٩٤٦ ) دا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا کە بەخۆپیشاندانی ( گاوریاغی ) ناسراوە[٣] ، ئەوەی کرێکارانی نەوتی نیگەران کردبوو ، حکومەتی عێراق بواری بەهەموو کرێکاران دابوو سەندیگا دابمەزرێنن هەر لە ساڵی ( ١٩٣٦ ) وە بەپێی یاسای کاری ژمارە ( ٧٢ ) زۆربەی خاوەن پیشەکان سەندیگایان دامەزراند ، تەنها ڕێگە بە کرێکارانی بواری نەوتی نەدرا سەندیگا دابمەزرێنن ، ئەویش بەبیانووی دەست تێوەردانی حیزبی شیوعیەوە لە ناوکرێکارانی کۆمپانیای نەوت [٤] ٠

یەکێکی دیکە لە خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیاکە ئەوە بوو لەساڵی ( ١٩٤٦ ) دا دەستی کرد بەڕاکێشانی بۆڕی ئاو لەزێی بچووکەوە بۆشارەوانی کەرکوك بەمەبەستی دابینکردنی ( ٥٠٠,٠٠٠ ) گاڵۆن ئاو

---

[١] – یاری تۆپی پێ یاریەکی میللیە و کۆمپانیای نەوت بەبەردەوامی خولی بۆ تیپە کانی شاری کەرکوك دەکردەوە و تێچووی ئەو خوولانەی گرتبووە ئەستۆی خۆی ، بڕوانە : مجلة صوت العراق : العدد ٣ السنة الاولى ، السبت ١٩٥٠/٩/٢ ، ص٣٦.

[٢] – شركة نفط العراق المحدودة : نفط العراق عام ١٩٥١ ، م ٠ س ، ص ص ١١ ، ١٥ ، ١٧.

[٣] – لەسەر خۆپیشاندانی گاوریاغی بڕوانە : دڵشاد محمود عبدالرحمن : کرکوك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری ( ١٩٣٢ – ١٩٥٨ ) ، س . پ ، ل ١٣٠–١٣٩.

[٤] – سعد جبار السوداني : المساهمة الديمقراطية للعمال في ادارة القطاع الاشتراكي ، من منشورات جامعة صلاح الدين ، اربيل ، ١٩٨٤ ، ص ١٣٨.

بۆشاری کەرکوك [1] ، هەروەها لە ساڵی ( ١٩٥٠ ) دا یەکەم وێستگەی کارەبای لە ناوچەی ( بابا ) دامەزراند ، کە بڕی ( ٢,٠٠٠ ) کیلۆ وات کارەبای بۆسەنتەری شاری کەرکوك دابین دەکرد [2]٠

ئەمە وێڕای ئەوەی لەساڵی ( ١٩٥٣ ) دا کۆمپانیاکە پردێکی دروست کرد لەسەر زێی بچووك کە هەردوو لیوای کەرکوك و هەولێری پێکەوە بەستەوە٠

دروستکردنی پردەکە بۆگەیاندنی نەوتە لەنێوان ( باوە گوڕگوڕ – ئاڤانە ) ، بەلاّم لەهەمان کاتدا خزمەت بەدانیشتوانی هەردوو لیوای هەولێر وکەرکوك گەیاند لەئاسان کردنی هاتوو چۆدا[3] ٠

[1] – عبدالمجيد فهمي حسن : دليل تاريخ مشاهير الالوية العراقية ، ج ٢ ، م ٠ س ، ص ٤٧ ؛ محەمەد هادی دەفتەر و عەبدولاّ حەسەن : عیراقی باکور ، س ٠ پ ، ل ١١٠.

[2] – فەرهاد هەمزە محەمەد : مێژووی نەوتی کەرکووك ، س ٠ پ ، ل ٥٤.

[3] – شركة نفط العراق المحدودة : نفط العراق عام ١٩٥١ ، م ٠ س ، ص ٢٠.

## دەرئە نجام

١. چالاکییە ئابوورییەکانی کەرکوك جۆراوجۆرن وپشت بە دوو هۆکاری سەرەکی دەبەستن بۆ بەردەوام بوون و گەشەکردنیان ، یەکەمیان : هۆکارە سروشتیەکانن ، کە پەیوەندی بە شوێنی جوگرافی و کەش و هەواو سامانە سروشتی و کانزاییەکانە ، کە کەوتوونەتە سنووری کەرکوك ، دووهەمیان : هۆکارە مرۆییەکانن ، کە خۆی لە ژمارەی دانیشتوان و دەستی کار و ئەو یاسانەی کە دەسەلاتی رامیاری دەریان دەکات بۆ رێکخستنی چالاکییە ئابوورییەکان ، لەبەر ئەوەی کەرکوك لە سەردەمە جیاوازەکاندا شارێکی گرنگ بووە بۆیە هەمیشە یاساکان لەلایەن دەسەلاتەوە جێبەجێ کراوە وفەرمانگە تایبەتەکانی حکومەت لەم شارەدا بوونیان هەبووە.

٢. چالاکی کشتوکاڵ لە کەرکوك پشتی بە ئاوی باران بەستووە ، هەڵکەوتەی جوگرافی کەرکوك وایکردووە بکەوێتە ناوچەی بارانەوە و ساڵانە برێکی باش بارانی هەبێت و دەوڵەمەند بێت بە ئاوی سەر زەوی و ژێر زەویش ، لەبەر ئەوە چاندنی گەنم وجۆ بە پلەی یەکەم هاتووە کە ئەم بەروبوومانە پشت بەئاوی باران دەبەستن.

٣. گرفتی جوتیاری کەرکوك بریتی بووە لە خراپی یاساکانی تایبەت بە دابەشکردنی زەوی و زاری کشتوکاڵی ، چونکە هەر لە سەردەمی دەسەلاتی عوسمانی و دواتریش ئینگلیز و پاشایەتی عێراقدا ، ئەو یاسانە پاڵپشتی چینی ئاغا و دەرەبەگ بوون و مافی جوتیاریان پێشێل کردووە ، ئەمە لەگەڵ کۆمەڵێك داب و نەریتی خێڵەکی ، کە ئەرکی جوتیاری قورستر کردووە و بە بەردەوامی دەبوایە ئاغا و دەرەبەگ بوایە ، لە هەمان کاتدا گرفتی سروشتی کەخۆی لە درەنگ بارین یاخود نە بارین و هێرشی کوللە و مێش و مەگەزی زیانبەخش دیسانەوە کاریگەری خراپی لە سەر بەرهەمی جوتیار دروست کردووە.

٤. بوونی لەوەرگەی باش هۆکارێکی یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی جوتیارانی کەرکوك لە پاڵ کشتوکاڵدا ئاژەڵداریش بکەن ، لەبەر ئەوەی ئاژەڵداری و بەروبوومەکانی ئاژەڵ بەشداری بەرچاویان هەبووە لە چالاکی ئابوری شارەکە و سوود لە خوری و موو و ریخۆڵە و پێست و گۆشت و شیر و هێلکە و تەنانەت سوود لە پاشەرۆی ئاژەڵیش وەرگیراوە وەك پەین وسووتەمەنی بەکارهێنراوون ، لە بەر ئەوە بایەخ بە باری تەندروستی ئاژەڵ دراوە و لە پاڵ نەخۆشخانە فێتێرنەرییەکان لە زۆربەری قەزا و ناحیەکانی لیواکەدا هەبوون تیمی گەرۆکیش هەبووە و بەسەر گوندەکاندا دەگەڕا بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانی ئاژەڵ.

٥. پیشە و پیشەوەرانی کەرکوك لایەنێکی دیکەی بەهێزی سەرچاوەی ئابوری و بازاڕی شارەکە بوون ، چەندین وەستای زیرەك ودەست ڕەنگین لەبازاڕەکانی کەرکوکدا کاریان کردووە و پێداویستیەکانی شارەکە و دەورووبەریان پڕکردۆتەوە و هەندێك جار بەرهەمی پیشەوەرانی شارەکە هەناردەکراون بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان وعێراق ، لە بەر ئەوە پیشەوەرانی کەرکوك ناوبانگی باشیان هەبوو و بەرهەمەکانیان بەجۆری باش هەژمار دەکرا ، بەلاّم دواتر لە ئەنجامی پڕکردنەوەی بازاڕەکان بە بەرهەمی بیانی هۆکارێك بووە بۆ کەم بوون و وونبوونی هەندێك پیشە کە بەرهەمەکانیان نەیتوانی پێشبرکێی بەرهەمی بیانی بکات لە ڕووی جۆر و نرخەوە.

٦. کۆمەڵێك پیشەسازی لە کەرکوك سەریهەڵداوە جگە لە پیشەسازی ( دەرهێنان و پالاّوتنی نەوت ) ، ئەو پیشانەش پشتیان دەبەست بە کەرەستەی خاو و بەو سامانە سروشتییانەی کە لەخاکی کەرکوکدا هەبوو وەك ( گازی سروشتی ، کبریت ، خوێ ، قیر ، بەردی سپی و سوور ، چیمەنتۆ ... هتد ) ، هەروەها پیشەسازی چاپەمەنی پەیوەست بووە بە بوونی چینێکی رۆشنبیر لە شارەکەدا.

٧. نەوت یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی ئابوری کەرکوك ، بەلاّم تا ئێستا سوودێکی باشی نەبووە بۆ دانیشتوانی ڕەسەنی شارەکە ، لەڕاستیدا ئەو سەرچاوە گرنگە هەر لەسەرەتاوە بەدەستی دەسەلاّتەوە بووە ، لە بەر ئەوە داڕشتنەوەی سیاسەت و کاری کۆمپانیای نەوت بەدەستی دەسەلاّتدارانی شاری کەرکوك نەبووە ، ئەگەر چی بە هۆی پێداویستیەکانی کارکردن لە هەڵکەندنی بیر و ڕاکێشانی بۆڕی گواستنەوەی نەوت کۆمپانیاکە پێویستی بە دەستی کار بووە ، ئەمەش وایکردووە ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك بە شێوەیەکی زۆر خێرا زیاد بکات لە چاو شارەکانی تری کوردستان وعێراق ، ئەویش بەهۆی کۆچی بەلێشاوی کرێکار و فەرمانبەر کە حکومەتی عێراق پاڵپشتی ئەم پرۆسەیە بووە ، بەلاّم لەهەمان کاتدا کارەکانی کۆمپانیای نەوت زیانی گەیاندووە بە تەندروستی دانیشتوانی کەرکوك و بە کێڵگە کشتوکاڵیەکانی نزیك چاڵگە نەوتیەکان و ئەو زەویانەی کە بۆڕی گواستنەوەی نەوت بەناویان تێدەپەڕێت.

٨. زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك ، هۆکارێك بووە بۆ بووژاندنەوەی بازاڕ و کاری پیشەوەرانی شارەکە و لەگەڵ دەرکەوتنی چەندین بەلێندەر کە کاری دابینکردنی خواردن و دروست کردنی خانوو بۆ فەرمانبەر و کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی عێراقی لە ناو شاری کەرکوك ، کە لەناو ئەو بەلێندەرانە جگە لە خەڵکی کەرکوك خەڵکی شارەکانی دیکەی عێراقیش کار ئاسانیان بۆ کراوە لەلایەن دەسەلاتدارانی بەغداوە کە لەم شارەدا کاری بەلێندەری بکەن.

٩. كۆمپانیای نەوتی عێراق كۆمەڵێك خزمەتگوزای ئەنجامداوە لە كەركوك ، بەڵام لە چوارچێوەیەكی زۆر تەسكدا لەوانە ڕاكێشانی تۆڕی ئاوی خواردنەوە و دروستكردنی وێستگەی كارەبا و دروست كردنی پرد و ڕێگە وبان ، ئەم كارانە زیاتر بۆ بەرژەوەندی كارەكانی كۆمپانیاكە بووە و ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەڵ داهاتی نەوتی كەركوك ئەوا دەتوانین بڵێین ئەو خزمەتگوزارییانە زۆر كەم و سەرەتایی بوون بەرامبەر بەو داهاتەی كە تایبەتە بەسامانێكی سروشتی دانیشتوانی شاری كەركوك.

١٠. شوێنی جوگرافی كەركوك و زۆری بەرهەمی ( كشتوكاڵی و ئاژەڵداری و پیشەسازی ) هۆكارێكی بەهێز بووە بۆ دەركەوتنی چالاكی بازرگانی لە شارەكەدا ، ئەمە لە گەڵ بوونی ڕێگەی قیرتاو كراوی ئۆتۆمبێل و هێڵی شەمەندەفەر لە گەڵ بازاڕ و خانی گونجاو ئەمانە وایان كردووە بازرگانی لەم شارەدا جێگەی بایەخی بازرگانانی كوردستان و عێراق بێت ، لە هەمان كاتدا شوێنی ستراتیژی كەركوك وایكردووە شارەكە ببێتە خاڵی بەیەك گەیشتنی نێوان كوردستان وعێراق بێت لەلایەكەوە و ڕێگەی بازرگانی نێودەوڵەتی نێوان ئێران و توركیا و سوریا بێت لە لایەكی ترەوە.

١١. چالاكی بانقی لە كەركوك خۆی لە چەندین بانقی بیانی وحكومی دەبینیەوە لەوانە بانقی ( ڕۆژهەڵاتی سنووورداری بەریتانی ) و بانقە حكومییەكانی عێراقی وەك ( رافیدەین ، كشتوكاڵ ، عەقاری ، ڕەهن ، كۆمەڵە هەرەوەزیەكان ) ، سەرەتا كارو چالاكییەكانی بانقە حكومیەكانی كەركوك هەردوو لیوای ( سلێمانی و هەولێری ) دەگرتەوە بەتایبەتی لەبواری پێدانی قەرزی خانو بەرە ، بەڵام دواتر بانقەكان لقەكانیان لەو دوو لیوایە كرایەوە ، لە ڕاستیدا كاری بانقەكان پڕبوون لە ڕۆتین بۆیە چەندین كەس لە بازاڕەكانی كەركوك ( بەتایبەتی جووەكان ) كاری پێدانی قەرزی دەكرد لە بری بانقەكان ، و كار ئاسانی بۆ خاوەن دوكان وپیشەوەر و بازرگانەكانی شارەكەیان دەكرد و قەرزی پێشوەختەیان پێشكەش بە جوتیار دەكرد و دواتر لە بری ئەو قەرزانە بەرووبوومی كشتوكاڵی وئاژەڵداری وەردەگیراویەوە لە جوتیاران.

## ليستى سەرچاوەكان :

### يەكەم : بەڵگەنامە بڵاوكراوەكان:

#### أ- بەڵگەنامەی حكومەتی عێراق بەزمانی عەرەبی :


١. الحكومة العراقية : دليل المملكة العراقية لسنة ١٩٣٥ – ١٩٣٦ ، طبع على نفقة ، مهدي حسين الامين ، بأجازة من وزارة الداخلية برقم ٣٤٢ في ١٩٣٤/١٠/١٣ ، بغداد ، ١٩٣٧.

٢. الدليل العراقي الرسمي لسنة ١٩٣٦ : موسوعة ادارية اجتماعية اقتصادية تجارية زراعية مصورة مصرح به من وزارة الداخلية بكتابها المرقم ٢٤٩ في ٢٩ نيسان ١٩٣٥ ، محل دنكور للطبع والنشر ، بغداد ، ١٩٣٦.

٣. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٥ – ١٩٤٦ المالية ، المطبعة الملوكية ، بغداد ، ١٩٤٨.

٤. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٦ – ١٩٤٧ المالية ، المطبعة الملوكية ، بغداد ، ١٩٤٨.

٥. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٧ – ١٩٤٨ المالية ، مطبعة بغداد ، بغداد ، ١٩٥٠.

٦. الحكومة العراقية: وزارة الاقتصاد ، مديرية البيطرة ، التقرير السنوي للسنة ١٩٤٨ – ١٩٤٩ المالية ، مطبعة بغداد ، بغداد ، ١٩٥٠.

٧. الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥١ ، دار طباعة البدري ، بغداد ، ب . س.

٨. الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٢ ، مطبعة السعدي ، بغداد ، ١٩٥٥.

٩. الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٣ ، مطبعة دار دجلة ، بغداد ، ١٩٥٦.

١٠. الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٤ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٦.

١١. الحكومة العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٥ ، دار مطبعة التمدن ، بغداد ، ١٩٥٧.
١٢. الجمهورية العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٦ ، مطبعة السعدي ، بغداد ، ١٩٥٨.
١٣. الجمهورية العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية الثروة الحيوانية ، البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٧ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٥٩.
١٤. الجمهورية العراقية : وزارة الزراعة ، مديرية الثروة الحيوانية و البيطرة العامة ، التقرير السنوي لسنة ١٩٥٨ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ب . س.
١٥. المملكة العراقية : وزارة الشؤون الاجتماعية ، مديرية النفوس العامة ، احصاء السكان لسنة ١٩٤٧ ، الجزء الثاني ، لواء كركوك بغداد ، ١٩٥٤.
١٦. الجمهورية العراقية : وزارة الداخلية ، مديرية النفوس العامة ، المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ لوائي السليمانية وكركوك ، مطبعة العاني ، بغداد ، د . س.
١٧. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٤٩ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٥٠.
١٨. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٠ ، مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٥٢.
١٩. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥١ ،مطبعة الحكومة ، بغداد ، ١٩٥٤.
٢٠. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٢، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٤.
٢١. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٣ ، مطبعة الزهراء، بغداد ، ١٩٥٤.
٢٢. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٤ ، مطبعة الزهراء، بغداد ، ١٩٥٥.
٢٣. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة ١٩٥٥ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٦.

٢٤. الحكومة العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٦ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٧.
٢٥. الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٧ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٨.
٢٦. الجمهورية العراقية : وزارة الاقتصاد ، الدائرة الرئيسية للإحصاء ، المجموعة الاحصائية السنوية العامة لسنة١٩٥٨ ، مطبعة الزهراء ، بغداد ، ١٩٥٩.
